تصوير ابو عبدالرحمن الكردي

موستەفا ئیبراهیم زەڵمی

کاروانی ژیانم

منتدي اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بسم الله الرحمن الرحیم

کاروانی ژیانم



کاروانی ژیانم

بەرگی دووەم

۱۹۵٦- ۲۰۱٤

دکتۆر
موستەفا ئیبراهیم زەڵمی

ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی بەڕێز

(دکتۆر ئەرسەلان بایز)

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

چاپکراوە

کاروانی ژیانم

- دکتۆر موستەفا ئیبراهیم زەڵمی
- پێداچوونەوەی : مەسعود مستەفا زەڵمی - ڕێدار ئەحمەد
- نەخشەسازی ناوەوە: جمعە صدیق کاکە
- سەرپەرشتی : ڕێدار ڕەئوف ئەحمەد
- چاپی یەکەم - ٢٠١٤
- سەرپەرشتی چاپ : یاسر یە عقوبی
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٦٢٠) ٢٠١٣ پێدراوە

- مافی چاپ پارێزراوە بۆ نوسەر

تێبینی: مەبەست لە فرۆشتنی ئەم کتێبە تەنها دابینکردنی تێچوونی چاپی داهاتوویەتی.

http://zalmi.org/arabic
dr.alzalmi@gmail.com
facebook.com/dr.alzalmi

ناوەرۆك

بەشی سێیەم

ژیانی ئیمامەتیم لە سوپا (١٩٥٦-١٩٧٢ز)....... Error! Bookmark not defined.

چۆن بووم بە ئیمام.. ١١

سەرەتای ژیانم لە سوپا.. ١٥

من و مەلای جەلەولا ٢٠

تەنگ و چەڵەمەی صدیق مستەفا ٢٢

تاقیکردنەوەی سێی ناوەندی.. ٢٤

تەسوییەی باخەکانی زەڵم.. ٢٦

من و تۆمەتی کۆمۆنیستی ٢٩

ئەنجامی کردەوەکەی عمر عەلی لەدژم ٣١

ئاهەنگی رەوانەکردنی لیوای (١٩) بۆ وڵاتی ئوردنی هاشمی ٣٤

پیلان دانان بۆ کوشتنی مەلیك و عەبدولئیلاه ونوری سەعید ٣٥

دڵ فراوانی عبد الکریم قاسم ٣٨

جیاکردنەوەی فەوجی (٣) لە لیوای (١٩).. ٣٩

نوری سەعید.. ٤٠

فەرەزیاتی خەلیفان.. ٤٢

یەکگرتنی هاشمی نێوان عێراق و ئوردون.. ٤٥

جموجۆڵی لیوای (٢٠).. ٤٦

ئێزگەی کوردی قاهیرەو شۆڕشی تەمموز.. ٤٨

چۆنییەتی کارکردنی ئێمە بەم شێوە نهێنییە دەستی پێکرد ٤٩
ئەو بەڵگانەی پیشانی ئەدەن کە ئینگلیز ئاگای لە شۆڕشی (١٤)ی تەمموز بوو ٥٤
ڕژێمی پادشایەتیو کورد ٥٨
شۆڕشی (١٤)ی تەممزو تالآنی و گەندەڵی ٦٦
لالوتی بەڕێوەبەرانی ئێزگە ٧٠
یەکەم وتارم لە ئێزگەی کوردی ٧٢
ڕۆیشتنم بۆ سلێمانی لەگەڵ عەبدولسەلام عارفدا.................................. ٧٢
شەڕ لەسەر کورسی دەسەڵاتی نێوان عەبدولسەلامو عەبدولکەریم.............. ٧٥
بەربوونی عەبدولسەلام لە بەندیخانە... ٨٢
کورتە باسێکی عەبدولکەریم قاسم ٨٤
کورتەیەك لە ژیان و کەسایەتی عبدالسلام محمد عارف ٩٤
هەموو موسڵمانێك مەرد نییەو هەموو ناموسڵمانێك نامەرد نییە ٩٧
دەستکەوتی زیاتر لە (١٧) ساڵ لە برادەرایەتی..................................... ١٠١
سەرەتای خوێندنم لە زانکۆدا ١٠٤
نرخی کات لە ژیاندا ١١١
جۆری ڕۆشتنم بۆ کۆلێج ١١٢
پەیوەندیم لەگەڵ کوردەکانی بەغدا ساڵی ١٩٦٣ .... ١١٤
پلەی ماستەر... ١١٨
ژیانی کۆمەڵایەتی میسر ١٢٣
جۆری خوێندنەکەم لە قاهیرە... ١٢٧
کورتەیەك لە ژیانی شێخ مستەفا پێنجوێنی... ١٣٠
پەیوەندی نێوان ژیانو زانایی.. ١٣٢

هاتنی دایکی موحەممەد بۆ قاهیرە ١٣٤
گفتوگۆی دکتۆراکەم لە زانکۆی ئەزهەر ١٣٦
قوتابییە کوردەکان لە شاری قاهیرە ١٣٨
ئاشنایەتیم لەگەڵ مام جەلال........................ ١٤١
کورتەیەك لە ژیانی دکتۆر فوئاد مەعصوم........................ ١٤٣
ڕەگەزپەرستی هەندێك لە عەرەبەکانی عێراق لە قاهیرە ١٤٤
هاتنی کاك حەبیب کەریم بۆ قاهیرە........................ ١٤٦
ڕێککەوتننامەی جەزائیر ١٤٩

بەشی چوارەم

ژیانی زانکۆ (١٩٧٥-٢٠٠٧ز)........................ ١٥٤
دەست بەکاربوونم لە کۆلیجی یاسا لەزانکۆی (مستنصریە) ١٥٦
(اصول الفقه) بوو بە (فلسفە الشریعە)........................ ١٦٠
کۆنگرەی زانکۆی (بکر) ١٦٢
پلەی پرۆفیسۆری ١٦٥
گوێزرانەوەم لەکۆلێجی یاسای زانکۆی بەغدا بۆ زانکۆی صدام ١٦٦
بەشداریکردنم لە کۆنگرەیەکی تایبەت بە مافی مرۆڤ لەشەریعەتو یاسادا لەوڵاتی ئوردن ١٧٠
بەشداریم لە کۆنگرەیەکی تایبەت بە داهاتووی عێراق ١٧١
پەیوەندیم لەگەڵ قوتابیاندا ١٧٤
هەندێك لەیاداشتەکانم لەزانکۆدا ١٧٦
لەمێژووی عێراق دا بەپێی ئەم دەستورانەی لای خوارەوە حوکمڕانی کراوە ١٨٠
پەیوەندم بە کەسایەتییە کوردەکان لە بەغدا........................ ١٨٨

بەشی پێنجەم

چەند وێستگەیەکی خێرا پاش گەڕانەوەم بۆ هەولێر........................ ١٩٢
ژیانم لەدوای خانەنشین بوونم.. ١٩٣
هاتنم بۆ هەولێر.. ١٩٥
چیرۆکی قاچ شکانەکەم ٢٠٢
هاتنی ژمارەیەك مامۆستای میسری بۆ سەردانم........................ ٢٠٧
ماستەر نامەیەك لەسەر بیروڕا ئوصولییەکانم........................ ٢٠٩
سەرلەنوێ سەردانی سەرسییان.. ٢١٠
سەردانی دکتۆر تەها جابر عەلوان ٢١٢
ڕێزلێنانم لەلایەن پەیوەندی جیهانی دەرچووانی ئەزهەرەوە........................ ٢١٥
ئەو خەلات و ڕێزلێنانانەی پێم بەخشراوە........................ ٢٢٧
کۆلێژی حدبا لەموسڵ هۆڵێکی وانە وتنەوەی کرد بەناوی منەوە........................ ٢٢٩
سەردانی تورکیا بۆ چارەسەرکردن ٢٣٠
بەشداری ئاهەنگی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان........................ ٢٣٣
بەسەرهاتی نووسین و چاکردنی کتێبی (التبیان لرفع غموض النسخ في القرآن) .. ٢٣٥
دانراوەکانم.. ٢٤١
پاشکۆی وێنەکان.. ٢٤١

دەوران دەوڵـەتت لەدەسـت ئەسـتێنێ
بـەڵام نـاوی چـاك تـا سـەر ئـەمێنێ
نیەتت چـاك بێـت كـار ئەبەیتـە سـەر
درەخت زڕ نەبێت هەر بۆت دێتـە بـەر

پیرەمێرد

بەشی سێیەم

ژیانی ئیمامەتیم لە سوپا

(١٩٥٦-١٩٧٢ز)

چۆن بووم بە ئیمام

لەپاش ئەو هەموو ناخۆشیەو دژایەتیەی کرا لەگەڵم لەلایەن هەندێ لە مامۆستایانی ئایینی سلێمانیەوە، جگە لە تەنگ و چەڵمەو ناخۆشی ژیان، بڕیارم دا کە بە نهێنی بچمە جۆرێکی تری ژیانەوە، بەشێوەیەکی وا کە دوورم نەخاتەوە لە ئایین، پرسم بە هەندێ دۆست و برادەر کرد، یەکێك لەوانە (ئەحمەد فەهمی جوانڕۆیی) بوو، ئەمیش ئەزمونێکی زۆری هەبوو لە ژیاندا، بە هەموومانەوە بڕیارمان دا بچم ببم بە ئیمامی سوپا، چونکە پیشەیەکی ئایینیەو دوور دەکەومەوە لە شێوازی ژیانی مەلایەتی و تەدریس و مزگەوت.

چووم بۆ کەرکوك بۆ لای ئیمامەکانی سوپا کە هەموویان کورد بوون، بۆ ئەوەی تێبگەم لەم وەزیفەیە لە هەموو ڕوویەکیەوە، بە تایبەتی پێویستیەکانی دامەزراندنم، لەپاش ئەوە هەموو هانیان دام لەسەر ئەم بیروڕایە، نامەم نووسی بۆ کاك (یحیی چورستانی) لە بەغدا، کە ئەگەر ئیمامەتی سوپا داواکرا پێم بڵێت و ئاگادارم بکات. لەپاش ماوەیەکی کەم هەواڵی بۆ ناردم کە بڕۆم داواکارییەك بنووسم بۆ وەزارەتی بەرگری (دفاع) بۆ بەشداربوونم لە تاقیکردنەوەی ئیمامی سوپا.

کاتێ چوومە بەغدا بینیم ئەم ئاگادارییەی داواکردنی سوپا بڵاوکراوەتەوەو -٤٣- کەس خۆیان ئامادەکردووە بۆ تاقی کردنەوە، بە منەوە بوون بە -٤٤- کەس، بەڵام ڕۆژی تاقی کردنەوەکە دیاری نەکرابوو.

خوا لێخۆش بوو کاك مەلا عومەر دیبەگەیی، مزگەوتەکەی لەپاڵ وەزارەتی بەرگریدا بوو، تکام لێ کرد کە هەرکاتێك ڕۆژی تاقیکردنەوەکە دیاری کرا بە زووترین کات هەواڵم بداتێ. ئەویش بەڵێنی دا کە ئاگادارم بکات.

کە گەڕامەوە سلێمانی وام بەباش زانی کە پرسێك بە قازی شێخ محمدی خاڵ بکەم چونکە زۆر زاناو دانابوو، زۆر منی خۆش دەویست، کاتێ کە باسەکەم کرد بۆی کە نیازێکی وام هەیە زۆر پێی تێکچوو پێی ناخۆش بوو، لە دژی ئەم بیروڕایەم وەستا، پێی وتم ئەم ئیشە

چۆن بووم بە ئیمام

لەپاش ئەو هەموو ناخۆشیەو دژایەتیەی کرا لەگەڵم لەلایەن هەندێ لە مامۆستایانی ئایینی سلێمانیەوە، جگە لە تەنگ و چەڵمەو ناخۆشی ژیان، بڕیارم دا کە بە نهێنی بچمە جۆرێکی تری ژیانەوە، بەشێوەیەکی وا کە دوورم نەخاتەوە لە ئایین، پرسم بە هەندێ دۆست و برادەر کرد، یەکێك لەوانە (ئەحمەد فەهمی جوانڕۆیی) بوو، ئەمیش ئەزموونێکی زۆری هەبوو لە ژیاندا، بە هەموومانەوە بڕیارمان دا بچم ببم بە ئیمامی سوپا، چونکە پیشەیەکی ئایینیەو دوور دەکەومەوە لە شێوازی ژیانی مەلایەتی و تەدریس و مزگەوت.

چووم بۆ کەرکووك بۆ لای ئیمامەکانی سوپا کە هەموویان کورد بوون، بۆ ئەوەی تێبگەم لەم وەزیفەیە لە هەموو ڕوویەکیەوە، بە تایبەتی پێویستیەکانی دامەزراندنم، لەپاش ئەوە هەموو هانیان دام لەسەر ئەم بیروڕایە، نامەم نووسی بۆ کاك (یحیی چورستانی) لە بەغدا، کە ئەگەر ئیمامەتی سوپا داواکرا پێم بڵێت و ئاگادارم بکات. لەپاش ماوەیەکی کەم هەواڵی بۆ ناردم کە بڕۆم داواکارییەك بنووسم بۆ وەزارەتی بەرگری (دفاع) بۆ بەشداربوونم لە تاقیکردنەوەی ئیمامی سوپا.

کاتێ چوومە بەغدا بینیم ئەم ئاگادارییەی داواکردنی سوپا بڵاوکراوەتەوەو -٤٣- کەس خۆیان ئامادەکردووە بۆ تاقی کردنەوە، بە منەوە بوون بە -٤٤- کەس، بەڵام ڕۆژی تاقی کردنەوەکە دیاری نەکرابوو.

خوا لێخۆش بوو کاك مەلا عومەر دیبەگەیی، مزگەوتەکەی لەپاڵ وەزارەتی بەرگریدا بوو، تکام لێ کرد کە هەرکاتێك ڕۆژی تاقیکردنەوەکە دیاری کرا بە زووترین کات هەواڵم بداتێ. ئەویش بەڵێنی دا کە ئاگادارم بکات.

کە گەڕامەوە سلێمانی وام بەباش زانی کە پرسێك بە قازی شێخ محمدی خاڵ بکەم چونکە زۆر زاناو دانابوو، زۆر منی خۆش دەویست، کاتێ کە باسەکەم کرد بۆی کە نیازێکی وام هەیە زۆر پێی تێکچوو پێی ناخۆش بوو، لە دژی ئەم بیروڕایەم وەستا، پێی وتم ئەم ئیشە

لایەقی تۆ نییە، تۆ خوێندەواری، بەڵکو بۆ فلان و فلان باشە کە بوون بە ئیمامی سوپا، وتم چارم نییە، وتی چارت لای منە، میری بەنیازە پەیمانگایەکی ئیسلامی بکاتەوە، من هەوڵ ئەدەم تۆ بکەین بە بەڕێوەبەری، وەکو جاران خزمەتی زانست و ئاین دەکەیت، ژیانیشت باشتر دەبێت، مەلایەتیشت لەکۆڵ ئەبێتەوە، منیش بە دڵ و بە گیان بۆچوونەکەیم پەسەند کرد، بەڵێنم دایە کە نەچم بەرەوپیری ئەم ئیشەوە، لە پاشا وازم هێنا لە خۆئامادەکردن بۆ تاقی کردنەوەی ئیمامی سوپا، بەڵام (ئەوەی لای بەندە خەیاڵە لای خوا بەتاڵە)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەسەر ئەمە فەرموویەتی: ((إذا أراد الله شيئا هيأ أسبابه)) واتە: ئەگەر خوا ویستی ئیشێ بکات لە پێشا هۆیەکانی بۆ ئامادە دەکات.

کاتێك کە نزیکی تاقیکردنەوەی ئیمامەتی هات تەنگ و چەڵەمەیەکم تووش بوو کە پاڵی پێوە نام بۆ ئەوە نەك تەنیا مەلایەتی بەجێ بێڵم، بەڵکو لەگەڵیا شاری سلێمانی بەجێ بهێڵم، ئەوەش ئەمە بوو خانوویەکم گرت بە کرێ بە (٤) دینار، لە حاجی مەلا مارف، خوارەوەی دوو ژوور بوو، دامن بەکرێ بە دوو ماڵ، هەریەکی بە دینارێك، سەرەوە دوو ژوور بوو بۆ خۆمان، کاك عبدالله ی ئامۆزام و خاڵی مندالەکان لە ماڵی ئێمە دەیخوێند، لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بوو، کە دوا قۆناغی ئامادەیی بوو ئەو کاتە، پیاوێکی بە ئەدەب، شەرمن و زیرەك بوو، بەڵام یەکێك لە کرێچییەکانی خوارەوە رۆژێك پێی وتم دەبێ عبدالله لە مزگەوت بنوێت و لەماڵی ئێوە نەبێت، منیش وتم مەبەستت چییە؟ وتی: من رازی نابم پیاوی غەریبە بێتە ئەم حەوشەیەوە, وتم: عبدالله لێرە کەسی نیە لە من زیاتر، برای خێزانەکەمەو کوڕی ماممە، ئەگەر تۆ پێت خۆش نیە برۆ بۆ شوێنێکی تر خانوو بگرە، وتی نە ئەڕۆم و نە رێگا ئەدەم عبدالله بێت بەم ماڵەدا، منیش وام بەباش زانی کە لەگەڵ یەکێکی وەهادا نەچمە کێشەوە، چووم بۆ لای چەند کەسێك لە پیاوەکانی گەڕەکەکەو داوام لێ کردن کە یارمەتیم بدەن ئەم پیاوە ئەو ژوورە بەجێ بهێڵێت و بچێت بۆ ژوورێکی تر بۆ ئەوەی تووشی شەڕ و ئاژاوە نەبم، ئەم پیاوانە هەموویان لایەنگیری کابرای خەڵوزفرۆشیان کرد، وتیان حەقی خۆیەتی کە نەچێتە دەرەوە، با ئامۆزاکەت لە مزگەوت بێ و نانی بۆ بەرن بۆ مزگەوت. منیش کە ئەو قسەیەم لێ بیستن، لەو کاتەوە پیشەی مەلایەتیم لەبەرچاو کەوت، ئەگەر شتێکی زۆر پێویست نەبێت پێم خۆش نیە بچمەوە بۆ سلێمانی، هەرچەندە سلێمانی زۆر کەسی خۆشەویستی لێیەو کانگای کوردستانە.

خۆشبەختانە لەپاش دوو ڕۆژ بروسکەیەکم بۆ هات لەلایەن کاك مەلا عومەرەوە وتی دوو ڕۆژی تر تاقیکردنەوە دەست پێدەکات، منیش لەسەر ئەو بەڵێنەی دام بە قازی شێخ محمدی خاڵ، خۆم ئامادە نەکردبوو، بەلام پشتم بەست بە خواو کەوتمە ڕی بۆ بەغدا، چووم بەشداریم لەو تاقی کردنەوەیەدا کرد. لە ئەنجامدا لەو -٤٤- کەسە تەنها چوار کەس دەرچوون، دوو کورد و دوو عەرەب، کوردەکەی تر جەنابی کاك عبدالمجید شیروانی بوو، خوای لێ خۆش بێت، خەڵکی هەولێر بوو.

لەپاشان گەڕامەوە سلێمانی داوایان لێ کردم کە جل و بەرگی ئیمامەتی تەواو بکەم و دوای هەفتەیەك ئامادە ببم، لەو ماوەیەدا هەموو شتیکم تەواوکرد و کارێکی وام نەکرد کە کەس بزانێت، چووم بۆ بەغدا، ئیتر نەگەڕامەوە بۆ سلێمانی.

لە فەوجی -٣- لیوای -١٩- لە جەلەولا کە عبدالسلام عارف فەرماندەی فەوج بوو دامەزرام و عبدالکریم قاسم فەرماندەی لیوا بوو.

سەرەتای ژیانم لە سوپا

شەو بە شەمەندەفەری پلەدوو لەسەر بوودجەی سوپا لە بەغداوە چووم بۆ جەلەولا، کاتژمێر دووی شەو گەیشتم، لەوێ کە دابەزیم، ئینزباتێکی سەربازی بردمی بۆ یانەی ئەفسەران، بۆ بەیانی کە ڕێکەوتی ٨/١٠/١٩٥٥ بوو، ناونووس کرام لە فەوج، ئەو ڕۆژە چووبوونە دەرەوە بۆ مەشق کردن لە دووروپشتی قەلای شیروانە لە نزیکی کەلار، بەم جۆرە بۆ یەکەم جار دەرگای ژیانی مەلایەتیم لەسەر خۆم پێوەداو دەرگای ژیانی ئیمامەتی سوپام کردەوە لەخۆم.

ئیمام لە سوپادا هەموو مافێکی ئەفسەریی هەبوو، بۆ یەکەمجار بە ئیمامی پلە-٤- دادەمەزرێت، خەتێکی ئەدەنێ لەسەر جبەکەی لەسەر قۆلی، هەموو مافێکی ملازم دووی سوپای هەیە, هەروەها وەکو هەموو ئەفسەرێك چوار ساڵ جارێك پلەکەی بەرز دەکرێتەوە(ترفیع) بە مەرجێك لە تاقی کردنەوەدا سەرکەوتوبێت لە پلە-٤- دەبێ بە -٣- وە بە -٢-، ئینجا پلەیەك، لەپاشدا دەبێت بە (درجە ممتاز) لەو پلەیەدا ڕادەوەستێت کە هەموو مافێکی ئەفسەری (مقدم)ی هەیە، واتە ئەو ئەفسەرەی کە تاج و ئەستێرەیەکی هەیە، پێش سێ ساڵ لە کۆتایی ژیانی سوپام گەشتم بە پلە نایاب (درجە ممتاز)، لە دواییدا خانەنشین بووم لە سوپا.

یەکەم ڕۆژی ژیانم لە سوپادا بەم جۆرە دەستی پێکرد، شەوی ٧-٨/١٠/١٩٥٥ بە شەمەندەفەرێك لە بەغداوە بردمیان بۆ جەلەولا، لەوێ بردمیان بۆ یانەی ئەفسەران، نزیکەی کاتژمێر سێی شەو بوو بردمیان بۆ ژوورێکی پاك و خاوێن، هەموو پێویستیەکانی حەوانەوەی تیابوو، ئەو شەوە نەخەوتم، بیرم لە ڕۆژەکانی پێشووی ژیانم دەکردەوە، وەکو فلیمێك لە مێشکمدا دەهاتەوە بەرچاوم، لە هەمان کاتدا بیرم لە پاشەڕۆژی ژیانم دەکردەوە، بەڵام نەم دەزانی پاشەڕۆژی ئەم ژیانە چییە؟

لەو ساتەدا دیم گۆڤارێك لەسەر مێزەکەی تەنیشتم دانرابوو، کە کردمەوە بینیم وتارێکی (ابو العلاء المعري) تێدایە، کە فەیلەسوف و شاعیرێکی بەناوبانگە، ناونیشانی نووسراوەکە ئەمەبوو (ما هذا التكالب على الدنيا؟) واتە ئەم شەڕەسەگە چییە لەسەر تەماعی دونیا؟ منیش لەدڵی خۆمدا وتم ئەمە منیش دەگرێتەوە، وازم لە وتنەوەی دەرسی ئایینی هێنا، هاتمە ئەم دونیا تازەیەوە. ئینجا ئەمە بووە هۆی ئەوەی زیاتر خەوەکەم بڕوات و بزڕێ.

بەیانی هات، نوێژم کرد و نانیان بۆ هێنام، لەپاش نان خواردن بە ئوتومبیلێکی سەربازی چووم بۆ قەڵای شیروانە. بۆ یەکەم جار چوومە لای (عبدالسلام عارف)، کە ئەوکاتە (مقدم الرکن) و(امر الفوج ٣/ل١٩) بوو، زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی کردم، پاش ئەوە خەیمەیەکیان بۆ هەڵدام، چوومە جیهانێکی زۆر جیاوازەوە، چەند رۆژێك لەوێ ماینەوە.

هەموو ئەفسەرەکان بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە لە چێشتخانەی ئەفسەرەکان کۆدەبوونەوەو نانیان دەخوارد، هەر ئەفسەرێك کە دەهات (تحیە) سەلامی دەکرد لە ئامیر و کلاوەکەی بە کەپرەکەوە هەڵدەواسی، پاشان بەسەری ڕوتی دادەنیشت و نانی دەخوارد.

منیش لەبەر ئەوەی سەر ڕووت کردنم بەلاوە جوان نەبوو، بە جبەو مێزەرەوە دائەنیشتم نانم دەخوارد و (تحیە)م بۆ ئامیر نەدەکرد.

لەنێوان ئەم ئەفسەرانە، کاك نوری رەشید کوڕی شێخ ڕەشیدی عەبابەیلێ بوو، کە بوو بە دڵسۆزێکی خۆشەویستم، ماوەی سێ ساڵ بەیەکەوە ژیاین. عبدالسلام عارف پێی وتبوو: ئیمام فێری نانخواردن بکە. ئەویش بەمنی وت: کاتێك هاتیتە ژوورەوە، ئەگەر ئامیر دانیشتبوو وەکو ئەفسەرەکانی تر (تحیە) بکە، جبەو مێزەرەکەت هەڵواسە، ئینجا دابنیشە بۆ نان خواردن.

منیش بەو پێیە هەستام و تکام لێ کرد کە هەرچی پەیوەندی هەیە بەژیانی سوپاوە پێم بڵێ، با تووشی هەڵە نەبم.

پاش هەفتەیەك کە هێشتا لە قەڵای شیروانە بووین، شەوێك لە خەومدا دیم لەسەر ئاودەست دانیشتووم، دیم سەرم ڕووتەو مێزەرم بەسەرەوە نییە، کە بەیانی لە خەو هەستام هەر بیرم لەو خەوە دەکردەوە، چونکە خۆم بە تاوانبار دەزانی کە وازم لە تەدریس هێناوە، خۆم لەبەر خۆمەوە مانای خەوەکەم لێکدایەوە بەم جۆرە، کە ئاودەست تەماعی دنیایە، مێزەریش نیشانەی ئایینە، واتە من وازم لە ئایین هێنا بۆ تەماعی دونیا. جا لەسەر ئەو بیروباوەڕە بڕیارم دا واز لە ئیمامەت بێنم و بچمە دێیەکی باش و مەدرەسەیەکی ئایینی پێك بهێنم، لەبەر ئەوە (استقالە)یەکم نووسی بۆ وەزیری بەرگری لەڕێگەی ئامیرفەوجەوە، ڕۆشتم بۆ خێمەکەی عبدالسلام کە داواکارییەکەم پێشکەش بکەم.

لەڕێگا تووشی کاك شێخ نوری ڕەشید بووم، بردمی بۆ خێمەکەی خۆی و وتی بۆچی (استقالە) دەکەیت، منیش هۆکەیم بۆ ڕوون کردەوە، وتی: کاتێك لە سلێمانی بووی چەند کەس لە پشتەوە نوێژی دەکرد؟ وتم: لە نیوەڕۆ و عەسردا جگە لە فەقێکان یەك کەس

شێخ نوری شێخ ڕەشید

نوێژی دەکرد کە پێیان ئەوت (توفیق) بەگ، دووکانی دانابوو لە تەنیشت مزگەوتەکەدا، یەکێ بوو لە ئاغاو پیاوماقوڵەکانی شاری بانە، لەکاتی خۆیدا حەوت برابوون، شەشیان بە دوژمنایەتی کوژرابوون، ئەویش لەترساندا هەڵهاتبوو بۆ سلێمانی، زۆر جار پێی دەوتم ئەگەر من بمرم کێ نوێژ لە دواتەوە دەکات؟ بەڵام ئێواران نوێژکەرەکان ئەبوون بە پەنجا کەس.

کاک نوری وتی: ئەم فەوجە کە تۆ بوویت بە ئیمامی، هەموویان موسڵمانن و ژمارەیان لە -٧٠٠- کەس زیاترە، بۆیە تۆ کراوی بە ئیمامیان، هەرچییەك پێویستی ئایین هەیە فێریان بکەیت، واتە لێرەش ئیشەکەت خزمەتی ئایین و زانیارییە. جگە لەوەش موچەکەت باشە دەتوانی منداڵەکانتی پێ پێ بگەیەنیت.

منیش پەشیمان بوومەوە، موچەی سوپام (٤٥) دینار بوو، کاتێك کە هی ئەوقاف (٩) دینار بوو، کاتێك کە وەرم دەگرت دیسان بیرم لەمە دەکردەوە دەموت کەی حەڵاڵە؟ کەی ئەوەندە ئیش دەکەم تا حەڵاڵی بکەم. ئەمەش دیسان بوو بە خولیا لەسەرما. شەوو ڕوژ هەر بیرم بەلای تەدریسەوە بوو، هیچ دڵم نەدەچوو بەلای پارەو پولدا. چونکە خوێندنی ئایینی ڕێگەی نەدابووم لە ژیانمدا کە پوولەکی و پارەپەرست بم.

ئینجا نامەیەکم نووسیی بۆ حاجی قادری جبار لە سلێمانی کە یەکێك بوو لە خۆشەویست و دڵسۆزەکانم، داوام لێکرد بە عبداللە لوتفی بڵێت بمکات بە مەلاو مودەڕیسی ئەو مزگەوتەی دروستی دەکات لە سلێمانی مانگی بە -٢٥- دینار، لێرە موچەکەم -٤٥- دینارە، واز لە -٢٠- دیناری دێنم بۆ خوا. وەڵامی نامەکەی دامەوە وتی: -١٥- دینار دەدات بە مووچە. جارێکی تر نامەم بۆ نووسیوەوە، وتم بە -٢٠- دینار هەر ڕازیم، وەڵامی دامەوە وتی: هەر -١٥- دینار دەدات. منیش وازم لێ هێنا.

کورتەیەك لەژیانی شێخ نوری شێخ ڕەشید:

شێخ نوری شێخ ڕەشید

لە عەبابەیلی هاتۆتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتای لە هەڵەبجە و ناوەندی لە سلێمانی تەواوکردوە، لە سالی ١٩٤٨ ئامادەیی سەربازی لە بەغدا تەواوکردوە، کەسایەتیەکی پێشکەوتنخواز و یەکێك بووە لە ڕێکخراوی ئەفسەرە ئازادی خوازەکان کە هەستاون بە بەرپاکردنی شۆرشی ١٤ی تەموز، ساڵی ١٩٤٨ بە ئەفسەری چوەتە فەلەستین، ١٩٥٦ بۆ ئوردن.. لە سالی ١٩٦٨ کراوە بە بەڕێوبەری گشتی کارگەی چمەنتۆی سەرچنار، لە ساڵی ١٩٧٤ کراوە بە پاریزگاری سلێمانی لەسەر داوای خۆی وازی هێناوە، لە ساڵی ١٩٧٤ بوەتە ئەمینداری گشتی دارایی و ئابووری لە هەولێر، خوای گەورە بە بەهەشتی شاد بکات .

من و مەلای جەلەولا

خۆم و فەقێکانم لە جەلەولا ١٩٥٦

حاجی ڕەحیم خۆی و کوڕەکانی سەروکاری ڕێگای ئاسنینی شەمەندەفەری دەکرد، کە لە جەلەولاوە دەچوو بۆ بەغدا، پیاوێکی زۆر باش بوو، کوردێکی زۆر پاك بوو، وتم: کاك حاجی من موچەکەم مانگی -٤٥- دینارە، مانگی -١٠- دیناری لە دەمی منداڵەکانم دەگێڕمەوە، دەیدەم بە دوو فەقێ بۆ ژیانیان، بۆ ئەوەی دەرسیان پێ بڵێم، بۆ ئەوەی دوور نەکەومەوە لەو ڕەوشتەی کە لەمەوپێش لەسەری بووم، تۆش بۆ خوا ژوورێکیان بۆ پەیدا بکە کە تیایدا بژین و منیش دوای دەوام ئێواران وانەیان پێ بڵێمەوە، ئەم ئیشە خزمەتی ئایین و کوردی تێدایە، خواش پاداشتی هەردوولامان دەداتەوە.

کاکەحاجی ژوورەکەی پەیداکرد و منیش دوو فەقێکەم پەیداکرد، بەلام هێشتا دەستم بە ئیشەکە نەکردبوو، هەواڵەکە گەیشتە لای مەلای مزگەوتەکەی جەلەولا، (حاجی مەلا شێخ

تاهیر بەرزنجی)، ئەم مەلایە پیاوێکی زۆر چاك بوو، کاتێك هاتینە جەلەولا دەعوەتی کردین و زۆری سوپاس دەکەم. بەڵام نازانم بۆچی مەلا لەناو خۆیاندا زۆر ناکۆکن لەجیاتی ئەوەی کۆمەکی یەکتری بکەن خەریکی پاشقل گرتن لە یەکترن، هەریەك وادەزانێت کە ئەوی تر زیان بە مافی دەگەیەنێت، ئەم ڕەوشتە شتێکی زۆر ناشیرینە بۆ پیاوانی ئایینی، چونکە هەرکەسێك بەڕاستی موسڵمان بێ، دەبێ فرۆفێڵ لەژێر جبەو مێزەرەکەیدا نەبێت، وەکو ئالتونی پالفتەکراو وابێت. بەڵام بەداخەوە زۆر کەسم دی لەژیانمدا وتەی جۆرێك بوو و کردەوەی جۆرێکی تر بوو.

ڕۆژێك چووم بۆ مزگەوت بۆ نوێژی عەسر، مەلا شێخ تاهیر پێی وتم لەپاش نوێژ مەچۆرە دەرەوە ئیشم پێتە. جا لەپاشا پێی وتم: بیستومە فەقێت ڕاگرتوە و دەرسیان پێ دەڵێیت؟ وتم بۆ ئەمە شتێکی خراپە؟ ئەگەر بەکاری دنیایی دەزانیت من زەکات و سەرفیترەی دێیەکەت لێ داگیر ناکەم، چونکە من لە سلێمانی مووچەکەم (٩) دینار بوو، لەگەڵ ئەوەش سەرفیترەو ئیسقات و خێر و خێراتی کەسم وەرنەگرتووە، ئێستا لێرە من کە ئیمامم مووچەکەم (٤٥) دینارە، مووچەی ئەفسەرێکی سوپایە، زۆری زیادە، لەبەر ئەوە زیادەکەی دەدەم بە فەقێ بۆ خزمەتی ئایین، ئەگەر ئەمە بە خزمەتی خوایی ئەزانی، دەبێت یارمەتیم بدەیت بۆ ئەوەی هەردووکمان هاوبەشی بکەین لە خزمەتی زانایی و ئایینی دا.

لە پاشان وتی: من ئەم قسانە ناچێ بە گوێمدا، من بیستومە تۆ لە سلێمانی لەسەر سیاسەت دەرکراویت، من مامۆستایەکم هەیە موفتی خانەقینە (حاجی مەلا ئەحمەد مەلا ڕەسول)، دەتوانێ بە (جر القلم)ێ متصرف فەسڵ بکات، ئەگەر واز لەم بیروباوەڕە نەهێنیت تووشی نان بڕاویت دەکەم.

وتم: مەلا، نان خودا دەیدات، بەندە ناتوانێت بیبڕێت، خۆت و ئەو مامۆستایانەی پێی دەنازن لەلای من هیچ بایەختان نیە، من خوا دەزانێ لەسەر چی سلێمانیم بەجێ هێشت، مەلا هەر مەلایە، ئەو مەلایەی کە لە سلێمانی نەیهێشت تەدریس بکەم، هەر برای ئەو مەلایەیە کە بە (جر القلم)ێك متصرفێك فەسڵ دەکات، بەڵام بزانە ئەو فەقێیەی کە من دەرسی پێ دەڵێم، دەبێت بە مەلایەکی وەکو جەنابت، لەبەر ئەوە هیچ تەدریسێك بە مەلاو فەقێ ناڵێمەوە.

تەنگ و چەڵەمەی صدیق مستەفا

گیروگرفتی مەلای جەلەولا تەواو نەبوو، تا صدیق مستەفا، کە ئەوکاتە لە سوپادا مقدم بوو، یاریدەدەری عبدالسلام عارف بوو، تەنگ و چەڵەمەیەکی تری بۆ دروست کردم، ئەمەش بەم شێوەیە بوو.

لە سلێمانیەوە هاتین خانوویەکمان بەکرێ گرت، ئەسعەدی کوڕم لەوێ لەدایك بوو، جێگەکەمان زۆر ناخۆش بوو، ئاومان نەبوو، دەبوایە بە تەنەکە ئاومان بۆ بهێنایە، کارەبامان نەبوو، بەڵام لەو کاتەدا خانووی زۆر باشیان دروست کردبوو لەسەر ئاوی سیروان (دیالی) بۆ ئەفسەرەکان، ئەوکاتە هەر ئەفسەرێك چوار دیناری وەردەگرت بۆ کرێی خانوو، ئەگەر خانوویان بدابایەتێ، چوار دینارەکەیان دەبڕی لە مووچەکەی. ئەو خانوانەی کرابوون هەمووی بە تەنیشت یەکەوە بوون، بەڵام چواریان بەتەنها دروست کرابوون بۆ ئامر و ئامر فەوج. وتم بە عبدالسلام عارف: جێگەکەمان زۆر خراپە، وتی لەسەر مەسئولیەتی من بچۆرە یەکێك لەو چوار خانووەوە، وتم هێشتا کارەبای نیە، وتی بچۆرە ناوی با لەکیست نەچێت، کارەبا لە دراوسێکەت وەربگرە.

منیش کە گواستمەوە زۆر نایاب بوو، گەورە بوو، هەر چوارلای باخ بوو.

پاشان صدیق مستەفا لە هەموو خانووەکان خانووی بەرنەکەوت، چونکە لە خانوویەکی کۆنی سوپادا بوو، هەرکەس لە خانووی میریدا بوایە، خانووی تریان نەدەدایە. ئینجا صدیق مستەفا منی بە گێلەپیاو زانی و وتی دەبێت بێیتە خانوەکەی من و من بچمە خانوەکەی تۆوەوە، چونکە تۆ ئیمامی و من یاریدەدەری (معاون) ئامرفەوجم. وتم: من ئیمامم و ئەفسەرم لە یاسای سوپادا، هیچ جیاوازییەك نیە لەنێوان ئەفسەرێك و وەزیری بەرگریدا. (ئەوکاتە نوری سەعید بوو، جگە لەوەی سەرەك وەزیران بوون)، وتم: ئەو چوار دینار وەردەگرێ بۆ خانوو، منیش هەر ئەو چوار دینارە وەردەگرم. وتی: ئاخر ئەو خانووە بۆ ئامرەکان کراوە. وتم: تۆ یاریدەدەریت، هەرکاتێك بوویت بە ئامر، بۆت چۆڵ دەکەم.

چوو شکاتی لێ کردم لای ئامر لیوا، کە (نازم تەبەقچلی) بوو، ناردی بە دوامدا، ئەوەی وتبووم بە صدیق مستەفا بەویشم وت، وتی: لەبەر دڵی من بگوێزەرەوە خانوەکەی

ئەو، با تووشی تەنگ و چەڵەمە نەبیت. وتم: من ڕاهاتووم بە تەنگ و چەڵەمەو هیچ ناترسم. وتم: لە سوپا دەچمە دەرەوە بەڵام لەو خانووە ناچمە دەرەوە.

بینیان گێلەپیاو نیم، شتەکەیان کرد بە ڕەسمی، منیش دەمزانی ئەمە شتێکی ناڕەوایە، نامەیەکم نووسی بۆ قائد فرقە، خوا لێخۆشبوو (نجیب رەبیعی)، کە لەپاش شۆڕشی چواردەی تەمووز ١٩٥٨ بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی سیادەی عێراق، ئەویش تەلەفۆنی بۆ (نازم تەبەقچلی) کرد کە وازم لێ بهێنێ و لە خانووەکەدا بمێنمەوە.

صدیق مستەفا کە زانی دەستی لە بن هەمانەکەوە دەرچووە، هات خۆی کرد بە برادەرم، ڕۆژێك پرسیارێکی کرد و وتی: بۆچی پێغەمبەرەکان زۆریان لەناو عەرەبدا بوون، وتم: چونکە جێگەکەی لە ناوەڕاستی سێ پارچەی تردایە، لەبەر ئەوەی بەو شێوەیە ئەو پێغەمبەرانەو دینەکەیان بڵاوبێتەوەو روناکی ئاینەکان لە دورگەی عەرەب کە ناوەڕاستی جیهانە بەم لاو بەولادا بڵاو بێتەوە.

وتی: نا وا نیە، چونکە خوا فەرموویەتی ئەگەر عەرەبم بۆ چاك بکرێت هەموو گەلەکانی تر چاك کردنیان ئاسانە.

بەڕاستی ئەم وەڵامەی زۆر ڕاست و جوان بوو بەسەر خویدا چەسپا، چونکە خۆی کە بوو بە ئامرلیوا لە سلێمانی لە ١٩٦٣، کاتێك دەستی کرد بە لەسێدارەدانی ١٨ کەس لە دێی سیارە لەسەر ڕێگەی (دەربەندیخان- سلێمانی)، ئەو ١٨ کەسەی گوللەباران کرد، پەیوەندییان نەبوو بە پێشمەرگەوە، کە لەوەوپێش هێرشیان کردبووە سەر سوپا. هەروەها دواتر کە چووە سلێمانی، (منع التجول)ی کرد، سەدان کەسی زیندان کرد و دوایی زیندەبەچاڵی کردن.

ئەمە ئەو پیاوە موسڵمانە عەرەبە بوو کە بە ئیسلام چاك نەکرا.

تاقیکردنەوەی سێی ناوەندی

لەپاش ئەوەی دەست بەردار بووم لە هەموو شتێك و هەموو شوێنێك، نەمتوانی هەندێ لە کاتی خۆم بەخت بکەم لەڕێی دەرس وتنەوەدا، زانیم کە ناتوانم ببم بە مامۆستا، بڕیارم دا ببم بە قوتابی، چووم بۆ لای بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك، وتم من بڕوانامەی شەشی سەرەتاییم هەیە، دەمەوێت تاقی کردنەوەیەکی دەرەکی سێی ناوەندی بدەم، وتی باشە، بەڵام ئێمە تاقیکردنەوەی یەکەمی ناوەندی و دووەمی ناوەندی دەکەین، ئەگەر لەو تاقی کردنەوانەدا سەرکەوتوو بوویت، ناوەکەت دەنێرین بۆ خانەقین بۆ ئەوەی لە تاقیکردنەوەی وەزاری بەشداری بکەیت.

منیش کتێبی ئەو دوو پۆلەم پەیداکرد و خۆم ئامادەکرد بۆ ئەو تاقی کردنەوەیە، هەر ڕۆژەی دەچووم لە ژووری بەڕێوەبەردا تاقی کردنەوەی وانەیەکم دەدا، ڕۆژێك دەرسەکەم مێژوو بوو، پرسیارەکە ئەمەبوو: (ماهي اسباب الفتوحات الإسلامية؟)، مامۆستایەکی مێژوو لە تەنیشتمدا دانیشتبوو ناوی (ضیاء) بوو، سوخرمەیەکی لێ دام وتی: (گول جوع جوع)، واتە: (برسێتی پاڵی نا بە عەرەبەوە کە شەڕ بکەن و ئەو وڵاتانەی کە ئێستا تیایدا داگیری بکەن).

دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز دەرکەوت ئەم مامۆستایە بیروباوەڕی کۆمەنیستی بوو، هەموو جارێك پێش کۆمەنیستەکان دەکەوت و دەیوت: (الحزب الشیوعي یرید الإستیلاء علی الحکم).

ئەو ڕۆژەی تاقیکردنەوەی بیرکاریم هەبوو، باوکم و هەندێ لە خزمانی ترم هاتبوون بۆ جەلەولا، لەڕێگەی ئەوێوە لەبەر من دەچوون بۆ حەج، شەو دوای نانخواردن بەجێم هێشتن لە ژووری میوان، چوومە ژووری نووستن بۆ خوێندن، خوالێخۆشبوو (حاجی حەمەجان) هات بە تووڕەیی وتی: ئێمە بۆ لای کێ هاتووین؟ منیش وتم: بەیانی تاقیکرددنەوەم هەیە، ئەگەر لای ئێوە دانیشم ناتوانم وەڵام بدەمەوە، تاقیکردنەوەکەم لەکیس دەچێت، بەڵام ئێوەم لەکیس ناچێت. وتی: ئەگەر مردین و نەهاتینەوە؟ وتم: لەجێگایەکی پیرۆز دەمرن، خوا لێتان خۆش دەبێت. هەر لە ژوورەکەی خۆم مامەوە، نەچوومە لایان.

دوای تەواوبوونی تاقی کردنەوەکان، چووم بۆ خانەقین کە تاقیکردنەوەی سێی ناوەندی لەوێ بوو، ئۆتۆمبیلەکە لەرێ پەنچەر بوو، دواکەوتین، کاتێك گەیشتم لە قوتابخانە دەبینم قوتابیەکان (٢٠) خولەکە چوونەتە ژوورەوە، لەبەر ئەوە رێگەیان نەدا بچمە ژوورەوە، بەڵام لەبەر جبەو مێزەرەکەم بەسەرەوە بوو، بەرێوەبەری قوتابخانەکە رێزی گرتم وتی: لەسەر مەسئولیەتی من بچۆرە ژوورەوە.

ئەو رۆژەی تاقیکردنەوەی ئینگلیزیم هەبوو، خوالێخۆش بوو (مامە عبدالرحمن)م هاتبوو، ئەگەر بەجێم بهیشتایە بۆ خوێندن عاجز دەبوو، ئەگەر بەجێم نەهێشتایە، هێشتا کتێبەکەم تەواو نەکردبوو، لەبەر ئەوە بریارم دا ئەوەی دەیخوێنمەوە بۆی بکەم بە هەورامی. گەیشتمە سەر چیرۆکی ئەو پیاوەی گرەوی کرد کە بە (٨٠) رۆژ بە دەوری زەویدا بسورێتەوەو تووشی ناخۆشی بوو تا رزگاری بوو و گەیشتەوە شوێنی خۆی. کاتێك لە قسەکەم لێبوومەوە، مامم وتی: (ئاپیایە نما کەرێ؟) واتە: ئەم پیاوە نوێژی دەکرد؟ ئەم پرسیارەی بۆیە کرد، چونکە هەر نوێژ لە مێشکیدا هەبوو.

لەپاشان پۆلی سێی ناوەندیم بری، لەگەڵ چەند برادەرێك پۆلی چوارمان لە پەروەردەی بەعقوبە تەواوکرد.

تەسوییەی باخەکانی زەڵم



بەهاری ١٩٥٦ بو یەکەم جار بریاردرا لەلایەن میرییەوە کە باخەکانی زەڵم تەسوییە بکرێن و بکرێ بەناوی خاوەنەکانیان، بو ئەوە هەر کەسێک باخ و زەوی خوی لەسەر خوی ساغ بکرێتەوە، لە تومارگەی میریدا تومار بکرێت، بەجورێکی وەها کەس نەتوانی گێچەڵ بە یەکێکی تر بکات. ئەمە هەر لەسەردەمی عوسمانیەکاندا بووە کە (وەرەقەی فاقانی) دەدرا لەپاشا ناونرا (تاپوی رەش)، ئیستا پێی دەوترێت (سند التسجیل العقاری)، ماددەی (٥٠٨) لە یاسای مەدەنی عیراقدا دەڵیت: (کرین و فروشتنی هەموو زەوی و ئاو و باخ و خانوویەك ئەگەر لە دائیرەی تاپو تومار نەکرێت بەتاڵە). لە بەندی (٣)ی قانوونی تەسجیل عەقاری دەڵیت: (هەموو تەصەرفیکی عەقاری جگە لە وەسیبەت ئەگەر لە

دائیرەی تەسجیل عەقاری تۆمار نەکریت، بەتاڵە). لە قانوونی تەسوییەدا دەڵێت: (هەر زەوییەکی میری (١٠)ساڵ بەدەستی هەر کەسێکەوە بێت، لە هەر دۆنمێك (٤٠) درەختی تیا بنێژیت، بە ناوی ئەوەوە تەسوییەو تاپۆ دەکریت).

لەپێش هەموو قانوونیکدا پێغەمبەری مەزن (ﷺ) فەرموویەتی: (من احیا أرضا میتة فهي له)، لە شێوەیەکی تردا (فهو أحق بها)، واتە: هەرکەسێك زەوییەك ئاوەدان بکاتەوەو مولکی یەکێکی تر نەبێت، بو خویەتی.

من ئەوکاتە لە جەلەولا ئیمام بووم، پێیان وتم کە بچم بۆ زەڵم، پارچە باخەکەی خۆم بەناوی (پێشاو)ە هیی وەرەسە نیەو بەپارەی خۆم کڕیبووم، بروم بۆ ئەوەی تەسوییەی بکەم. منیش نەمزانی وەرەسەی شیخ حسام الدین خزمەکانم تووشی چ گێچەڵێك دەکەن بەهۆی تەسوییەی باخ و زەوییەکانی زەڵمەوە.

چووم بۆ خانەقین لای پاریزەر کاك عبدالوهاب باجەلانی، کتێبیکی قانوونی تەسوییەم وەرگرت و چووم بۆ زەڵم. ڕۆژی یەکەم کە موعاونی تەسوییەی هەڵەبجە هات بۆ زەڵم، هەندێ لە وەرەسەکانی شێخ حسام الدینی لەگەڵ بوون، یەکێك لەوانە شێخ کەریمی کوڕی شێخ حسام الدینی لەگەڵ بوو، نزیکەی (٢٠) کەس لە سۆفییە ڕیش پانەکانی دێی خۆمان و هانەی قوڵ و هێلان پێ و دێهاتە نزیکەکانی دیی زەڵم، کۆیان کردینەوە بۆ ئەوەی شایەتی بدەن کە ئێمە باخەوانی شێخ بووین، گەلایەك لەم باخانە مولکی ئێمە نەبوون. لەم ڕووەوە شێخەکان خۆیان ئامادەکردبوو کە زەوی و زار و باخەکان لەسەر ئەوان تەسوییە بکرێت، خزمەکانی بەرەی باوکم کە زیاتر بوون لە (٧٠) ماڵ، کە باپیرە گەورەمان لە پێش (٢٥٠) ساڵ هاتووە ئەم دۆڵە چۆڵ و هوڵە پڕ لە شەخەڵ و دڕندەی ئاوەدان کردۆتەوەو بەردی بناغەی زەڵمی داناوە لە کاتێکدا کەسی تیانەبووەو، شێخ حسام الدین هێشتا لەدایك نەبووە، بڕیاریان دابوو دەریان بکەن، لەگەڵ موعاونی تەسوییەدا ڕێکەوتبوون بە جۆرێکی کە دەتووت برابەشی باوکیانە.

کاتێك لە گۆشەی پرد کۆبووینەوە، خزمەکانیشم هەموو حازر بوون، بۆ یەکەم جار (گۆشەی پرد) خوێندرایەوە، موعاونی تەسوییە وتی هی کێیە؟ سۆفییە ریش پانەکان سوێندیان خوارد بە قورئان وتیان هی شێخ حسام الدین و هەوارگەی ئەوە، ئەوەش جێ نزرگەکەیەتی، کە دارێکی درێژیان تێداچەقاندبوو و پەڕۆیەکی سپییان پیاکردبوو کە لە

کوردستاندا ئەمە نیشانەی پیرۆزیی ئەو جێگایە بوو، موعاونی تەسوییە نووسیی لەسەر شێخ حسام الدین. خزمەکانم هەرچی هاواریان کرد سوودی نەبوو.

لەپاشان ژمارە (٢) (باخی خواکەرەم)ی خوێندەوە، کە باخی خانەقای شێخ بوو، ئەویشی لەسەر شێخ نووسی.

کە ژمارە (٣) حوێندرایەوە کە پێی دەوترا (گۆشەی دۆڵێن)، لەپێش ئەوە کە بڵێ ئەمە موڵکی کێیە، دەستم گرت، وتم تۆ هاتوویت بە یاساو شەریعەتی ئیسلام بجولێیتەوە، یان هاوبەشی شێخەکانی و هاتووی ستەم لەم هەژار و فەقیرانە بکەیت؟ وتم: لەم سۆفییە ڕیش پانانە بپرسە چەند ساڵ ئەم موڵکە بەدەست ئێمەوەیە؟ کە ئەم پرسیارم کرد لێیان، وتیان: نەك خۆمان، باوکیشمان نازانێ لەکەیەوە باپیری ئەمانە لێرە بووە.

وتم: لێیان بپرسە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دیویانە یا بیستویانە شێخ حسام الدین خۆی یا وەرەسەکەی پاچێك یان بێڵێك یان درهەمێکیان بە ئێمە دابێت؟ ئەم باخانەمان لە نەبوون دروست کردوە، ئەم شاخ و بەردەمان وەرگێڕاوە بە باخ و بەکۆڵ خاکمان بردووە، کردومانەتە ناودرنی شاخەکان و درەختمان تیا ناشتوە؟ هەموویان وتیان نەخێر نەمان بیستووە.

ئینجا پێم وت جەنابی موعاون تۆ بە قانوون حوکم دەکەیت یان بە شەریعەتی ئیسلام؟ ئەگەر بەقانوون لەگەڵمان دەیکەیت ئەمە قانوونی تەسوییەیە، قانوونەکەم بۆ کردەوەو لەبەردەمیا دامنا، ئەو مادەیەم بۆ خوێندەوە کە دەڵێت: (هەرکەسێك دە ساڵ یان زیاتر تەصەرفی کرد لە زەوییەکی میریدا، لە هەر دۆنمێك چل درەختی یا زیاتری ناشت، لەسەر ئەو کەسە تاپۆ دەکرێت).

ئەگەر بە شەریعەتی ئیسلام حوکم دەکەیت، پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: (من أحیا أرضا میتة فهي له أو فهو أحق بها).

معاون و شێخەکان زانییان کە هەموو ڕێگەیەکی گەڕ و فێڵم لێ برین، موعاونەکە خەڵکی هەڵەبجە بوو، موعاونی تەسوییەی ئەو شوێنانە بوو کە سەر بە قەزای هەڵەبجەن، ویستی بمترسێنێ، وتی: مەلا قسەی زیادە مەکە. بە پۆلیسێکدا ئەتنێرمەوە بۆ جەلەولا.

وتم: ببورە من مەلا نیم، من ئیمامی سوپام و بەیاسا ئەفسەرم، هیچ کەس ناتوانێ کردەوەیەك لەدژی ئەفسەر بکات بە ڕەزامەندی وەزیری بەرگری نەبێت.

ئینجا پاش ئەوە موعاون ئەفەندی هیچی پێ نەما، خۆی و شێخەکان وتیان هەستە بابڕۆین، لەگەڵ سۆفییەکان ڕۆشتن ڕێگەیەکی تر بدۆزنەوە بۆ کارەکەیان.

من و تۆمەتی کۆمۆنیستی

لەسەردەمی عەبباسیەکاندا هەرکەس رەخنەی لە خەلیفە بگرتایە کە بەپێی فەرمودەی پێغەمبەر هەڵناسێت و وەکو پاشای فارسەکان یان ئیمپراتۆری رۆمان دەژی، دەیان وت ئەمە (زەندیق)ەو کوشتنی واجبە، بۆ ئەوەی ببێت بە عیبرەت بۆ یەکێکی تر.

لە زەمانی شێخەکانی کوردستاندا، ئەگەر یەکێك رەخنەی لە شێخێك بگرتایەو بیوتایە شێخێتی تەرکی دنیایەو ئەم هەموو خۆشگوزەرانییە چییە کە شێخی تیایە، هەرچی ژنی جوانە شێخ و کورەکانی مارەیان دەکەن، هەرچی جلی جوانە ئەوان لەبەری دەکەن، هەرچی خواردنی باشە ئەوان دەیخۆن، هەرچی کۆشکی جوانە ئەوان ژیانی خۆیانی تیا بەسەر دەبەن، بە هەزاران دواکەوتوو و نەزان ژێر پێیان ماچ دەکەن، رۆژی قیامەت شەفاعەتیان بۆ بکەن.

ئەگەر یەکێك ئەم جۆرە شتانەی بوتایە بە تایبەتی ئەگەر مەلا بوایە، وەکو خوالێخۆشبوو مامۆستا سید عارف، کە ئیمان و باوەڕی سەدقاتی ئیمانی شێخ پتەو بوو، پێیان ئەوت (منكر)، کورە شێخەکان لە کوردستاندا بەناوی منکرەوە زۆر کەسیان ون کرد.

لە چلەکانەوە شتێکی تر باوبوو لە عێراقدا، هەرکەسێ داوای مافی خۆی بکردایە، یا هاواری بکردایە لەدەست ستەمکارێك، یا بیوتایە ئەم دەوڵەمەندیەو ئەم هەموو سامانەی چۆن پێکەوە نا، کە هەژارە دراوسێیەکەی ناتوانێ تێری سکی نان بخوات، پێیان دەووت کۆمۆنیست.

ئینجا لێرە جێگەی خۆی بوو کە پێیان وتم مستەفا زەڵمی کۆمۆنیستە.

موعاونی تەسوییەو شێخەکان، لەپاش ئەوە کە زەڵمیان بەجێهێشت، دەچنە لای بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ، کاك جەمال بابان، قائیمقامی هەڵەبجە (خالید نەقشبەندی)، لای متصرفی سلێمانی (عمر علی) بە هەموویان دەڵێن ئیمامێکی سوپا (مستەفا زەڵمی) شیوعیەو لە جەلەولاوە هاتووە لە ناوچەی خورماڵدا ئاگرێکی ناوەتەوە، هەرچی جووتیار و باخەوانە هانی داون لەدژی خاوەن موڵکەکان، لەبەر ئەوە نەمانتوانی ئیشی تەسوییەکە تەواو بکەین.

پێش گەڕانەوەم بۆ جەلەولا پێیان ڕاگەیاندم کە بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ داوات دەکات، منیش چووم بۆ خورماڵ سەرێکم لە مامم (خەزوورم) دا، لەپاشان چووم بۆ لای

مدیر ناحییه، یەکەم جار ڕێزی گرتم، چونکە بەجبەو مێزەرەوە بووم، لەپاشا کە وتم فلان کەسم چاوی سوور بوو، هەستایە سەرپێ و بە هەردوو دەستی دەیدا بەسەر مێزەکەیداو تەماشای منی دەکرد، سەری بەرز دەکردەوە بو وینەکەی مەلیك، واتە من بە یاساو یەکسانی کار دەکەن و دەیوت بۆ بوویت بە ئاژاوەچی ئەم ناوچەیە و کێشەت دروست کردووە لەنێوان شێخەکان و باخەوانەکان؟

وتم: دەنگ بەرز مەکەرەوە بەسەرما، چیت لەمن دەوێ؟

وتی: بچۆ بۆ هەڵەبجە قائیمقام داوات دەکات، لەپاشاندا یەکسەر لە ژوورەکەی چومە دەرەوەو چوومەوە بۆ زەڵم.

شایانی باسە کاك جەمال بابان لەرووی بێ ئاگاییەوە ئەم کردەوەیەی لەگەڵ من نواند، چونکە یەکەم منی نەدەناسی، دووەم ئاگای لە ستەم و فروفێڵی شێخەکان نەبوو، بنچینەی ئیشەکەیان بە پێچەوانەوە بۆ رون کردبوەوە، ئەگەرنا کاك جەمال بابان لەوانەبوو بەگوێرەی یاسا هەڵسوکەوت بکات، ئێستا جگە لە زانستی یاسا، نووسەرێك و ئەدیبێکی کوردە، بە دڵسۆزی لەبابەت مێژووی کورد و کوردستانەوە دەنوسێت، تەنگ و چەڵمەی کوردایەتی دەخاتە بەرچاوی ڕۆڵەکانی کورد. ئێستە من زۆرم خۆش دەوێت، لەبەر ئەم هەڵوێستانەی کە ئێستا دەینوێنێت لە بوارەکانی ڕامیاری و مێژوویی و یاساییدا، هیچم لەدڵدا نەماوە بۆ ئەو هەڵوێستە ناشایستەی کە نواندی بەرامبەرم لەو رۆژەدا.

رۆژی دوایی کە گەڕامەوە بۆ جەلەولا، بەرێگای هەڵەبجەدا، کاتێك گەیشتمە هەلەبجە، وام بەباش زانی سەردانی (خالد نقشبندی) بکەم، لەپێش ئەوەی بچمە ژوورەوە فەڕاشەکەی پێی وت یەکێك هاتووە بۆ لای ناوی فلانە، کاتێك چوومە ژوورەوە، لەبەردەمی مێزەکەی وەستام، دەستم برد تەوقەی لەگەڵ بکەم، دەستی کێشایە دواوە، وتی من لەگەڵ مەلای موشاغیب تەوقە ناکەم، بچۆ بۆ سلێمانی، (عمر عەلی) داوات دەکات، منیش وتم: پاشەڕۆژ بۆت دەردەخات موشاغیب کێیە.

لەپاش ئەم بینینەی خالید نەقشبەندی و وتی (عمر عەلی) داوات دەکات، وتم: ئیجازەکەم تەواو بووە، لەرێگەی دەربەندیخانەوە دەگەڕێمەوە جەلەولا، با ئەویش چی لەدەست دێ با لەدژی من دریغی نەکات.

ئەنجامی کردەوەکەی عمر عەلی لەدژم

عومەر عەلی کرابوو بە متصرفی سلێمانی لەبەر ئەوەی بەکەسێکی شایستە دانرابوو بۆ سەرکوتی خۆپیشاندانی کۆمۆنیستەکان و ئازادی خوازەکان و کەسە هەڵگەڕاوەکانی وەکو خولەپیزە، سەربازێکی چاونەترس و وریاو ئازا بوو، ئەو کارەیان دابوویە بۆ لەناوبردنی شیوعی، بەلاّم لەبەر ئەوەی کە پیاوێکی ئازاو تێگەیشتوو بوو، هیچ کردەوەیەکی لەدژی دانیشتوانی سلێمانی نەکرد، تا لە ڕەوشتی ناو شار تێگەیشت بە پرسیار لەم و لەو، لەبەر ئەوە بە کاربەدەستانی بەغدای واتبوو: دەسەلاّتم بدەنێ بۆ کەم کردنەوەی هەژاری و بەتاڵی.

ئەو ئیشانەی کە کردی لەم بابەتەوە: پەیمانگەیەکی پیشەسازی دروست کرد کە ئەو قوتابیانە خوێندنی ئامادەییان تەواو نەکردبوو وازیان لە خوێندن هێنابوو، بۆ ئەوەی دوای خوێندن ئیش بکەن و نانێك پەیدا بکەن، یەکێك لەوانە کاك (حەمەعەلی چۆرستانی) بوو لە ئەڵمانیا ماجستێری تەواوکرد، ئێستا سەرۆکی ئەندازیارەکانی ئەمانەتی پایتەختی بەغدایە، کارگەی جگەرەی دروست کرد بەشێکی زۆری بێئیشەکانی تیایدا بوون بە کرێکار، هەروەها چەند پرۆژەیەکی تری پێکهێنا بۆ نەهێشتنی بێکاری. هەروەها مەلاکانی دابەش کرد بەسەر قوتابخانەکاندا بۆ ئەوەی دەرسی ئایین و عەرەبی بڵێنەوە، بەرامبەر بە مووچەیەك: کە مەلاکان سودیان لێ وەرگرت.

ئەوەمان لەبیر نەچێت کە ئەم چاکسازییەی (عمر عەلی) پێی هەستا لە شاری سلێمانی، بەشێك بوو لە پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی باکوری عێراق کە پێشنیازی خوالیخۆشبوو (سەعید قەزاز) بوو، کە وەزیری ناوخۆ بوو، دەستێکی باڵای هەبوو لە یارمەتی دانی (عومەر عەلی)دا بۆ پێشکەوتنی شاری سلێمانی، لەگەڵ ئەوەش لەپاش (١٤)ی تەممۆزی ١٩٥٨، هەندێك لە دانیشتوانی سلێمانی هاتبوونە (مەحکەمەی (شعب)ی مەهداوی)، کاتێ مەحکەمەی سەعید قەزازیان کرد، داوای لەسێدارەدانی سەعید قەزاریان دەکرد. لەکاتێکدا دەبوو داوای بەرەڵاکردنی بۆ بکرێ، چونکە کەسایەتییەکی دیار و دڵسۆزی میللەتەکەی خۆی بوو.

سەعید قەزاز یەکێك بوو لەو کوردانەی ئەگەر کورد نرخی پیاوی دڵسۆزی خۆی بزانیایە، دەبوایە لە هەموو فولکەیەك لە شارەکاندا پەیکەرێکی بۆ بکەن.

سەعید قەزاز

سەعید قەزاز دوا وشەی پیاوانەی ئەوەبوو کە بردیانە سەر قەنارەکەی، وتی: (اصعد علی هذه المشنقة واری رؤوسا تحت اقدامي لا يستحقون الحياة)، واتە: من کە هاتمە سەر ئەم قەنارەیە، چەند کەسێك دەبینم لەژێر پێمدا، کە شایەنی ژیان نین، کە ئەو کاربەدەستانە بون کە ئامادەی لەسێدارەدرانی بوون.

عومەر عەلی لەگەڵ ئەم تێگەیشتن و کردەوە باشانەی، شێخەکانی و موعاونی تەسوییە خستبویانە مێشکییەوە کە من کۆمۆنیستم، باخەوانەکانی شێخم کردووە بە دژیان و نایەڵم باخەکان تەسوییە بکەن. بەو پێیە (استخباراتی عەسکەری) لە بەغدا ئاگادار کرابوون و ناونیشانی منیان پیدرابوو. ئینجا بەو هۆیەوە لە بەغداوە داوایان کرد (لە ئامر لیوای ١٩) عبدالكريم قاسم، کە داوا بکات لە ئامر فەوجی سێ، ئەم لیوایە (عبدالسلام عارف) بەدرێژی چۆنیەتی منیان بۆ بنوسیت و چاودیری بخەنە سەرم لەکاتی دەوام و دوای دەوامدا.

لەپاش دوو هەفتە بەسەر چوونی گەڕانەوەم بۆ جەلەولا، فازڵ محەمەد عەلی، کە بریکاری عبدالسلام عارف بوو، چونکە عبدالسلام نێررابوو بۆ دەرەوە بۆ دەورە لە ئەڵمانیا، دەستی گرتم و بردمیە ژوورەکەی ئامر، وتی: ئەم نووسینە بەنهێنی هاتووە لەسەر تۆ، بیخوێنەوەو بەڵام لای کەس دەنگ مەکە.

کە خوێندمەوە ئەوەی تیابوو کە لەسەرەوە باسم کرد، لەپاشا بەسەرهاتەکەی زەڵم و خورماڵ و هەڵەبجەم بۆ گیرایەوە، وتی: لە وەڵامدا چی ئەنووسی بۆ پاکانەی خۆت من دەیکەم بە کتابی رەسمی و بەنهێنی دەینێرم بۆ ئامرلیوا (عبدالكريم قاسم)، وتم: هیچ

نانووسم، بۆ خۆت بەنهێنی وەلامەکەی بنووسەرەوەو پیشانی منیشی مەدە، بەلاّم چۆن من دەناسی و راستی چۆنە وەها بینووسە.

وەلاّمی دابوەوە، من لەو وەلاّمە ئاگادار نەبووم. لەپاش هەفتەیەك عبدالكريم قاسم هات بۆ پشکنینی فەوجەکان بۆ جەلەولا، چونکە مەقەڕی لیواکە ئەو کاتە لە (جبل منصور) بوو، کە هاتە فەوجەکەی ئێمە ناردی بەدوامدا، چووم بۆ لای، زۆر رێزی گرتم، وتی لەگەڵ شێخەکان چۆنی؟ وتم لەسایەی خواوە باش دەبم. وتی: تا من لەم لیوایە ببم، رێگە نادەم کەس زیانت پێ بگەیەنێ.

بەڕاستی ڕاستی لەگەڵ کردم، چونکە پاش کوشتنی ئەو من گوازرامەوە بۆ (توجيه معنوي) لە وەزارەتی بەرگری، رۆژێك ئەفسەرێك بردمی (اضبارة شخصية)ی خۆمی پیشاندام، کە دیم ئەو نووسراوانەی کە عبدالكريم قاسم نووسیویەتی بۆ من وا لە ناویدا، خوێندمەوە زۆر سەرم سوڕما، چونکە پاکانەیەکی دڵسۆزانەی بۆ نووسیبووم.

لە ئەنجامدا کێشەی باخەکانمان جێبەجێ کرا لەپاش ئەوەی کە چەند جارێك بانگیان کردین بۆ هەڵەبجە و لێکۆڵینەوەیەکی زۆریان کرد، هەموو جارێك شێخەکان دەست و پێوەندەکانیان دەهێنا بۆ شایەتی لەدژی ئێمە، تەسوییە جارێکی تر هاتەوە بۆ زەڵم، بەشی ئامۆزاکانمان لەسەر خۆیان تەسوییە کرا، بەلاّم بەشەکەی باپیرم (محمد أمين جوامێر) کە پێی دەوترا باخی گەورە، کە لە سەد دۆنم زیاتر بوو، بەنیوەیی تەسوییە کرا لەسەر باپیرم و شێخەکان، کاتێك تەمیزمان کرد، شێخەکان وەرەقەی قاقانیان هێنا بۆ محکمە، کە شێخ حسام الدين لە زەمانی دەوڵەتی عوسمانیدا دێی زەڵمی لەسەر خۆی تاپۆ کردبوو.

ئاهەنگی رەوانەکردنی لیوای (١٩) بۆ وولاتی ئوردنی هاشمی

ئەفسەرەکانی فەوجی ٣ لیوای ١٩

رۆژێك پێش روشتنی لیواکە بو ئەوی، (ئامیری مەحازتی عەسکەری) دەعوەتی ئەفسەرانی لیواکەی کرد بو نان خواردنی ئیوارە. منیش لەکەل ئەفسەریکدا روشتم، لەپاش نویژی شیوان بینیم سی خییمەی گەورە لەبەل دراون وکاردبایەن بو هیناوە، میزیکی زۆر ریز کراوە و ژمارەیەکی زور بوتلی ویسکی وشەراب لەسەر میزەکان دانراوە. کە ئەمەم دی گەرامەوە لەخیمەکەوە بەرەو فەوج، ئەفسەریکی عەقید دەستی کرتم وتی منیش مەشروب ناخومەوە بەلام وەرە سەیر بکە بزانە ئەم ئەفسەرە کەورانە چون تەبن بەمەیمون هەلئەپەرن وقسەی ناشیرین بەیەك دەلین لەپاش سەرخووشبون، مسبنی چومە ژوردوە ئەوەی وتی بەزیادەوە بەچاو بینیم، بەراستی هەرکەسیك ریزی خوی بکریت خوی تووشی ئەم نەخۆشییە کۆمەلایەتیە ناکات کەزیانی هەیە بو تەندروستی و ئابوری وتەنانەت رەوشتیش وجگە لەوانە عەقلیش سوك دەکات. زیادەرەوی لە هەر شتیکدا دەرئەنجامیکی باشی نابی.

پیلان دانان بۆ کوشتنی مەلیك و عەبدولئیلاه ونوری سەعید

زۆر بەخیرایی رووداوەکان واهاتن وەك باسم کرد . ئەو کاتە (فەوجی ٣) عبدالسلام ئامر فەوج بوو لە جەلەولا، بەلاّم مەقەڕی لیوا (عبد الکریم قاسم) ئامیر لیوا بوو لەگەلّ فوجی (١-٢) لەسەربازگەی (جبل منصور) بوو.

رۆژی (١٩٥٦/١٠/٦) ئیمە لە جەلەولا دەرچووین و لەبەعقوبە لەگەلّ ئەوان یەکمان گرت، ئەو رۆژە بەناو بەغدادا رۆشتین، مەلیك فەیصلی دووهەم لەگەلّ عەبدولئیلاه لەسەر رێگاکە لە ناو بەغدا وەستابوون بو پێشوازی لیواکە، ئەو شەوە لەفەلوجە ماینەوە، رۆژی (١٩٥٦/١٠/٧) بەناو شاری رومادیدا رۆشتین، شەو گەشتینە شوێنێك پێی دەوترا (محەمەدیان) کە لەنێوان رمادي و رتبەدایە، شەو لەوێ ماینەوە، بۆ رۆژی دوایی چوینە سەربازگای (H٣) لەوێ چەند رۆژێك ماینەوە، رۆژی(١٩٥٦/١٠/٢٩) جولەکە لەگەلّ ئینگلیز و فەرەنسا هێرشی بردە سەر میسر، زیاترلە (١٥٠) کیلۆ مەتر چوونە ناو خاکی میسرەوە و لە و رۆژی (١٩٥٦/١٠/٣١) کەنالّی سویس داگیر کرا، کە جمال عبدالناصر خۆمالّی کردبوو، لەپاش ئەوە بڕیاری (ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق) دەرچوو لەرۆژی (١٩٥٦/١١/٣) کە لیوای (١٩) بچێت بۆ ئوردن، چونکە مەترسی ئەوە هەبوو کە جولەکە هێرش بباتە سەر ئوردن. وەك باسم کرد ئەوشەوە ئاهەنگیان کرد بۆ ئەفسەرەکان و هەموویان دەعوەت کرابوون بۆ مەشروب خواردنەوە.

رۆژی (١٩٥٦/١١/٤) لیواکەمان بەرەو ئوردن کەوتەرێ و، رۆژی (١٩٥٦/١١/٥) گەیشتینە مەفرەق و هەرکەس جێگەی خۆی گرت، لەو شوێنەدا ماینەوە، دوای مانگێك گەڕاینەوە بۆ (H٣).

رۆژی (١٩٥٧/١/١) مەلیك فیصل و عەبدولئیلاه و نوری سعید ئەبوایە بهاتنایە بۆ سەردانمان. پاش هەفتەیەك کاتی هاتنیان هات، ئەفسەرە ئازادی خوازەکان بە سەرۆکایەتی عبدالکریم قاسم بڕیاریان دا کە فەوجی سی نانیان بۆ دروست بکەن و هەندێ ئەفسەر بەسەرۆکایەتی (مقدم خزعل) چەکدار بکرێن بەناوی پارێزگاری میوانەکانەوەو لەکاتی نان خواردندا بیان کوژن.

کاتێك هاتن نوری سەعیدیان لەگەڵ نەبوو، کە ئەو کاتە وەزیری بەرگری بو لەجیاتی ئەو رەئیس ئەرکانی سوپا هاتبوو، بەگورجی پیلانەکەیان بەتاڵ کردەوە وتیان ئیشەکە سەر ناگرێ، لەبەر نوری سەعید پیلانەکە دواخرا بۆ هەلێکی دیکە.

دوای ئەوە گەڕاینەوە بۆ بەغدا رێکەوتی (٦/١/١٩٥٧) جەژنی سوپابوو، سەر لەنوی پیلان دانرایەوە بۆ هەر سێکیان لە کاتی بەشداربوونیان لە ئاهەنگەکە، ئەویش سەری نەگرت وهەڵوەشایەوە، ئەو ماوەیە کە لە (H٣) ماینەوە کتێبێکم دانا بەناوی (احکام الهمزة) بەبێ سەرچاوەو بەبێ ئەوەی کەس بزانێ، رۆژێك نانمان دەخوارد رادیۆکە کرایەوە و باسی (یەکێتی سۆڤێت)ی دەکرد کە کەشتی ئاسمانی تاقی دەکاتەوە بۆ ئەوەی بگاتە ئەستێرەکانی ئاسمان، عبد السلام وتی: خەلکی رۆشتنە ئاسمان ئێمەش تازە لە هەمزەین، منیش بەتوندی کەوچکەکەم کوتا بەقاپەکەدا وتم: من لە سەر هەمزە شتێکم نووسی ئەی تۆ چیت کرد؟ وتی: مەبەستم لەوە نیە و ئاگام لەو شتە نیە کە تۆ باسی دەکەیت، ببورە لێم من لەگەڵ خەڵکی ترمە.

کاتێ لە (H٣) ماینەوە، نوێژی هەینیمان دەکرد، من وتاری هەینی و پێشنوێژیم بۆ دەکردن، رۆژێکی هەینی لە وتارەکەمدا هێرشم کردە سەر ئەفسەرەکان و، وتم: ئێوە لەبەر بەرژەوەندی خۆتان بیر لە بەرژەوەندی عیراق ناکەنەوەو بیر لەوە ناکەنەوە ولاتەکەتان رزگار بکەن لەدەست داگیرکەر.. بەم جۆرە خوتبەکەم لەسەر ئەو باسە بوو.

شەو کاتژمێر -١٠-، عەبدولسەلام ناردی بەشوێنمدا، گومانم کرد لێپرسینەوەم لەگەڵ بکات لەسەر وتارەکەم، کاتێ چوومە ناو خەیمەکەیەوە، مێزێکی لەبەردەمدا بوو، قورئانێکی لەسەر بوو، ئاماژەی بۆ کرد و پرسی: ئەوە چی یە لەسەر ئەو مێزە؟ وتم: قورئانە,

وتی: لەبەر ئەوەی متمانەم هەیە پێت، سوێندت نادەم، بەلام لە ئەمرۆوە وا دابنێ ئەندامێکی ئەفسەرە ئازادیخوازەکانیت.

وتم: شانازی دەکەم بەوەی پەیوەندی بکەم بە ئێوەوە، بەلام دەبێت بزانم ئێوە ئامانجتان چی یە و ئەرکی سەر ئانی من چی یە؟

وتی: ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە رژێمی پاشایەتی بگۆڕین بۆ کۆماری و حکومەتێکی ئیسلامی پێك بهێنین کە جیاوازی نەبێت لەنێوان کورد و عەرەبدا، ئەرکی تۆ لای ئێمە

ئەوەیە کە تۆ بەهۆی ئەوەی جبەو عەمامەت لەبەردایە، کەس گومانت لێ ناکات، کاتێ نامە یان کتێبێکی نهێنیمان بو دێت تۆ دابەشی بکە بەسەر ئەفسەرە ئازادیخوازەکاندا.

کورتەیەک لە ژیان و کەسایەتی مەلیک فەیسەڵی دووەم:

ناوی فەیسەڵ کوڕی مەلیک غازی کوڕی مەلیک فەیسەڵی یەکەمە.

ڕۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ١٩٣٥/٥/٢ لە کۆشکی زهور لە بەغدا هاتۆتە دنیاوە، دایکی ناوی (مەلیکە عالیە) بووە، خوشک و برای نەبووە.

فەیسەڵ هێشتا منداڵ بوو باوك و دایکی کۆچی دواییان کرد.

ڕۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ١٩٣٥/١١/٣ لە کۆشکی زهور ئاهەنگێکی گەورە بەرپا کرا بەبۆنەی خەتەنەکردنی فەیسەڵەوە، (مەلیکە عالیە)ی دایکی و (شاه زادە عابدیە)ی پوری بەخێویان کردوە.

الملك فيصل الثاني

شەوی ٣-٤/ی نیسانی ساڵی ١٩٣٩ مەلیك غازی باوکی بەرووداوی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی کردوە، کە ئەوکاتە تەمەنی فەیسەڵ چوار ساڵ بوو.

پاش مردنی باوکی، فەیسەڵ کرا بە مەلیکی عێراق بەناوی فەیسەڵی دووەم، هەروەها (شاه زادە عبدالاه) کرا بە (وەصی) لەسەر عەرشی عێراق.

لەساڵی ١٩٤٢ لە بلاتی مەلەکی شوێنێکی تایبەت ئامادەکرا وەك قوتابخانە بۆ خوێندنی مەلیك و بە چاودێریی چەند مامۆستایەکی زیرەك و زانای عێراقی و ئینگلیزی و بە سەرۆکایەتی (دکتۆر مستەفا جەواد).

لەساڵی ١٩٤٧ مەلیك فەیسەڵ خوێندنی سەرەتایی تەواوکرد، ڕۆژی ١٩٤٧/٧/٢٧ لە قوتابخانەی (ساند روید) لە لەندەن وەرگیراو پاش ماوەیەکی کەم قۆناغی یەکەمی (ساند روید)ی بەڕێکرد بەسەرکەوتوویی و لە ١٩٤٧/١١/٨، پاش تاقیکردنەوەیەك و لە ١٩٤٩/٥/٧ لە کۆلیژی (هارو) لە لەندەن وەرگیرا.

لە ١٩٥٠/١٢/٢١ دایکی فەیسەڵ (مەلیکە عالیە) کۆچی دوایی کرد، ئەمە کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر مەلیك و زۆر پێی خەفەتبار بوو، لە ٢/ی مایسی ساڵی ١٩٥٣ مەلیك گەیشتە (سن الرشد) و سەلاحیاتی دەستوریی تەواوی وەرگرت. لەم ڕۆژەدا کۆبونەوەیەکی گەورە ڕێکخرا لە هەریەکە لە (مجلس الامە- مجلس النواب- مجلس الاعیان) و لەم ڕۆژەدا مەلیك فەیسەڵ لەبەردەم هەرسێ مەجلیسەکەدا سوێندی دەستوری خوارد و لە ٨/ی مایسی ١٩٥٣ مەلیك فەیسەڵی دووەم ئیزگەی تەلەفزیۆنی بەغدای کردەوە، ئەم ئیزگەیە یەکەم بووە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.

لە ١٩٥٧/٩/١٦ ژنی دەستنیشان کرد بە ناوی (شا زادە فازیلە محمد علی).

لەشوباتی ساڵی ١٩٥٨، (فازیلە)ی دەزگیرانی مەلیك بە سەردانێك گەیشتە بەغداو بە یاوەری هەریەك لە باوکی و دایکی، و لە بەغدا بەگەرمی پێشوازییان لێکرا، ئەوکاتە (فازیلە) تەمەنی شانزە ساڵ بوو.

بەلام چەند مانگێکی پێ نەچوو شۆڕشی ١٤/ی تەمووزی ١٩٥٨ بەرپاکراو ڕژێمی پاشایەتی بنبڕ کرد. بەرەبەیانی ١٤/ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ مەلیك فەیسەڵ لەگەڵ هەموو کەسوکارەکەیدا کوژران و بەم جۆرە ژیانی تەواوو بوو.

دڵ فراوانی عبد الکریم قاسم

کاتێ لەئوردن بووین، عبد الکریم قاسم لەوێ بوو، پیاوێك لەشاری (سفرت) کەنزیك لیواکە بوو هات بۆ ناو ئەفسەرەکان بە عبدالکریم قاسمی وت: من عێراقیم چەند ساڵێك لەم شارە دوکاندار بووم ئێستا لێم قەوماوە یارمەتیم بدە، وتی: فەرموو دانیشە.

(زابتی ڕەواتب)ی بانگ کرد وتی: بڕۆ قاسەکە بکەرەوە هەرچی پارەی تێدایە کەم وزۆر بیهێنە بۆ ئەم پیاوە، دوایی لە موچەکەی من ببڕن و بیخەنە جێگەی ئەو پارەیە، کە هاتەوە وتی: (٨٠)دینار و (٦٠٠) فلسی تێدابوو، هەمووی هێنا بۆ عبدالکریم قاسم، ئەویش

دایی بە پیاوەکە. وتی لەباتی ئەم ٨٠ دینارە، ئەگەر (٨٠٠) دیناریشی تیدابوایە بڕیارم دابوو هەمووی بدەم بەتو .

عبدالکریم قاسم ئەو ماوەیە ئامیر لیوا بوو ژن ومالی نەبوو، هەموو مووچەکەی پارەی نان خواردنی لی جیائەکردەوە وئەوی تری خەرج ئەکرد بو دروست کردنی باخچە و ناشتنی دارو درەخت لە ناو سەربازکەکەدا. کاتی شەهیدکرا خانوی نەبوو و لە خانوی خوشکەکەیدا دەژیا لە بەتاوین کە نزیك کوشکی سپی بوو، لەپاش خوی هیچ شتیکی بەجیٔ نەهیشت لە پاردو پولو زەوی.

ئەو پرسیارە دەکریت: ئایا جاریکی تر عیراق سەرکردەیەکی وای بو پەیدادەبیٔ؟

جیاکردنەوەی فەوجی (٣) لە لیوای (١٩)

دیاربوو هەست کرا بوو بە جوولانی ناو سوپا بو گوڕینی ڕژیم، ئەفسەرێك گێڕایەوە وتی: مەلیكو عەبدولیلاهو نوری سەعید. وتیان: بیستوومانە تۆ پەیوەندیت هەیە بە هەندی ئەفەسەرەوە کە بە نهینی لە دژی ئیمە دەجولینەوە. ڕاستیمان پیٔ بلیٔ، چ پلەیەکت دەویت دەتدەینی و چ ئاواتیکت هەیە بۆت بەدی دەهینین. وتی منیش پیم وتن: شتی وەها نییە. ئەفسەر لە سوپای عیراقدا گەورەو بچووکی دلسۆزە بۆ (جەلالەتی مەلیك)، پاش ئەوە نوری سەعید دەستی کرد بە کیرفانیدا شقارتەیەکی دەرهینا، وتی: سوپای عێراق ئەم شقارتەیەیە لە گیرفانی مندایە، ئەکەر شتیکیش هەبێت ناتوانێت لە دژمان بجولێتەوە.

هەر لەبەر ئەم کومانەبوو هەندی کوڕانکاری کرا لە سوپادا، یەکێك لەوانە (نەجیب ئەلرەبیعی) کە سەرۆکی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان بوو ناردیان بۆ دەرەوەی عێراق، لام وایە کرا بە سەفیری عیراق لە سعودیە لەشاری جەدە. فەوجی (٣) لە لیوای (١٩) جیاکرایەوە خرایە سەر لیوای (٢٠) لە جەلەولا. هەروەها هەندیٔ شتی تری سوپایان گۆڕی.

بەلام هەموو ئەمانە کاری نەکردە سەر کاری ئیمە. چونکە عەبدولکەریم قاسم جێگەی (نەجیب ئەلرەبیعی) گرتەوەو پەیوەندی نێوان عەبدولکەریمو عەبدولسەلام زۆر بەهێز بوو، هەروەها پەیوەندییان لەگەل میسرو جەمال عەبدولناسر زور بەهێز کرد، بەتایبەتی کە لە ئوردون چەند نووسراوی سیاسییان نارد، دابەشکرا بەسەرماندا، ڕیکخراوەکانی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان، بو دانانی ڕیگەیەك بۆ کۆڕینی ڕژێمی پاشایەتی عێراق.

نوری سەعید

بە پێچەوانەوەی ئەوەی کە بەخزمەتکاری ئینگلیز ناوی دەرکردبوو، نوری سەعید پیاوێکی نیشتمانپەروەر بوو، بەلام کەس نەبوو لەو رۆژانەدا دژی ئینگلیز بوەستێ، ئەگەر خزمەتکاریش بووبێت ئەوە لەبەر بەرژەوەندی عیراق بوو، سەرۆکی حزبی (الاتحاد الدستور) بوو.

ئەحمەد فوزی لە کتێبەکەی (شخصیات وتواقیع) لاپەڕە ٩٦ دەڵێت: وتم پاشا ئارەزووی کۆکردنەوەی ئیمزای پیاوە بە ناوبانگەکان دەکەم، ئێستا ئیمزایەکی تۆم دەوێت، پارچە کاغەزێکی دەرهێناو ئیمزای کرد، لە پاشا وتی: من لە هەموو شتێکدا ئاشکرام حەز لە دووڕوویی ناکەم.

هەندێك دەڵێن نووری سەعید کوردی خەلکی تورکیا بووە، بەلام خوشکەزاکەی کەناوی موقەددەم صەلاح بوو وتی: خاڵم کوردی لای مەندەلییە.

فەریق نوری سەعید ناوی موحەممەد نوری کوڕی سەعید ئەفەنـدی یـە، بـاوکی کـاتبی (موحاسیبی) ولایەت بـووە، لـە بەغـدا لـە دایکبـووە لـە ڕۆژی دووشـەممە ٢/١/١٨٨٨، خوێندنی لە قوتابخانەی عەسکەری تەواو کردووە، ساڵی ١٩٠٣ چووە بۆ ئەستانبوڵ، سـاڵی ١٩٠٤لەوێ چووەتە خوێندنگەی سەربازی ، ساڵی ١٩٠٦ دەرچووە بـە پلـەی (مـلازم) لـە سوپای شەشی تورکیا کە لە عێراق بووە، لە پاشـا گەڕاوەتـەوە بـۆ ئەسـتانبول لـە سـاڵی ١٩١١ چووەتە خوێندنگەی ئەرکان، بەشداربووە لە شەڕی بەلقانی ساڵی ١٩١٣دا.

لەپاشان چووەتە کۆمەڵەی نهێنی (جمعیه العهد)، لـە پاشـان هـەڵهاتووە لـە تورکیـا چووەتە میسر لە ساڵی ١٩١٤، دەرکرا لە سوپا.

لە پاشا هاتووە بۆ عێراق و پەیوەندی کردووە بە شێخ موحەممەد سەعید نەقشـبەندییەوە کە ئەوکاتە لە پیاوە گەورەکانی کورد بووە.

فەرەزیاتی خەلیفان

(ئەفسەرەکانی فەوجی (٢) [illegible]

هەموو سالیک فەوجەکان شوێنی خۆیان بەجێ دەهێلن، بۆ ماوەی مانگێک مەشقی جەنگی دەکەن، وەک ئەوەی شەر لەگەل دوژمن بکەن، دوژمن بە خەیال دروست دەکەن و ریگەی لەناوبردنی بۆ دادەنێن، لە رۆژێکی تایبەتیدا هێرش دەبەنە سەری. ئەم فەرەزیاتە زۆرترینی لە کوردستاندا ئەکران، لەسەر ئەوە هاوینی ١٩٥٧، لیوای (٢٠) چوو بۆ فەرەزیات لە خەلیفان، عەبدولسەلام ئەفسەرەکانی خۆی هەر رۆژێ دەیبردن بۆ شوێنێک بۆ شارەزایی ریگەوبانی ئەو شوێنانە، رۆژێک رۆشتین بۆ سەر پرۆژەی بەنداوی بێخمە، کە ئەو کاتە لەسەرەتایدا بوو، تا ئێوارە لەوێ بووین، لە رۆژێکی کە بردینی بۆ بارزان جێگە شەرەکانی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای لەگەل سوپای عێراق پیشاندایین. لەسەر تەختەی عەسکەری هەموو شوێنێکی بەدرێژی بۆ باس کردین و باسی کرێکی هەندی شوێنی بۆ کردین لەبابەت سەرکەوتن و شکاندنی سوپاوە، منیش دەفتەرێکم پێبوو ئەوانەی کە

دەیگوت دەمنووسی، کاتی عەبدولسەلام هەستی کرد بەوە پێی ناخۆش بوون هەموو نووسینەکانی لیّ قەدەغە کردم، چونکە دلّی لەکورد پیس بوو تەنانەت لە منیش کە لەگەلّی بووم، ئەوکاتە مەلا ستەفا لە ڕوسیا بوو هیچ شتێك لە ئارادا نەبوو.

ڕۆژێکی تر چووین بۆ حاجی ئومەران، کە نزیك سنووری ئێرانە، لەسەر کانیاوە ساردەکەی چامان لێناو نانمان خوارد، تەماشای ئەو دۆلّو دەرەمان کرد، قەبرێکی لێبوو گومەزێکی لەسەر کرابوو، هەندێ پەڕۆی سەوزو سپی پێوە هەلّواسرابوو، کە ئەمەش باوە لە خاکی کوردستاندا، کە نەخۆش ئەچێتە سەری یان یەکێك کێشەیەکی هەبێت دەچێت داوای چارەی لیّ ئەکات، عەبدولسەلام عارف وتی: ئەمەی ژێر ئەم گومەزە عەرەبە چونکە سەیدە، کوردیش سەییدی تیا نییە، دێهاتی ئەم دۆلّە کاتی خۆی هەمووی عەرەب بووە، تەماشایەکی منی کردو، وتی: ئیمامیش شایەتی قسەکەمە. وتم: لەسەر چ بنچینەیەك؟ جگە لەوەی منو تۆ خۆمان بە موسلّمان ئەزانین، ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان کوردو عەرەبدا لە ئیسلامدا؟ لە پاشان نەك لێرە کە کوردستانە بەلّکو لە عەرەبستانیش کەس هەیە کە ئەسلّی خۆی بزانێت، عیراق لەبەر بەیانی مێژووەوە جێگای سەدان (غەزو) داگیرکردن بووە کە دواییەکەیان داگیرکەری ئینگلیزە، ئەو چاوەشینو قژە زەردەو لەش سپیو سوور کە لەناو عەرەبدا هەیە بۆچی ئەسلّیان عەرەبن؟ ئیتر پێشی کردو کڕ بوو.

عەبدولسەلام هەرچەندە نوێژو ڕۆژی دەکرد، بەلاّم ڕەگەزپەرستی و شۆڤینیتیەکەی لە سنوور تێپەڕیبوو.

ڕۆژێك عەبدولسەلام بۆی گێرامەوە وتی: قوتابی بووم لە پۆلی دووەمی ناوەندی چووم بۆ لای شێخ مەحمودی حەفید (خوا لێی خۆش بێ)، کە نەفییان کردبوو بۆ (عانە)، دەستی هێنا بەسەرما، وتم: یاشێخ تۆ ئەگەر شێخ بیت کورد نیت، ئەگەر کوردبیت ئەوا شێخ نیت، وتی: تەماشای کردم پێکەنی و وەلامی نەدامەوە. دەردەکەوێت کە هەر لە منالّییەوە ڕەگەزپەرستی لە مێشکیدا بوو.

ئەفسەرەکانی فەوجی ٣ لە بەردی باڕزان

ئەفسەرەکانە فەوجی ٣ لە بێخاڵ ئەیلولی ١٩٥٧

یەککگرتنی هاشمی نێوان عێراق و ئوردون

جگە لەخوا کەس نازانی چاکەو خراپەو خێر شەڕ، قازانجو زەرەر لە چی دایە، زۆر کەس هەیە کۆشش ئەکات لە کردنی کارێك بۆ ئەوەی تووشی خێرو خۆشی بێت کەچی لە ئەنجامدا دووچاری شەڕ ئەبێت، بە پێچەوانەی ئەوەوە هەندێجار شتێکی ناهەموار ڕوو دەکاتە مرۆڤ، بەلام لە ئەنجامدا خوا دەیکات بە خێرو قازانجی ئەو کەسە.

من خۆم تەمەنم ئێستا (٧٧) ساڵە بە زۆری تووشی شەڕ بووم کەچی لە ئەنجامدا خوا کردوویەتی بە هوی خێرو حەواندنەوە ئەمەش مانای ئەم فەرمودەیەی قورئانی پیرۆزە: (وعسى أن تكرهُواْ شيْئا وهُو خيْرٌ لّكُمْ وعسى أن تُحبُّواْ شيْئا وهُو شرٌّ لّكُمْ).

یەککگرتنی هاشمی نیوان عیراق و ئوردن کە پاشای هەردووکیان ئاموزای یەکتر بوون، بۆ ئەوە کرا کە پەیوەندییان پتەو بکات و درێژە بدات بە مانەوەیان لە حکومەتدا، لەسەر کورسی حوکمرانی. بەلاّم بە پێچەوانەوە خوا کردی بە هوی تیاچوونی خێزانی هاشمی لە عێراقدا. لە پاش ئاشکراکردنی یەککگرتنەکە لە هەموو شوێنێکدا شادی کرا بۆ هەلّواسینی ئالای ئەم یەکێتییە، هێنانە خوارەوە ئالای عێراق.

ئەو ڕۆژە لە لیوای ئێمە ئەو ئاهەنگە سازکرا، پیش ئاهەنگەکە ئەفسەرەکانی فەوجی (٣) لەگەڵ عەبدوسەلام عارف نانی بەیانیمان ئەخوارد، چونکە ئەوەندە زوو هاتین فریای نانخواردنی مالەوە نەکەوتین، لەوکاتەدا یاریدەدەری ئامر فەوج ڕووی کردە من و وتی: ئێستا ئامر لیوا (نازم تەبەقچلی) بە تەلەفۆن پێی وتم: ئەبێ ئیمام مستەفا وتارێ بخوێنێتەوە لەکاتی هەلّواسینی ئالای یەککگرتنەکەدا، منیش بەبێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێت بە دەنگی بەرز وتم: بەخوا ئەگەر دەرمکەن لە سوپا هیچ وتارێك نادەم.

عەبدولسەلام تەماشایەکی کردم و هیچ دەنگی نەکرد، کاتێك چووەوە ژوورەکەی ناردی بە دوامدا، وتی: ئەو قسەیەت بۆ کرد؟ نازانی لەناو ئەفسەرەکاندا جاسوس هەیەو ئەیگەیەنێت بە شوینی خوی، وتم: راستە، ئەبوایە نەم وتایە، بەلام ئێستاش لێی پەشیمان نیم.

هەرچی لە عەبدوسەلام بوو وای زانی کە من ئەم قسەیەم لەبەر ئەوە کرد کە پەیوەندیم هەیە بەو ئەفسەرە ئازادیخوازانەوە، بەلاّم من داخی دلّم لەبەر ئەوەبوو لە ئالاّی عێراقدا نیشانەیەکی کوردی تیابوو (بریتیبوو لە ئەستێرەیەك کە پیشانی دەدات کورد لەگەلّ عەرەب هاوبەشن لە عێراقدا)، بەلاّم لە ئالاّ تازەکەدا لایان برد.

کاتێك ئەفسەرەکان کۆبوونەوە یاریدەدەرکە (فازلّ محمد علـی) کارێکی وای کرد لەو تەنگ‌و چەلّەمەیە ڕزگارم بکات، چووە لای ئامر لیوا، پێی وت: ئەم وتارە کە تۆ داوات کرد لە ئیمام مستەفا لەلایەن کۆنترین ئیمامەوە دەبێت بدرێت، کە ئەویش ئیمام ئەحمەد نەقشبەندیی یە، ئیمام ئەفەندی وتارێك بلّێ بەم بۆنەیەوە، ئەویش گورج دەستی هەلّبڕی بۆ ئاسمان وتی: "اللهم انصر الملك، انصر الجيش، الفاتحه"، هەموو ئەفسەرەکان لە پێکەنیندا بورابوونەوە، وتیان: ئیمام ئەم فاتیحەیە بۆچی بوو؟ وتی: بۆ ڕۆحی شەهیدەکان، لە نێوان خۆیاندا وتیان ئەمە فاتیحەی هەرەسی ئەم یەکگرتنەیە، ئێمەش ئەوەی پەیوەندیی هەبوو، وتمان ئەمە ڕۆحیانەتی پاکە زانیویەتی ئەمە ئەبێتە هۆی تیاچوونی مەلیك.

جموجوّلی لیوای (٢٠)

لە پاش دوو هەفتە غازی داغستانی سەرۆکی تیپی (٣) کە لیوای ئێمە سەر بەوان بوو هات بۆ جەلەولا، هەموو ئەفسەرەکانی کۆکردەوەو پێی وتین: هەمووچوارمانگ جاری ئەبێ لیوایەك لە سوپای عێراق بچێت بو ئوردون‌و لەوێ (٤) مانگ بمێنێتەوە وەك ڕێزگرتنێك بۆ یەکگرتنی هاشمی، لە بەغداوە بڕیاردراوە کە یەکەم لیوا بڕوات ئەم لیوایەیە، ئەم ڕۆشتنە تەنیا بۆ خۆتان نییە، هەموو ئەفسەرێك ئەتوانێ مالّ‌و منداڵی ببات، ئێمە بە فڕۆکە مالّ‌و منالّتان بۆ ئەنێرین، ئێمەش زۆرمان پێخۆشبوو، چونکە ئەمە وەك سەیرانێك وابوو، بڕیاردرا ئەم ڕۆشتنە ڕۆژی ١٩٥٨/٦/٨ بێ.

ئەو کارانەی کە عەبدوسسلام عارف بە منی سپارد لەو ماوەیەی کە پەیوەندیم هەبوو لەگەلّیدا زۆر کەمبوون، وەك وتم ئەترسان لە جولاّنەوەو ئیشکردن:

١ـ سەرۆکی ئیمامەکانی سوپای عێراق (تۆفیق زین العابدین) یەکێ بوو لەوانەی کە پەیوەندی هەبوو بە ئەفسەرە ئازادیخوازەکانەوە، لە مەقەڕی وەزارەتی بەرگری دائەنیشت، ڕۆژێك هات بۆ جەلەولا، بۆ ئێوارە منیشی دەعوەت کرد، شەو لەگەلّ

عەبدولسەلامدا زور شت باس کرا. لە بابەتی رژیمی پاشایی‌و بیرکردنەوە لە پاشەروژ. عەبدولسەلام هەندی ئامانجی باس کرد بومان کە لە پاش شورش بیکات، بەلام بە داخەوە هیچیانی ئەنجام نەدا. هیچی نەکرد جگە لە تیکدان‌و مالویرانی.

شەو لەگەل توفیق زین العابدین هاتینەوە مالی ئیمە. بو بەیانی دووبارە لەگەل عەبدولسەلام کوبووینەوە نامەیەکی دا بەمن وتی: لەگەل ماموستا توفیق بڕو بو لای عەبدولکەریم قاسم لە (جبل منصور)، بە ئوتومبیل ڕویشتین نامەکەم دا بە عەبدولکەریم قاسم. ئەوم بەجیهیشت لای. من گەرامەوە جەلەولا ئیتر نازانم لەوی چییان ڕیکخست لە نیوان خویاندا.

٢ـ ناوی هەندی ئەفسەری پیدام. وتی: ئەمانە لەگەلیان هەلسەو دابنیشە. هەلیان بسەنگینە بزانە چەند دلسوزن‌و تا چ ڕاددەیەك پشتیان پی دەبەستریت. دوایی هەریەکە. راپورتیکیان لەسەر بنوسە بو ئەوەی پەیوندییان لەگەل ببەستین. منیش هەلسام بەو ئیشە ئیتر نازانم هەلسا بەو ئیشە یان نا.

٣ـ هەندی کتیبی نهینی هاتبوو لە دەرەوە. جەمال عەبدولناسر ناردبووی بە منی سپارد. بو ئەوەی بیخوینمەوەو پیشانی ئەو سی ئەفسەرەی بدەم کە پەیوەندییان هەیەو پاشان بیگیڕنەوە بوم. ئەم کتیبانە باسی رژیمی پاشایەتی‌و پاشای ئینگلیسزی دەکرد. کە عەرەب سوودی لیوەر ناگریت‌و. هەندی فەرمانی عەسکەری.

٤ـ جاریکیان ناردمی بو لای عەقید ڕوکن (خەلیل سەعید) کە ئەفسەری ڕوکنی تیپەکە بوو. سەرتیپ (خوا لیی خوشبی) نەجیب ئەلروبەیعی بوو. کە سەروکی هەموو شانەکانی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان بوو. بەلام گومانی لیکرا لەلایەن مەلیکەوە ناردیان بو سعودیە بوو بە سەفیر. وەك باسمان کرد.

روژی پیش شورش واتە ١٩٥٨/٧/١٣ بانگی کردم بو ژوورەکەی وتی: دەمانچەیەك وەرگرە لەگەل (٢٠) فیشەك. کاتیك دەمانچەکەم وەرگرت وتیان فیشەك نییە. بەلام کە شەو گەشتینە شاخی حەمرین فەوجەکە وەستاو. عەبدولسەلام بە کاك شیخ نوری شیخ رەشیدی وت کە هەریەکە (٢٠) فیشەك بدات بە من‌و سی کەسی کە.

ئێزگەی کوردی قاهیرەو شۆڕشی تەمموز

وەك وتم: نازانیت خێر کامەیەو شەڕ کامەیە بە جۆرێکی وەها مرۆڤ سەرسامت دەکات.

بڕیار وابوو لیواکەمان (لیوای ٢٠) شەوی (٨)ی حوزەیرانی سالی ١٩٥٨ بجولێت لە جەلەولا بۆ ئوردون، هەموو شتێك ئامادەکرابوو، بەلام ڕۆژی دووی حوزەیرانی ١٩٥٨ واتە: بە شەش ڕۆژ پێش ڕۆیشتنەکە بەشی کوردی کرایەوە لە ئێستگەی قاهیرە، هەموو ڕۆژێك نیو سەعات ، سیاسییەکانی عێراق ئەمەیان بەستەوە بە گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی بۆ کوردستانی عێراق بە یارمەتی ڕوس‌و جەمال عەبدولناسر. لەبەر ئەوە بڕیاردرا (لیوای ٢٠) دوا بخرێت، نەوەك شتێك ڕوو بدات لە کورستاندا. لەبەر ئەوە بروسکەیەك هات لە (استخبارات عسکری)یەوە لە بەغداوە نووسرابوو: (تۆجل حرکة اللواء الی اجل غیر مسمی).

شایەنی باسە ئەگەر ئەم لیوایە ڕۆژی ١٩٥٨/٦/٨ بڕۆشتایە هیچی پێ نەدەکرا، چونکە ئەو ڕۆژە مەلیك و عەبدولئیلاه لە تورکیا بوون لە کۆبوونەوەی (حلف)ی بەغدا بوون.

لە پاش هەفتەیەك بروسکەی دووەم هات‌و ئەمر دەرچوو کە شەوی (١٣ـ١٤)ی تەمووز لیواکە جەلەولا بە جێ بهێلێت‌و ڕووەو ئوردن بڕوات، ئەمەش لە پاش ئەوە بۆیان ساغ بووەوە کە ئێستگەی قاهیرە هیچ پەیوەندییەکی نییە بە مەلا مستەفا بارزانییەوە.

عەبدولکەریم قاسم‌و عەبدولسەلام عارف یەکیان گرت‌و پیلانی شۆڕشی (١٤)ی تەموزیان دانا، دوای ئەوەی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان لە بەغداو شوێنەکانی تر ئاگادار کران لە ئەرکی سەرشانیان بۆ ڕۆژی ١٤ی تەمموز.

لە بەغداوە بڕیار درابوو کە ئەم لیوایە هیچ جۆرە تەقەمەنییەکی پێ نەبێت هەتا دەگاتە (H٣) لە سنووری ئوردن، ئەم دووربینییە بۆ ئەوەبوو کە سوپا بە ناو بەغدا دەڕوات‌و هیچ جولانەوەیەك نەکات لە دژی ڕژێمی پاشایەتی، جا لەبەر ئەمەبوو نوری سەعید وتی بە ئەفسەرەکە کە سوپای عێراق شەقارتەیەکە وا لە گیرفانیدا، ئاگای لە فەرموودەکەی خوا نەبوو کە دەفەرموێت: (وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجلٌ فإذا جَاء أجلُهُمْ لا يسْتأْخِرُون سَاعَةً وَلا يسْتقْدِمُونَ) (الأعراف: ٣٤).

عەبدولسەلام عارف لە کاتی ئەرکەکانی خۆیدا بە نهێنی فەرمانیدا کە ئەو فیشەکانەی دەدرێن بە سەرباز (بورمی سالانە) نیوەیان بدرێتێو نیوەکەی تر بشارێتەوە بۆ ئەم ڕۆژە.

ڕۆژی (١٣)ی تەمووز هەر لە بەیانییەوە هەموو ئەفسەرەکان ماڵئاواییان لە ماڵو منداڵیان کرد بۆ سەفەریان بۆ ئوردن.

ئەو ڕۆژە پاش عەسر غازی داغستانیو عەبدولکەریم قاسم هاتن بۆ جەلەولا بۆ پشکنینی لیواکەو ئاگادار کردنەوەو ئامادەبوونیان بۆ ڕۆشتن بۆ ئوردن، غازی داغستانی خۆی زیرەك بوو، هەستی دەکرد کە شتێك هەیە، ڕۆژی ١٤ی تەمووز کە شۆڕش سەری گرتو غازییان برد بۆ وەزارەتی بەرگری بۆ لای عەبدولکەریم قاسم، پێی وت: عەبدولکەریم من دوێنێ عەسر کە چووین بۆ جەلەولا ئەم شۆڕشەم خوێندەوە لەناو چاوی تۆو عەبدولسەلامو دڵم خەبەری دامێ بەم کردەوەیە، ئێستا خەفەتم هەر ئەوەیە کە بۆچی هەڵنەستام بەکاری پێویست بۆ ئەم هەستەم.

چۆنییەتی کارکردنی ئێمە بەم شێوە نهێنییە دەستی پێکرد

لۆرییەکی عەسکەری بوو نیوەمان پڕکردبوو لە سندوقە فیشەك ئەوەی بە دزییەوە هەڵمان گرتبوو، لەسەر فیشەکەکان یاتاغی سەربازەکانمان دانابوو، غازی داغستان تەماشایەکی ئەم لۆرییەی کرد، داوای کرد بارەکە داگیرێتو سەر لەنوێ بەتەرتیبێکی باش بخرێتەوە سەریارەکە، عەبدولسەلام وتی: گەورەم ئێمە لە فەلوجە ئەم ناتەواویانە جێبەجێ دەکەین، بەلام ئێستا کاتمان بەدەستەوە نەماوە، ئەویش هیچ دەنگی نەکرد، لە پاشا هاتە سەر سەیارەك تۆپێکی تیابو زوو تەماشای عەبدولسەلامی کردو بە پێکەنینەوە وتی: ئەلێی خۆتان ئامادەکردووە بۆ هەڵگیرسانی شەڕ، ئێمەش ئەوانەی کە بەکارەکەمانیان دەزانی هەموومان لەوە ئەترساین شتێکی بەرگوێ کەوتبێت.

هەر جۆر بوو تەفتیش تەواوبوو، ئینجا غازی داغستانیو عەبدولکەریم گەڕانەوە، لیواکە سەعات (٨)ی ئێوارە کەوتە جووڵە بەرەو بەغدا، ئەو نەخشەیەی کە من زانیم ئەوەیە لیواکە بە هێواشی لەسەر خۆی بڕوات، بە جۆرێکی وا سەعات (٦)ی بەیانی بگاتە بەغدا، ئامر لیوا (ئەحمەد حەقی) ناردیان بۆ ئەوە لە پێشەوە بچێت شوێنی وەستاندنی

لیواکە لە نزیك فەلوجە دیاری بکات بۆ حەوانەوەو چاوەڕوانی بکات تا لیواکە سەعات (٥)ی بەیانی ئەگاتە ئەوێ، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو، چونکە ئامر لیوا پەیوەندی نەبوو بە ڕێکخستنی ئەفسەرە ئازادیخوازەکانەوە، ئاگاداری هیچ نەبوو، ئینجا لە جیاتی ئەو عەبدولسەلام کرا بە ئامر لیوا بە نهێنی.

ئەرکی سەرشانی عەبدولکەریم قاسم کە ئامر لیوای (١٩) بوو لە شاخی مەنسور لیواکەی ئامادە بکات بۆ جووڵانەوە بە ناوی مەشقەوە بۆ ئەوەی کاتێك لە بەغدا دەست بە شۆڕش دەکرێت کاتژمێر (٦)ی بەیانی ڕۆژی (١٤)ی تەمموز ئەو لیواکەی ڕووەو بەغدا بێنێ بۆ یارمەتی لیوای(٢٠). ئەفسەرەکان هەریەکەیان دەمانچەیەکیان دانێ بەبێ فیشەك، منیش یەکێك بووم لەوانەی دەمانچەیان پێدام بەبێ فیشەك.

شایەنی باسە بەسێ مانگ لەوەو پێش عەبدوسەلام پێی وتم: ئەبێ مەشق بکەیت، فێری بەکارهێنانی چەك بیت، بەڵام لەگەڵ سەربازەکان مەشق مەکە، بە (ڕەئیس عورەفا)ی وەحدەی وت: هەموو ڕۆژێك ئیمام لە فەوجەکە ببەرە دەرەوە لە شوێنێك فێری مەشق‌و بەکارهێنانی چەکە سووکەکانی بکە، بە ماوەی مانگێك ئەوەی پێویست بوو فێربووم‌و دواتر تا سێ مانگەکە تەواوبوو هەموو ڕۆژێك مەشقم دەکرد.

لەگەڵ کاك شێخ نوری شێخ ڕشید ڕۆشتین بەیەکەوە لە سەیارەیەکی جێبدا بووین، کاتێك گەیشتینە (جبل حمرین) لیواکە وەستا، عەبدولسەلام بە کاك نوری وت: فیشەکت داوە بەو ئەفسەرانەی کە دەمانچەیان پێیە؟ وتی: نەخێر، وتی: (انت ابن العشائر)، بڕۆ یەکی (٢٠) فیشەکیان بدەرێ، ئەمەش لەبەر ئەوەی عەبدولسەلام ئەترسا غازی داغستانی شتێك بزانێت‌و لە بەعقوبە شتێك بقەومێت، ئینجا وردە وردە ڕۆیشتین گەیشتینە بەعقوبە (انضباط) بە جادەکاندا بڵاوبووبووەوە هەموو شتێکیش ئاسایی بوو. لەپردەکەی بەعقوبە پەڕینەوە شووتییەکمان پێبوو خواردمان، وتم: کاك نوری لەوانەیە ئەمە ئاخیر پاروومان بێت.

کاتژمێر چواری بەیانی لیواکە گەیشتە (خان بنی سعد)، لەوێ وەستا، ئینجا دەستکرا بە دابەشکردنی فیشەکەکان بەسەر سەربازەکاندا بە ناوی ئەوەوە کە مەترسی هەیە لە بەغدا کە دژی چوونی ئەم لیوایە بۆ ئوردن خۆپیشاندان بکرێ.

عەبدولسەلام وەستابوو، یاریدەدەرو ئەفسەری مووچەو (من) لە لایەوە وەستابووین، وتی بە ئەفسەرێك: بڕۆ ئامیر فەوجی دوو (عەقید الرکن یاسین محمد ڕەئوف) بانگ کە بۆم، بڵێ

ئامیر لیوا تۆی ئەویٚ، کە یاسین هات، تەماشای کرد لە جیاتی ئامیر لیوا عەبدوسەلام وەستاوە، ئینجا پێی وت: ئێستا ئێمە هەڵئەسین بە شۆڕش، تۆش ئەگەر لەگەڵمان بیت ئەوا یان سەردەکەوین و هەموو ئامانجەکانمان دێتەدی، یان شکست دەهێنین و دەبێت هەموو جۆرە بەرپرسیاریەتیەکی ئەو شکستە بێت بەرپرسیار دەبین، ئەگەر بەشدارنابی ئەو ئۆتۆمبێلە ئامادەیە بڕۆرەوە بۆ جەلەولا. عەقید یاسین بە تورەییەکەوە وتی: (أنت شنو امر لواء موجود؟) عەبدوسەلام دارێکی حەیزەرانی عەسکەری پێبوو (عصاء تبختر) بەرزی کردەوە بەرەو ناوچەوانی یاسین و وتی: (خائن انکلیز انا امر لواء مالك)، ڕووی کردە یاردەدەرەکەو ئەفسەرەی مووچەو من و وتی: باڵی بەستن و دەمانچەکەی لیٚ بسێنن و بیخەنە ئەو سەیارەی لاسلکییەوە، بەو جۆرە پێمان وترا جێبەجێمان کرد، بە منی وت: لای شۆفێرەکە دانیشەو نەیەڵێت لە ڕێگە کەس پەیوندی پێوە بکات، تا ئەیگەیننە ئەو شوێنەی لێت وەرگرن.

ئەوەی شایەنی باسە کاتێك لیواکە گەیشتە خان بەنی سەعد سەعات چواری بەیانی، لە پێش ئەوە دەست بکەن بە دابەشکردنی ئەرکەکان و دابەشکردنی فیشەك ئۆتۆمبێلێك لە بەغداوە هات پێنج کەسی تیابوو، پانتۆڵی خاکی و کراسی سپییان لەبەردا بوو، وتیان: ئەمە یەکێکیان (وصفی تاهیر)ە، ئەوەیە کە لەگەڵ نوری سەعیدا هاوەڵی دەکات، ئەوی تریان (ئیبراهیم لامیە) کە لە دادگای مەهداویدا بوو بە ئەندام، ناوی ئەوانی ترم لە بیر نەماوە، وتیان بە عەبدوسەلام لە بەغدا هەموو شتێکمان جێبەجیٚ کردووەو ئامادەیەو کۆنترۆڵی بنکەکانی پۆستەو گەیاندن کراوە، هیچ شتێکی وانییە جێگەی مەترسی بێت، کاتیٚ عەبدولسەلام دەستی کرد بە دابەشکردنی ئەرکەکان، ئامر فەوجی یەك لەلیوای (٢٠) ئەویش لە ئەفسەرە ئازادیخوازەکان بوو دەرکەوت و ئەفسەرەکانی فەوجەکەی خۆی کۆکردەوەو نیازی شۆڕشەکەی ئاشکرا کرد، هەمان قسەکەی عەبدولسەلامی وتەوە، ئەگەر سەرکەوتین ئەوا بۆ هەموانەو ئەگەر شکستمان هێنا بەشداری هەموو ئەنجامێکی ناخۆش دەکەین، ئێوەش بە ئارەزووی خۆتانە، ئەوی ئەیەوێت لەگەڵمان بێت، ئەوەشی نایەوێت بگەڕێتەوە جەلەولا.

لە کاتی ئەمەدا ئەفسەرەکان سەرسام بوون کەس قسەی نەکرد تەنها ئەفسەرێك نەبێت (رائید محمد) کە لێپرسراوی ئیستیخباراتی لیوا بوو، وتی: "سیدی قضیة الانکلیز"، وتی: (احنا دراسین قضیة الانکلیز) ئەمە دواتر باسی دەکەم.

لە خان بەنی سەعد دەرچووین بۆ کاتژمێر شەشی بەیانی گەیشتینە بەغدا، هەریەکێکمان چوو بەرەو ئەنجام گەیاندنی ئەرکی خۆی، ئەو ئۆتۆمبێلەی کە (یاسین محمود رەئوف)ی تێدابوو، کاتێ لە پردی (باب الشرجی) پەڕینەوە ئەوبەر دوو ئەفسەر هاتن وتیان بە من تۆ لێرەدا دابەزە لەگەڵ سریەی یەکی فەوجی (۳) بچۆ بۆ (قوە السیار) لە صالحیە، منیش لەگەڵیان ڕۆیشتم، سەربازەکانی ئەو (سریە)یە هەموو تازەو نەزان بوو، زۆر ئەترسان، دابەش کران بەسەر (قوە سیار)دا، یاردەدەری ئامیر فەوج فازیل محمد عەلی کە کرابوو بە ئامر فەوج لە جێی عەبدولسەلام هات لەگەڵمان بۆ (قوە سیار)، بە پاسەوانی بەردەرگای ئێستگەی وت: کوا یاریدەدەری خەفەر؟ پاسەوانەکە ویستی دەست بکاتەوە، ئەویش تفەنگەکەی لێ سەندو چەند زللەیەکی لێدا، لە پاشاندا چووە ژوورەوە، یاریدەدەری خەفەر پێی وت: کلیلی (مەشجەبەکەم) بدەرێ، لێی سەندو لە پاشدا وتی بە ئێمە (هذا واجبکم) ئێمەش ئەوەی لەناو دەرگاکەبووین ئامر سریە بوو نەجیب موحەممەد و ملازم عەبدوڕڕەحمان بوو، کاتێ فازیل موحەممەد عەلی ڕۆیشت بۆ سەر خانووەکەی نووری سەعید، لەپڕ ئامر سریەکە ون بوو، دیاربوو خۆی شاردبووەوە لە مەیدانی مەشقی هێزی گەڕۆکدا ون بوو، بە نیازی ئەوەی ئەگەر شۆڕشەکە سەرکەوت ئەوە یەکێکە لە پاڵەوانەکانی، ئەگەر سەرنەکەوت هیچ شتێکی ناچێتە سەرشان، هەروەها ملازم عەبدوڕڕەحمان بە ناوی چاودێری سەربازەکانەوە دەرگاکەی بەجێ هێشت، من بە جبەو مێزەرەوە بووم لەگەڵ (نائیب زابتێك) کە ئەویش نائیب زابتی حانووت بوو، ناوی عەبدوڵڵا بوو، منیش چارم نەما چووم جبەو مێزەرەکەم فڕێدایە ناو سەیارەی حانووتەکەوە لەبەر دەرگای هێزی گەڕۆك تەنیا دەمانچەیەك‌و بیست فیشەکم پێبوو، بەڵام سەربازێك‌و ئەو نائیب زابتە لەگەڵم وەستان، کە تەقە دەستی پێکرد لە شاری بەغداو یاریدەدەرەکان یەکە یەکە هاتن بۆ هێزی گەڕۆك هەریەك ئەهات دەمانچەی پێبوو، دەمانچەکەم لێوەرگرت پێم ئەوت: بچۆرە ژوورەوە لای یاریدەدەری ئێشکگر، دوانیانم خستە باخەڵی خۆمەوە، دوانیانم دایە نائب زابت عەبدوڵڵا، دوایی یەکێکیانی دزی‌و ئینکاری کرد، سیان لە دەمانچەکانم دا بە وەهاب کە کابرایەکی مەدەنی‌و لێپرسراوی حانووت بوو، وتم: ئەمانە ئەمانەتە هەڵیانگرە، ئەو یاریدەدەرانەی کە دەمانچەکانم لێ سەندن هیچیان بەربەرکانییان نەکردم، یەکێك نەبێت کورد بوو معاون عەمید بوو، ناوی عەلی بوو، خەڵکی سلێمانی بوو، دەمانچەکەی پێ نەدام، منیش پێم وت: خۆ ئێمە سوپای داگیرکەر نین، دەمانچەکەت لێوەر

دەگرمو دوایی بۆتی ئەگێڕمەوە، هەرچۆن بوو لێم وەرگرتو کردمە ژوورەوە لای یاریدەدەری خەفەر، تا سەعات (١٠)ی بەیانی شۆڕشەکە تەواو بوو یەك ئەفسەر نەیوێرا بێت بە لای ئەو دەرگایەدا، چونکە کەس نەیدەزانی چی دەبێتو چی نابێت، لەو کاتەدا مودەڕەعەیەك هات وەستا، لەوانەبوو کە عەبدوڕڕەحمان عارف ئامریان بوو، ئەفسەرێك بەسەر مودەڕەعەکەوە بوو ناوی موسا بوو ڕائید بوو، لە مودەڕەعەکە دابەزیو ئەملاو ئەولای ماچ کردم وتی: هەموو شتێك تەواو بوو، مەلیكو عەبدولئیلاه تەواوبوون کوژران، لیواکەی عەبدولکەریم قاسم گەیشتە بەغدا، لەگەڵ لیواکەی خۆمان کۆنترۆڵی هەموو شتێکمان کرد، ئینجا منیش چووم جبەو مێزەرەکەم لەبەر کردەوە، چووم بە یاریدەدەرکانم وت وەرنە دەرەوە، لەو کاتەدا قسەم لەگەڵ سەربازێك دەکرد بەکوردی، موعاون عەلی گوێی لێبوو، وتی: ئەوە تۆ بووی دەمانچەکەت لێ سەندم وتم بەڵێ، وتی: بە خۆم خزمەکانمەوە بە قوربانی ڕۆڵەی کورد بین، کورد وەك ئاردی گەنم وایە، هەموو شتێکی لێ پەیدا دەبێت.

ئەو بەڵگانەی پیشانی ئەدەن کە ئینگلیز ئاگای لە شۆڕشی (١٤)ی تەمموز بوو

١ـ وەك باسم کرد ئەو رۆژە کە دەستمان کرد بە رۆشتن بەرەو خان بەنی سەعد، ئامر لیوا (ئەحمەد حەقی) بوو کە ئاگای لە هیچ نەبوو، خۆیو هەندی سەرباز پیش ئیمە چوون بۆ خان بەنی سەعد، ئینجا لیواکە سیٚ فەوج بوو، ئامر فەوجی سیٚ عەبدولسەلام عارف بوو، فەوجی دوو یاسین موحەممەد رەئوف، فەوجی یەك عەقید عەبدوللەتیف الدراجی بوو، ئامر فەوجی سیٚو یەك لە ئەفسەرەکان بوون، بەلاّم یاسین موحەممەد رەئوف ئاگای لە هیچ نەبوو، سەر بە بەغدا بوو.
وەکو وتم یاسین موحەممەد رەئوف لەگەڵ شۆڕشەکە نەبوو، منو نەقیب مەهدی صالحی، دەمانچەکەمان لە قەدی دەرهیناو باڵ بەستمان کرد، رۆژی ١٤ی گەلاویژ سەعات (٤)ی بەیانی لە خان بەنی سەعد هەمان کات ئامر فەوجی یەك بە ئەفسەرەکانی وت کە نیازی شۆڕشی هەیە، رائید (موسا کازم) وتی: "سید قضیة الانکلیز؟"، ئەویش وتی: "احنا دراسین قضیة الانکلیز".

٢ـ نوری سەعید کە (٤٠) ساڵ خزمەتی ئینگلیزی کردبوو سیٚ رۆژ خۆی شاردەوە لە ماڵان لەسەر ئەو بنچینەیەی کە ئینگلیز بە نهێنی رزگاری بکات، لە بەغدا بیباتەوە دەرەوە، ئینگلیز هیچی بۆ نەکرد هەتا گرتیانو کوشتیانو هەرپەلێکی لە شوێنێك فرێدرا، قەبریشی بەنسیب نەبوو.

٣ـ کاتێك لە بەغدا خۆم ئامادە کرد بۆ خوێندنی ماجستێر پێویستم بە کتێبێك بوو، دەستم نەدەکەوت، پێیان وتم ئەم کتێبە لای عەبدوللا صۆفی هەیە، ئەم پیاوە یەکێك

بوو لە بنەماڵە گەورەکان لە بەغداو پەیوەندی کۆمەڵایەتی زۆری لەگەڵ نەجیب ئەلرەبیعی هەبوو.

رۆژێ چووم بۆماڵیان زانی کوردم دەستی کرد بە هەندێ قسە لەگەڵما، وتی: ئێستاش‌و کاتی مەلیکیش هەر ئینگلیز حوکممان دەکات، هەر شتێك رای ئینگلیزی لەسەر نەبێت نە عەبدولکەریم‌و نە عەبدولسەلام نەیاندەتوانی بیکەن، نە لێپرسراوەکانی ئێمە شۆڕشمان کرد لە دژی ئینگلیز، ئێستاش بە پێی چاودێری ئینگلیز ئێمە ئەبێ بجولێینەوە، وتی: شتێکت بۆ ئەگێڕمەوە، وتم فەرموو"

وتی: کاتێك دادگای گەل حوکمی دا بە لە سێدارەدانی نازم طبقچلی و هاوڕێکانی، ئەفسەرەکان بە منیان وت کە بچم لای نەجیب ئەلرەبیعی کە سەرۆکی (مجلس السیادە) بوو بۆ ئەوەی داوای لێ بکەم کە حوکمی لە سێدارەدانی لەسەر هەڵگرن، وتی: کاتێ چووم باسی بابەتەکەم لەگەڵ کردەوە، هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: تۆ چەند دەستت ئەڕوات لەم ئیشەدا منیش ئەوەندە دەسەڵاتم هەیە، نەك هەر من بەڵکو عەبدولکەریم قاسم ناتوانێ ئەو حوکمە بگۆڕێ، زۆر سەرم سوڕما، هەوڵمدا پێم بڵێت بۆچی ناتوانرێت بەڵام باسی نەکرد.

لە پاشا هەڵسام هاتمە دەرەوە ئەبینم خالد نەقشبەندی، کە یەکێك بوو لە ئەندامی مەجلیسی سیادە لەبەردەرگای ژوورەکەی وەستابوو، چووم بۆ لای سەلامم لێ کردو پێی وتم: فەرموو تۆزێکیش لای ئێمە دانیشە، کە دانیشتم قاوەمان خواردەوە پێی وتم: ئیشت چیبوو بە فەریق نەجیب؟ وتم: بۆ ئیشێکی وەها هاتبووم، ئەویش وتی: ناتوانم هیچ بکەم، کاك خالید وتی: ڕاست دەکات بڕوای پێ بکە، بەڵام پێی نەوتی لەبەر چی؟ وتم: باسی نەکرد.

وتی: کەوابوو من بۆت باس دەکەم:

کاتێ نازم تەبەقچلی قائید فیرقە بوو کۆمۆنیستەکان هەڵسان بە گێرەشێوێنی لە کەرکوك، زۆرێك لە خەڵکی بێتاوان کوژران، نازم کە لێپرسراوی سوپا بوو لەوێ بروسکەیەکی دا بە عەبدولکەریم قاسم وتی: بارودۆخ زۆر خراپەو لە کۆمپانیای نەوتەکە لایەنێك هەیە چەك و تەقەمەنی ئەدات بە کۆمۆنیستەکان، کە بەم ئیشە ناڕەوایانە هەڵدەستن، وتی: وەڵامیان نەدایەوە.

بۆ جاری دووەم بروسکەکەی دووبارە کردەوە، بەڵام هەر وەڵامی نەبوو، بۆ جاری سێیەم هێزێکی برد لەگەڵ خۆی بۆ کۆمپانیای نەوت، دەوری گرت، کاربەدەستەکانی گرت‌و دەستی گرت بەسەر چەکەکاندا، لە پاش ماوەیەك گرتیان بە ناوی ئەوەوە کە پیلانی گێڕاوە بۆ گۆڕینی ڕژێم‌و لابردنی عەبدولکەریم.

وتی: ئێستاکە حوکم دراوە بەوە لە سێدارە بدرێ، لەسەر داوای ئینگلیز ئەبێ خۆی‌و هاوڕێکانی هەموو لەناو بچن، نە نەجیب الربیعی و نە عەبدولکەریم قاسم ناتوانن ئەو حوکمە بگۆڕن، چونکە گۆڕینی حوکمەکە ئەبێتە هۆی گۆڕینی خۆیان.

٤ـ بە شایەتی شای ئێران: کاك عەبدوڕڕەحمان خانی جیهان بەخش ئاغای قۆرەتوو سەرۆکی هۆزی (جمور) شووێنەکەی خۆیان بەجێهێشتوو ماڵیان هاتە بەغدا بەرامبەر ماڵی ئێمە خانوویان گرت بە کرێ، بووین بە دراوسێ، ئەم پیاوە مرۆڤێکی خانەدان‌و لێزان بوو، ڕەوشتی لە هی ئاغای نەدەکرد، هەردەم لەگەڵ هەموو کەسدا بە ڕووی خۆش‌و لەسەر خۆ ڕەفتاری دەکرد.

ڕۆژی بۆی گێڕامەوە وتی: ساڵی ١٩٥٨ لە پاش شۆڕشی (١٤)ی گەلاوێژ کۆمۆنیستەکان هەڵسان لە دژی ئاغاکانی ناوچەی خانەقین‌و کفری‌و کەلار، ئینجا ئاغاکانی ئەم ناوچەیە لەگەڵ ئاغاکانی کەلار (جافەکان) بڕیاریاندا عێراق بەجێ بهێڵن بە ماڵ‌و خێزانەوە، چوونە ئێران، خوالێخۆشبوو داودبەگی جاف کە نوێنەری هەموویان بوو ڕۆیشت بۆلای شای ئێران (موحەممەد ڕەزا پەهلەوی) بۆ ئەوەی ڕێگەو شوێنێکیان بۆ دابنێ، شا بە داودبەگی وتبوو من زۆرم پێخۆشە هاتوونەتە ئێران‌و ئەمە بە وڵاتی خۆتان بزانن، من سەفەرێکم هەیە بۆ بەریتانیا (لەندەن) کاتێك گەڕامەوە هەموو ئارەزوویەکی ئێوە بەجێ دێنم، بەڵام بە مەرجێك چەك‌و تەقەمەنیتان دەدەمێ کە هێزێك پێکەوە بنێن لە سنووری ئێران‌و عێراق بۆ ئەوەی شەپۆلی کۆمۆنیستەکان نەگاتە ئێران.

کاتێك شا گەڕایەوە ناردی بەدوای ئێمەدا پێی وتین من بەڵێنێکم دا بەئێوە ئێستا پەشیمانم، چونکە وامزانی دەوڵەتی شوورەوی پشتگیری شۆڕشی عێراقی کردووە بە پشتیوانی ئەوەوە کراوە بۆ ڕاکێشانی عێراق ڕووەو کۆمۆنیستی، بەڵام من لە لەندەن، ئینگلیزەکان دڵنیایان کردم کە پەیوەندی ئینگلیز لەگەڵ عێراق لە پاش شۆڕشی (١٤)ی گەلاوێژ گەلێك پتەوترە لەکاتی ڕژێمی مەلیك، ئێستاش ئێوە بە ئارزووی

خۆتان بجولێنەوە ئەوەی ئەمێنێتەوە ئەوە ئێمە لاریمان نییە، ئەوەش دەڕواتەوە بۆ عێراق با بگەڕێتەوە.

ڕژێمی پادشایەتی و کورد

ڕژێمی پادشایەتی چاکەی هەبوو بۆ کورد هەروەها خراپەشی زور بوو، وەك لەم خالآنـەدا باسی دەکەم:

چاکەکانی ڕژێمی پادشایی:

یەکەم: ئاسایشو ئاسوودەیی دانیشتوانی کوردستان، هەرچەندە هەژاریو نەخوێندەواری زۆر بوو بەتایبەتی دێهاتەکانی، بەلآم هەموو کەس ئێوارە کە لـەئیش دەگەڕایـەوە بـەبێ غەم لە مالەوە دادەنیشت تا بەیانی ترسـی لـەوە نـەبوو کـە یـەکێك بێتـە سـەری دەستدرێژی لـێ بکـات، یـان دزی لـێ بکـات وەیـان زیـان بـە مـەڕو مالآتەکـەی بگەیەنێت، ئاشکرایە ئاسایشو ئاسوودەیی دلّ لە هەموو شتێك گرنگترە بـۆ ژیـانی مرۆڤ.

دووەم: لە پاش دەولەتی عوسمانی هیچ کات کورد کوردێکی نەکوشتووە بە ئاشکرا، ئەگـەر یەکێك یەکێکی بکوشتایە لە هەموو کوردستاندا دەنگی ئەدایەوە.

سێیەم: مرۆڤی کورد کاتێك لەگەلّ عەرەب کۆئەبوویەوە هەستی بـە جیـاوازی نـە ئـەکرد، بەلکو لە ڕێگای ژنو ژنخوازییەوە زۆر لە عـەرەبو کورد بوون بە خزم، هـەروەها لـە ڕێگەی بازرگانییەوە زۆر هاتووچـۆی کـوردو عـەرەب بـۆلای یـەکتر زۆر بـوو، ئـەم تێکەلبوونە بێ جیاوازییە لەسەرەتای ئیسلامەوە بوو بە هۆی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، بۆ نموونە: لە کاتی دوژمـنایەتی عەباسییەکانو عەلەوییەکان زۆر لە عـەلەوییـەکان

عەرەبستانیان بە جیهیشت چوونە کوردستان، زوریان لەوێ وتیان لە کورەکانی حەسەنو حسینین بو ئەوەی رێزیان زیاتر بگرن.

چوارەم: هەر کوردیك لەسەر ئاوو زەوی باوو باپیری خوی ئەژیا ئەگەر هەژاریش بووایە هەستی بە ناخوشی نەئەکرد. چونکە دڵی پەیوەندی بە ستبوو بەو خاکەوە کە تیایدا پەیدابوو، هەردەم خوّی بەکامەرانو بەختیار ئەزانی، هیچ رِوژیك رژیمی پادشایی داوای نەکردووە لە کوردیك شوێنەکەی خوی بگوازێتەوە بو شوێنێکی تر، ئەگەر شتێك بووبێت تەنیا (کەسەکە) خوی بردوویانە بو شوێنی تر وەك خوالێیخوشبێت (شیخ مەحمودی نەمر) ماوەیەك هێنایانە (عانە) هەروەها خوالێیخوشبێت (مەحمود خانی هەورامان) لە دزلییەوە هێنایانە کەرکووك بو ماوەی چەند ساڵێك دەست بەسەر بوو.

پێنجەم: زورترین موچەخورەکانی دەولەت کورد بوو، زورشوێنی بەرزی گرنگ هەبوو کوردەکانیان تێدا بوو، وەك خوالێیخوشبێت (سەعید قەزاز) پیش شورش (وەزیری ناوخو) بوو، فەریق (رەفیق عارف) (رئیس ارکان جیش) بوو، لە بیرەوەری مندا سێ کورد بوونە وەزیری بەرگری، کە ئەمانەن: نورەددین مەحمود، بەکر صدقی، ئەحمەد موختار بابان.

پارێزگاکانی کوردستانو بەریوەبەری پولیسەکان کورد بوون، ئەتوانین بڵێین حوکمی زاتی درابوو بە کورد لە ژێر رژیمی مەلیکدا.

شەشەم: لەبەر ئەوەی کورد زیاتر هەولئەداتو زیرەکترە ئەگەر رژیمی پاشا بمایە ئیستا ژمارەیەکی زوری کارەبەدەستانی حکومەت لە پزیشكو ئەندازیاران کورد بوون.

حەوتەم: هەموو کوردێك لەسەر خاكو ئاوی خوّی بە ئازادی ئەژیا، نیوەی زەوی و زاری کشتوکاڵ لە عیراقدا لە ناوچەی کوردستان بوو، بو نموونە: جافەکان هەتا (جبل حمرین) بە دێهاتو زەوی و زاری کشتوکاڵیو ئاوەوە هەموو موڵکی ئەوان بوو، هەر لە مەندەلی تا خانەقین تا کەرکووك، تا دەشتی کەندیناوەو تەلەعفەر هەموو خاکی کوردو کوردستان بوو، کورد بەسەربەرزی تییدا ئەژیاو کشتوکاڵی ئەکرد، تا رژێمی پاشایەتی مابوو بستێك لەو زەویانە نەسەندراو نەدرا بە عەرەب.

خراپەکانی ڕژێمی پاشایەتی بۆ کورد:

یەکەم: هەر ئاغایەك لە شوێنی خۆی پاشایەکی تایبەت بوو بۆ خۆی، هەر جەورو ستەمێکی بکردایە لەو دێهاتانەی لە ژێر دەستی بوون کەس نەیدەوانی بەرامبەری بووەستێت، ئەگەر شکاتی بکردایە ئەوا ستەم لێکراوەکە تاوانبار ئەکرا، ئاغاکە بەبێ تاوان دەردەچوو، لەبەرئەوە ڕژێمی پاشایی هەروەکو ڕژێمی عوسمانییەکان دەستی گرتبوو بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا بە هۆی ئاغاکانەوە هەر ئاغایەك دەسەلاتێکی وای پێدرابوو کە ئەبوایە لەناوچەکەیدا قائیمقامو بەڕێوەبەری ناحیە لەسەر ئارەزووی ئەوان کاروباری شوێنەکەیان ببردایە بەڕێوە.

دووەم: هەرکەسێك لە دانیشتووەکانی دێهاتەکان ئەگەر هاواری بکردایە، بیوتایە شێخ یان ئاغا موڵکەکەی یان زەوییەکەی داگیر کردووە، یەکسەر تاوانبار ئەکرا بەوە کە ئەمە کۆمۆنیستە، ئینجا ئەبوایە لەوێوە بیانهێنایە بۆ نوگرە سەلمان لەوێ ماوەی ژیانی بەسەر بردایە، لە ماوەی ڕژێمی پاشایەتیدا هیچ کەس نەبوو بڵێت ئەم جیاوازییە چییە لە نێوان هەژارو دەوڵەمەندا.

سێیەم: جوتیار بە درێژایی ساڵ ئیشی دەکرد بەرهەمەکەی ئاغا ئەیخوارد، لەبەر ئەوە، چونکە هەر ئاغایەك بەلای کەمەوە (١٠) هەزار دۆنم زەویو ئاوی پێ درابوو لەلایەنی سوڵتانەکانی عوسمانییەوە بۆ ئەوەی دەست بگرن بەسەر دانیشتوانی ئەو شوێنەدا، هیچ کەس سەرپێچی نەکات بەرانبەر ڕژێمی خەلافەتی عوسمانییەکان.

ئاغای وا هەبوو (١٠٠) دێی هەبوو کەس نەیدەتوانی بڵێ (من این لك هذا؟) نەبە کڕین کڕی بووی، نە بە ڕەنجی شانی خۆی ئاوەدانی کردبووەوە، بۆ نموونە نیوەی دەشتی بتوێن موڵکی شێخ حەسێن بۆسکێنی بوو، لە ساڵی ١٩٤٧ کە لەوێ مەلابووم دانیشتوانی ئەمبەرو ئەوبەری دێکە توتنەوانی ئەو بوون، کاتێك توتنەکەی وەرگرت دەی هێنا بۆ سلێمانی بۆ فەحس بە فەردە پارەی وەردەگرت، جوتیارەکە دینارێکی بۆ نەدەمایەوە، ئەبوایە سەرلەنوێ دەست بکاتەوە بە قەرزکردن لە شێخ حسێن هەتا کاتی توتن دێتەوە.

چوارەم: لە (٩٥٪) دێیەکانی کوردستان نە قوتابخانەیان تیابوو نە نەخۆشخانە، خوێندەواری تەنیا بریتیبوو لە خوێندنی مەلاو فەقێی مزگەوت، دەوڵەمەندەکان

منداڵەکانی خۆیان ئەنارده بەغدا ئەیانخوێند، بەڵام منالّی جوتیارەکانو هەژارەکان هەر بە کوێرەوەریو نەخوێندەواری ژیانی خۆیان بەسەر ئەبرد.

پێنجەم: کاتێك یەکگرتنی هاشمی کرا لە نێوان عێراقو ئوردوندا، ئالآی عێراق ئەستێرەیەکی تیابوو کە نیشانەی برایەتی کوردو عەرەب ئەو ئەشتێرەیەیان لابرد، ئەمە نموونە بوو بۆ ئەوەی پاشا ڕووەو ئەوە ئەڕوات کە هیچ حسابێك بۆ کورد ناکات، چونکە کاتێك ئەم یەکگرتنەیان کرد بیروڕای هیچ کوردێکیان وەرنەگرت.

شەشەم: مردنی هەست بە لێپرسراوی لە پاشەڕۆژی کورد.

حەوتەم: فێڵبازی فەیسەڵی یەکەمو کەم ئەزموونی شێخ مەحمود: ئەو هەلە گەورەیان لە کیسدا کە لەپاش ڕووخانی ئیمپراتۆری دەوڵەتی عوسمانی کە ئەو میراتە گەورەیە بەجێما هەریەك لە عەرەبو فارس بەشی خۆی بردو، کورد لەبەر ئەوە کە پیاوێکی سیاسیی نەبوو بەبێبەش مایەوە، لەگەڵ ئەوەش ئینگلیز زۆری مەبەست بوو کەوا لە عێراقدا دوو دەوڵەت هەبێت یەکێکیان عەرەبو ئەویتریان کورد بێت، هەروەك لەم پێشنیارەدا دەردەکەوێت.

کێشەی کوردەکان گرنگترین شتێك بوو کە باس بکرێت لە گفتوگۆی ڕێککەوتننامەی نێوان عێراقو بەریتانیا ساڵی ١٩٢١ بە پێی ئەو بەندانەی ڕێککەوتننامەی (سیڤەر) کە پەیوەندی هەیە بە کوردەوە.

مەلیك فەیسەڵ ڕۆژی ٢٤/١٠/١٩٢١ کۆبووەوە لەگەڵ نێردراوی بەریتانی (مەندوبی سامی بەریتانی).

فەیسەڵ وتی: زۆر گرانە لە گفتوگۆدا بگەین بە ئامانجی کۆتایی لە پێش وەڵامدانەوەی چوار پرسیار کە لەلایەن ئێوە (بەریتانیا) وەڵام دەدرێتەوە، پرسیاری یەکەمو دووەم پەیوەندی هەیە بە پاشەڕۆژی سوپای بەریتانی لە عێراق.

پرسیاری سێیەمو چوارەم پەیوەندی هەیە بە کوردەکانی کوردستانی عێراق کە ئەمەیە:

پرسیاری سێیەم: هەندێ لە عەشیرەتەکانی کوردستان دەریان بڕی کە پاڵدانیان بە عێراقەوە لەلا باشترە لە جیابوونەوەو سەربەخۆیی، ئایا حکومەتی بەریتانیا زۆریان لێ ئەکات لەسەر جیابوونەوە، ئەویش تا چ ڕاددەیەکە؟

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بەم جۆرە وەڵامی دایەوە:

ئێمە زۆر لە کوردەکان ناکەین کە لە ئێوە جیاببنەوە، بەڵام هەر بڕیارێکمان دا ئەبێت ماوەیەك بدرێت بە کوردەکانی کوردستانی عێراقو بیر لە پاشەڕۆژی خۆیان بکەنەوە.

پرسیاری چوارەم: ئەگەر بریاری جیابییان دا جوری حوکمەکەیان چون بیت؟

وەلام: ئەگەر یەك لە ناوچەکانی کوردستان هەلیبژارد کە جیا ببنەوە ئەبیت بەریوەبردنیان لە ژیر چاودیری حکومەتی بەریتانیادا بن نەوەك پالبدەن بە تورکیاوە بە نیازی یەکگرتنی کوردستانی گەورە.

دوو رۆژ پاش وەلامدانەوەی ئەم پرسیارانە لەلایەن حکومەتی بەریتانیا مەلیك فەیسەل نامەیەکی دا بە مەندوبی سامی بەریتانی وتی:

کە کاتی ئەوە هات (تتویج) بکریم بە مەلیکی عیراق وات تیگەیاندم کە حکومەتی بەریتانیا سالیك ماوەی داوە بە کوردەکان بو ئەوەی لەلایەن خویانەوە بریاری پاشەرۆژیان بدەن، من رەزامەندم بەم بریارە هەرچەندە ئەکونجی دوایی ئەم بریارە لەگەل بەرژەوەندی من نەبێ، بەلام من نامەوێ زۆر لە کەس بکەم بو ئەوەی پالم پیوە بداوە لە ژیر حکومرانی مندا بیت، بەلام ئەمە هانیان ئەدات کە پاشەرۆژ دەنگ بۆ من نەدەن، لەگەل ئەوەشدا هەندیك لە کوردەکانی ناوچەی کوردستان نوینەری خویان ناردووە بۆ لام بەلینیان داوە کە دەنگم بۆ بدەن بو پاشایەتی، هەروەك بەلینی دانیشتوانی بەغداو موسلو بەسرەو عەشیرەتەکانی عەرەبە، هەندیکی تریان پییان خوشە لەگەل من بن، بەلام ناوێرن دەنگم بو بدەن.

لەگەل ئەوە وا ئەزانم وەلامی پرسیاری سییەم ریك ناکەویت لەگەل ئەوەی کە زۆر لەکەس ناکەن، هەرکەس ئازاد بیت بو بریاری پاشەرۆژی خوی، من مەترسیم هەیە ئەم کوردانەش کە بەلینیان داوە لەگەل من بن لە پاشەرۆژ پەشیمان ببینەوە ئەگەر ئیوە ماوەی زیاتریان بدەنێ بیر لە پاشەرۆژی خۆیان بکەنەوە.

مەبەست لەو کوردانەی کە دەنگیان بو ئەوە داوە لەگەلیدا بیننەوە کوردی (عەقرە، زاخو، دهوك، هەولیر) لەبەر ئەوە مەلیك فەیسەل داوای لیکرد کە ئەو ماویەی دراوە بە کوردەکان بۆ بیرکردنەوە لە پاشەرۆژی خویان تەنیا بۆ کوردەکانی سلیمانیو کەرکوك بیت با تەنیا ئەوان بریار بدەن لەگەل ئیمە بن یان جیا ببنەوە.

لە وەلامی ئەمە مەندوبی سامی بەریتانیی ئەم وەلامەی دایەوە بە مەلیك فەیسەل:

"ان سیاسة بریطانیا في تمیز المناطق الکردیة عن باقي العراق لم تکن صادرة فقط عن مشارکتها للملك کراهیة لارغام احد علی الخضوع لحکم غیر راغب فیه، ولکنها صادرة عن ان الحکومة البریطانیة لم تعط نفسها مبرارا لاغفال المادة (٦٤) من معاهدة سیفر، والتي

تنص الجملة الاخيرة منها على عدم ممانعة الحلفاء من انضمام الاكراد الساكنين في ذلك القسم من كردستان الذي يدخل ضمن ولاية الموصل الى دولة كردية مستقلة اذا رغب الاكراد في ذلك".

واتە: "سیاسەتی بەریتانیا لە جیاکردنەوەی ناوچە کورد نشینەکان لە عێراق تەنها لەوەوە نەهاتووە کە وەکو مەلیك دەڵێت حەزناکات کەس بەزۆر بچێتە ژێر دەسەڵاتییەوە، بەڵکو لەوەوە دێت کە حکومەتی بەریتانیا هیچ پاساوێکی نییە بۆ پشتگوێ خستنی ماددەی (٦٤) لە ڕێککەوتننامەی سیڤەر کە لە دوا ڕستەدا دەڵێت: وڵاتە هاوپەیمانەکان هیچ لارییان لەوە نییە کە ناوچە کوردنشینەکان کە لە سنووری ویلایەتی موسڵدایە ئەگەر ویستیان دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ پێك بێنن ئەوا ئازادن لەو هەڵبژاردنەدا".

مەلیك فەیسەڵ بیروڕای لەسەر ئەوەبوو کە هەر کوردێك دەنگی بۆ ئەودا یان وتوویەتی من لەگەڵ تۆم، وا دائەنرێت کە بەم دەنگدانە بەشێکە لە حکومەتی عێراق هەتا هەتایە.

واتە دەنگدانی کوردەکانی عەقرە، زاخۆ، دهۆك، هەولێر، وادائەنرێ کە وازیان هێناوە (تەنازولیان کردووە)، لە هەر مافێ کە ماددەی (٦٤) لە ڕێککەوتننامەی سیڤەر پێی داون و هەتا هەتایە نابێ داوای مافی جیابوونەوە بکەن.

بەڵام مەندوبی سامی بەریتانی وتی: من لەم بیروڕایەدا لەگەڵ تۆ نیم، چونکە کاتی خۆی بەم کوردانە وتراوە: دەنگدان یان دەنگ نەدان، بە مەلیك فەیسەڵ کە پاشای عێراق بێ هیچ گۆڕینێ پەیدا ناکات لەو مافانە کە ماددەی (٦٤) لە ڕێککەوتننامەی سیڤەر بە ئێوەی داوە.

دەقی وتەکەی مەندوبی سامی:

"وبناء على هذا التأكيد المشار اليه اعلاه فانا (أي المندوب السامي) لا ارى في مبايعتهم اكثر من اعتراف بجلالتكم ملكا على العراق دون أجحاف بحقوقهم بان يصبحوا جزءا من دولة كردستان المستقلة اذا ما أقتضت معاهدة الصلح مع تركيا تاسيس هذه الدولة واذا اعتبر عمل سكان عقرة وزاخو ودهوك وأربيل خلال التصويت العام كتعبير عن رايهم النهائي فلا مفر من معاملة قرار سكان كركوك والسليمانية بالطريقة نفسها أي ينبغي لهم ان يتعدى سنة واحدة من تأريخ العمل بمعاهدة الصلح مع تركيا خارج الدولة العراقية.

قال المندوب السامي البريطاني للملك فيصل: الحجة التي قدمتموها جلالتكم حول عدم الموافقة على اعطاء سكان عقرة وزاخو ودهوك وأربيل فرصة ثانية للتعبير عن رايهم هي الحجة ذاتها التي يمكن تطبيقها على سكان كركوك والسليمانية.

ومن جهة اخرى ايد المندوب السامي البريطاني رأي الملك فيصل في ان اعطاء الاكراد الذين صوتوا له في التصويت العام فرصة ثانية سيكون له تأثير سيء في المناطق العراقية الاخرى التي صوت سكانها الى جانبه.

وبعد أن أظهر المندوب السامي للملك فيصل خطأ ارائه وعدم امكان تطبيقها وفق الظروف التي شرحها اقترح عليه حلا جديدا لازالة تلك الظروف وتحقيق مايرغبه الملك فيصل وبريطانيا وهذه الرغبة هي ضم لوائي كركوك والسليمانية الى العراق بصورة نهائية وتأكيد الراي الذي اعلنه اكراد عقرة وزاخو ودهوك وأربيل في تصويتهم لفيصل كملك العراق دون الالتفات الى الشروط التي وضعوها عند التصويت والتي تخص حقوقهم القومية، وكان هذا الاقتراح يتكون من خطوات ادارية وسياسية تتخذها الحكومتان البريطانية والعراقية لاشراك *الاكراد العراقيين*"[1][2].

كان نص المادة (٦٤) من معاهدة سيفر كما يلي: اذا حدث اثناء سنة واحدة من تأريخ العمل بهذه المعاهدة: ان الشعوب الكردية في المناطق المعنية في المادة (٦٢) وجهت الى مجلس عصبة الامم طلبا يتضح منها ان اكثر سكان هذه المناطق يرغبون في الاستقلال عن تركيا واذا قرر مجلس عصبة الامم، حينئذ ان هؤلاء القوم قادرون على الاستقلال ينبغي ان يمنح لهم، فيجب على تركيا ان ترضى بتنفيذ هذا القرار وتتنازل على كل الحقوق والتملك في تلك المناطق وتودع شروط هذا التنازل في المعاهدة المنفردة بين الدول الحلفاء الرئيسية وتركيا، وحينما يقع هذا التنازل فدول الحلفاء الرئيسية لاتقيم مانعا في سبيل انضمام الاكراد الساكنين في ذلك القسم من كردستان الداخل الان ضمن ولاية الموصل الى دولة كردية مستقلة اذا اختاروا ذلك بانفسهم.

---

[1] م.ج.و: ملفات البلاط الملكي، ملف المعاهدة العراقية الانكليزية فسلسل (٣١) كتاب من الملك فيصل الى المندوب السامي برسي كوكس بتأريخ ٢١/ كانون الاول/ ١٩٢١.

[2] محمد مظفر الادهمي: المجلس التاسيسي العراقي ـ دراسة تأريخية سياسية/ رسالة ـ ماجستير بدرجة جيد جدا مقدمه الى جامعة بغداد ١٩٧٢، ص ٢٨٢ وما بعده.

ئەم ڕووداوانەی باسی دەکەم مەبەستم ئەوە نییە لە شایەنی کەس کەم بکەمەوە، بەڵکو باسی ئەو شتانە دەکەم کە ڕوویان داوە بۆ ئەوەی کورد سوودیان لێوەربگرێت جارێکی تر نەکەوێتە هەڵەی باوو باپیرانی.

بەڵام مەبەستم ئەوەیە کوردو عەرەب لە نیشتمانی عێراقدا وەك دووو برا وایە کە باوکیان مردبێ خانوویەکی بەجێ هێشتبێ هەردوو براکە تیایدا بمێننەوە، بەڵام هەردەم یەکێك لە براکان خۆی بە خاوەنی خانووەکە ئەزانێ‌و بە چاوی کرێچی تەماشای براکەی تری ئەکات، یان منەتی بەسەردا ئەکات کە بە خۆڕایی ڕێی داوە دانیشێ لە ناو ئەو خانووەدا.

لە هەموو مێژوودا دیارە بە ئاشکرا کە ئێمە لە پێش عەرەبدا لە عێراق بووین، عەرەب لە پاش ئیسلام هاتە عێراقەوە بۆ ماوەیەکی زۆر پێکەوە ژیاین، بەڵام لە پاش کەوتنی دەوڵەتی عوسمانی ڕەگەزپەرستی پەیدابوو لە عەرەبدا ئێمەیان بە هاوبەش نەزانی لەم نیشتمانەدا، بەڵکو هەر ڕژێمێك هات وای تەماشا کرد کە نیشتمانەکە هەر لەسەرەتاوە هی عەرەب بووە، بە پیاوەتی ڕێگەیان داوە کە کوردیش لەگەڵیان بژی تیایدا.

دەوڵەتی عوسمانی پێش ئەوەی بکەوێت زۆر لاواز بوو پێیان ئەوت پیاوە نەخۆشەکە (الرجل المريض) لەبەر ئەوەی زۆربێ دەسەڵات بوو بەرامبەر بەو هێزانە کە دەیانویست ئەو ڕژێمە بگۆڕن، کاتێك ئەم پیاوە نەخۆشە مرد نیوەی میراتەکەی کوردستان بوو، بەشێکی کەمی هی تورك‌و فارس‌و عەرەب بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەو میللەتانە پیاوی سیاسیی‌و داناى تیا هەڵکەوتبوو بەشەکەی خۆیان بردو لە پاشا کوردستانیان بەسەر خۆیاندا بەش کرد.

شۆڕشی (١٤)ی تەممووزو تالانی و گەندەڵی

ڕۆژی یەکەمی شۆڕشی (١٤)ی تەمموزی ١٩٥٨ هەستم کرد بە خۆشیو کامەرانی، هەستم کرد کە بەڕاستی بەیانییەکی جیاواز لە ژیانی ئادەمیزاد لە عێراق دروست بووە، گۆڕانێك کە هەموو لایەنێکی ژیانی مرۆڤایەتی ئەم وڵاتەی گۆڕی، هەستم کرد بەشداریم کردووە لە غەزای (بەدر)دا دژی بت پەرستەکان!! بەڵام بەداخەوە ئەم هەستە هەمووی (٢٤) سەعات بەردەوام نەبوو لەبەر ئەم هۆیانە:

یەکەم: ئەفسەرەکان دەستیان کرد بە داوێن پیسی، لە مەقەڕی فەوجەکەی عەبدولسەلام لە ئێستگەی بەغدا.

شایەنی باسە ڕۆژی (١٤)ی تەمموز لەگەڵ کاك نوری ڕەشید کراین بە چاودێر لەسەر ئێستگە بەشی کوردیو لە هەمان کاتدا هەڵئەساین بە ئەرکی عەسکەری سەرشانمان.

شەوی (١٤/١٥)ی تەمموز ئەفسەرەکانی هیچیان نەنووستن هەر بە جلوبەرگی سەربازیەوە، لەوە ئەترساین کە ئینگلیز بەفڕۆکە بێتە سەر بەغداو هێزی سەربازی دابەزێنێ، چونکە نوری سەعید لەو کاتەدا مابوو خۆی حەشاردابوو، کە ئەویش پەیوەندییەکی کۆنو بەهێزی هەبوو لەگەڵ ئینگلیزدا.

ئێمەش هەموو شتو مەكو یاتاغمان لەناو ئەو ئۆتۆمبێلانەدا بوون کە لە جەلەولاوە هاتبوون.

(کازم حەیدەر) کە بێژەری ڕادیۆ بوو هەردەم توانجی لە جەمال عەبدولناسر ئەداو قسەی ناشیرینی بڵاو ئەکردەوە کە باسی ئەکرد، ئەم پیاوە دەست بەسەرکراو ڕۆژی (١٥)ی تەمموز خستبوویانە ئەو ئۆتۆمبێلانەوە کە شتەکانی منی تێدا بوون بردبوویان بۆ وەزارەتی بەرگری لە ڕێگە لە شەقامی ڕەشید هێرشیان بردبووە سەریو ویستبوویان بیکوژن، هەر چۆن بوو

ڕزگاریانکردبوو لە کوشتن، بەڵام لەو هێرشەدا شتەکانی من بـراو لەناوچـوو، منـیش بـەم ڕووداوەم نەزانیبوو، بە ئامرم وت: شتەکانم لەو ئۆتۆمبێلـەدابوو کـە دیـار نـەماوە لەگـەڵ شتەکانم، وتی: فەوجەکەمـان دابەش کردووە بەسەر هەنـدێ شـوێندا بـۆ پاراسـتن، بـڕۆ بـۆ کۆشکی زهور (قصر الزهور) لەوانەیە لەوێ بێت، منـیش بـە ئۆتـۆمبێلێکی عەسـکەری ڕۆیشتم، نە جبەم لەبەردابوو نە مێزەرم بەسەرەوە بوو، کە گەیشتم لەوێ دیـم پاسـەوانەکان لە فەوجی ئێمە نین، منیش وتم: من ئیمامی فەوجەکەی عەبدولسلامم هاتووم بۆ شـتەکانم گوم بوون بزانم لێرە نین، وتیان نابێت بچیتە ژوورەوە، لەوکاتەدا بەبێ ئاگاداری لـە خۆمــەوە دەستم خستە سەر قەدم کە دەمانچەکەی پێوەبوو، وایان زانی بە تەمای شتی خراپم، گـورج لوولەی ڕەشاشیان خستە سەر پشتمو بردمیانە ژوورەوە، دوو ئەفسەرەی تێدابوو باسەکەم بۆ کردن، دیاربوو زۆر دژی شۆڕشەکە بوون، هەرچۆن بوو ڕزگارم بوو گەڕامـەوە بـۆ ئێسـتگە، لەوێ وتیان بچۆ بۆ کۆشکەکەی نوری سەعید، هاوڕێکانی خۆمان لەوێن لەوان بپرسە.

پاش نوێژی عەسر ڕۆیشتم دیم لەوێ لە کۆشکەکەدا خەریکی تالآنین، ئەم کۆشـکە زۆر کەمتربوو لەو کۆشکانەی کە ئێستا شۆفێری کاربەدەسـتەکان هەیانـە، لـە قـەراخی ئـاوی دیجلە بوو، لەبەری کەرخ.

ڕۆژی ١٤ی تەمموز ئەوانەی کە گرتنی کۆشکەکەیان پێ سپێرابوو لە فەوجەکـەی ئێمـە بوون کە بێن بۆ گرتنی نووری سەعید نـەیان وێرابـوو لـە ئۆتۆمبێلـەکانیان دابـەزن، بـە مەرجێك تەنیا یەك شورتەی پاسەوان لەوێ بوو، هەر لە دوورەوە کۆشکەکەیان دابـووە بـەر تۆپ، نووری سەعید لە ڕووی ئاوەکەوە ئەچـێتە دەرەوە بـە (بەلـەم) ئەپەڕێتـەوە بـۆ بـەری (رصافە)و پاسەوانەکەش خۆی ئەدات بە دەستەوە ئەڵێت کەس لە ژوورەوە نییە.

من کە چوومە ژوورەوە بینیم خەریکی دزیو تالآنین، بە ئەفسەرو سەربازەوە هەرچی شت بە کەڵك بێت بردوویانە، لەو کاتەدا یەکێك لە ئەفسـەرەکانی خۆمـانم بینـی، جانتایـەکی گەورەی دانابوو ئەویش هی نوری سعید بوو، پڕی کردبـوو لـە جلوبـەگی ژنانـەو پیاوانـە، قورئانێك کە بە زمانی ئیسپانی لە عەرەبییەوە وەریان گێڕابـوو بـە دیـاری نێردرابـوو بـۆ نووری سەعید لەسەر جلەکان دانرابوو، جانتاکە دانەخرابوو، وتم: ئەو قورئانە بدە بـە مـن، لەبەر پیرۆزی قورئانەکە داوام کرد، لـە تـالآنی (١٤)ی تـەمموز ئـەو قورئانـەم بەرکـەوت، ئەفسەرەکان وتیان مەڕۆ ئەمانەوێ قاسەکەی نوری سەعید بشکێنین، چـی تێـدابوو بەشـی دەکەین، وتم بۆچی ئێمە شۆڕشمان بۆ تالآنی کرد یان بۆ خزمەتی وڵات هەڵساین بەم ئیشە؟!

وتیان ئێمە بۆیە خوێنی خۆمان کردۆتە کاسەوەو بەشداریمانکردووە لەم شۆڕشەدا کە سوودێکمان دەستگیر بێت، عەبدولکەریمو عەبدولسەلام خەریکی مەنصەب بەشکردنن، چی تێدایە ئەگەر ئێمەش پارەی نووری سەعید دابەش بکەین؟! منیش وتم: شتەکانی منیان دزیوە بۆیە هاتم بۆ ئێرە، ئێستا بەشداری ئێوە ناکەم لە هیچ شتێکدا، من ڕۆیشتم بۆ ئیستگە دوای من قاسەکەیان شکاندبوو یەك پولی تێدا نەبوو.

شەوی (١٥/١٦) کاتژمێر یەکی شەو لە فولکەکەی بەردەمی ئێستگەدا پاسەوانیم دەگرت، دیم ئۆتۆمبێلێکی گەورەی عەسکەری دۆج هات ویستی تێپەڕێ، وتم بووەستە، دیم فەوجی خۆمانە، وتم: بۆ کوێ ئەڕۆیت؟ وتی ئەچم بۆ ماڵی (ئەبو ئەحمەد) واتە (عەبدولسەلام عارف)، وتم: چیت پێیە؟ مینجە مینجێکی کرد، کە تەماشای ناو ئۆتۆمبێلەکەم کرد ئەبینم پڕ لە فەرشی کاشانی ئێرانو هەندێ شتی تر، وتم: ئەمەت لەکوێ هێناوە؟ وتی: لە ماڵی صەباحی کوڕی نوری سەعید.

شایانی باسە ئەو ڕۆژە بۆ بەیانییەکی (صەباح)یان هێنایە بەردەرکی ئێزگە بەبێ دادگای گوللەبارانیان کردو کوشتیان، لە پێش گیان دەرچوونیدا بە هێواشی وتی: (شنو ذنبي ليش قتلتموني؟) واتە: گوناهم چیبوو بۆ منتان کوشت؟ لە پاش ماوەیەکی کەم گیانی دەرچوو، ئیتر نازانم بۆ کوێیان برد.

ڕۆژی (١٦)ی تەمووز ئەوەی کە لە تاڵانی ڕزگاری بوو لە شتەکانی کۆشکی ڕێحاب لە ماڵی مەلیك و عەبدولئیلاه هێنایان بۆ ئێزگە لە ژوورێکدا دایان نا، بە منیان وت تۆ چاودێری ئەم شتانە بکە، ئێستا لیژنەیەك لە وەزارەتی بەرگرییەوە دێن سەرژمێری ئەکاتو ورەی ئەگرێت.

منیش تەماشام کرد دوو پارچە ئالتونی تێدایە، یەکێکیان پشتێنی ژنانە بوو بە دەستێك بەرز نەئەکرایەوە، ئەوی تریان گۆچانێکی دەستی بوو وەك هی دەستی ئەفسەران، هەندێ ئایەتی قورئانی لەسەر هەڵکەنرابوو، لەو ئایەتانە ﴿وَإِذَا حكمْتُم بيْنَ النَّاسِ أن تَحْكُمُواْ بِالْعَدْلِ﴾.

منیش لە ژوورەکە دانیشتم، ماوەیەکی زۆری پێچوو لیژنەکە نەهات، لەو کاتەدا چووم بۆ دەست بەئاو گەیاندن، نائیب عەریفێکی کورد ناوی ئەحمەد بوو هێنامە جێگەکەی خۆم، چونکە دڵنیابووم خیانەت ناکات، لەبەر ئەوەی کوردە، لێپرسراوی ناخاتە سەر شانی من. بەڵام ئامر فازیل موحەممەد عەلی کە لە جێگەی عەبدولسەلام کرابوو بە ئامر، منی دیبوو

که چووم بۆ دەست بە ئاو گەیاندن، خۆی گەیاندبووە کاك ئەحمەد، پێی وتبوو ئەو پشتێنە بەرە لە شوێنێك بیشارەوە پێش ئەوەی ئیمام بێتەوە من چاودێری شتەکان دەکەم، منیش کە گەڕامەوە چاووم بە ئامر نەکەوت، پاش ئەوە کە ئەحمەد ڕۆیشت دیم پشتوێنەکە نەماوە، منیش لە خەفەتاندا بینینم پشتوێنەکە نەماوە خەریکبوو ببورێمەوە، چونکە نەم ئەتوانی ئەم کارە باس بکەم بۆ لیژنەکە لە دوو ڕووەوە، یەکەم لێپرسراوی ئەکەوێتە سەرشانی من، چونکە شتەکان بە من سپێراون، دووەمیان ئامرەکە پێش ئەوەی سزا بدرێت منی لەناو ئەبرد، ئیتر تا کاتی ئەم نووسینە کە (٤٠) ساڵی بەسەردا ڕۆیشتووە لای کەس باسم نەکردووە، بەڵام ماوەیەکی زۆری نەبرد خوا تۆڵەی لە ئامرەکە کردەوە.

پاش ماوەیەکی زۆر ئەفسەرێکی ناسیاو لەگەڵ هاوسەرەکەی هاتن بۆ ماڵمان بۆ بەغدا لە پڕ چوونە ژووی میوان، لە پاش ماوەیەك چووم بۆ لایان دیم زنجیرەیەکی ئالتونی زۆر بەنرخ بە دەست هاوسەرەکەیەوە بوو لە جانتاکەی دەری هێنا؟ وتم: کاك (ج) ئەم شتە نایابە چییە؟ وتی: ئەوە ڕۆژی (١٤)ی تەمووز چوومە ماڵی عەبدولئیلاه ئەمە لە ژێر سەرینی نووستنەکەدا دەرم هێنا، وتی: ئەمانەوێ بیفرۆشین.

لالوتی بەڕێوەبەرانی ئێزگە

وێنەکەم بەو شێوەیەی کاک کامیل داوای کردبوو

بەڕێوەبەری ئێزگە بەشی کوردی کاک (کامیل ئەمین) بوو، ڕۆژی (١٥)ی تەمووز پێی وتم: پێم خۆشە وێنەیەکی خۆت بگریت بە دەمانچەوەو مێزەرەکەت بەسەرەوە بێت بۆ ئەوەی شتێکت لەسەر بنووسم و بڵاوی بکەمەوە.

ڕۆژی (١٧)ی تەمموز مەلا عومەر مەولود هات بۆ ئێزگە کە وتاری هەفتانەی هەبوو، وتی وتارێکم پێش (١٤)ی تەمموز تۆمار کردووە، پێمخۆشە بیگۆڕم بە تۆمارێك بە بۆنەی ئەم شۆڕشەوە. لەوکاتەدا کامل لەوێ نەبووە بەبێ ئاگاداری ئەو کردمە ژوورەوە وتارێکی تری تازەی تۆمارکرد. کاتێك کاك کامیل هاتەوە خۆی زۆر تورە کرد، وتی: من بەڕێوەبەرم یان تۆ؟ وتم: تۆ بەڕێوەبەری، بەڵام ئیشێکی نابەجێم نەکردووە، ئەم مەلایە مەلایەکی زۆر باشە وتارەکەی زۆر ئەگونجا لەگەڵ ئەمرۆدا.

کاك کامیل لە دڵدا شۆڕشەکەی زۆر پێناخۆش بوو، لە هەمان کاتدا بە بوونی من و کاك نوری ڕەشید لەو شوێنەدا زۆر بێتاقەت بوو، ئەمەی کرد بە بیانوو لێم لالووت بوو،

دوایی وێنەکەم بۆ هێنا لێی وەرنەگرتم، وتی: باش دەرنەچووە، وتی: دەمانچەکە لوولەکەی سەرو خوارە، وتم: دەمانچەم بۆ ئەوە هەڵنەگرتووە ڕووی لوولەکەی بکەمە سنگی ئەم ئەو.
لە هەمان کاتدا بەڕێوەبەری گشتیش لێم لالوتبوو، چونکە ناسراوی زۆر ئەهاتن داوای مۆڵەتی بلاوکردنەوەی وتارەکانیان دەکرد، لە ئێزگەی کوردیو عەرەبی، بە بۆنەی ئەم شۆڕشەوە، منیش ئەبوایە وتارەکەم ببردایە بۆ ئەو پێش بلاوکردنەوەی بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر بدات، ڕۆژێك خۆی تووڕە کردو وتی: پیرت کردم.
وەها ڕێککەوت ڕۆژی دوایی عەبدولسەلام هات بۆ ئێزگە، ئەفسەرەکانو ئەوانەی لەوێ موچەخۆر بوون، لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی لە دەرگای ئێزگە پێشوازیمان کرد، کاتێك گەیشتە لامان لە پێش هەموویاندا باوەشی کرد بەمنداو بە گەرمی ئەملاو ئەولای ماچ کردم، ئینجا ڕووی کردە ئەوانی ترو وتی: (هذا مجاهد).
دوای ئەو جارە هەرکاتێك ئەچووم بۆ لای بەڕێوەبەری گشتی بەرزە پێ لەبەرم هەڵئەساو هەتا دەرگاکە ئەهات بە پیرمەوە.
ئەمەش شتێکی نامۆ نییە بۆ کاربەدەستانی عێراق، ئەگەر یەکێك پلەیەکی هەبێت یان خاوەن پلەیەك بیناسێت هەموو کەس ڕێزی لێ دەگرێ، ئەگەر ئەوە نەبێ بایەخی پێ نادەن.
شایەنی باسە خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا ئەحمەدی قزلجی، ئەویش وتاری هەفتانەی هەبوو لە بەشی کوردیدا، لەو سەردەمەدا هات وتارەکەی تۆمار بکات، منیش بە گەرمی پێشوازیم لێ کرد، وتم: بەوانەی لەو کاتەدا لەوێ بوون ڕەنگە ئێوە ئەم پیاوە نەناسن ئەمە زانایەکی بەرزی ئایینی بەناوبانگە، جگە لەوەش پیاوێکی نیشتمان پەروەرە، لە پاش ئەوە کە وتارەکەی تۆمارکرد دەستی گرتمو بردمیە دەرەوە، وتی: تکایە لەمەودوا بە هەموو شتێك باسم بکە بەڵام مەڵێ نیشتمان پەروەرە، منیش لێم نەپرسی بۆچی؟ من خۆم وام لێکدایەوە کە ئەم پیاوە خەڵکی کوردستانی ئێرانەو لەسەر کوردایەتی لە دەستی دوژمن هەڵهاتبوو بۆ عێراق، نەیدەویست کەس بەو نهێنییەی بزانێت.

یەکەم وتارم لە ئێزگەی کوردی

رۆژی یەکەمی شۆڕش من وتاری خۆم لێکدانەوەی ئەم ئایەتە بوو ﴿..إنَّ الْمُلُوك إذَا دَخَلُوا قَرْيَةً أَفْسَدُوهَا وَجَعلُوا أعِزَّةَ أهْلِها أذِلَّةً وَكذلِكَ يفْعلُونَ﴾ (النمل: ٣٤). وتاریکی دوورو درێژم نووسیبوو چەند جارێك بڵاوکرایەوە لە ئێزگەدا، لە پاش هەفتەیەك ئاغایەکی پشدەری (نەم ئەناسی) هات بۆ ئێزگە، وتی: تۆ فلان کەسی؟ وتم: بەڵێ، وتی: من هاتووم بۆ لای تۆ پرسیارێکت لێدەکەم، وتم: فەرموو، وتی: پێش (١٤)ی تەمموز کاتێك مەلیك مابوو ئەم ئایەتە هەبوو لە قورئاندا یان نەبوو؟ منیش زانیم مەبەستی ئەوەبوو بڵێت ئەگەر پیاوێکی ئازا بوویتایەو قسەکەشت ڕاست بووایە ئەم ئایەتەم بەسەر مەلیك فەیسەڵی دووەمدا ئەچەسپێت، ئەبوایە لە کاتی دەسەڵاتیدا بتوتایە، منیش وتم: هەزار ڕەحمەت لە باوك‌و دایکت، منیش بۆ خۆم زۆر شەرمەزارم، ڕۆژێکی بەسەردا نەچوو پەشیمان بوومەوە، پێشینان ڕاستیان وتووە: (لە هەر خەسارێك عەقڵێك)، ئیمامی شافیعی فەرموویەتی: (كلما ادبني الدهر أراني نقص عقلي)، واتە: هەر جارێ زەمانە فێری ئەدەب‌و ژیریی ئەکردم ناتەواوی عەقڵی پیشان ئەدام. (وكلما أزددت علماً زادني علماً بجهلي) واتە: هەتا زانستم زیادی بکردایە، زیاتر دەمزانی چەند نەزانم.

ڕۆیشتنم بۆ سلێمانی لەگەڵ عەبدولسەلام عارفدا

(١٤)ی ئابی ١٩٥٨ واتە بە مانگێك پاش شۆڕشی (١٤)ی تەمموز یەکێك هات بە دوامدا بۆ ئێزگە وتی: عەبدولسەلام داوات دەکات، بڕۆ بۆ فڕۆکەخانەی بەغدا، منیش بە ئامرم وت، ئینجا ئۆتۆمبێلێکیان پێدام، کاتێك چووم دیم (عەبدولسەلام)و شێخ بابا عەلی شێخ مەحمودی حەفیدو خالید نەقشبەندی‌و فوئاد ڕکابی‌و موستەفا عەبدوڵڵا لەوێ دانیشتوون، فڕۆکەیەکی سەربازی ئامادەکراوە، عەبدولسەلام وتی: لەگەڵ ئێمە وەرە ئەچین بۆ سلێمانی، ئینجا چوینە ناو فڕۆکەکەوە، وا ڕێککەوت لە تەنیشت خالید نەقشبەندییەوە دانیشتم، هەندێ پرسیاری لێکردم لێی پرسیم خەڵکی کوێیت؟ وتم: خەڵکی دێی زەڵمم، ویستم پێی بڵێم من ئەوەم کە لە هەڵەبجە تۆ قایمقام بوویت‌و هاتم بۆلات دەستم برد تەوقەت لەگەڵ بکەم، وتت من لەگەڵ مەلای موشاغیبا تەوقە ناکەم، بەڵام لە پاشا بیرم کردەوە

ئەمە شتێکی ناشیاوە کە ئەمە بدەمەوە لە ڕووی، جگە لەوەی شێخەکان خراپیان تێگەیاندبوو، هەرچەند ئەو لەدوایدا لەکێشەی باخەکانی ئێمە تێگەیشت و هاوکاری کردین.

گەیشتینە فڕۆکەخانەی کەرکوک لەوێ عەبدولسەلام عارف بە تەنیا خۆی بە فڕۆکەیەکی (هەلی کۆپتەر) ڕۆیشت بۆ سلێمانی، ئێمەش بە ئۆتۆمبێل ڕۆیشتین، چونکە سلیمانی فڕۆکەخانەی تێدا نەبوو، نازم تەبەقچلی قائید فیرقە بوو لە کەرکوک، لەگەڵمان هات، ڕۆشتنەکە وا تەرتیب کرا کە ئێمە پێش عەبدولسەلام عارف بگەینە ئەوێ، ئەو لە چوونەکەیدا دوا بکەوێت، کاتێ بێت ئێمە لەوێ بین، کاتێک گەیشتینە سلێمانی دیمان هەموو شارەکە بە گەورەو بچووکەوە بە ژن‌و پیاوەوە هاتوون بە پیرمانەوەو عەبدولسەلام عارف چووە سەر کۆشکەکەی نووری عەلی لەبەردەرکی سەرادا، وتارێکی دەربارەی برایەتی کوردو عەرەب پێشکەش کرد، لە سەرەتادا بە چەند وشەیەکی کوردی دەستی پێکرد، کە من لە فڕۆکەکەدا فێرم کردبوو، ئینجا چووین بۆ نوێژی هەینی بۆ مزگەوتی گەورە، خوالێخۆشبوو شێخ محمد قەرەداغی وتاربێژی مزگەوتی گەورە بوو، وتارێکی ئایینی خوێندەوە، عەبدولسەلام‌و ئەوانەی لەگەڵی بوون‌و ئێمەی خستە ڕیزی خولەفای ڕاشیدین، لەگەڵ ئەوەش مانگێ لەوەو پێش مەلیك فەیسەڵ هاتبوو ڕێککەوتی ڕۆژی هەینی بوو، لە وتارەکەیدا ئەویشی بردبووە ڕیزی خولەفای ڕاشیدینەوە، ئینجا چووینە (حامیە)ی سەربازی نانمان خواردو گەڕاینەوە بۆ کەرکوک.

کاتێك لە بەغداوە هاتین بۆ کەرکوك لە فڕۆکەکەدا پێی وتم: ئەو ئایەتەت لەبەرە (**كَمْ تَرَكُوا مِن جَنَّاتٍ وَعُيُون***..)، وتم: نەخێر، وتی: کە گەیشتینە سلێمانی بیدۆزەرەوە بۆم بۆ ئەوەی بیکەم بە سەرەتای وتارەکەم لە کەرکوك، ئایەتەکە ئەمەبوو: (**كَمْ تَرَكُوا مِن جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ* وَزُرُوعٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ* وَنَعْمَةٍ كَانُوا فِيهَا فَاكِهِينَ* كَذَلِكَ وَأَوْرَثْنَاهَا قَوْماً آخَرِينَ* فَمَا بَكَتْ عَلَيْهِمُ السَّمَاءُ وَالَرْضُ وَمَا كَانُوا مُنظَرِينَ**) (الدخان: ٢٥ ـ ٢٩).

کاتێك گەڕاینەوە کەرکوك ئێوارە کاتی عەسر بوو، دانیشتوانی شارەکە هەموو هاتبوون بۆ یاریگەی گەل وەستابوون بۆ پێشوازی، لەو کاتەدا عەبدولسەلام عارف سەرکەوت، سێ جار بانگی لێکردم بۆ ئەوەی ئەو ئایەتانەی بدەمێ تا بیانکات بە سەرەتای وتارەکەی، منیش لەو کاتەدا بیرم کەوتەوە، بۆیە خۆم کرد بە نێو مەلاکاندا تا نەمبینێ، لە

پاشا تۆزێکی لەبەربوو کردنی بەسەرەتا، کاتێك کە گەڕاینەوە بەغدا لـە نێـو فڕۆکەکـەدا نەیدا لەڕووم.

لە پاش گەڕانەوەی ئێمە لە سلێمانی شێخ موحەممەدی خەتیب هات بۆ بەغدا، بۆ ئێزگـە بۆ لای من، وتی: بمبە بۆلای عەبدولسەلام عارف، وتم: عەبدولسەلام زۆر سەری قالە ئـەبێ لە پێشدا داوا بکەم لە عەبدوللا مەجیدی سکرتێری کاتمان بۆ وەرگرێت، وتی: نامەیـەکی بۆ ئەنووسم بیدەرێ، وتم: چی ئەنووسیت؟ وتی: داوای لێ ئەکەم لە وتارێکی گشتیدا خـۆی باسی من بکات بلێ ئەوە عایدی منە، بۆ ئەوەی دانیشتوانی سلێمانی وازم لـێ بێـنن، وتم: ئەم داواکردنەت زۆر بێ جێیە، چونکە هیچ پەیوەندییەکی کۆنت لەگەڵ ئـەو پیـاوە نییـەو ناتناسێتو لەگەڵت دانەنیشتووەو خزمایەتیت لەگەڵی نییە، جگە لەوە ئـەمڕۆ ئـەم پیـاوە وەك سەرۆکی عێراق وایە چۆن لە وتاری خۆیدا باسی تۆ بکاتو بڵێت ئەمە عاییدی منـە؟ لەبەر ئەوە ئەتوانیت داوایەك پێشکەش بکـەیت مـن ئەیـدەم بـە سـکرتێرەکەیو بیبینـە، ئەویش ئەوەی نووسی منیش دام بە سکرتێرەکە، ئیتر نازانم بەکوێ گەیشت؟

هەر لەو سەردەمەدا وەفدێك لەلایـەن شۆڕشـگێڕانی عێراقـەوە ئامـادەکرابو سـەردانی یەکیەتی سۆڤیەت بکات، کە منیش ئەندامی ئەو وەفدە بووم، بـەڵام جـەنابی شـێخ محمـد لەڕێگای هەندێ کاربەدەستەوە توانیبـووی خـۆی بخزێنێتـە نـاو ئـەو وەفـدەو جێگـای مـن بگرێتەوە، وەك ئەوەی یەکێك بێت لە شۆڕشگێڕان.

هەروەها لە پاش چەند ڕۆژێك ئەو مامۆسـتایەی کـە بـوو بـە هـۆی ئـەوەی سـلێمانیم لەبەرچاو بکەوێ و بە جێی بێڵم، هات بۆ لام بۆ ئێزگە وتی: من لە سلێمانییەوە بۆ لای تـۆ هاتووم، وتم: زۆر سوپاست ئەکەم، زۆر ڕێزم گرت، کردەوەکانی سلێمانیم نەدایەوە بە ڕوویدا، لە پاشا داوای لێکـردم بیبـەم بـۆ لای عەبدولسـەلام عـارف، منـیش وتم: عەبدولسـەلام وتویەتی کەس نەهێنی بۆ لام، بەو جۆرە ئەویشم ڕەوانەکرد، مرۆڤ ئەبێت چاوی لە پاشـەڕۆژ بێت لە هەموو کردارو وتارێکدا، ئیمامی عەلی خوای لێی ڕازی بێت فەرموویەتی: "ئەگەر دۆستایەتیت لەگەڵ یەکێك کرد بە شی دوژمنایەتی تیا بهێڵـەرەوە، ئەگـەر دوژمنایـەتیت لەگەڵ یەکێك کرد بەشی ئاشتی تیا بهێڵەرەوە".

شەڕ لەسەر کورسی دەسەڵاتی نێوان عەبدولسەلام و عەبدولکەریم

لە سەرەتای شۆرشەوە عەبدولسەلام دەستی کرد بە پیلان گێڕان لە دژی عەبدولکەریم قاسم، بۆ ئەوەی ئەو لا بباتو خۆی بچێتە سەر کورسییەکەی.

عەبدولسەلام عارف رۆژی شەممە (٢١)ی مارسی ١٩٢١ ریککەوتی (١٢)ی مانگی رەجەبی ١٣٣٩ک، لە بەغدا لە دایکبووە. سالی ١٩٣٣ لە کۆلیجی عەسکەری وەرگیراوە، لە پیش تەواوکردنی پلەی ئامادەیی لە سالی ١٩٣٩ لە کولیجی عەسکەری دەرچووە، بەشداری کرد لە بزووتنەوەی رشید عالی کەیلانی ١٩٤١. لە سالی ١٩٤٤ تاوانبار کرا بە دروستکردنی حزبێك لە دژی مەلیك بەلام هیچی لەسەر نەدۆزرایەوە. لە سالی ١٩٤٩ لە کۆلیجی ئەرکان وەرگیراوە، لە (٢٣)ی ئیساری ١٩٥٤ دەرچووە. ناونیشانی نامەی دەرچوونی (اطروحة) (ثورة الزنوج) بوو. لە ٣٠ ٩ ١٩٥٤ کاتیك (مقدم الركن) بوو کرا بە ئامیر فەوجی (٣) لیوای (١٩)، ئەو فەوجەی کە هەستا بە شۆرشی (١٤)ی تەممۆز لەگەل فەوجەکانی تری لیوای (١٩و ٢٠).

له ساڵی ١٩٥٦ فەوجەکەی لەگەڵ لیوای (١٩) چوو بۆ ئوردون، کاتێك کە هێرش کرایە سەر قەناتی سویس لەلایەن ئینگلیزو فەرەنساو جولەکەوە، لە پاش ئەوە کە جەمال عەبدولناسر کەناڵی سوێسی خۆماڵی کرد، لە ١٩٥٤ تا ١٩٥٨ لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم برایەکی گیانی بە گیانی بوونو بەسەری یەکتری سوێندیان دەخوارد، هەردەم لە ماڵی یەکتری نانیان ئەخوارد، زۆرکات بە نهێنی کۆ ئەبوونەوە بۆ گۆڕینی ڕژێمی عێراقو دوورخستنەوەی دەسەڵاتی ئینگلیز لەعێراق دا، هەردووکیان دوو ئەندامی زۆر ئازابوون، لە بزووتنەوەی ئەفسەری ئازادیخوازەکان بەسەرۆکایەتی فەریق روکن نەجیب ئەلروبەیعی، ڕۆژی (١٠)ی تەمموز کۆبوونەوەیەکی گەرمیان کرد لەگەڵ ئەندامەکانی تردا بۆ دانانی ڕێگەو هەستان بە شۆڕشی (١٤)ی تەمموز، بەیانی ڕۆژی شۆڕش یەکەم بەیانی خوێندەوە بۆ گەلی عێراق، لە بەیانەکەدا ڕژێمی کۆماری عێراقی ڕاگەیاند، لە جێگەی ڕژێمی پاشایەتی، لە هەمان ڕۆژدا عەبدولسەلام عارف کرا بە جێگری سەرۆك وەزیرانو جێگری سەرۆکی هێزە چەکدارەکان کە (عەبدولکەریم قاسم)بوو، بوو بە وەزیری ناوخۆ بە وەکالەت.

عەبدولسەلام دەمێك بوو سەری ئەخورا بۆ یەکێتی عەرەبی، ئەمەش بوو بە هۆی ئەوە لە پاش بەسەرچوونی (٤) ڕۆژ بەسەر شۆڕشدا واتە ١٨ی تەممووزی ١٩٥٨ چوو بۆ سوریا بۆ لای جەمال عەبدولناسر، کە سەرۆکی یەکێتیی میسرو سوریا بوو، (الجمهورية العربية المتحدة) کە تەمەنی یەك ساڵ بوون دوایی تێکچووەوە.

بە گەیشتنی بۆ لای جەمال عەبدولناسر داوای کرد کە عێراقیش بخرێتە سەر میسرو سوریا لەو یەکێتیەدا، جەمال عەبدولناسر پیاوێکی هەڵشە نەبوو لە سیاسەتدا تێگەیشتووبوو، پێی وتبوو ئەم کارە بە پەلە ناکرێت ئەبێ بیری لێ بکەینەوە لە هەموو ڕوویەکەوە، لە پاش ئەوە عەبدولسەلامیان بردە کۆشکی میوانداری لە دیمەشق، صدیق شنشل خۆی گەیاندبووە لای جەمال عەبدولناسر بۆ ئەوەی پێی بڵێت بە قسەی عەبدولسەلام هەڵنەخەڵەتێ، پێی وت شۆڕشی عێراق لەم کاتەدا شتێکی گەورە بوو بۆ عێراقو عەرەب، ئێستا دوو کەس حوکمڕانی عێراق دەکەن یەکێکیان نیوە شێتە عەبدولسەلام عارف، ئەوەی تریان نیوە ژیرە عەبدولکەریم قاسم.

بۆ ئێوارە لە کاتی نانخواردندا عەبدولسەلام عارف لەبەردەمی جەمال عەبدولناسرو میوانەکان بە توندی هێرش دەباتە سەر عەبدولکەریم قاسم، وتی: ئەم پیاوە بە زۆر خۆی کرد بە سەرۆك، باری ناوخۆی عێراق ئەوە هەڵناگرێت کە عەبدولکەریم قاسم ئەو

لێپرسراوێتیەی بدرێتێ، لەبەر شیعەو کورد، شایەنی باسە عەبدولکەریم قاسم یەکەم کەسێ بوو لە مێژووی عێراقدا کە ببێ بە هۆی ئەوەی دەستووری عێراق دان بەمافی کورددا بنێت، بڵێت: (العرب والاكراد شركاء في هذا الوطن).

جەمال عەبدولناسر زۆر سەرسام ما لەم هێرشەی عەبدولسەلام بۆ سەر عەبدولکەریم، زیاتر باوەڕی کرد بە ڕاستی قسەکەی (صدیق شنشل)، زانی کە ئەم پیاوە جێگەی باوەڕپێکردنو متمانە نییە.

کاتێك باسی یەکێتی عێراق لەگەڵ میسرو سوریادا هاتە پێشەوە، وتی: من بۆ هەموو یارمەتییەك ئامادەم، بەڵام ناتوانم بەڵێن بدەم بۆ هەستان بەم ئیشە، ئەم کارە ئەبێ لەسەر بڕیاری گەل بکرێت، بیروڕای گەلی عێراقو میسرو سوریا وەربگیرێت، هەڵبژاردنێکی گشتی بکرێت بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا هەر ئیشێك ئەکرێت تێك نەچێت.

ڕۆژی ١١/٩/١٩٥٨ عەبدولکەریم قاسم کە سەرۆك وەزیرانو لێپرسراوی هێزە چەکدارەکان بوو، فەرمانی دەرکرد بە لابردنی عەبدولسەلام عارف لە جێگری سەرۆکی هێزە چەکدارەکان.

ڕۆژی ٣٠/٩/١٩٥٨ عەبدولکەریم داوای کرد کە عەبدولسەلام بچێت بۆ لای، کاتێك ڕووبەڕوو بوونەوە هەریەکەیان هۆی ئەم تێکچوونەیان خستە سەرشانی ئەوی تر، لەو کاتەدا عەبدولسەلام دەمانچەکەی خۆی دەرهێنا، لەپڕ دەستیان گرتو دەمانچەکەیان لەدەست وەرگرت.

عەبدولکەریم تاوانباری کرد بەوەی کە دەیویست ئەو بکوژێت، بەڵام عەبدولسەلام وتی: مەبەستم تۆ نەبوو ویستم خۆم بکوژم، ئەو ڕۆژە لە کاتژمێر (١١)ی بەیانییەوە تا کاتژمێر (١٠)ی شەو لە ژوورەکەی عەبدولکەریم قاسم بەشەڕە قسە بردیانە سەر، لەپاش هەفتەیەك عەبدولکەریم قاسم فەرمانی دەرکرد عەبدولسەلامی کرد بە باڵیۆزی عێراق لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لە بۆن.

شەوی ٣-٤ی/١١/١٩٥٨ عەبدولسەلام عارف بەبێ ئاگاداری عەبدولکەریم قاسم کاتژمێر دووی شەو بە فڕۆکەیەکی عێراقی گەڕایەوە بەغدا، بەیانی ١١/٤ چووە ماڵی خۆیان.

شایەنی باسە لە پاش ئەوەی عەبدولسەلام کرا بە باڵیۆزی عێراق لە ئەڵمانیا، فەوجەکەی کە لە ئێزگە بووین دەریان کردین، لەوێوە ناردیانین بۆ دەرەوەی شار لە نزیکی

ئەبو غریب، هەر لەوێ ماینەوە، پاش ماوەیەك فەوجەکەیان چەك کردوو بە شەمەندەفەر ناردینیانەوە بۆ جەلەولا، لەو کاتەدا کە لە ئەبوغریب بووین ئامری فەوجەکە (مقدم حسن عبود) بوو کە لە کومونیستەکان بوو، پیاویکی نیشتمان پەروەرو زور ژیرو هیمن بوو، ئەو شەوە عەبدولسەلام گەرایەوەو ئاشکرا بوون سوپا هەموو هیزەکانی لە بەغدا خستە ئامادە باشییەوە، چونکە واچاروەروان ئەکرا عەبدولسەلام پیلانیکی هەبیت لەگەل ئەوانەی لەگەلیدان بۆ هەستان بە کودەتایەك دژی عەبدولکەریم قاسم. جا لەبەر ئەوە ئامر فەوج (مقدم حسن عبود) ئەوەی پیویست بوو کردی، تەنها چەند کەسیك لە فەوجەکەدا پشتی پیّ بەستن‌و کاری پیّ سپاردن، بە نهینی ئەفسەرەکانەوە لەگەلّ من‌و کاك نوری رەشید کۆبووەوە، پیّی وتین ئەم شەو عەبدولسەلام ئەکەریتەوە بو بەغدا نیازی خراپی هەیە، ئەمەویت لە رووی دلسوزییەوە بە ئیوەو هەموو کوردیك بلیم کە بیروباوەری عەبدولسەلام بەرامبەر بە کورد زۆر خراپە، هیچ جورە مافیك نادات بە کورد، دەلیت کوردەکان لە بنچینەدا عەرەبن، ئینجا ئیوەش دەبیت دلسوزانە لیپرسراویتی بخەنە سەرشانتان لەگەل دلسۆزو نیشتمانپەروەرکانی تر بو ئەوەی ریگە نەدەین حوکمی ئەم نیشتمانە بکەویتە ژیر دەستی عەبدولسەلام.

لەبیرم نەماوە کاك نوری رەشید چ شتیکی پی سپیردرا بوو، بەلام من لەگەلّ (مدرعە)یەك رۆیشتم تا بەیانی ئەمسەرو ئەوسەری ئەبو غریبمان کرد، ئامیریکی بیتەلی تیدابوو بۆ ئەوەی هەر رووداویك بوو بە کورحی ئاکاداری بکەین، ئەو شەوە یەکیك بوو لە شەوەکانی ژیانم کەهەتا بەیانی یەك چرکە خەو نەچووە چاوم، هەر دوو کیلومەتر دەرۆیشتین مودەرعەکەم لەسەر ریکاکە رائەگرت‌و دائەبەزیم بەنیوان کوماوو درەختەکاندا ئەگەرام بۆ ئەوەی بزانم کەسیك لەم ناوەدا نییە کە پەیوەندی بە ئاژاوەوە هەبیت لەلایەنی عەبدولسەلام نیردرابیت، هیچم پی نەبوو تەنیا دەمانچەیەك نەبیت لەگەلّ چەند فیشەکیك، لەگەل ئەمەدا دوایی دەرکەوت کە هەندی لەوانەی لەگەلّ من بوون ئەو شەوە لە ژیرەوە پەیوەندییان هەبوە بە عەبدولسەلامەوە، ئەوی کردمان ئەو شەوە بە تەواوی بۆ عەبدولسەلام یان گیرابوویەوە.

پاش هاتنەوە دەرەوەی لە بەندیخانە سالی ١٩٦٢ ئەو رۆژە بەیانییەکەی عەبدولکەریم قاسم بە تاهیر یەحیای وت: کە ئەوکاتە بەریوەبەری گشتی شورتەبوو عەبدولسەلام بینە بو لام، عەبدولسەلام رازی نەبوو، وتی: من لە مالی خۆم دائەنیشم پەیوەندیم بە هیچەوە

نەماوە، هیچ پلەو پایەیەکم ناوێت، ئینجا عەبدولکەریم قاسم فەرمانیدا بخرێتە بەندیخانەوە، داوای کرد دادگایەکی سەربازی دەسەلاتی بداتێ بۆ ئەوەی دادگایی عەبدولسەلام بکات.

ڕۆژی ٥/٢/١٩٥٩ بەپێی فەرمانی ژمارە (١٣٢) لە ٩/١٢/١٩٥٨ بەپێی ماددەی (٨٠) یاسای عقوباتی بەغدایی، بە تاوانی ماددەی (٢١٤) دەلالەتی ماددەی (٦٠) بە نووسراوی سەرۆکی هێزە چەکدارەکان (عەبدولکەریم قاسم) ژمارە (١٨٤) لە ٢٦/١٢/١٩٥٨ بڕیاری دادگایی درا، بە ئەندامێتی ئەمانە:

١ـ عقید فازیل عەباس مەهداوی	سەرۆك.
٢ـ عەبدولهادی ڕاوی	ئەندام.
٣ـ عقید فتاح سەعید شاڵی	ئەندام.
٤ـ مقدم شاکر محمود سەلام	ئەندام.
٥ـ رئیس اول ئیبراهیم لامی	ئەندام.
٦ـ عقید ماجد موحەممەد ئەمین	مدعی عام.

ئیفادەی (٣٢) شاهید وەرگیرا، وە (٢٣) دانیشتنی بۆ کرا، واتە ئەم دادگایە (٢٣) جار کۆبووەوە بۆ دادگایی عەبدولسەلام، مودەعی عام وتارێکی دوورو درێژی خوێندەوە لە کۆبوونەوەی یەکەمدا بە درێژایی باسی کارە نارەواییەکانی (عەبدولسەلام)ی کردو، هەروەها باسی ئەو تاوانانەی کرد کە یاسا سزای بۆ داناوە.

<u>لە ڕۆژی دادگاکەدا ئەم بڕیارەی دەکرد:</u>

حكمت المحكمة على المجرم العقيد الركن المتقاعد عبدالسلام محمد عارف:

اولا: بالاعدام شنقا حتى الموت وفق المادة (١١) من مرسوم الادارة العراقية رقم (١٨) في سنة ١٩٣١ وبدلالة الفقرة (٦) من المادة (٢١٤) ٦٠ من قانون العقوبات البغدادي.

ثانيا: ان محكمتنا اذ تصدر حكمها بالاعدام على المجرم المذكور تود الرأفة به لامر سيادة زعيمنا العبقري وحمكته و سلطته الواردة من المادة (٢٠) من قانون معاقبة المتأمرين .

ثالثا: من التهم المسندة اليه بموجب المادة (٨٠) من قانون عقوبات البغدادي.

رابعا: بطرده من الجيش وفق المادة (٣٠) من قانون العقوبات العسكرية.

ئەم دادگایە بە نهێنی کرا، جگە لە سەرۆكو ئەندامەکانی دادگاو مودەعی عامو شاهیدەکان کەس ئاگادار نەکرا، لە پاشان بڕیارەکە ئاشکرا کردنەکەی زۆر دواخرا، چونکە جیاوازییەك پەیدابوو لە بۆچوونی ئەندامەکانی دادگادا، فەتاح شالیو عەبدولهادی ڕاوی دژی حوکمەکە بوون، بەڵام سەرۆکی دادگا (مەهداوی) سووربوو لەسەر خنکاندنی، بەڵام لە پاش ماوەیەك دادگا تۆمارکرابوو شەوێك لە تەلەفزیۆندا پیشان درا، گوێمان لە بەرگری عەبدولسەلام ئەگرت، ئەفسەرێك هەبوو کە دوای عەبدولسەلام گوێزرابووەوە بۆ فەوجەکە ناوی (عەدنان جەعفەر) بوو، کۆمۆنیستی بوو لێپرساوی ڕێکخستنی کۆمۆنیستەکانی لیوای (٢٠) بوو کە لەو کاتەدا ئامر لیواکەمان (هاشم عەبدولجەبار) بوو، ئەویش کۆمۆنیستی بوو، ئەو ئەفسەرە تازەیە پرسی وتی: "عبدالسلام کان هیچی سخیف عندما کان امر فوج مالکم؟"، یەکێك لە ئەفسەرەکان، (نقیب ثابت نعمان) وەڵامی دایەوە بەبێ ئەوەی پرسیارەکە لەو کرابێت، وتی: (بل جان اسخف). ئەمەش لەبەر ئەوەی ماستاو بکا بۆ ئامر لیواو ئەو کۆمۆنیستانەی دانیشتبوون، منیش پێم وت: (ابو ریاض)، وەڵامەکەت زۆر دوورە لە ڕاستییەوە، چونکە ئەفسەرەکانی فەوجەکە هەموو دانیشتوون ئەزانن فەوجی عەبدولسەلام هەردەم لە پشکنیندا یەکەمی لیواکە دەردەچوو، هەردەم لە هەڵسوڕاندنی بەڕێوەبردنی کاروباری فەوجەکەی لە ئامر فەوجەکانی تر زیرەکترو زاناترو ئازاتر بووە، وتم: عەبدولسەلام ئێستا بە مردوو ئەژمێررێت، چونکە وەك هەموومان زانیمان حوکم دراوە بە سەریا بە خنکاندن، ئەبوایە بتوتایە بۆ ئامر فەوجێ کەمتر نەبوو لە ئامرەکانی تر لە هەموو شتێکدا، بەڵام هی ئەوە نەبوو لە کتوپڕ سێ پلەی بەرزی بدرێتێ، (جێگری سەرەك وەزیران، جێگری هێزە چەکدارەکان، وەزیری ناوخۆ)، چونکە پلەی بەرز پیاو ئەبێت پلە دوای پلە وەری بگرێت، بە شارەزاییو تاقیکردنەوە بیگاتێ ئەگینا وەکو ئێستا عەبدولسەلامی لێدێت، هەڵەکانی تووشی سزای دەکەن.

ئەو ئەفسەرەی کە ئەم وەڵامەی دایەوە لە مولازم یەکەمەوە تا بوو بە نەقیب عەبدولسەلام یارمەتیدا لە هەموو تاقیکردنەوەیەکدا بۆ بەرزبوونەوە، بۆ نووسین بە جۆرێکی وا سوودی هەبێت بۆ بەرزبوونەوەکەی، هەمیشە هەموو هەڵەو ناتەواوییەکی دادەپۆشی.

کـاتێ هاتینـــه دەرەوە دەســـتی گـــرتم وتـــی: بۆچـــی سەرزەنشـــتت کـــردم لـــه بـــەردەمی ئەفسەرەکاندا؟ نازانیت هەمـوومـان منـدالّمان هەیـەو ئەمانــە ئـەتوانن نانمـان بـبڕن، وتم: پرسیارەکه له تۆ نەکرا، بۆچی وەلاّمتدایەوە؟ که وەلاّمت دایەوە بۆچی زۆر ڕۆیشتی؟

ڕۆژ ڕۆیشتو ڕۆژ هات، عەبدولسەلام عارف له پاش کودەتای (١٩٦٣) کسرا بەســەرەك کۆماری عێراق، بۆ یەکەمجار له پێش ئەوەی کۆشکی کۆماری تەواو بێت عەبدولســەلام لــه (بلاط) له جێگای مەلیك دادەنیشت، ڕۆژێك بە بەردەم بیلاطەکەدا ئەڕۆیشتم، لەپڕ تووشی ئەم ئەفسەرە بووم لەبەردەگاکەدا، تەماشام کـرد هـەموو گیـانی بـووە بـەئاو کـە بەپەلـە هاتبوو، لەو کاتەدا پێی وتم: (أبو محمد) تۆ نەچوویت بۆلای ئەبو ئەحمەد (عەبدولسـەلام)؟ وتم: کاتێك لە بەندیخانە بەربوو هاتە دەرەوە هیچ کامتان لە ئەفسەرەکانی فەوجەکەی نەتان وێرا بێن بۆلای من ڕۆژی یەکەم چووم بۆلای، بە خێزانەوەو چەند جاریکی تریش، ئێستا لەو پلەیەدایە هەتا نەنێری ناچم بۆلای، ویستم پێی بڵێم ئەمەت لەچیو ئـەو قسـانەت لـەدژی لەچی؟ که بە هەناسە بڕکێ هاتبوو بۆلای ئەبو ئەحمەد، بەلاّم لەبەرئـەوەی ئـەمجۆرە خوانــە زۆرترین خەلّکی عێراق خوی پێوە گرتووەو زۆر باوە وازم لێهێناو ئەویش ڕۆیشت بۆلای.

بەربوونی عەبدولسەلام لە بەندیخانە

ساڵی ١٩٦٢ عەبدولکەریم قاسم لە عەبدولسەلام خۆشبوو، بڕیاری ئەنجومەنی سیادە کە رۆڵی سەرۆك کۆماری عێراقی ئەدی دەرچوو بە لێبوردنی لەو سزایەی کە درابوو لە سەریان، عەبدولکەریم بۆ خۆی رۆیشت لە بەندیخانە هێنایە دەرەوە، (بەندیخانەی ژمارە یەك لە سەربازگەی رەشید) بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی هێنایە ماڵەوە، هەروەك لەمەوپێش باسم کرد کاتێك لە ئێزگە خەفەر بووم کاتژمێر یەکی شەو ئۆتۆمبێلە سەربازییەکەم راگرت بینیم فەرشەکانی ماڵی صەباحی نووری سەعیدی تیابوو، دەیانبرد بۆ ماڵی عەبدولسەلام، کاتێك عەبدولکەریم دەیبینێت ئەڵێ ئەم فەرشە جوانەتان لەکوێ بوو، ئەویش ئەڵێ پیاوێکی میسری لە بەغدا بوو کاتێك گەڕایەوە بۆ میسر شتو مەکی ماڵەکەی فرۆشت، دایکی ئەحمەد ئەم فەرشانەی لێ کڕیبوو کاتێ من لە بەندیخانە بووم.

رۆژی دووەمی هاتنە دەرەوەی عەبدولسەلام عارف، شەو چووم بۆ ماڵی بۆ لای، پێیان وتم: لە وەزارەتی بەرگرییە، رۆژی سێیەم پاش تەواوبوونی خوێندنی ئێوارەمان کاتێك قوتابی بووم لە کۆلیجی یاسا، لەوێوە دووبارە چووم بۆ ماڵیان، تەماشام کرد زووری میوان پڕە لە پیاوە گەورەکانی بەغدا. گەیشتمە دەرگاکە هەستایەوە هات ئەم لاو ئەولای ماچکردم، تەماشای دانیشتووەکانی کردو وتی: (هذا مجاهد)، پێم وت: دوێنێ هاتم بۆلات وتیان لە وەزارەتی بەرگرییە، بە هێواشی وتی: "انی ما اجوز من الدفاع ومن اهل الدفاع".

پاش ماوەیەك جارێکی تر چوومەوە بۆلای داوای لێکردم ئەو نووسراوانەی کە زووتر نووسیبووم من لە بابەت شۆڕشی (١٤)ی تەمموزەوەو پێش شۆڕش کە زۆرتری نووسینەکان پەیوەندی بەوەوە هەبوو بینێرم بۆ لوبنان بەناوێکی نادیارەوە چاپ بکرێنو بڵاوی بکەنەوە، وتم: بە زمانی کوردی نووسیوومن، وتی بیکە بە عەرەبی، وتم: ئێستا خەریکی خوێندنم مەگەر لە پشووی هاویندا بیکەم.

جارێکی تر پاکەتێك شیرینیم برد لەگەڵ دایکی موحەممەد چوین بۆ ماڵیان لەگەڵ خۆیو خێزانەکەی تێکەڵاویمان هەبوو، شەو چووین بۆ ماڵیان، ئەمجارەش دووبارە داواکەی بیر خستمەوە.

جارێکی تر کە چووم بۆلای زۆر بەڕوویەکی ترشو گرژەوە تەماشای کردم، بە ساردییەکەوە بەخێرهاتنی کردم، منیش وامزانی لەبەر نووسراوەکەیە، تۆزێك دانیشتمو

دوایی ماڵئاوایم لێکرد، بڕیارمدا تا ماوم نزیکی نەکەوم، دوایی بۆیان گێڕامەوە یەکێك لەو سەربازانە کە ئەو شەوە لەگەڵم بوون لە ناو (مدرعەکەدا) لە ئەبو غرێب هەموو شتەکانی بۆ گێڕابووەوە.

کاتێك بوو بە سەرۆك کۆمار، لە ساڵی (١٩٦٣) لە پاش کودەتاکەی لە دژی عەبدولکەریم قاسم، منیان گرت، بە تاوانی کوردایەتی، دیارە من کوردم، هەتا بمێنم دڵسۆزی کوردم، هیچ کاتێ شتێکم نەکردووە دژی بەرژەوەندیی ئەم گەلە بێکەسە ستەم لێکراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا هیچ کات نەبووم بەلایەنگیری حزبێك.

هەرچۆن بێت دووجار تاوانبار کرام بە پارتی و گیرام. سەرۆکی ئیمامەکانی سوپا (تۆفیق زین العابدین) زۆر خۆشی دەویستم کاتێك کە گیرام لە ئابی (١٩٦٣) چوو بۆ لای سەرۆك کۆمار عەبدولسەلام عارف پێی وتبوو: مستەفا گیراوە، کە ئیمامی تۆیەو نزیکەی شەش ساڵ لەگەڵت بووە، لەبەر ئەوە داوا دەکەم فەرمان بدەیت کە ئازاد بکرێت، ئەویش وتبووی: (یستاهل لانه انحرف الی البارزانیین)، واتە: شایەنی ئەوەیە بگیرێت، چونکە ڕێگەی چەوتی بەرزانییەکانی گرتووە، منیش لەو ڕۆژەوە بێ وەفایی ئەوم بۆ معلوم بوو.

لە ساڵی ١٩٦٤ بە بۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ئاهەنگێکی گەورە کرا لە یانەی ئەفسەران لەلایەن سوپای عێراقەوە، ئەویش کە سەرۆك کۆمار بوو داوایان لێکردبوو کە بەشداریی بکات لەو ئاهەنگەدا، کاتێك هات خۆیی و لەگەڵ سەرۆك وەزیران (ناجی تالیب) ئەو هەموو دانیشتوانە چوون بە پیریەوە من لە جێگەکەی خۆم هەڵنەسام، کاتێك دانیشت ناوبەناو تەماشایەکی دەکردم نازانم لە دڵیدا چی دەوت.

کورتە باسێکی عەبدولکەریم قاسم

عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩١٤ لەدایك بووە، لە گەڕەکی (مهدیە)، باوکی لە شێخەکانی عەشیرەتی زەبیدە، دایکیشی لە شێخەکانی عەشیرەتی (تەمیم)ە، دوو برای هەبووە، واحید کە لە بازرگانیدا ئیشی ئەکردو عەبدوللەتیف کە نائیب زابت بوو لە جەیش، هەر بە نائیب زابتی مایەوە هەتاکو شورشی (١٤)ی ڕەمەزانی ساڵی ١٩٦٣. دوو خوشکی هەیە (ئامینە)، کە ژنی موحەممەد صالحەو نەجیبە کە ژنی کوڕی پووری بوو لیوا (عەبدولجەبار جواد)، مامێکی زابت بوو، ناوی نەقیب عەلی ئەفەندی موحەممەد ئەلبەکر، کە لە ساڵی (١٩١٧)دا لە شەڕی جیهانی یەکەمدا شەهید بوو.

باپیری شەشەمی عەبدولکەریم قاسم لە یەمەنەوە هاتووە بۆ بەغدا، کاتێك کە عەبدولکەریم تەمەنی هەشت ساڵ بووە، باوکی (قاسم) لە بەغداوە چووە بۆ (صویرە)، واتە ساڵی ١٩٢٢، لەگەڵ هەموو خێزانەکەیدا، باوکی ئەو کاتە دارتاش بووە، لەوێ

عەبدولکەریم چووەتە قوتابخانە، تا پۆلی چوارەمی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٢٦ باوکی گەڕایەوە بەغدا لە گەڕەکی (مهدیە) لە قنبر علی دەستی کرد بە بازرگانی و وازی هێناوە لە دارتاشی.

ساڵی ١٩٣١ عەبدولکەریم قاسم ئامادەیی تەواو کردووە بووە بە مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەی (شامیە) بۆ ماوەی ساڵێك، پاشان چووەتە کۆلێجی سەربازی لە ١٩٣٤/٤/١٥دا بووە بە (ملازم) لە سوپای عێراقدا، دامەزراوە لە پرۆژەی حلە.

لە رۆژی ١٩٤٠/١/٢٤ چووە بۆ کۆلێجی ئەرکان، لە رۆژی ١٩٤١/١٢/١١ دەرچووە بە ئەنجامی (أ) دوو ساڵ.

نەقیب رۆکن عەلائەددین موحەممەد مامۆستای عەبدولکەریم لە کۆلێجی ئەرکان ئەڵێت: عەبدولکەریم زۆر بە پاکیو دڵسۆزی ئەرکی سەرشانی جێ بەجێ ئەکرد لە کاتێکدا کە لەژێر ئامرێکی بەهێزدا ئیش بکات.

ناوبانگ دەرکردنی عەبدولکەریم قاسم لە فەلەستین:

لە مانگی مایسی ساڵی ١٩٤٨ سوپای عێراق چوو بۆ فەلەستین بۆ رزگارکردنی فەلەستین، لەو ڕووەوە باسی ناوبانگی عەبدولکەریم قاسم ئەکەین لە شەڕی ساڵی ١٩٤٨ەوە سوپاسنامەیەکی بۆ هات لە لایەن سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی عێراقەوە لە فەلەستین، ئەمە دەقی بروسکەکەیە کە بۆی هات، لە سەرکردەی هێزە چەکدارەکانی عێراقەوە لە فەلەستین:

بۆ/ ئامری رەتلی مجامع (ف١ ل١)موقەددەم روکن عەبدولکەریم قاسم لە کفر قاسم، پیرۆزبایی ئەکەم لەو هەموو ئازایەتیو چاونەترسییە پیاوانەیەتان، هەروەها ئازایەتی ئێوە لەو کارانەی کەپێتان سپێرراوە جێبەجێتان کردووە دژی هێرشی دوژمنتان کردو گەڕانەوە ئەو جێگایانەی کە داگیر کرابوون،؟ زۆر زیانیان دا بە دوژمن، سوپاکەمانو ئەم ئیشەی ئێوە بوون بەهۆی ئەوە کە دوژمن بکشێتەوە بە شێوەیەکی ناڕێکو پێك ڕابکات، جێگەکانی خۆی بەجێ بهێڵێت.

ئەو ڕۆژەی بۆی ئەگەڕا هاتە دی:

لە ١٣/١٢/١٩٥٣ فەرمان دەرکرا بە دانانی عەقید ڕوکن (عەبدولکەریم قاسم) بە ئامر لیوای (١٩) لە سەربازگەی (منصوریە)، ئەم پلەیە ماوەیەکی زۆربوو خەوی پێوە ئەبینی، لەم کاتەدا نوری سەعید پەیوەندی زۆر باشبوو لەگەڵیداو لە کاتی هێرشی سێ قۆڵی (العدوان الثلاثي) لە ساڵی ١٩٥٦دا (لیوای ١٩) ڕۆیشت بۆ ئوردن، لەم کاتەدا عەبدولکەریم قاسم کە ئامری ئەم لیوایە بوو هەموو جوڵەیەكو هەنگاوی گرنگی کرد لەگەڵ ئەفسەرە ئوردونییەکانو سورییەکانو داوای لێکردن کە بە هەموویانەوە هەوڵبدەن بۆ گۆڕانکاری لە وڵاتانی عەرەبداو دوورخستنەوەی کۆلۆنی ئەمریکیو ئینگلیزی.

عەبدولکەریم لە ئازایەتی عەبدولسەلام عارف قازا نجی کرد:

برایەتی عەبدولکەریمو عەبدولسەلام کۆنە، هەر لە کۆلێجی سەربازییەوە بوو کاتێك کە عەبدولکەریم ئامر فەصیلە بوو لە کۆلێجو عەبدولسەلام قوتابی بوو. لە پاشان لە لیوای (٧) لە بەسرە پاش شۆڕشی مایسی ١٩٤١ لەو کاتەدا عەبدولکەریم موقەددەم لیوای حەوتو عەبدولسەلام ئامر فەسیل بوو لە فەوجی مەشقو هەموو ڕۆژ پاش دەوام بە یەکەوە کاتیان بەسەر ئەبرد لە بەسرە، ئەم دوو کەسە هەر لەو کاتەوە حەزیان لە سیستەمی کۆماری بوو هەوڵی سەرکردایەتییان ئەدا، هەردووکیان شارەزایی خاڵی بەهێزو بێهێزی یەکتر بوون.

لە پاش ئەم ماوەیە لە (بەڕێوەبەرێتی مەشقی سەربازی) یەکیان گرتەوە لە لقی (تمارین ومناورات) بوون بە یەكو بەیەك ئامانج، پاش ئەوەش لە لیوای(١٩/٧) ئیشیان کردووەو عەبدولکەریم ئامر لیوا بوو، عەبدولسەلام ئامر فەوج بوو (ف٣)، لەو کاتەدا لیواکە لە (مەنصوریە) بوو فەوجی (٣) لە جەلەولا، بە هەمیشەیی یەکتریان بینیوە، زۆرجار عەبدولسەلام دەستی دەخستە کاروباری (لیوا)وە بەڵام عەبدولکەریم قاسم قسەی نە ئەکرد، چونکە پێویستی هەبوو بە عەبدولسەلام، بەڵام عەبدولکەریم زیاتر بێدەنگ بوو، شتی ئەشاردەوە تاکو عەبدولسەلام لە ساڵی ١٩٥٧دا هێزی ئالی هەڵوەشا لە جەلەولا، لە شوێنیدا لیوای (٢٠) پێکهێنرا، مەقەڕی هێزی ئالی کرا بە مەقەڕی لیوای (٢٠)، نازم تەبەقچلی کرا بە ئامری لیوای (٢٠)و تەها یاسین بوو بە ئامری (ف١، ل٢٠) وە (ف٣،

ل١٩) بوو به (ف٣، ل ٢٠)، موقەددەم ڕوکن یاسین موحەممەد ڕەئوف بوو بە ئامری بە وەکالەت، لەم پێکهاتنە تازەیەدا عەبدولسەلام ڕۆڵی باشی بینی، دەستی کرد بە ڕێکخستنی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان لە هەردوو (لیوای ١٩و ٢٠)، عەبدولکەریم قاسم پیرۆزبایی لیّ ئەکرد، چونکە لە بەرژەوەندی هەردوولا بوو، لەم کاتەدا ئامری (ف١، ل ٢٠) عەقید ڕوکن تەها یاسین گوێزرایەوە لە هەمان کاتدا (نازم تەبەقچلی) ئەویش گوێزرایەوە، کەسیان دانەنا لە شوێنەکەیدا، عەبدولسەلام بوو بە وەکیلی ئامر لیوا، کۆنترۆڵی لیواکەی گرت بە دەستیەوە، دەستی کرد بە مەشق کردن لە دەرەوەی لیواکەو سەربازگەکە.

لەم کاتەدا عەبدولسەلام بوو بە دووبەرەکانی لەگەڵ یەکێك لە ئامیر فەوجەکان لەسەرمەشقکردن، ئەم ئامر فەوجە نامەیەکی بە دزییەوە نارد بۆ قائید فرقە، غازی داغستانی، لەم کاتەشدا مەقەرِی گشتی داوایان کرد لیوای (٢٠) ئامادە بێت بۆ ڕۆیشتن بۆ ئوردون، جا ئەم (ئامر فەوجە) زۆر شتی لە نامەکەدا نووسیبوو بۆ قائید فیرقە، تیایدا باسی کردووە کە چۆن عەبدولسەلام جوێن ئەدات بە ڕژێمو ئەفسەرەکان هان ئەدات لە دژی ڕژێمو هەوڵئەدات عێراق بکات بە (کۆماری) لەگەڵ میسر بێت.

هەر لەنامەکەدا نووسیبووی کە ئەم پیاوە دینو نەتەوایەتی دەکات بە پاڵ پشت بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی، لە کۆتاییدا داوای کردبوو کە بەزووترین کات (عەبدولسەلام) دەربکرێت لە پلەی ئامیر لیوا، چونکە زۆر مەترسی هەیە بۆ بەرژەوەندی وڵات.

پاش ئەم نامەیە ڕۆژی ٩/٦/١٩٥٨ پێش شۆڕشی (١٤)ی تەمموز بە پێنج هەفتە فەرمان دەرچوو بە دانانی زەعیم ڕوکن ئەحمەد حقی موحەممەد عەلی بە ئامر لیوای (٢٠)، هەروەها دامەزراندنی (ئەحمەد حقی) تۆزێك جێگەو دەسەڵاتی عەبدولسەلامی لاواز کرد، بەڵام ئەوەندەی نەبرد کە عەقید عەبدوللەتیف ئەلدراجی بوو بە ئامر لیوای (٢٠) ئەمە بۆ عەبدولسەلام زۆر باش بوو، چونکە عەبدوللەتیف لە ئەفسەرە ئازادیخوازەکان بوو، هاوڕێی عەبدولسەلام بوو، بەجۆرە عەبدولسەلام دەسەڵاتی زیاد بووەوە بەسەر لیوای (٢٠)داو شۆڕشی (١٤)ی تەمموزی ئەنجام داو عێراقی کرد بە کۆماری.

کۆتایی عەبدولکەریم قاسم:

سەعات نۆ و (٣٠) دەقیقەی سەر لە بەیانی ڕۆژی هەینی (٨/ شوباتی/ ١٩٦٣) سێ فڕۆکە ڕوویان کردە سەر وەزارەتی بەرگریو سەربازگەی ڕەشید، یەکێك لە فڕۆکەکان جۆری (هنتر) بوو، (منذر الونداوي) فڕۆکەوانی بوو، دوو فڕۆکەکەی تر جۆری (مێگ ١٧) بوون، فڕۆکەوانەکانی دوو ملازمی هێزی ئاسمانی (فهد عبدالخالق السعدون)و (وائل عبدالله ڕەمەزان) بوو، دەستیان کرد بە بۆردومانکردنی مەقەڕی عەبدولکەریم قاسم لە وەزارەتی بەرگری.

وەك لە کەسانی نزیکم بیست، ڕۆژی (٧و ٨)ی شوبات ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەی هەبوو لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم، ئەم کۆبوونەوانە سەعات (١٢,٣٠) پاش نیوە شەو تەواو بوون، لە پاشان عەبدولکەریم دەرچوو لە وەزارەتی بەرگری بۆ گەڕان بەناو بەغدا، چونکە هەمیشە ئەم گەڕانەی دەکرد، ئەو شەوە چوو بەرەو ماڵی (یحیى جدە) برای (عەبدولکەریم جدە) ئامیر ئینزیباتی سەربازی کە ماڵیان بەرانبەر ماڵی عەبدولسەلام بوو، عەبدولکەریم هیچ شتێکی نەبینی کە نائاسایی بێت، پاش ئەم سەردانە سەعات (٣,٣٠)ی شەو گەڕایەوە، بۆ ماڵی خۆیو نووست، بەیانی زوو تەلەفۆن لێیدا، یەکێك بە عەبدولکەریمی وت: گەورەم کۆمەڵێك بنکەی شورتەی (مأمون)یان لە کەرخ داگیر کردووە، بە خێرا هەڵساو جلی لەبەرکردو لەم کاتەدا مورافیقی عەبدولکەریم هاتە ژوورەوە وتی: ئێزگە (بەیان) دەرئەکات، دیسان تەلەفۆن لێیدا کە عەبدولکەریم قاسم هەڵی گرت بەڕێوەبەری ئاسایش قسەی کرد، عەبدولمەجید جەلیل وتی: کودەتایە، لەم کاتەدا عەبدولکەریم بە مورافیقەکەی وت: با بچین بۆ سەربازگەی ڕەشید، تەلەفۆن بکە بۆ لیوای (١٩) کە ئامرەکەی عەمید ڕوکن فازیل عەباس خەلیفە بوو، عەبدولکەریم پێی وت: ئامادەبن ئەوا من هاتم بۆ لاتان، لەم کاتەدا زەعیم ڕوکن تەها شێخ ئەحمەد گەیشتە ماڵی عەبدولکەریم، چونکە ماڵی نزیکبوو، وتی: گەورەم با بڕۆین بۆ بەرگری ئەمانە هیچ نین، چەند کەسێکی (بەعسی)ین هیچ ڕۆڵیان نییە، عەبدولکەریم ڕازی بوو.

عەبدولکەریم دەرچوو لە ماڵەوە بەرەو وەزارەتی بەگری لە (باب الشرقی)ەوە بۆ شەقامی کۆماری بەرەو وەزارەتی بەرگری، بینی هەموو شتێك ئاساییە خەڵکەکە سەلامیان لێ ئەکردو ئەمیش وەڵامی ئەدایەوە، گەیشتە وەزارەتو چووە ژوورەکەی، پاشان چوو بۆ یانەی

ئینزیباتی سەربازی‌و بە زۆر کۆبوونەوەیەکی کرد لەگەڵیان، پلانێکیان دانا بۆ کۆنترۆڵکردنی بەغداد، بەڵام عەبدولکەریم ڕازی نەبوو بە پلانەکە، لەم کاتەدا خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە لە بەردەم وەزارەتی بەرگریدا داوای چەکیان دەکرد، عەبدولکەریم وتی: من نایکەم بە شەڕی ناوخۆ، دەستی کرد بە فەرمان دەرکردن بۆ یەکە سەربازییەکانی بەغدا، هەموویان وتیان باشە ئێمە ئامادەین بەڵام لە ئەنجامدا هیچیان نەکرد، ئینجا عەبدولکەریم تەلەفۆنی کرد بۆ لیوای (١٩)، لیواکەی خۆی‌و تەها شەکرچی‌و بە شێوەیەکی ناشیرین وەڵامی دایەوە.

عەبدولکەریم سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو کە بڕوات بۆ لیوای (١٩) بەڵام لە ڕێگای وەزارەتی بەرگری پاسەوانەکانی وتیان مەڕۆ، چونکە فڕۆکە بۆردومان دەکات، عەبدولکەریم گەڕایەوە ناو وەزارەت‌و تەلەفۆنی کرد بۆ یەکە سەربازییەکان بێن بۆ یارمەتی بەڵام کەس نەهات، تەنها ئەو کۆمەڵە سەربازەی وەزارەت شەڕیان کرد بەبێ هیچ سەرکردەیەك، جا لەمەدا دەرکەوت کە عەبدولکەریم هیچ پلانێکی باری نائاسایی دانەناوە لەگەڵ ئەوەی کە خۆی سەربازو ئەفسەر بووەو پلەیەکی بەرزی هەبوو لە زۆر شەڕدا بەشداری کردبوو.

عەبدولکەریم تەلەفۆنی کرد بۆ ئێزگەو تەلەفزیۆن، وتی: ئێستا دێم بەیان دەخوێنمەوە لەو کاتەدا بەرنامەی ڕادیۆو تەلەفزیۆن ئاسایی بوون بەڵام تەها شێخ ئەحمەد نەیهێشت بڕوات وتی: نامەیەك تۆمار بکەو بینێرە بڵاوی بکەنەوە، ئەمیش بە قسەی کردو لەسەر شریتێك وتەیەکی تۆمار کرد، دەرکەوت کە باش تۆمار نەکراوەو قسەکانی تەواو نەبوو، چونکە ئەترساو لەو کاتەدا دەنگی بۆمبارانە دەرچووبوو.

ئەمەش دەقی وتەکەیە:

سڵاوتان لێبێت ئەی ڕۆڵەکانی گەل:

ئەی ئەفسەرەکان، ئەی ڕۆڵەکانی گەل، هەندێك لە نۆکەرەکانی کۆلۆنیزم‌و خائینان ئەیانەوێت کۆمارە خۆشەویستەکەمان بڕوخێنن، بەڵام گەلەکەمان گەلی (١٤)ی گەلاوێژ ڕاوەستاوە بەرامبەریان ئازایانە، ئەی گەلی ئازای عێراق، سەرکەوتن لەگەڵتانەو ئێمە بڕیارمان داوە کە داگیرکەران نەهێڵین لەم وڵاتەدا.

ئەی ئەفسەرە ئازاکان، تۆڵە بکەنەوە لە خائینان، من عەبدولکەریم قسەتان لەگەڵ ئەکەم، من لەگەڵ هەژارەکانم هەموو کاتێ (ان شاء الله) سەرکەوتن هەر بۆ گەلی عێراقی بەشەرەفە.

ئەم وشانەی نارد بۆ ئێزگە، بەلام نەیانهێشت بلاوی بکەنەوە. لەم کاتەدا بۆردومانی فرۆکەکان زۆر بوو، ناچاری کردن کە دابەزنە خوارەوە بۆ ناو ژێر زەمین (ملجأ)، عەبدولکەریم زۆر لەسەرخۆبوو پێنەکەنیو نیشانەی ترسانی پێوە دیار نەبوو، زۆر زۆر ئارام بوو، ئەیویست وورەی دەوروپشتی بەرز بکاتەوە، ئەو ژێرزەمینەی کە تیایدابوون زۆر تاریک بوو لەبەر ئەوەی کارەبا نەبوو، چرایەکی کزیان دانابوو، عەبدولکەریم دەستی کرد بە قسەکردن بۆ ئەو کومەڵەی لەگەڵیدا بوون، کە ئەم قسانە دوا وتەی بوو:

"شۆرشی (١٤)ی گەلاوێژ نامرێو ئێمە لەسەر هەقین، ئەم ولاتەمان رزگار کرد لە داگیرکەرانو بنکەی (شوعیبو حەبانیە)مان گرتەوە، ئەم کۆمەڵە بەدەستو پاڵپشتی گەل نین پشت بەخوا لە ناویان دەبەین".

ئینجا هەموو چەپڵەیان لێدا کە دوا چەپڵەبوو.

بەیانی رۆژی (٩)ی شوباتی ١٩٦٣ عەبدولکەریم زوو ریشی تاشی، بەرۆژوو بوو، هیچ هیوای بە رزگاربوون نەما لەگەڵ ئەوەشدا بریاریدا کە شەر بکات هەتا مردن.

(یونس طائي) خاوەنی روژنامەی (الثورة) زۆر برادەری عەبدولکەریم بوو، هەولیدا لەگەڵ عەبدولکەریم وتی: خۆت بدە بە دەستەوە من هەولئەدەم لەگەڵ برادەرەکانت رزگارت بکەم، بەلام عەبدولکەریم وەلامی نەدایەوە. شەرەکە بەردەوام بوو. پاشان عەبدولکەریم تەلەفۆنی کرد بۆ کۆمەڵی کودەتاکە، وتی: من ئامادەم خۆم بدەم بەدەستەوە.

عەبدولسەلام عارف ئەگێرێتەوە ئەلێت لەم کاتەدا عەبدولکەریم لە (هۆلی گەل) بوو کە پەیوەندی پێوە کردم، وتی: "عەبدولسەلام تو برامیو من ئەو نانو خوێیەی بەیەکەوە خواردوومانە لەبیرم ناچێتەوە، برایەتی منو تو هەموو شتیکە"، ئەلێت من لە وەلامدا پێم وت: عەبدولکەریم من لاریم لەو برایەتییە نییە وەك تو دانت پیدا نا، وتم: ئەنجومەنی نیشتمانیی بریاری داوە کە خۆت بدەیت بە دەستەوە دەست بەرز بکەیتەوە وەك ئەسیرو پلەکانی سەرشانت لا بدەیت، لە پاشان عەبدولکەریم دەستی کرد بە پارانەوە لێمو وتی: سەلام، برایەتییەکەمانت لەبیر چووەوە! ئەلێت وەلامم دایەوەو وتم: من هەموو شتێکم لەبیرە، بەلام ئەمە بریاری نیشتمانە بۆ ئەوەی رزگاری بکەین لە تو.

عەبدولسەلام ئەلیت: تەلەفونی بو کردمەوە وتی: ئەمەوی ریزم بگرن، چونکە شتی زۆر گرنگم لا هەیە، بە کەلکی ئەم ولاتەمان دیت. هەوڵبدە بەلکو بچمە دەرەوەی عیراق.

لە سەعات (١٢.٤٠)ی نیوەرۆی (٩) شوباتی ١٩٦٣. تەقە کردن وەستا، لە وەزارەتی بەرگری سەربازەکانی عەبدولسەلام ناو وەزارەتیان پڕ کردەوە کەیشتنە (هولی گەل) کە عەبدولکەریمو کومەلەکەی لەوێ بوون، کە (٥) کەس بوون خویان دا بەدەستەوە، عەبدولکەریم قاسم لە پیشەوە دوو سەرباز دەستیان کرتبوو، رادیویەکی ترانزستۆری بچووك بە دەستی چەپیەوە بوو، بەدوایەوە (ئەوها شیخ ئەحمەد، قاسم الجنابی، فازیل مەهداوی، کەنعان خەلیل حەداد).

ئەم پێنج کەسە سواری مودەرەعە کران، بە پاسەوانی ئەفسەریك کە (حرس قومی) ناردنیان بۆ ئیزگە لە صالحیە بە شەقامی رەشیددا روشتن، چونکە مەقەڕی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش لە صالحیە بوو.

تیبینی: کاتی چەکدارەکانی انقلاب بەرەو دیفاع چوون بەناو خەلکدا وینەی عبدالکریم قاسمیان لی دابوو بو ئەوەی خەلکەکە ریان لی نەکرن و وابزانن کە ئەمانە بۆ هاوکاری عبدالکریم دەچنە ژوورەوە.

دادگایی عەبدولکەریم:

سەعات یەکی پاش نیوەروی روژی شەممە (٩)ی شوباتی ١٩٦٣ عەبدولکەریم قاسمو برادەرەکانی گەیشتنە ئیزگە لە صالحیە بە سواری دوو مودەرریعە، کاتێك عەبدولکەریم دابەزی، (رئیس عرفا)یەك ناوی عەزیز شەهاب بوو، چووە پێشەوە بۆیو یەك زللەی لێداو وتی: ئەمە لە جیاتی (نازم تەبەقچلی)یەو سدارەکەی عەبدولکەریم کەوتە سەر زەوی، ئەو ئەفسەرەی لەگەل عەبدولکەریم لەناو مودەرڕەعەکەدا بوو ناوی (رائید روکن صبحی عەبدولحەمید) بوون سدارەکەی هەلگرتەوەو دایە دەستی عەبدولکەریمو وتی: زۆر سوپاس، ئینجا رائیدەکە وتی بەو پیاوە پیویستی نەدەکرد وا بکەیت.

لەو کاتەدا عەبدولکەریم لەرێرەوی ئیزگەوە چووە ژوورەوە، صالح مەهدی عەماشی بینی پیرۆزبایی لێکرد لە شۆڕشە تازەکەو چوونە ژوورەوە، رائید صبحی عەبدولحەمید کورسی بۆ دانانو عەبدولکەریم زور سوپاسی کردو دانیشت.

پاش ئەوە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش هاتنە ژوورەوە (عەبدولسەلام عارف، ئەحمەد حەسەن بەکر، عەبدولستار عەبدوللەتیف، عەلی صالح ئەلسەعدیو هەندێك لە وەزیرەکان).

یەکێك لەو کۆمەڵە وتی: ئەگەر عەبدولکەریم نەکوژینو شیوعییەکان بزانن ماوە شۆڕشەکەمان سەر ناگرێت، کوشتنی پێویستەو باقی کۆمەڵەکە وتیان ڕاست ئەکەیت، کاتێ عەبدولسەلام هاتە ژوورەوە، عەبدولکەریم وتی: سەلام، من تۆم نەکوشت، تۆش من مەکوژە قازانج ئەکەیت لە من.

مەحمود شیت خەتتاب ئەڵێت: ئەم قسانەی عەبدولکەریم زۆر زۆر کاری کردە سەر عەبدولسەلام وای کرد کە نەیکوژێت، بەڵام یەکێك لە کۆمەڵەکە هاواری کرد بەسەر عەبدولسەلامداو وتی: ئەم کاتە زۆر ناسکە چاوەڕوانی چی ئەکەن، چونکە لەو کاتەدا زۆر لە خەڵك دروشمیان دەدا بەناوی عەبدولکەریم قاسمو دەوری ئێزگەیان دابوو داوای مانی عەبدولکەریم-یان دەکرد، عەبدولسەلام ناچار بوو، وتی: من یەکێکم لە ئێوە، ئێوە چی بڕیار ئەدەن بیدەن.

عەبدولکەریم ڕووی کردە کۆمەڵکەو بەخێرایی وتی: من خزمەتی گەلەکەم کردو شۆڕشمان کرد، خزمەتی هەژارم کرد خانووم بۆ کردن، ئەم چەکەی ئێوە بەکاری دێنن من هێنام، بمنێرن بۆ دەرەوە مەمکوژن، بەکەڵکتان دێم بمنێرن بۆ تورکیا.

عەبدولسەلام وتی: عەبدولکەریم هەموو ئیشەکانت لە دژی نەتەوەی عەرەبو ئیسلام بوو، عەبدولکەریم وەڵامی دایەوە وتی: من نەتەوەی عەرەبم خۆش ویستووە.

عەبدولسەلام ڕووی کردە تەها شێخ ئەحمەد پێی وت: منو کەریم نانو خوێ لە نێوانماندا هەیە، تورە ئەبین لەیەکترو ئاشت دەبینەوە، برای یەکترین. بەڵام لە نێوانی منو تۆدا چی هەیە بۆ ڕقت لە من بوو؟ یەك زللەی لێدا بە توندیو وتی: جولەکە کوڕی جوولەکە.

عەبدولکەریم پاشان داوای کرد کە دادگایی بکرێت بە شێوەیەکی یەکسانو ڕاست، عەبدولسەلام وتی: داوا ئەکەم (کوشتنی عەبدولکەریم دوا بخرێت) بەڵام وەڵامیان دایەوە وتیان نابێت هەر ئەبێت بکوژرێت، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریداوە.

دوای ئەوە هەموو دەنگیان داو هەموو دوا قسەیان کرد، عەبدولسەلام وتی: من بخەنە دواوە، لە دواییدا هەموو بڕیاریانداو عەبدوسەلام وتی: (حالی حالکم) ڕازی بوون وا

دەرکەوت کە پەیوەندی نیوان عەبدولسەلام‌و عەبدولکەریم بە هێزبوو، هەروەها ئەو قسانەی کە عەبدولکەریم کردی، وتی: "سەلام، من تۆم نەکوشت تۆش من مەکوژە". زۆر کاری کردە سەر عەبدولسەلام.

پاش دەرچوونی ئەنجومەنی شۆڕش لە هۆڵەکە سەرۆکی دادگا هاتە ژوورەوە ڕایگەیاند کە لە سێدارە ئەدرێن‌و وەسیەت بکەن. هەموو ڕەتیان کردەوەو وەسیەتیان نەکرد، کورسی (خەیزران)یان دانا بە ڕیز و، عەبدولکەریم قاسم‌و کۆمەڵەکەی دانیشتن لەسەری، دەدەم‌و چاویان بەستن، بەلام عەبدولکەریم وتی: نامەوێ دەموچاوم ببەستن، سەرۆکی دادگا داوای کرد کە شایەتمان بینن‌و ئیمان بهێنن، بەلام عەبدولکەریم هیچ قسەی نەکرد ڕەنگی زەرد بوو.

تەها شیخ ئەحمەد وتی: بژی حیزبی شیوعی، هەروەها فازیل عەباس مەهداوی بەدوایدا وتی.

ئەفسەرێك بەرامبەر هەریەکێ لەم حوکمدراوانە وەستاو فەرمانی دەکرد کە گوللەباران بکرێن، هەموویان کوژران.

سەعات (١،٣٠) پاشنیوەڕۆی شەممە (٩)ی شوباتی ١٩٦٣ بەمجۆرە عەبدولکەریم قاسم‌و حکومەتەکەی کۆتایی پێ هات.

عەبدولکەریم قاسم و هاورێکانی دوای گولەباران کردن

کورتەیەك لە ژیان و کەسایەتی عبدالسلام محمد عارف

ناوی (عبدالسلام محمد عارف)ە، روژی دووشەممە ریکەوتی ٢١/ مارسی سالی ١٩٢١ لە گەرەکی (سوق حمادە) لەبەغدا هاتوتە دنیاوە، باوکی لە عەشیرەتی (الحمیلە) بووە، کە لە شاروچکەی (عانە) لە پاریزگای ئەنبارن، دایکی ناوی (ستە)بوو، کچی (جاسم الرجب) لە رمادی.

عبدالسلام خاوەنی سی براو چوار خوشك بووە، براکانی بەناوی (عبدالسمیع) و (صباح) و (عبدالرحمن) کە دوای مردنی خوی بوو بە سەروك کوماری عیراق، خوشکەکانی بەناوی (سعدیە، نەزمیە، فەزیلە، صبیحە).

لە تەمەنی شەش ساڵیدا باوکی ناردویەتیە قوتابخانەی (دار السلام)ی سەرەتایی لە کەرخ لە بەغدا، دوای تەواوکردنی سەرەتایی چۆتە قوتابخانەی ناوەنی (الکرخ) و دوای ناوەندی مەرکەزی لە (رصافە) بەدوایدا دێت.

لە ١٩ی شوباتی ساڵی ١٩٣٨ لە کۆلیژی سەربازی وەردەگیرێت لە بەغداو لە ٧ ئاياری ١٩٣٩ کۆلیژی سەربازی تەواو دەکات بە روتبەی ملازمی دووەم و لەساڵی ١٩٤١ بەشداری کردووە لە بزوتنەوەکەی (رشید عالی گەیلانی) کە لەدژی داگیرکەری ئینگلیز بوو، لەساڵی ١٩٤٢ لە بەسرە لەگەڵ (عبدالکریم قاسم) چەند جارێك یەکتریان بینیوەو نارەزایی خۆیان دەربڕیوە بەرامبەر بە ڕژێم و زوڵم و زۆری.

لەساڵی ١٩٤٨ لەشەڕی فەلەستین بەشداری کردووە، کە ئەوکاتە مساعد ئامر فەوجی دووی لیواری چوار بووە لە دەڤەری (جنین).

لە ٣١/ ئازاری ساڵی ١٩٤٩ دەچێتە کۆلێژی ئەرکان و لە ٢٣/نیسانی ساڵی ١٩٥١ تەواوی کردوە، لە ٣٠/ ئەیلولی ساڵی ١٩٥٤ دەکرێتە ئامر فەوجی سێ، لیوای نۆزدە، کە ئەوکاتە مقدم روکن بووە.

لەساڵی ١٩٥٦ فەوجەکەی عبدالسلام حەرەکە دەکات بەرەو دەڤەری (المفرق) لە ئوردن، لەوکاتەدا کە ئیسرائیل هەڕەشەی دەکرد لە ئوردن، لە هەمان ساڵدا لەگەڵ چەند ئەفسەرێکدا ناردیان بۆ (دەورە) بۆ ئەڵمانیا بۆ ماوەی دوو مانگ.

لەساڵەکانی ١٩٥٤-١٩٥٨ عبدالسلام لەگەڵ عبدالکریم بەیەکەوە ئیشیان کردوەو رێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخوازیان بیناکردووەو خۆشەویستی و برایەتییان بەهێزتر بووە.

لە ١/٣/١٩٥٨ بووە بە ئامرلیوای بیست (بەوەکالەت) لە جەلەولا، لە هەمان ساڵدا بە یاریدەدەری لیوای بیست حەرەکات دەکات بۆ ئوردن و بەناو شاری بەغدا تێپەڕ دەبێت، لەم کاتەدا عبدالسلام چەند کۆبونەوەیەك ساز دەدا لەگەڵ ئەفسەرە ئازادیخوازەکان و بڕیاریان دا کە ئەم کاتە مەوعدی جێبەجێ کردنی شۆرشەکە بێت لە بەغدا.

بەرەبەیانی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ لیواکەی عبدالسلام (لیوای بیست) سەیتەرەی کرد بەسەر ئیزاعەی بەغداداو بەدەنگی خوی بەیان نامەی یەکەمی شورشی ١٤ی تەموزی بڵاوکردەوە و، چەندەها بەیانی تری بڵاوکردەوەو خوی بوو بە جێگری سەرۆکی وەزیران و یاریدەدەری قائیدی عامی هێزە سەربازیەکان و وەکیلی وەزیری ناوخۆ.

پاش ماوەیەکی کەم ناکۆکی کەوتە نێوان عبدالکریم و عبدالسلام و لە ٣٠/ ئەیلولی ساڵی ١٩٥٨ زەعیم بڕیاری دا بە دەرکردنی عبدالسلام لەسەر هەموو ئیشەکانی و کرا بە باڵیۆزی عێراق لە بۆن لە ئەڵمانیا، بەڵام عبدالسلام فەرمانەکەی زەعیمی ڕەفز کرد.

لە ١٩٥٨/١٠/١١ عبدالکریم، عبدالسلامی بانگ کرد بۆ لای خۆی لە وەزارەتی دیفاع و پاش چەند سەعاتێك لە قسەوباس، عبدالسلام هەوڵی دا عبدالکریم لە ژوورەکەیدا بەدەمانچەی خۆی بکوژێت، بەڵام پاش ئەم مشتومڕە، عبدالسلام بڕیاری دا بڕوات بۆ بۆن بۆ ئەڵمانیا.

لە ١٩٥٨/١٢/٤ عبدالسلام گەڕایەوە بۆ بەغدا بەبێ ئەمری زەعیم، بەڵام پاش ڕۆژێك دەستگیر کراو لە ١٩٥٩/٢/٥ بە قەراری (المحکمه العسکریه العلیا الخاصه)، عبدالسلام فەرمانی ئیعدامی بۆ دەرکرا، بەڵام زەعیم قەرارەکەی ڕاگرت و پاش ماوەیەك عبدالسلامی عەفو کرد و لە بەندیخانە دەری هێنا,

عبدالسلام چووە ماڵی خۆی، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٨/ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بەعسیەکان کودەتایان کرد لەدژی عبدالکریم و لەڕۆژی ٩/ی شوباتی ١٩٦٣ عبدالکریم کوژراو عبدالسلامیان کرد بە سەرۆك کۆماری عێراق، لەبەر ئەوەی عبدالسلام پاڵەوانی شۆڕشی ١٤/ی تەموزی ١٩٥٨ بوو.

ڕۆژی ١٩٦٣/١١/١٨ بەعسیەکانی لەناوبرد و هەموو شتێك کەوتە ژێر دەستی خۆی.

لە ١٩٦٥/٩/٢١ بە فەرمانی عبدالسلام، (د.عبدالرحمن البزاز) کرا بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ئەمە بۆ یەکەم جار بوو کە مەدەنییەك بکرێت بە سەرۆك وەزیران پاش شۆڕشەکەی ١٤ی تەموز.

عبدالسلام لە ٨/ی ئازاری ساڵی ١٩٤٥ ژنی هێناوە بەناوی (ناهیدە حسین فرید) و شەش منداڵی لێ بووە، سێ کوڕ بەناوی (أحمد و محمد و محمود)، و سێ کچ بە ناوی (وەفا و سەنا و جەلا).

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٦٦/٤/١٣، لە باشوری عێراق لە بەسرەو لە دەڤەری (النشوە) فڕۆکەکەی (عبدالسلام) دەکەوێتە خوارەوەو خۆی و هاوڕێکانی هەموویان دەستبەجێ سوتان.

بەم جۆرە عبدالسلام سێ ساڵ و دوو مانگ و شەش ڕۆژ سەرۆك کۆماری عێراق بوو، کە دەکاتە ١١٦٢ ڕۆژ.

هەموو موسڵمانێك مەرد نییەو هەموو ناموسڵمانێك نامەرد نییە

کاتێك ئیمام بووم لە نەخۆشخانەی کۆشکی (امیرة راجعة) نزیکی کۆشکی ڕیحاب، ماڵمان لە (عواضية) بوو ساڵی ١٩٦٧ ، هەموو بەیانییەك ئۆتۆمبێلێکی سوپا ئەهات بە دوای منو ئەفسەرێکی تر کە پزیشکی دەرمانسازی بوون پێیان ئەوت (ابو یعقوب)، لەگەڵ ئەم ئەفسەرە زۆر برادەریمان خۆشبوو، کاتێ نزیکی نیوەڕۆ ئەبوویەوە لە پێش نوێژدا ئەهات بۆ ژوورەکەم ئەیوت خۆت ئامادە بکە با نوێژەکە بە جەماعەت بکەین، هەمووجار پێش نوێژ چوار ڕکات سوننەتی ئەکرد، پاش نوێژیش چوار ڕکات، مانای ئەمە ئەوەیە کە ئەم پیاوە موسڵمانێکی ڕاستەقینەیە، بەڵام دیارە موسڵمانێتی هەر بە نوێژو ڕۆژوو نییە، چونکە پێویستییەکانی سەرشانی مرۆڤ بەسەدانەو زیاترە لەو نوێژو ڕووژووە.

چوار تا پێنج ڕۆژی مابوو بۆ سەری مانگ میوانمان هەبوو، دایکی موحەممەد وتی: پارەمان نەماوە شتێك ئامادە بکەین بۆ خواردنی نیوەڕۆ بو میوانەکان، وتم: ئێستا ئەبو یەعقوب دێت پێنج دیناری لێوەردەگرم، کاتێك بە ئۆتۆمبێلەکە هات لەبەردەرگا وتم: ئەبو یەعقوب چوار ڕۆژی ماوە بو سەری مانگ کە موچە وەربگرین (٥) دینارم بدرێ بەقەرز تا سەری مانگ، ئەویش ماتبوو وەك تووشی شتێکی ناهەموار بووبی وای لێهات، وتم: بۆچی واتێکچوویت؟ وتی: ئەبو موحەممەد تۆ زۆر لام خۆشەویستی، بەڵام من سوێندم خواردووە پارە بەقەرز بەکەس نەدەم.

ئەمەش لەبەر ئەوەبوو ئەم ئەفسەرە موچەکەی (١١٠) دینار بوو هەموو مانگێك (١٠٠)ەکەی ئەخستە بانکەوە تا سەری مانگ بەو (١٠) دینارە دەژیان، ژنی نەهێنابوو بە خۆڕایی لەیانەی ئەفسەرەکان دەنووستو کرێ خانووی نەئەداو ماڵی باوکی لە موسڵ بوو.

ئینجا چووین بۆ دەوام زانی کە من پێم ناخۆش بوو هات بۆ ژوورەکەم، وتی: لەبەر خاتری تۆ پارەی سوێندەکەم دەدەم پارەکەم بو هێناوی.

وتم: سوپاست ئەکەم، پڕی ئەم ژوورە پارەم بدەیتێ بە خۆڕایی فلسێکت لێ وەرناگرم، بەڵام پێم بڵێ تۆ بۆچی ئەوەندە سووری لەسەر نوێژکردن، چ سودێکی لێوەردەگری؟ خوا

نوێژی وای بۆچییه؟ نوێژوو ڕۆژوو بۆ ئەوە دانراوە کە مرۆڤ بکات بە پیاو، هەردەم پیاوەتی بکات لەگەڵ ئەمو ئەودا، من نزیکترین دۆستو برادەری تۆم ناتوانی (٥) دینارم بدەیتێ بە قەرز بۆ ماوەی چوار ڕۆژ ئیتر چۆن موسڵمانێکی؟

جا ئەم موسڵمانە نوێژکەرە بەراورد بکەین لەگەڵ ئەفسەرێکی تر (گاور) لە هەمان نەخۆشخانە، ئەمیش بریتییە لە برادەرێکی تر کە دکتۆر (فەهمی جەزراوی) بوو، گاور بوو.

لە ساڵی ١٩٦٨ ئەم خانووەی کەوا تێداین لە (زیونە) لە بەغدا زەوییەکەی (٦١٨) مەترە، لە سوپام وەرگرت بەڵام پارەم نەبوو بیکەم بە خانوو، هەرچۆن بوو (مقاول)ێکی کوردم دۆزییەوە وتی: من خانووەکەت بۆ ئەکەم بەڵام پێشەکی (٧٠٠) دینارم بدەرێ، منیش تەلەفزیۆنێکو دووفەرشم نارد بۆ سلێمانی هەموویان دا بە (٤٠٠) دینار، ئینجا پێویستم هەبوو بە (٣٠٠) دیناری تر، هیچ ڕێگایەکم نەبوو ئەم پارەیە پەیدا کەم هەتاوەکو کۆمەڵەی ئەفسەران پارەم بداتێ، چونکە لە پاش بناغەکە ئەم کۆمەڵەیە (٣٦٠٠) دیناری ئەدا بە قەرز بەو ئەفسەرەی کە خانوو بکات، منیش بەیانی چووم بۆ نەخۆشخانە، زۆر بێ تاقەتو زیز بووم، هەر بیرم لەوە ئەکردەوە کە ئەم (٣٠٠) دینارە چۆن پەیدا بکەم، لەوکاتەدا دکتۆر فەهمی هاتە ژوورەکەم تەماشای ناوچاوی کردم کە من بێتاقەتم، وتی: چیتە؟ وتم هیچم نییە، زۆری لێکردم کە ڕاستی پێ بڵێم، منیش باسەکەم بۆ کرد دەستی گرتمو چووین بۆ لای ئامر پێی وت: منو باوکی موحەممەد ئەڕۆین بۆ (وەزارەتی بەرگری) بۆماوەی یەك سەعات، ڕۆیشتین بۆلای ژمێریاری سەربازی، کە ئەوکاتە لەناو وەزارەتی بەرگری بوو، بەڕێوبەری ژمێریاری (جەلیل جەزراوی) بوو کە ئەویش هەر گاور بوو، وتی: جەلیل ئەمەوێ بە زووترین کات (سلفە)م بۆ بکەیت بە (٣٠٠) دینار هەموو مانگێك لە مووچەکەم ببڕن، تا ئەو سلفەیە تەواو دەبێ، ئینجا هەتا چامان خوارد ئیشەکەیان تەواو کردو (٣٠٠) دیناری وەرگرت، هاتینە دەرەوە پارەکەی پێدام، منیش وتم: بەمەرجێك وەری ئەگرم هەموو مانگێك قیستەکەی ئەدەم بەتۆ کە (١٥) دینارە، چونکە ئەو بۆ ئەو سلفەیە مانگی (١٥) دیناریان ئەبڕی، ئەویش وتی: زۆرباشە، سەری مانگ مووچەکەم وەرگرت (١٥) دینارەکەم بۆ برد تەماشای کردمو وتی ئەوە بەڕاستە؟ وتم: من لەسەر ئەو مەرجە پارەم لە تۆ وەرگرت، وتی: بەو خوایەی کە هەردووکمان بڕوامان پێیەتی، هەتا زیاد نەبێت لە ماڵو مناڵت من ئەو پارەیە وەرناگرم.

شایەنی باسە ئەم ئەفسەرە ئەم پارەی دابە من تا تەوقی سەری نوقم بـوو لـە قـەرزاری، چونکە برایـەکی هـەبوو کـە ئەنـدازیاربوو تـازە کۆچـی دوایـی کردبـوو هـەموو ئـەرکی منداڵەکانی کەوتبووە سەرشانی ئەم.

کاتێك لە ساڵی ١٩٧٢ لە سوپا چوومە دەرەوە بۆ ئەوەی بچم خوێندنی باڵا تـەواو بکـەم لە میسر، (٨٠٠) دیناریان پێـدام بـە (اکرامیـە)، ئینجـا (٣٠٠) دینـارم لـەوە خسـتە زەرفێکەوە بردم بۆ (د. فەهمی جەزراوی) وتم: ئەم پارە زیادەیەم وەرگرتووە لـە سـوپا، هـیچ لەم هەلە باشتر نییە، پارەکەم هێنایەوە بۆت، زۆر سوپاست ئەکەم. ئەویش وتی: "یەکەم بە قورئان، دووەم بە ئینجیل، سێیەم بە موحەممەد، چوارەم بە عیسا، هـەتاکو خوێنـدن تـەواو نەکەی‌و نەگەڕێیتەوە من ئەو پارەیە لە تۆ وەرناگرم"، زۆرم هەوڵدا هیچ سوودی نەبوو.

ئینجا لە ساڵی (١٩٧٥) کە دکتۆرام وەرگرت گەڕامەوە بۆ عێـراق‌و دامەزرامـەوە لـە زانکۆ (٥٠٠) دیناریان دا بەمن بە سلفە، چونکە ئەوکاتە ڕێگەیان ئەدا بەهەرکەسـێ لـە دەرەوە خوێندنی تەواو کردبوو کە ئۆتۆمبێلێك بێنێت لـە دەرەوەی عێـراق بـەبێ گـومرگ، ئینجا (٣٠٠) دینارم لەم پارەیە برد بۆ دکتۆر فەهمی بەهـەزار سـوێندو تکـا وەری گـرت لەپاش حەوت ساڵ (١٩٦٨ ـ ١٩٧٥).

لە بەراوردکردنی نێوان ئەبو یەعقوب کە (٥) دیناری نەدامێ بۆ ماوەی چـوار ڕۆژ بـە قەرزو ڕۆژی (٢٠٠) ڕکات نوێژی دەکرد، لەگەڵ ئـەم دکتـۆرە گـاورە کـە (٣٠٠) دینـاری دامی بە قەرز بۆ ماوەی (٧) ساڵ لەپاش ئەم مـاوەیەش هێشتا بە زۆر وەریگرتـەوە، بۆمـان دەردەکەوێ کە هەموو موسڵمانێك مەرد نییە، هەموو ناموسڵمانێکیش نامەرد نییە، ئـەم سیفەتە لە پەروەردەی خێزانییەوە دەست پێدەکات، هەرچـەندە ئـایینی ئیسـلام گـەورەترین هۆیـە بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ لەسـەر ڕێڕەوێکـی ڕاسـت‌و مـەرد دروسـت بێـت، بەمـەرجێك موسڵمانییەتی ڕاستەقینە بێـت، وە فێـری نوێـژو ڕۆژوو نـەبێت وەك فێـری جگەرەکێشـان دەبێت.

زۆرکەس هەیە نازانی نوێژ بۆچی دەکات، بەڵکو خووی پێـوە گرتـووەو هـەروەك خـووی گرتبێ بە جگەرە کێشانەوە.

پیاوێکم دەناسی چوارجار چوو بوو بۆ حەج، هەرجارێك نـەخۆش بکەوتایـە ئـەهات بـۆ بەغدا بۆ ماڵی ئێمە بۆ ئەوەی بیبەم بۆلای پزیشك، ڕۆژی هەینی کە پشووی منـاڵەکان بـوو ئەوانەی ئەچوون بۆ قوتابخانە تۆزێك درەنگ هەڵدەستان، ئەم پیاوە زۆر لۆمەو سەرزەنشـتی

من‌و دایکی موحەممەدی ئەکرد کە بۆچی منالەکان لەگەڵ بانگی بەیانی هەڵناسێنی نوێژەکانیان بکەن.

لە ساڵی ١٩٧٩ کە میری دێهاتی کوردستانی گواستەوە بو ناو (مجمعەکان)و قەربووی دا بە دانیشتوانی هەردێیەك کە زەمین‌و باخ‌و ئاویان هەیە بۆ هەر دۆنمێکی باخ (٢٠٠٠) دیناری ئەدا، ئەم حاجییە بەشی خوشکەکەی خواردبوو، خوشکەزاکەی داوای بەشی دایکی دەکرد لەو قەرەبووە، ئەویش پێی نەئەداو ئەیوت: برۆ ئیسپاتی بکە کە دایکت خوشکی منە! بۆ ئەو پارەیە خوشکەکەی خۆی دانا بە (زۆڵ)! بۆ ئەوەی بەشەکەی نەدا بە خوشکەزاکەی، هەموو ڕۆژێك بەلای کەمەوە (٥٠) نوێژی سوننەتی دەکرد.

بەداخەوە وەك باسمان کرد لەوەوپێش زۆر لە موسڵمانەکان وائەزانن کە ئیسلام بریتییە لە (نوێژو ڕۆژوو!) ئەگەر پارەی هەبوو، زەکات بدات‌و بچیت بو حەج‌و دوایی کەشیدەیەکی زەرد بکرێت‌و بیبەستێ بەسەریەوە یا بیبەستێتە پشتی.

ڕاستە ئەم چوارە بنچینەی ئایینی ئیسلامن. بەلام قورئانی پیرۆز کە (٦٦٠٠) ئایەت زیاترە، ئەو ئایەتانەی کە باسی ئەم چوار بنچینەیە دەکەن هەموویان ژمارەیان لە (٥٠) ئایەت زیاتر نییە، ئیتر هیچ موسڵمانێك نییە بپرسیت بڵێ ئایەتەکانی تر چییە؟ باسی چی دەکەن؟ خوایەك کە هەموو ئەم گەردوونەی دروست کردووە تا ئێستاش زاناکان کە ئەچن بۆ بۆشایی ئاسمان سەرسام ماون نازانن ئەم سەرو ئەوسەری کوێیە، خوایەك ئەم دەستەلاتەی هەبێت چ پێویستییەکی بەوە هەیە کە موسڵمانێك دوو ڕکات نوێژ بکات یان نا، ئەوەی نوێژ ئەکات نوێژەکەی بۆ خوا نییە، بەڵکو بو خۆیەتی بۆ ئەوەی ببێ بە پیاوێکی ڕاست‌و زیان بە کەس نەگەیەنێت، مافی کەس نەخوات‌و ئەندامێکی بەکەڵك بێت لە ناو خەڵکدا.

دەستکەوتی زیاتر لە (١٧) ساڵ لە برادەرایەتی

بەعدا / فەسری نهایە ١٩٦٣/١١/١٨

بەداخەوە (١٧) ساڵو (٢٠) روژ لە تەمەنی خوم بەسەربرد لە سوپای عیراقدا، بە سەدان برادەرم هەبوو لە ئەفسەرو جیگری ئەفسەرو عەریفو نائیب عەریفو سەرباز، بەلام ئەوانەی برادەری راستەقینەیان لەگەلم بەست (٣) کەس بوون، یەکیك موسلمانو یەکیك مەسیحیو یەکیك (صابئی) واتە راستی لەناو ناموسلمانەکاندا، دوو ئەوەندەی موسولمانەکان بوو، چونکە لەم ماوە زورەدا یەك موسلمانم بەراستی بینی کە بەوەفابێتو متمانەی پی بکریت، برادەریەکەی لە کانگای دلەوە بیت، کەچی دوو ناموسلمانم پەیدا کرد یەکیکیان دکتور فەهمی جەزراوی بوو، کە لەمەوپیش باسم کرد، ئەمە (لیوا) بوو پزیشك بوو لە سوپادا پسپوری نەخوشی سیل بوو، هەر نەخۆشیکم ئەبردە لای بانگی ئەکردمە دەرەوە سویندی ئەخوارد کە تا چ رادەیەك دەسەلاتی هەیە، واتە نەخوشەکە هەژارە یان نا، ئەگەر بموتایە هەژارە پارەی بینینی نەخوشەکەی لی نەئەسەند. ئەو دەرمانانە کە بۆی ئەنووسی خۆی پێی ئەدا.

دووەم برادەری ناموسڵمانم کە (د. ئەسعەد ناسر) بوو (صابئی) بوو، ئەم پزیشکە کاتێك گوێزرایەوە بۆ ئەو شوێنەی منی تیادا بووم لە بەغدا لە کۆشکی ناوبراو دوو ڕۆژ بوو هاتبوو، ڕۆژی سێیەم من پێم ڕاسپێررا کە گوێزراومەتەوە بۆ ئوردون کاتێك کە سوپای عێراق لەوێ بوو، ئەو ئیمامەی لەوێ بوو گوێزرابووەوە بۆ جێگەکەی من، منیش ئەو ساڵە لە ماجستێری (شریعە) وەرگیرابووم، کە لە ساڵی (١٩٦٧) بوو، ئەگەر بڕۆشتمایە بۆ ئوردون ئەو خوێندنەم لە کیس ئەچوو، ئامیری نەخۆشخانەکە کە (د.ئەحمەد سبتی) بوو وتی: من هەوڵ ئەدەم کە گواستنەوەکە بەتاڵ بکەمەوە. د.ئەسعەد وتی: ئەگەر ئەم گواستنەوەیەی تۆ بەتاڵ بکرێتەوە من نان‌و کەباب بۆ هەموو ئەفسەرەکان و بەڕێوەبەرەکانی ئەم نەخۆشخانەیە ئەکرم.

ئەم پیاوە دوو ڕۆژ بوو منی بینیبوو سەلامان لە یەکتر دەکرد، بەو دوو ڕۆژە بوو بە برادەرێك کە لەبرای دایك‌و باوك دڵسۆزتر بوو، د. ئەحمەد سبتی ڕۆیشت بۆلای (رئیس أرکان الجیش)، گواستنەوەکەی منی بەتاڵ کردەوە، لە پاشا د. ئەسعەد ناردی نان‌و کەبابیان هێنا کە بەشی زیاتر لە (١٠٠) کەسی ئەکرد، هەر لەو ڕۆژەوە تا ئێستا ئەو پیاوە بە ڕاستی بۆتە برادەر، هەمووجار یەکتر ئەبینین ئەڵێ: "تۆ قیبلەی ژیانی منی"، ئەم ڕاستگۆییەی تەنها بەرامبەر بەمن نەبوو، بەڵکو هەرکەسی خۆش بویستایە بە ڕاستی ئەیوت من تۆم خۆش ئەوێت، ئەوەشی نەیوستایە ڕووبەڕوو بە ڕاستی ئەیوت من برادەری لەگەڵ هەموو کەس ناکەم، ئەگەر یەکێ ڕاست بوایە ڕووبەڕوو ئەی وت تۆ ڕاستی، هەروەها ئەگەر چەوت بووایە ئەی وت تۆ چەوتیت، لە پێش چەند ساڵێ تاقمە ددانێکی بۆ کردم، چونکە پزیشکی ددان بوون تا ئێستاش هیچ کەس هەستی بەوە نەکردووە کە من ئەمانە ددانی دروستکراون، هەموو کەس ئەڵێت: تۆ تەمەنت زۆرە کەچی ددانەکانت بە ساغی ماونەتەوە، باوکی ئەم پزیشکە هەرچەند موسڵمان نەبوو، بەڵام ڕەوشتی گەلێك جوان‌و ڕاست بوو، بە ڕاستی خۆی موسڵمان نەبوو بەڵام وتن‌و کردەوەی هی پیاوی موسڵمانی ڕاستەقینەبوو، لە پێش مردنیدا بە (٣) ڕۆژ بە دکتۆر ئەسعەدی وتبوو لەم نزیکەداماڵئاواییتان لێ دەکەم، ئەویش کوڕێکی تری ئەبێت ئەفسەر ئەبێت لە سوپادا بە باوکی وتبوو با بچم بۆ بەسرە براکەمی بۆ بهێنمەوە بیبینێت، پێی وتبوو پێویست ناکات من نامرم هەتا ئەو ئەبینم، دکتۆر ئەسعەد ئەڵێت: براکەم هاتەوە لە پاش دیتنی ئەو بەیەك کاتژمێر کۆچی دوایی کرد.

ئینجا ئێمە بیروباوەڕمان ئەمەیە کە تەنیا موسڵمان پیاوی چاکەو بەهەشت هەر بۆ ئەو دروست کراوە، بەڵام تەنیا خوا خۆی ئەو حسابانە ئەزانێت هەر خۆی ئەزانێ لە چ بەندەیەك ڕازییەو چ کەسێك ئەو لێی ڕازی نییە.

سێیەم کەس برادەرە موسڵمانەکەم بوو کە دەستکەوتی (١٧) ساڵو (٢٠) ڕۆژی ژیانم لە سوپادا بریتی بوو لە عەبدورڕەحمان دوری، ئەمە کە لە سوپادا بووین بە برادەرو وەك یەك خێزان تێکەڵاویمان هەبوو، بە ڕاستی پیاوێکی زۆر موسڵمانو زۆر ڕاست بوو، ئەم پیاوە کە ساڵی (٢٠٠٠) کۆچی دوایی کرد، ئەوەندەی چاکەی لەسەر منە بڕواناکەم هیچ کەسێکم لەم جیهانەدا ئەوەندە چاکەی لەگەڵ کردبم، من (٣) ساڵ لە قاهیرە بووم ئەمخوێند، ئەم پیاوە لە ماوەی ئەو (٣) ساڵەدا هەموو ساڵێك پێنج فەردە برنجی لە (شامیە) کە هەر فەردەیەکیان سەد کیلۆ بوو کڕیویەتیو هێناویەتی بۆ ماڵو منالی منو بەو پێیە ڕۆنو شەکرو چاییو تایتی بۆ کڕیبوون، هەمووی لە دەفتەرێکدا نووسیوە، پاش (٣) ساڵەکە کە هاتمەوە بە قیست پارەکەی وەرگرتەوە.

لێرەدا ئەمەوێت ئەو ڕاستیەی لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە بڵێم، کە خوای گەورە ڕێزی لەنەوەی ئادەم گرتووە بەگشتی، بەو مانایەی ڕەوشتو ئاکارو هەڵسو کەوتی جوان مەرج نیە تەنیا لەکەسی موسڵماندا هەبێت، بۆیە دەبێت لەوە بەباشی تێبگەین ئەخلاق شتێکە بەهەموو مرۆڤێك دراوە، ئەوەشمان لەیاد نەچێت وەك ئیمامی عەلی ڕەزای خوای لێبێت فەرموویەتی: کردەوەی تاك بەپێی ئاین هەڵبسەنگێنین، نەك ئاین بەپێی کردەوەی ئەو تاکەی بەناو پابەندە پێوەی.

سەرەتای خوێندنم لە زانکۆدا

لە ساڵی (١٩٦٠) لە کۆلیجی یاسای زانکۆی بەغدا وەرگیرام، بەشی ئێواران، ڕۆژی ١٩٦٠/٩/١٥ بۆ یەکەمجار چوومە هۆڵی وانە وتنەوە، دوای ئەوەی دانیشتم، سەیری ئەملاو ئەولای خۆمم کرد دیم نزیکەی سەد فێرخواز دانیشتوون، وەك من چاوەڕوانی مامۆستا دەکەن، کاتێك کە مامۆستا هات هەموو هەڵساین لەبەری، دەستی کرد بە وتنەوەی یەکەم وانە لە یەکەم ڕۆژی ساڵی خوێندن، ماوەی وانەکە (٥٠) دەقیقە بوو لە پاشا هاتینەوە دەرەوە، بۆ ماوەی (١٠) دەقیقە پشووماندا، دیسان چووینە ژوورەوە هەر بەو

جۆره تا سەعات (٨)ی شەو چوار وانەمان خوێند هەر یەکێك لە جۆرێ، لە پاشاندا بیرم کردەوە لەگەڵ خوێندنی مزگەوت بەراوردم کرد دیم جیاوازییەکی زۆر هەیە، لە نێوان ئەم دوو جوره خوێندنەدا.

لەم کۆلیجی یاسایەدا بە ماوەی (٤) ساڵ (٤٠) بابەتی یاسام خوێند کە هەر یەکێك باسی جوریکی ژیان دەکات، مرۆڤ لە هەموو جۆرە ژیانێك شارەزا دەکات.

بەڵام من لە مزگەوت کە خۆم بە فەقییەکی زیرەك دەزانی بە دوانزە ساڵ دوانزە بابەت فێر بووم، کە هیچ یەکێك لەوانە پەیوەندی بە ژیانی دونیاوە نەبوو، سودەکەشی بۆ ئاییني ئیسلامیی پیرۆز زۆر کەم بوو، چونکە لە ماوەی (١٢) ساڵدا فەقێی مزگەوت هەر فێری ئەو شتانە ئەبوو کە بریتیبوو لە کلیلێك کە دەرگای قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەر خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، پێ ئەکرایەوە، لە پاشان ئیجازەی دوانزە عیلمەیان وەر دەگرت لەسەر هەمان جور ئەویش هەمان ئەو وانانەی دەوتەوە، ساڵەهای ساڵ بەدەگمەن رێی دەکەوتە نزیکی قورئانی پیرۆز، یان فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت)، ئەگەر مەلایەك پرسیارێکی لێ بکرایە لە بابەت حوکمە شەرعییەکەیەوە دەچوو پەنای دەبردە بەر یەکێك لە کتێبەکانی مەزهەبی شافیعی ئینجا وەڵامی ئەدایەوە، دەیوت ئیمامی شافیعی وای فەرمووە، ئیتر ئاگای لەوە نەبوو کە ئیمامی شافیعی لەکاتی خۆیدا کە بوو بە موجتەهیدو بە بیرورای خوی فەتوای دەداو حوکمەکانی لە قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) وەردەگرت، هێندەی ئەو مەلا نەبوو، هێندەی ئەو شارەزایی مەنتیق و فەلسەفەو فەلەکیات و ئاداب و وانە عیلمییەکانی تر نەبوو، بەڵام ئیمامی شافیعی هەروەك پیاوێکی زیرەك بوو پیاویکی ژیریش بوو تەمەنی خۆی لە شتی بێ هودەوە بەخت نەکرد، بەڵکو هەر لەرێوە چووە سەر قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەری خواداو ئەو ئیمامانە کە لەپێش ئەوەوە بوون، لەم هەموو سەرچاوانە مەزهەبێکی بۆ خۆی دروست کرد کە ئێستا لەناو میللەتی کوردو کوردستاندا لەپاش قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) هیچ شتێك لە مەزهەبی شافیعی باشتر نییە بەلایانەوە، بە درێژایی ساڵ مەلا لە کوردستان دەیوت شافیعی وای فەرمووە، یان شێخی ئیبن حەجەر لە توحفەدا وای فەرمووە، بە درێژایی ساڵ لە مەلایەکت نەدەبیست لە فەتواکەیدا نەیدەوت خوا لە قورئانی پیرۆزدا وای فەرمووە، یان پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) لە فەرموودەکانیدا وای فەرمووە، هەر بەم شێوەیە بە سەدان مەلا لە

شافیعی مەزنتربوون کاتێك کۆچی دواییان کرد وەك چرایەك دەکوژانەوە، هیچ ڕووناکییەکیان بۆ گەلەکەیان یان بۆ ئاینی ئیسلام بەجێ نەدەهێشت، باشترین مەلایان هەندێ حاشیەی بەجێ هێشت لەسەر کتێبەکان کە ئێستا کەس بەدینارێکی عێراقی نایانکڕێت، شایەنی باسە ئەمڕۆ لە عێراقدا هیچ شتێك نییە ئەوەندە هەرزان بێت بە دینارێك بیفرۆشن.

دوانزە ساڵ خوێندم لە مزگەوت شەوو ڕۆژ خەریك دەبووم کاتێك بووم بە مەلا نەمدەزانی ژن چۆن مارە دەکرێت، یاخود چۆن تەڵاق دەدرێت، یاخود چۆن تەڵاقەکەی چاك دەکرێتەوە، یان ناکۆکییەك کەوتە نێوانی کڕیارو فرۆشیارێك نەمدەزانی چۆن وەڵامی ڕاستەقینەیان بدەمەوە، بەپێی ئاینی ئیسلام. نەمدەزانی ئەگەر یەکێك تاوانێکی کرد گوناهی تاوانەکەی چییە، کەچی لە هەمان کاتدا وانەی بورهانی گەلەنبەوی (مطول)ی سەعددینی تفتازانیو (جمع الجوامع)و کتێبەکانی ترم لە پلە بەرزەکاندا بە وانە دەوتنەوە.

زۆر مەلا بووە لە کوردستاندا تەمەنی خۆیان تەواو کردووە لە خوێندنو وانەوتنەوەدا هەروەك من کوڵەوار بووە لە شارەزایی سەرچاوەکانی ئیسلام کە قورئانو فەرموودەیە، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی بیارە (مدرس)، کە جێگەی فەخرو شانازی بوو بۆ کوردو کوردستان، لە هەموو جۆرە زانستێك دانراوێك یان زیاتری هەیە بە عەرەبی یان کوردی یان فارسی گەلێ گەلێ خوێندەوارترە لە ئیمامی شافیعیو ئیمامی ئەبوحەنیفەو ئیمامی مالیكو ئیمامی ئەحمەد لەو زانستانەدا کە پێیان دوترێت کلیلی کردنەوەی دەرگای قورئانو فەرموودە.

کە پرسیارێکت لێدەکرد، دەچوو بەناو کتێبەکانی مەزهەبی شافیعیدا دەگەڕا بۆ وەڵامەکەی یان دەفەرمویت ئیمامی شافیعی یان نەوەوی یان ڕافیعی وای فەرمووە. کەچی ئەو ئیمامانەی باسمان کرد هەریەکە سەر زەوی پڕ کرد لە (فقه)ی ئیسلامیی هەریەکە بەملیۆنەها خەڵك دوای ئەوان دەکەوێت، حەڵاڵو حەرام لەسەر مەزهەبی ئەوان لەیەك جیا دەکاتەوە، هەروەها مەلای تری کوردستان وەك مەلای قزلجیو مەلای پێنجوێنیو مەلای نوتشێو مەلا قادری گەورەی بیارەو مەلای ئیبن ئادەمو گەلێك گەلێك خوێندەوارتر بوون لەو زانستانەدا کە دەبنە هۆی دەرهێنانی حوکم لە قورئان یان فەرموودەدا، ئەمانە خوا لێیان خۆش بێت هەموو کۆچی دواییان کرد، جگە لە هەندی حاشیەی سەر کتێبەکان نەبێت هیچ بەرهەمێکیان بۆ ئیسلامو کورد بەجێ نەهێشت، لەبەر ئەوەی تەنها خەریکی

دروستکردنی کلیل بوون، رۆژێك لە رۆژان بیریان لەو دەرگایە نەدەکردەوە کە بەم کلیلە دەکرێتەوەو هەموو گەنجینەیەکی ژیانو دونیاو قیامەت لەو ژوورەدایە کە ئەمان دەیانویست دەرگاکەی بکەنەوە، کەچی تەمەنیان تەواو دەبێتو ئەو دەرگایە ناکەنەوە، من نالێم خوێندنی فەقێیەتی مزگەوت بێ سوودە، بەلام جۆری خوێندنەکەو جۆری وانە وتنەوە وای لی دەکرد کە سوودیکی زۆری نەبێت لە بابەت ژیانو ئایینەوە، چونکە هەرمەلایەك بەپیی پلەی زانیاری خوی قوتابخانەیەکی هەبوو، بە درێژایی رۆژ وانەی بەدوو یان چوار یان شەش فەقێ دەوتەوە لەوە زیاتر نەبوو، هەریەکە بە جیاواز دووسەعات لەگەلیان خەریکبوو، تا ئێوارە خۆی ماندوو دەکرد، وەرگێڕانی کتێبەکەی دەکرد لە عەرەبییەوە بۆ کوردی، فیری وتەی خاوەن کتیبەکەی دەکردن، بیری لەوە نەدەکردەوە ئەو قسانە ڕاستن یان هەندێکیان هەلەن، چونکە ئەم نوسراوانە هەمووی بە (اجتهاد) دانراون، هەموو موجتەهیدێك وەك ڕاستی هەیە هەلەشی هەیە، مەلای وا هەبوو ئەگەر کتێبەکەیان لێ بگۆڕیایە لەهەمان کتێب دانەیەکی تریان بدایەتی نەیدەزانی وانەکەی تیا بلێتەوە، چونکە کتێبەکەی خۆی وەك خۆیان دەلێن خۆش کردووە بە سەرو بۆرو ژێر، نیشانەکانی تر ئەگەر وشەکەی (مبتدأ) بوایە، لە ژێریدا دەینووسی (م) ئەگەر (خبر) بوایە، لە ژێریدا دەینووسی (خ) واتە مامۆستا بە درێژایی سال کتێبی دەوتەوە ئەوبیروڕایەی کە لەناو کتێبەکەدایە نەخۆی فێری دەبوو نە فەقێیەکە، مەگەر مەلایەکی زۆر چاك بوایە، بۆ ماوەیەکی زۆر دەرسی بوتایەتەوە، ئەم جۆرە خوێندنە تەنها سوودی ئەوەیە کە بیروڕای مرۆڤی زانکۆی تیژدەکردەوە فێری وردەکاری دەکرد، ئەم جۆرە سوودەش مرۆڤ هەستی پێ ناکات تا نەچێتە ناو خوێندنی زانکۆوە، بەڕاستی من سوودم زۆر لێ وەرگرت لە خوێندنی یاسادا، بەلام ئەگەر هەر مەلا بومایە تا ئێستایش هیچ سودێکم لە خوێندنەکەمو وانە وتنەوەکەم وەرنەدەگرت، چونکە من بۆ خۆم (جمع الجوامع)م لای باشترین مەلا خوێندووە هەشت جار لەلاپەڕەی یەکەم تا دوالاپەڕە بەدەرس وتمەوە فێری زانستی (أصول الفقه) نەبووم، تا بۆخوم چووم (اصول الفقه)ی هەشت مەزهەبم خوێندەوە بەراوردم کرد لەگەل خوێندنەکەی یاسام توانیم ناوەڕۆکی هەموویان کوبکەمەوە لە کتێبێکدا کە ناوم نا (اصول الفقه الاسلامي في نسيجه الجديد) داخی زۆر لە دلمدایە لە بابەت خوێندنی مزگەوتەوە، چونکە باوەڕ ناکەم لە چەرخی بیستەمدا هیچ ڕۆلەیەکی کورد هێندەی من ناخۆشیو ماندووبوونی دیبێت لە ڕیگای ئەم خوێندنەدا هەروەك لە بەشی یەکەمی ژیانمدا باسم کرد.

ئەگەر هەر لە مەلایەتی بمامایەتەوە هیچ سودێکم نەبوو بۆ ئاینی ئیسلام وبۆ کوردو کوردستان، چونکە هەر دوای قسەی ئەمو ئەو دەکەوتم، خۆم هیچ بیروڕایەکم نەبوو، هیچ کاتێك باوەڕم بە خۆم نەبوو کە وتەیەك یان بیروڕایەك بخەمە سەر لاپەڕەی مێژوو، بۆ موسڵمانەکانو نەتەوەکەم سوودی هەبێت.

با بگەڕێینەوە سەر خوێندنی یاسای زانکوی بەغداو باسی خودی خوێندنەکەم بکەم لەم ماوەی چوار ساڵەدا بۆ ئەوەی ڕوڵە کوردەکان سودی لێ وەربگرن.

سەرەتا :

هەفتەی یەکەم بە جبەو مێزەرەوە دەچووم بۆ کۆلێجی یاسا، لە نیوان قوتابییەکاندا تەنها من بووم ئەو جۆرە بەرگەم لەبەردا بێت، لەبەر ئەوە سەرنجی قوتابییەکانم ڕاکێشابوو بۆ لای خۆم، هەموو سەیریان دەکردم، دوام دەکەوتنو بانگیان دەکردم مەلا، منیش بڕیارمدا جبەو مێزەرەکەم بەکار نەهێنم، هەروەك لە داخی مەلاکانی سلێمانی ریشەکەم تاشی، تا ئێستاش کە تەمەنم (٧٧) ساڵە ڕیشم نەهێشتوتەوە.

دیارە بۆ هەموو زانایەك کە خوای گەورە تەماشای مێزەی زلو جبەی یان ڕیشی درێژ ناکات، بەلکو تەماشای ناو دەرونی مرۆڤو ڕەوشتی باشی دەکات.

جۆری خۆئامادەکردنم بۆ تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵو کۆتایی ساڵ:

لە هەفتەی دووەمدا لە پاش دەست پێکردنی خوێندن سێ برادەرم پەیدا کرد، یەکێکیان عەرەب بوو بەناوی (موحەممەد مەهدی التکریتی)، دوانەکەی تر تورکمان بوون بەناوەکانی (فتحی کمالو فخری دباغ)، هۆی یەکگرتنمان ئایینی ئیسلام بوو، چونکە ئێواران نوێژی مەغریبمان پێکەوە دەکرد لە کۆلیجی یاسا، ئەم چوار برادەرە نموونەیەك بووین بۆ سێ نەتەوەکەی عێراق کوردو عەرەبو تورکمان بە ڕۆحو گیان ڕێزی یەکترمان دەگرتو هەر چوار ساڵەکەمان پێکەوە بەسەر برد، پێکەوە دەمانخوێند هیچمان هەستی بەوە نەدەکرد کە ئێمە هەریەکە لە نەتەوەیەکی جیاوازین، تەنها هەستمان بەوە دەکرد کە هەموومان موسڵمانین، هەموومان لەیەك نیشتماندا دەژین، هەموومان ئامانجمان یەکە کە بە خۆشبەختیو دڵخۆشی خوێندەواریو پێشکەوتن ماوەی ژیانمان بەسەر دەبەین، خوێندنی

ئیوارانمان لە کولیجی یاسا لە کاتژمیر (٤ بو ٨) بوو، هەمووومان لە یەك گەرەك بووین، کە ئیستا پیی دەوتریت (مدینە السلام) (طوپچی)، کۆلیجی یاسا لە (باب المعظم) بوو، کاتیك لە کولیج دەهاتینە دەرەوە بە پاسی (مصلحە) دەگەراینەوە لە (کاظمیة) کە لەسەر ریگەمان بوو دادەبەزین دەچووینە گازینۆیەك هەر چوار دەرسەکەمان دووبارە دەکردەوە، من کە بەهوی خویندنی مزگەوتەوە باشتر تیدەگەیشتم لە بابەتەکان من سەرلەنوی بوم روون دەکردنەوە تاوەکو کاتژمیر دەبوو بە نزیکی (١٢)ی شەو دەگەراینەوە بو مالەوە، بەمجۆرە توانیمان زال بین بەسەر خویندنەکەماندا، بەهوی ئەم جورە خویندنەوە تیکرای نمرەی هەر چوار سالەکەم (٨٦,٥) بوو.

هاوریکانم لە کۆلیجی ماف ١٩٦١

نویەکەمجار کە پلەی ماجستیر کرایەوە وەرگیرام لەم پلەیە، بەهوی یەککگرتنم لەگەل ئەم برادەرانە ئەگەر نەتەوەکانی عیراق (کوردو عەرەبو تورك) وەك ئیمە رەوشتو ریزی یەکتریان بگرتایە کەس خوی بە زیاتر نەزانیایە لەوی تر ،هیچ کەس دەست دریژی نەکردایەتە سەر مافی نەتەوایەتی ئەوی تر هەموو گەلی عیراق بەشادیو ئاسایشو خوشبەختی دەژیان، ولاتەکەی خوی پیش دەخست لە پیشەسازی کشتوکالو بازرگانیو جورەکانی ترو پیویستی ژیان، بەلام بەداخەوە نەتەوەکانی عیراق ئەم ریگە راستەیان نەگرت

بەڵکو ئەوەی بەدەسەڵات بوو بە چاوێکی کەمایەتی تەماشای بێدەسەڵاتەکەی دەکردو نەتەوەیەك لە نەتەوەکان خۆی بە خاوەنی وڵاتەکە لەقەڵەم دەداتو دەیویست نەتەوەکانی تر خزمەتکارو مووچەخۆری ئەوان بن. هەروەها جۆرە شتەکانی تر کە پەیوەندی هەیە بەرەگەزپەرستییەوە، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی بەر ببینە یەکو یەکتر بکوژین، خراپترین چەکی ناڕەوا لە دژی یەکتر بەکار بهێنین، وڵاتەکەیان پارچە پارچە بکەن. بەچاوێکی دوژمنایەتی تەماشای یەکتر بکەن، بەروبومی وڵاتەکەیان ببێت بە پارووییەکی چەورو دوژمنەکانیان لە دەرەوە سوودی لێوەربگرن، خوشیان بە هەژاریو دواکەوتوو لە شارستانیێتیی بژین.

لە جیاتی ئەوەی کە هاوینەهەوارەکانی کوردستان ڕێك بکرێت وەك هاوینەهەوارەکانی ئەورووپا، هەموو دیهاتەکانی وێران کران، دانیشتوانەکانیان دەربەدەر کرا، بەندیخانەیەکیان بۆ دروستکردن ناویان نا (مجمع)، بەشێکی زۆری خوێندەوارەکانی کوردو عەرەبو تورکمان ئاوارە بوون هەریەکەیان ڕووی کردە وڵاتێك ئێستا خزمەتی بێگانە دەکەن.

تاقیکردنەوەی ژیان لەم جیهانەدا بە باشی ڕوونی کردۆتەوە بۆ مرۆڤ کە هیچ وەخت کەس ناتوانێت لە ڕێگای زوڵمو زۆریو ناڕەواییەوە ئامانجەکانی بهێنێتە دی. بۆنموونە جولەکەو فەلەستینییەکان زیاتر لە (٥٠) ساڵە دوژمنایەتی دەکەنو لەیەکتر دەکوژن، ئێستا هەردولا بیریان کردۆتەوە هیچ چارەیەك نییە بۆ لەناوبردنی ئەم ناکۆکییە جگە لە ئاشتیو برایەتی نەبێت.

ئێرانو عێراق هەشت ساڵ ڕۆڵەی گەنجیان دا بەکوشتن بە هەزارانماڵیان وێران کرد، بە هەزاران ژنیان بێ مێرد کردو منداڵیان هەتیو کردووە، ئاوەدانییان وێران کرد، لە پاش ئەم هەموو کارەساتانە ئینجا بیریان کردەوە کە جگە لە ئاشتی لە نێوان دوو دراوسێ هیچی تر بەکەڵك نایەت، ئەگەر هەر لەسەرەتاوە بیریان لە دراوسێیەتیو چاكو خراپی بکردایەتەوە ڕێگای ئاشتییان دەگرتو ئەو هەموو کارەساتەیان بەسەر خۆیاندا نەدەهێنا.

نرخی کات له ژیاندا

گرنگترین شتێك كه مرۆڤ دەسەڵاتی هەبێت بەسەریدا بریتییه له كات، پێشینان وتوویانه: (الوقت كالسيف ان لم تقطعه يقطعك)، واته: كات وەك شمشێرێكی تیژه ئەگەر تۆ نەیبڕی ئەو تۆ دەبڕێت. لەسەر ئەم بنچینەیه بناغەی ژیانم دانا له كاتی خوێندنەكەمدا، له ماوەی ئەو چوارساڵەدا له كۆلێجی یاسابووم ئیمام بووم له سوپا كه بەپلەی ئەفسەر دادەنرێت، هەموو رۆژێك له كاتژمێر حەوتی بەیانییەوە تا دووی پاش نیوەڕۆ له فەرمانگە بووم، ئیش وكاری فەرمانگەم تەواو دەكردو له پاشاندا دەچوومە شوێنێكی كەنار كه كەس نەمبینێت، ئەو وانانەی كه رۆژی پێشوو خوێندبووم به مانا لەبەرم دەكرد نەك به (عبارة الفاظ)، چونكه شت لەبەركردن به مانا باشتر مرۆڤ له بابەتەكە دەگاتو درەنگتریش له بیری دەچێتەوە، هەر بەم جۆرە خۆم فێركرد كه بیروباوەڕی یاسایی تێبگەم نەك خۆم فێری كتێبی مامۆستاكان بكەم، چونكه ئەگەر لەسەر كتێب بڕۆم خوێندنەكەی كۆلێجم هیچ جیاوازییەكی لەگەڵ خوێندنی حوجرە نابێت، بەدرێژایی ساڵ دەبێت هەر فێری كتێب ببم، دووربم له ڕاستو چەوتی ئەم كتێبانەوە، بیروباوەڕم وابێت كه هەرچی نوسراوە هەمووی ڕاسته، باوەڕم بەخۆم نەبێت كه منیش بیروباوەڕێكی تایبەتیم هەبێت لەم بابەتەدا، هەرچیم دەخوێندەوە له كتێبەكانی یاسا له هەموو جۆره بابەتێك پێشەكی له دڵی خۆمدا بڕیارم دەدا كه ئەمە ڕاست نییه، ئینجا دوایی دەستم دەكرد بەلێكۆڵینەوەی تاچاكو خراپەی بكەوێتە بەرچاوم بۆ ئەوەی چاكەكەی بگرمو خراپەكەی له خۆم دوور بخەمەوە، ئەمجۆره كردەوەیەشم له فەرموودەی ئیمامی غەزالی خوا لێی خۆشبێت وەرگرت كه دەفەرموێت: "من لم يشك لم ينظر ومن لم ينظر لم يبصر ومن لم يبصر بقى في العمى والظلال". واته: هەركەسێك نەكەوێتە گومانەوە له شتێكدا به قوڵی تەماشای ئەو شته ناكات ئەگەر بەمجۆره تەماشای نەكرد ڕاستییەكە ناكەوێتە ناو مێشكییەوە، ئەگەر نەگا بەم ڕاستییه هەر به كوێریو سەرلێشێواوی دەمێنێتەوە.

جگه له قورئانی پیرۆزو فەرموده ڕاستەكانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، بۆ بوارەكانی تر ئەم فەرموودەیەی غەزالی بەكاردەهێنم له هەموو شتێكدا كه بمەوێت لێی تێبگەم، هەر شتێك بخوێنمەوە یان ببینم پێشەكی تەماشای وتەكە دەكەم، تەماشای

خاوەنەکەی ناکەم بە پێی فەرموودەی پێشینان وتوویانە: (انظر الی ما قیل ولا تنظر الی من قال): واتە: تەماشای وتراوەکە بکەو تەماشای خاوەنی وتەکە مەکە، تاوەکو پێشەکی خۆت نەبەستیتەوە بەو وتەیەوە ڕاست بێت یان چەوت بێت. هەروەك ئێستا باوە لە نێوان مامۆستاکانی ئایینی ئیسلامدا کاتێك گفتوگۆی لەگەڵ دەکەیت لە بابەت شتێکەوە پێشەکی پێت دەڵێت فلان زانا یان فلان مەزهەب وای فەرمووە. ئەمەش گەورەترین هۆی دواکەوتنی نەتەوە موسڵمانەکانە لە ژیانی ئەم جیهانەدا.

جۆری ڕۆشتنم بۆ کۆلێج

دووی پاش نیوەڕۆ دەوام تەواو دەبوو بە ئۆتۆمبێلێکی سەربازی دەهاتمەوە بۆ ماڵەوە، سەعات دووو نیو دەگەشتمە ماڵەوە، لە ماوەی نیو سەعاتدا خۆم دەگۆڕیو نوێژم دەکردو نانم دەخواردو سەعات سێ دەچوومە دەرەوە تاکو سێو نیو پێ دەڕۆیشتم، چونکە لە (مدینة السلام) تا (کاظمیة) ئۆتۆمبێل نەبوو، ئەو ماوەیە بە گورجی بە پێ دەڕۆشتم بەسەرماو گەرما، بە بارانو قوڕ، لەبەر ئەوەی دلم لای خوێندنەکە بوو هەستم نەدەکرد بە گەرماو سەرماو ماندووبوون، لە کازمیەوە بە پاسی مەصلەحە دەچووم بۆ (باب المعظم)، هەموو ڕۆژێك پێنج دەقیقە پێشتر دەچوومە ژووری وانە وتنەوە، لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا ڕۆژێك دوانەکەوتم، مەگەر تووشی نەخۆشییەك بووبم، لە قۆناغی سێ وانەیەکمان هەبوو پێیان دەوت (المواریث)، واتە جۆری دابەشکردنی میرات بەسەر میراتگراندا. من لەم بابەتەدا لە ساڵی ١٩٥١ کتێبێکم دانا لە ژێر ناونیشانی (تەرازووی میرات) بە زمانی کوردی لە سلێمانی، لە ساڵی ١٩٦٣ لە قۆناغی سێ کە ئەم بابەتەمان خوێند من گەلێك باشتر بووم لە مامۆستاکەمان لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژێك دوانەکەوتم لەو دەرسەدا. یەکەم لەبەر ئەوەی فێری جۆری دەرس وتنەوە ببم، دووەم لەبەر برادەرەکانم. سێیەم لەبەر ئەوەی فێری دواکەوتن نەبم.

مامۆستای ئەم بابەتە (د. حسین خلف) بوو خوا لێی خۆشبێت. ڕۆژێك وتی: گرانترین دەرس لەم بابەتە بەشکردنی میراتە بەسەر باپیرو خوشكو برای مردوودا کەوا کاتێك ئەمانە یەکبگرن منیش وتم: با لێکۆڵینەوەیەکتان بۆ بنووسم لەم بابەتەوە.

وتی: با بیخوێنین تێی دەگەیت ئەوکاتە لێکۆڵینەوەکە بنووسە، وتم: ئەگەر ڕازی بیت ئێستا دەینوسم: وتی: باشە. منیش پانزە لاپەڕەم لەسەر نووسیو چاپم کردو دام بە ماموستا. لە پاش هەفتەیەك وتی: مستەفا ئیبراهیم کێیە؟ منیش دەستم بەرزکردەوە، وتی: ئەمشەو گوێم گرت لە وتارەکەی جەمال عەبدولناسر لە پاشدا لێکۆڵینەوەکەی تۆم خوێندەوە، مژدەت بدەمێ ڕۆژێك لە ڕۆژان تۆ لەم جێگەیەی من دادەنیشیت ئەم وانەیە دەڵێیتەوە.

بەڕاستی وتەکەی هاتە دی، کاتێك دکتۆرام وەرگرت لە قاهیرە گەڕامەوە ١/١/١٩٧٦دامەزرام لە کۆلێجی یاسای بەغدا، بۆیەکەمجار پێیان وتم دەبێت دەرسی (مواریث) بلێیتەوە، لە قۆناغی سێ، لەو ڕۆژەوە دەستم کرد بە وتنەوەی (دابەشکردنی میرات) خۆم دانراوێکم هەیە ئێستا لەژێر ناونیشانی (أحكام الميرات والوصية وحق الانتقال في الفقه المقارن والقانون) لە ساڵی ١٩٨٦ەوە تا ئێستا کتێبی مەنهەجە بە ڕەسمی لە هەموو کۆلێجەکانی یاسای عێراق.

لە (مالية العامة) کە گرانترین وانەیە، لە هەر چوار پۆلەکەدا نمرەکەم لە کۆتایی ساڵدا (٩٩٪) بوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەبوو ماموستاکەمان خوالێخۆشبوو دکتۆر مەجید عزەت وتی: کێ لێکۆڵینەوەیەکم بۆ دەنووسێت لە بابەتی نەوتی عێراقەوە (٢٠) نمرەی لەسەرە ئەگەر باشبێت، دوان سیانێك دەستمان بەرزکردەوەو ناوەکەی نووسین، من کتێبێکم هەبوو لە ژێر ناونیشانی (معركة نفط العراق)، وەك باسم کرد ١٩٥١ هاتم بۆ بەغدا بۆ برینەوەی موچەکەم ئەم کتێبەم کڕی بە (٥٠) فلس، کاتێك گەڕامەوە لە تاسلوجە لە بنکەی شورتە گیرام لەسەری، هەروەك لەمەو پێش بە درێژی باسم کردووە، دوای ئەوە منیش کتێبەکەم هەلگرت لەناو کتێبخانەکەدا، ساڵی ١٩٦٣ کە داوامان لێکرا لێکۆڵینەوەیەك بنووسین لەسەر نەوت، کە لەم کتێبە دەرم هێناوە بە جوانیو ڕێکو پێکی تەواوم کردو دام بە ماموستاکەم. کاتێك لە کۆتایی ساڵدا نمرەمان وەرگرت من نمرەکەم (٩٩٪) بوو، چونکە (٨٠٪)ی نمرەی تاقیکردنەوە بوو (٢٠) نمرەی لێکۆڵینەوەکە بوو، جا لەم بەسەرهاتەی مندا دەردەکەوێت هیچ کەس نازنێت چاکیو خراپی لە چیدایە.

پەیوەندیم لەگەڵ کوردەکانی بەغدا ساڵی ١٩٦٣

من لە ماوەی ژیانمدا نەبووم بە هیچ حزبێك، خۆم نەخستۆتە ژێر دەستی هیچ سیاسییەکەوە، بەڵام پەیوەندیم بووە بەو کەسانەوە کە بڕوام هەبووە پێیان کە ئامانجەکانیان بۆ سوودی گەلی عێراقە، پەیوەندیم هەبوو لە (١٩٥٦ ـ ١٩٥٧) تا (١٩٥٨) لەگەڵ ئەفسەرە ئازادیخوازەکان، بەشداریم کرد لە شۆڕشی ١٤ی تەمموز کە لەمەوپێش باسمان کردووە، بەڵام پەیوەندیەکەم لەسەر بنچینەی حزبایەتی نەبووە، بەڵکو لەسەر بنچینەی خزمەتی گەلی عێراقو بەتایبەتی گەلی کورد بووە.

هەروەها ساڵی ١٩٦٣ کە کودەتا کرا بەسەر عەبدولکەریم قاسم، بە ناڕەواییەکی ئاشکرا ستەمو دوژمنایەتی کرا لەکوردەکانی کوردستانی عێراق، هەستم بەوە کرد کە پێویستە هەموو کەسێك لایەنگری ئەو کەسانە بکات کە جەوریان لێ دەکرێت، بەپێی توانای خۆم لەم ڕووەوە من پەیوەندیم هەبوو بە کوردەکانی بەغداوە نەك لەسەر بنچینەی حزبایەتی، بەڵکو لەسەر بنچینەی خزمەتی گەلی کورد.

لەبەر ئەم پەیوندییە لە پاش خۆپیشاندانەکانی کورد لە بەغدا (١٩٦٣) منیشان گرت، کاتێك چووم بۆ بینینی برادەرێك ئەویان گرتبوو، چاودێری لەسەر شوێنەکە بوو، کاتێك گەیشتمە بەردەرگاکە لوولەی کلاشینکۆفیان خستە سەر پشتم وتیان: (فوت جوة والا نقتلك)، واتە بچۆرە ژوورەوە ئەگەرنا دەتکوژین، چوومە ژوورەوە ئازارێکی زۆریان دام باڵ بەستیان کردمو خستمیانە ژێر دەستی تاوانباری گەورە (نازم گوزار) هەزار لەعنەت لە گیانی پیسی بێت، کە دیم لەو شوێنە کە جاران پێیان دەوت (محكمة الشعب) بردمیانە ژورێك کە جێی ئەشکەنجەدان بوو، دیم کاك دکتۆر فوئاد بابان لە سوچێکدا دایانناوە هەموو گیانی خوێنە، ئینجا بەربوونە منیش لە چەپو ڕاست، لەو کاتەدا ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر کە سەرەك وەزیران بوو لەگەڵ تاهیر یەحیا کە (رئيس اركان الجيش) بوو هاتنە ژووری ئەشکەنجەدان، ئەوانیش هەردوکیان منیان باش دەناسی، تاهیر یەحیا لە جەلەولا دراوسێمان بوو بۆ ماوەی سێ ساڵ، ئەحمەد حەسەن بەکر کاتێك ئامر فوج بوو بەسەدەها جار لە پشتی سەری منەوە نوێژی کردووە کە من دەبووم بە ئیمام لە نوێژەکەدا. تاهیر یەحیا وتی: (أنت مصطفى؟) وتم: نعم، وتی: لە پاشا چی تۆی گەیاندۆتە ئێرە؟ وتم: تەنها ئەو

گوناهەم هەیە چووم بۆ دیدەنی برادەرێکم، ئەو گیرابوو منیشیان لە جێگەی ئەودا گرت. ئەحمەد حەسەن وتی: انت مسلم؟ وتم: أنت تعرف، لە پاشا تاهیر یەحیا چوو نازم گوزاری بانگ کرد کە سەرۆکی لیژنەی ئەشکەنجەدان بوو پێی وت: دەست و بالّی بکەنەوەو ئەشکەنجەی مەدەن‌و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکەن، بەپێی قانون گوناهی چییە سزای بدەن.

لە پاشا دەست‌و بالّیان کردمەوە ئەوان ڕۆیشتن، نازم گوزار پێی وتم: ئەی تاوانبار وادیارە هەموو پیاوە گەورەکان دەتناسن، تۆ دەبێت مرۆڤێکی زۆر تاوانبار بیت، منیش وتم هەموو شتێك لە پاشە ڕۆژدا ڕوون دەبێتەوە بۆت، کەلەپچەیەکیان کردە دەستی من‌و دکتۆر فوئاد بابان بردینیان، بۆ ئەو ژوورەی کە بەندکراوە کوردەکانی تیابوو، تەماشام کرد ژوورێکی بچووك بوو بەشی شەش کەس ناکات کەچی نزیکەی (٦٠) کوردی تیایە، هەموو سەروچاوو باڵ‌و قاچیان شکاوە بە تایبەت کاك ئەکرەم کراسەکەی یەك پارچە خوێن بوو، وتم: ئەگەر من پێش تۆ چوومە دەرەوە ئەم کراسە دەبەم لە چوارچێوەی دەگرم، لە پاشا من‌و دکتۆر فوئادو دوو کوردی تر بردینیان بۆ بەندیخانەی (فضل)، دایکی موحەممەد چووبوو بۆ ماڵی تاهیر یەحیا، ئەویش یارمەتی دام بەریاندام، لە پاش سێ ڕۆژ دووبارە گرتمیانەوە، لە پاش نزیکەی مانگێك دووبارە تاهیر یەحیا بوو بەهۆی ئەوەی بەرم بدەنەوە، بەلام خوا بەوە ڕەحمی کرد کە هیچم لەسەر نەدۆزرایەوە، چونکە خۆم پاکبووم، لە ڕێگەی پاکیدا دەجوولامەوە، دووەم ئەم کارەساتەی بەسەرمدا هات لە کاتی پشووی هاوین بوون هیچ زیانێکی نەبوو بۆ خوێندنەکەم.

بڕوانامەی کۆلێجی یاسام لەساڵی (١٩٦٤ ـ ١٩٦٥) بەدەست هێنا.

کورتەیەك لە ژیانی دکتۆر فوئاد احمد بابان:

سالّی ١٩٤٠ لەشاری هەلّەبجە لەدایك بووەو هەر لەویّ سەرەتایی و قۆناغی ناوندی تەواو کردوە، بۆ خویّندنی ئامادەیی چووەتە کەرکوك، لەسالّی ١٩٥٨ چوەتە کۆلیژی پزیشکی لە بەغداو لە سالّی ١٩٦٥ تەواوی کردوە.

لەو ماوەیەدا دوو جار گیراوەو چەند جاریّ ناچاری خۆشاردنەوە بووە.

١٩٦٦/٧/١ چوەتە کۆلیژی احتیات و پاش چەند رۆژێك گیراوەو نزیکەی شەش مانگ لە بەندیخانە بووە، پاش بەربوونی لە (معاملی شهدا جیش) دانراوە وەك دکتۆر.

لە ١٩٦٧/١/٢٣ تەسریح کرا.

سالّی ١٩٦٧- ١٩٦٨ دکتۆری مقیم دوری بووە لە خەستەخانەکانی شاری حلە.

سالّی ١٩٦٨- ١٩٧١ لە ناحیەی (مشخاب) دانرا، کە ئەوکاتە سەر بە قەزای (ئەبوخمیر) بوو.

١٩/١٠/١٩٧١- ١٩/١١/١٩٧٢ لە بەغدا دبلومی هەناوی وەرگرت لە کولیژی پزیشکی لە بەغدا.

سالّی ١٩٧٢- ١٩٧٦ لە خەستەخانەی فرات ئەوست لە کوفە دامەزراوەو بۆ ماوەی چەند سالّێك بەرێوەبەری هەمان خەستەخانە بووە.

جیگای ئاماژەبۆکردنە ئەو خەستەخانەیە (٤٠٠) جیگای نەخۆشی تیدابووە.

١٩٧٥/١٢/١ نازناوی اختصاصی وەرگرت. پاش تاقیکردنەوەیەکی تایبەت لە کۆلیجی پزیشکی لە بەغدا.

هەر لەساڵی ١٩٧٥ تاقیکردنەوەی (Part I)ی بڕوانامەی M.Ptp لە بەغدا کرایەوە، ئەویش لەگەڵ ٤٠ دکتۆری عێراقیدا بەشداری دەکات و یەکێك دەبێت لە ١٨ دەرچووەکان.

پاش چەند مانگێك وەزارەتی تەندروستی بڕیاری دا دەرچوانی ئەو خولە مۆڵەتی خوێندنیان پێ بدرێت بۆ بەریتانیا بەشی دوهەیی (M.Pr.p).

لە ١٩٧٦/٥/٨ چوە بۆ بەریتانیاو لە ١٩٧٨/١١/٣٠ لە تاقیکردنەوەی کۆتایی (M.Pr.p) دەرچوو، بەڵام وەرگرتنی بڕوانامەکەی دواخست تا ساڵی ١٩٧٩، بۆ ئەوەی بتوانێت لە خەستەخانەکانی بەریتانیادا کار بکات.

سەرەتای ١٩٨٠ گەڕایەوەو داوای کرد لە سلێمانی دابنرێت، وارێکەوت ئەوکاتە (عزیز عەقراوی) وەزیری تەندروستی بوو بە وەکالەت، بۆیە بەئاسانی لەسلێمانی دانرا، چونکە ناسیاوی لەگەڵیا هەبوو.

ساڵی ١٩٨٨ بۆ دەورەیەکی کورد چووەوە بەریتانیا بۆ بەشداری لە دەورەیەك لە خەستەخانەکان لەسەر ئەرکی (مجلس سەقافی بەریتانی) بۆ ڕاهێنان لەسەر نازور و سۆنەر.

ساڵی ٢٠٠٠ بڕوانامەی (FRr.P) وەرگرت لەلایەن کۆلیژی شاهانەی بەریتانیا. کە ئەوە یەکەم جار بوە دکتۆرێکی هەناو ئەم بڕوانامەیە وەردەگرێت لەم ناوچە پارێزراوەدا.

لەسەرەتای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی وەنەبێژ بوە لە کۆلیژی پزیشکی تا ئەو ڕۆژەی زانکۆ گوێزرایەوە بۆ هەولێر، پاش گەڕانەوەی زانکۆ دوبارە گەڕایەوە بۆ وانە وتنەوەو ساڵی ١٩٩٦ کرایە سەرۆکی بەشی هەناو.

لە مانگی ٢٠٠٢/١ فەرمانی زانکۆی دەرچوو بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی بۆ (پرۆفیسۆری یاریدەدەر).

پلەی ماستەر

لە ساڵی ١٩٦٦ لە زانکۆی بەغدا پلەی ماستەر لە شەریعەتی ئیسلامیی بۆ یەکەمجار کرایەوە، دە کەس وەرگیرا لەم پلەیەدا، مامۆستاکانمان پێنج کەس بوون سیانیان میسری بوو، (شێخ عبدالرحیم الکشك، شێخ محمد ابوسنە و شێخ عبدالمقصود شلتوت)، دووانیان عێراقی بوون، یەکێکیان سونی بوو بەناوی (شفیق العانی) ئەوی تریان شیعە بوو بەناوی (موحەممەد تقی الحکیم)، ئەمانە هەرلا یەکیان دەرسێکیان پێ ئەوتین، بەڵام هیچ شتێکی تازە نەبوو لەم پلەیەدا بەرگوێمان بکەوێت، مامۆستاکانی زانکۆی عێراق تا ئێستایش کە ساڵی (٢٠٠١)ە هەر ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە لە پۆلی یەكو دوو و سێو چواری کۆلێج بە قوتابییان وتووە، ئەمەش بەهێزترین هۆیە بۆ دواکەوتنی گەل، موسڵمانەکان بەتایبەتی عەرەبەکان هەموویان دوژمنن بە عەقڵ، هەروەك توتی ئەوانەی پێشوو چییان وتووە دەیڵێنەوە بۆ نەوە نوێکان، بەتایبەتی مامۆستاکانی (شریعة الاسلامیة) ئەو شتانە بە قوتابی ئەڵێن کە هەزار ساڵ لەمەوپێش وتراوە بەبێ ئەوەی بیربکەنەوە لەوەی کە ئەوان لەسەردەمێکدا ژیاون کە جیاوازە لە سەردەمی ئەمڕۆو پاشەڕۆژ، عێراق هەزار ساڵ لەمەوپێش گەلێك پێشکەوتووتر بوو لە ئێستا کاتێك ئاڵای ئیسلام دەشەکایەوە لەسەر چواریەکی گۆی زەوی، لەوکاتەدا ئەمریکا هێشتا نەدۆزرابووەوە وەکو کێوی ئەژیان کەچی ئێستا هەموو شتێك بە پێچەوانەیە، وڵاتە ئیسلامییەکان بوون بە کێویو گەلی ئەمریکی گەیشتە ئەستێرەی مەریخو مانگ، لەم ڕۆژانەدا هەواڵێکی ڕادیۆ وتی کە نزیکەی ساڵی ٢٠٨٤ ژمارەی دانیشتوانی مانگ دەبنە (١٢) ملیۆن، کەچی ئێمە وەك گێژ هەر بەدەوری خۆماندا دەسوڕێینەوە، وەك (توتی) قسەی پێشینان دەگێڕینەوەو لەسەر ئەو قسانەی دەجوڵێینەوە لە هەموو بابەتێکی ژیانمانەوە.

نوسراوی پشتگیری:

لەو پێنج مامۆستایە کە وانەیان پێ دەوتین هەموویان وەك تووتی وەهابوون، بەڵام یەکێکیان بەناوی (شێخ عبدالمقصود) زۆر هەوڵی دەدا زۆری پێ خۆشبوو کە شتێکی تازەمان پێ بڵێ بە کەڵکی ئەو قۆناغە بێت کە ئێمەی تیادا دەژین، بەڵام بەداخەوە هیچ ڕەصیدێکی نەبوو لە خوێندەواریدا.

هەرجۆرێك بێت خوێندنەکەمان باشتر بوو لە دانیشتنی ماڵەوە، ساڵ تەواو بوو تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ کرا، هەرکەس نمرەی خۆی وەرگرت من بەیەکەم دەرچووم نمرەکەم (٨٩٪) بوو.

ئینجا بۆ ساڵی دووەم دەبێت کتیبێك (رسالە)یەك دابنێین لە ژێر چاودێری یەکێك لەسەرپەرشتیارەکان، من ئەم بابەتەم هەڵبژارد بۆ نووسین: (مدی سلطان الارادة في الطلاق خلال أربعة الاف سنة في الشرائع والقوانين والأعراف)، سەرپەرشتیارەکەم (شێخ عبدالرحیم کشك) بوو، لەم بابەتەم کۆڵییەوە لە (٢٠٠) ساڵ پێش زایین تا ساڵی (١٩٦٧م)، لە هەموو ئاینەکانی ئاسمانی وەك ئایینی موساو عیساو موحەممەد (درودی خوایان لەسەر بێت) دابەشم کرد بەسەر پێنج (باب)دا.

یەکەم: بۆ نەتەوە کۆنەکان، وەك فیرعەونییەکانو ئاشوورییەکانو هندییەکانو ئەوانی تر لەو نەتەوانەی کە (٢٠٠) ساڵ پێش زاین دەژیان.

بابی دووەم: بۆ باسی ڕێنمایی (تعالیم)ەکانی موسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) م تیادا دەکرد لە بابەت تەلاقەوە.

بابی سێیەم: بۆ باسی ڕێنمایی (تعالیم)ەکانی عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت).

بابی چوارەم: بۆ ئایینی ئیسلام.

بابی پێنجەم: بۆ یاساکانی هەموو وڵاتەکانی جیهان تا ساڵی ١٩٦٧.

مانگی نۆی ساڵی ١٩٦٨ ماستەرم وەرگرت.

ساڵی ١٩٦٨ ماستەر کرایەوە لە یاسای بەغدا، پێش تەواوکردنی ماستەرەکەم پێویستی وەرگرتنی ئەم پلەیەم دا بە کۆلێجی یاسا لەوێش وەرگیرام، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ماستەرەکەی ترم تەواو نەکردبوو پێیان وتم یان تنازل بکە لەو ماستەرە یان قوتابییەکی تر

له جێگەکەت دادەنێین، وتم: تەنازول ناکەم، چونکە خەریکە تەواو دەبێت، لەبەر ئەوە قوتابییەکی تریان لە جێگەی من دانا.

لە ساڵی ١٩٦٨ کە ماستەرەکەم تەواو کردبوو جارێکی تر داوام کرد بۆ وەرگرتن لە کۆلێجی یاسا، ئەم جارەش وەرگیرام لە یاسای گشتی (القانون العام)، ساڵی پێشوو وەرگیرابووم لە یاسای تایبەتی (القانون الخاص)، کاتێك دەستمان کرد بە وانە خوێندن، بۆم دەرکەوت کە مامۆستاکانی یاسامان باشترن لە مامۆستاکانی شەریعەتی ئیسلامی لە بیروباوەڕو لێکۆڵینەوەی ئەو بابەتانەی کە دیاری کرابوون بۆ ئەوەی بیانخوێنن.

مامۆستاکانمان هەموویان میسری بوون (د. عەلی ڕاشید) فەلسەفەی جینائی پێدەوتین، (د. سلمان مرقس) کە باشترین زانای یاسابوو لە میسر فەلسەفەی یاسای پێ دەوتین، (د. محمد فوئاد مهنی) یاسای ئیداری پێدەوتین، (د. محمد ڕەئوف) یاسای دەستووریی پێ دەوتین، یەکێکیان عێراقی بوو کە بریتی بوو لە (د. حسن چلبی) یاسای نێودەوڵەتی پێ دەوتین، بەڕاستی زۆر سوودم وەرگرت لەم خوێندنە، بەڵام بەداخەوە لە پاش سێ مانگ خوێندن گوێزرامەوە بۆ هێزی سەلاحەدین لە ئوردن لە (ف٣، ل٦)، زۆرم هەوڵدا سوودی نەبوو، چونکە ئەوکاتە ئیمام بووم لە سوپا هیچ ڕێگەیەکی تری ژیانم نەبوو هەتا واز لە کارەکەم بێنمو خوێندنەکەم تەواو بکەم، ئەوساڵەشم هەروا لە دەست چوو.

ساڵی ١٩٧٠ گوێزرامەوە لە ئوردونەوە بۆ وەزارەتی بەرگری لەبەر ئەوەی کە من یەکەم ئیمام بووم لە سوپای عێراقدا ماستەرم هەبێت، لەوێ لە بنکەی وەزارەتی بەرگری دانرام، خولیان دەکردەوە بۆ ئەفسەرەکان وانەی فارسیم پێ دەوتن، هەروەها خولیان دەکردەوە بۆ ئیمامەکانی سوپا وانەی ئایینی ئیسلامم پێ دەوتن، هەر چاپەمەنییەك چاپ بکرایە من سەرپەرشتیم دەکرد، هەڵە (نحوی)یەکانم چاك دەکردەوە، بەڵام لە هەمان ساڵدا ئیجازەی مانگێکم وەرگرت چووم بۆ قاهیرە بڕوانامەی ماستەرەکەم برد بۆ ئەوەی لەوێ دکتۆرا تۆمار بکەم، چونکە ئەوکاتە لە عێراقدا دکتۆرا نەبوو، کاتێك چوومە زانکۆی ئەزهەرو زانکۆی قاهیرە هەردوولا پێیان وتم: ئێمە باوەڕ بە ماستەری عێراق ناکەین، بەڵام دەتوانین بە جۆرێکی تر یارمەتیت بدەین ماستەرەکەی عێراق بە دبلۆمێك وەردەگرین، دبلۆمێکی تر وەربگرە لێرە لە (فقه المقارن) لە زانکۆی ئەزهەر یان یاسای تایبەتی ئەوکاتە لە دکتۆرا وەرت دەگرین، بەهەر دبلۆمێك تۆ لێرە وەری دەگریت، منیش دبلۆمم تۆمارکرد لە هەردوو زانکۆکەدا، هەر زانکۆیەك (٦٠) پاوەنی ئیستەرلینی لێ سەندم کە پێی دەوترێت (رسم

الدراسه)، له دڵی خومدا وتم له هەر دبلومیك دەرچووم لەو زانكویە دكتورا تومار دەكەم كتیبەكانم له هەردوولا وەرگرت، كەرامەوە عیراق بەلام نەمتوانی بۆ دەوری یەكەم ئامادە ببم، بۆ دەوری دووەم چووم له تاقیكردنەوەی دبلومەكەی زانكوی ئەزهەر بەشداریم كرد، لەگەل هەندی قوتابی عیراقیدا كه ئەوان له دەوری یەكەم دەرنەچووبوون، كاتێك كه نمرەمان وەرگرت تەنیا من دەرچووم لەو دبلومەدا له عیراقییەكان له پاشدا ماستەریان پێدام له (فقه المقارن).

سالی ١٩٧٢ جاریكی تر چوومەوە بو قاهیره، له مانگی نودا، تاقیكردنەوەكە له (١/١٠/١٩٧٢) بوو، واته من تەنها یەك مانگم هەبوو بۆ خوئامادەكردن بۆ تاقیكردنەوەی دبلومەكەم. كاتێك كتیبەكانم بەتەواوەتی وەرگرت سەیرم كرد كه (١٠) كتیب دەبیت، پینجیان تاقیكردنەوەی سەر كاغەزو پێنجیان تاقیكردنەوەی زارەكی دەبێت، كاتیك گەرامەوە بو شوقەكەم دیم به هیچ جۆریك من ناتوانم له ماوەی یەك مانگدا خۆم ئامادە بكەم لەم (١٠) كتیبەدا، ئینجا كتیبەكانم یەكە یەكە تەماشا كرد، له هەر كتیبیك شەش جیگای زور گرنگ دیاری كرد، وتم خومو بەختم ئەگەر پرسیارەكان لەم شوینە دیاری كراوانە بن ئەوا دەردەچم بەیارمەتی خوا، ئەگەر لەوانە نەبن دەفتەرەكەم بەسپیتی دادەنیمو له هولی تاقیكردنەوەكە دیمە دەرەوەو رووبە عیراق دەگەڕێمەوە. لوتفی خوای گەورە وەهابوو لەهەر پینج رۆژەكەدا پرسیارەكانی تاقیكردنەوەكە لەو شوینانە هاتنەوە كه من دیاریم كردبوو بۆ خومو تیایدا ئامادە بووم.


ختم الكلية
اسم الطالب مصطفى ابراهيم الزلمي
السنة الدراسية ٧٢/٧١
القسم دراسات عليا
الشعبة
بيانات أخرى

بەیانیان پێش کاتی تاقیکردنەوی لە زانکۆ ئێمە عێراقییەکان حەوت کەس بووین یەکمان دەگرت، ئەوان هەموویان دەرنەچوون لە دەوری یەکەم، لە منیان دەپرسی چونی لە خۆئامادەکرندا، دەموت ئەو شوێنانەم دیاری کردووەو خۆم ئامادە کردووە ئەگەر بێنەوە لە پرسیارەکاندا ئەوا ئومێدم هەیە باش بم ئەگەرنا دەفتەرەکە بە سپێتی دادەنێم‌و دێمە دەرەوە، کاتێك پرسیارەکان دابەش دەکرا بەسەرماندا وەڵامەکەی لەو شوێنانەی کە دیاریم کردبوون بەدەر نەبوون.

لەپاش تاقیکردنەوە وتیان فلان ڕۆژ ئامادەبن لە کۆلێج ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکەتان وەربگرن، ئێمە هەموومان کە بەشداریمان کردبوو لە تاقیکردنەوەی دبلۆمی تایبەتی، (٦٣) کەس بووین ئەوان هەموو لە دەوری یەکەم کەوتبوون، ئێمە عێراقییەکان بە کومەڵ لە شوێنێك لەبەردەمی ژوورەکەی (ڕاگر) (عەمید)دا ڕاوەستابووین چاوەڕوانیمان دەکرد، سکرتێرەکەی ڕاگر کە (کەریمە) بوو، هاتە دەرەوە رووی کردە ئێمە دەستی ڕاکێشا تەوقەی لەگەڵ من کردو وتی: (الف مبروك)، وتم: ئەی هاوڕێکانم؟ وتی: هەموویان کەوتوون.

لە هەموویان هەشت کەس دەرچووبوو، لەکاتی تاقیکردنەوەی زارەکی یەکێکی تر لە هەشتەکە دەرنەچوو ماینەوە حەوت کەس هەریەکە لە وڵاتێك، لە پاشا ئەنجومەنی زانکۆی قاهیرە ماستەریان دامێ لە یاسای تایبەتی (قانون الخاص)، وتیسان ساڵێکی تر وەرەوە دکتۆرا تۆمار بکە، چونکە لەو کاتەدا تەنها لە مانگی نۆدا دکتۆرا تۆمار دەکرا.

لە هەمان کاتدا کە گەڕامەوە بۆ عێراق داوام کرد لە وەزارەتی بەرگری کە ئیجازەی دوو ساڵم بدەنێ بچم بۆ قاهیرە بۆ تەواوکردنی دکتۆرا، بەڵام ڕازی نەبوون لەبەر ئەوەی ئیجازەی دراسی تەنیا بۆ بابەتەکانی سوپا دەبێت، منیش داوام کرد کە خانەنشین بکرێم، بۆ ئەوەی بتوانم بچم خوێندنەکەم تەواو بکەم لە پاش هەوڵدانێکی زور خانەنشینیان کردم، موچەی خانەنشینیەکەم (٦٨) دینار بوو، (٨٠٠) دیناری ئیکرامیەیان پێدام، لە خانەنشینیەکەم (٣٠) دیناری دەبوو هەموو مانگێك بدرێت بە قیستی (جمعية بناء المساكن للضباط)، چونکە (٣٦٠٠) دینارم لێوەرگرتبوون، (٣٨) دیناری دەمایەوە بۆ خێزانەکەم کە پێکهاتبوو لە ژنێك‌و نۆ منداڵ، خۆشم هیچ هۆیەك نەبوو لە قاهیرە پێی بژیامایە بۆ ئەوەی خوێندنەکەم تەواو بکەم، دایکی موحەممەد خوا لێی ڕازی بێت، کە زۆر یارمەتی دام لە ژیانمدا وتی: تۆ (٨٠٠) دینارەکە ببە لەگەڵ خوت ئێمە بەم (٣٨)دینارە هەر جۆرێك بێت

دەبینە سەر، لەسەر ئەم بریارە رویشتم بۆ قاهیرە دکتوراکەی قانونم تۆمار کرد لە زانکۆی قاهیرە، راگری کولیجی یاسا دکتور جمیل شرقاوی بوو بە سەرپەرشتیار، بابەتی دکتۆراکەم ئەمەبوو (نظرية الالتزام برد غير المستحق)، بابەتی دکتۆراکەی زانکوی ئەزهەرم ئەمەبوو (اسباب اختلاف الفقهاء في أحكام الشريعة). ئەم کارەی من دژی یاسای میسری بوو، چونکە هیچ کەس ناتوانیت بەپیی یاسا لەیەك کاتدا لەوی دوو دکتۆرا تۆمار بکات. بەلام شتەکەم ئاشکرا نەکرد و هیچ کەس نەیدەزانی کە من لە هەردوو زانکۆکە دکتۆرام تۆمار کردووە. ئەو برادەرانەی کە دەیانناسیم لە زانکوی ئەزهەر وایان دەزانی من هەر لەم زانکۆیە دکتۆرام تومار کردووە، برادەرەکانی زانکوی قاهیرەش هەر بەو جۆرە وایان دەزانی هەر پەیوەندیم بەوێوە هەیە.

ژیانی کۆمەلایەتی میسر

گەلی میسری جیاوازیان هەیە لەگەل گەلەکانی تری عەرەب. ئەوەندەی کە شارەزاییم هەیە لەبارەیانەوە، لەم جورە شتانەی خوارەوەدا:

١- پەیوەندییان لەگەل هەموو کەسیك لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی دادەنیین، تەنانەت کە نویژ دەکەن بۆ خوا، هەر لەسەر ئەو بنچینەیە دایدەنیێن، ئەگەر یارمەتییان بدەیت بە پارەو بەشتی تر لە هەموو کەس خۆشەویستترو لەپیش تریت، بەپیچەوانەی ئەوەوە پەیوەندیان لەگەل کەس نییەو یارمەتی هیچ کەس نادەن.

٢- جیاوازییەکی زۆر هەیە لە بابەتی ژیانی ئابووری لەنیو گەلی میسردا، یان زۆردەولەمەند یان زور هەژارن. لەبەر ئەم هویە زور لە مالە هەژارەکان ژوورێك لە خانوەکەیاندا دەدەن بەکری بە بیگانەکان، بی گویدانە ئەوەی دەشێ چی رووبدات. بۆ ئەوەی پارەی لێ بکیشنەوە یان سوودی تری لیوەربگرن. لەبابەت ژیانەوە. لەبەر ئەم هۆیە ئازاری زورم دی بەدەستیانەوە، چونکە نەمدەواتونی شوقەیەك بە تەنها بگرم لەبەر نەبوونی دەبوایە لەگەڵ خیزانیك لەو هەژارانە دانیشم، ژوورێکیان لێ بەکرێ بگرم، هەموو جاریك ژووریکم دەگرت پیشەکی پارەیان لێدەسەندم، بەلام لە پاش دوو رۆژ یان سێ رۆژ بیانوویان پیدەگرتم‌و ئەوەندەیان بێزار دەکردم ناچار دەبووم

ژوورەکە بەجێ بهێڵم، دەچووم بۆ شوێنێکی تر، چونکە دەیانزانی مـن بـۆ خوێنـدن هاتووم‌و بۆ ڕابواردن نەهاتووم.

جارێك پەنام بردە بەر دکتۆر شێخ مستەفا پێنجوێنی کە پیاوێکی باش و گونجـاو بـوو، زۆر یارمەتی داوم، خوا پاداشتی بداتەوە، ئەویش لەوێ دەیخوێند. پـێم وت: تـۆ شـارەزایت، تکات لێ دەکەم ماڵێکی بەدین و بەڕەوشتم بۆ بدۆزەرەوە تا بتـوانم ئـەم مـاوەی خوێندنـەم لەگەڵیان هەڵکەم، ئەویش بەدەلالەکەی وت باشـترین مـاڵ کێیـە لـەم گەڕەکـەدا، وتیـان: ئافرەتێك هەیە پێی دەڵێن مادام ئیحسان، ئەمە ژنی پیاوێکی عێراقی بوە، لە پـاش (١٥) ساڵ پێکەوە ژیان، لەبەر منداڵ نەبوون لەیەك جیابونەتەوە، ئێستا تەمەنی نزیکـەی (٦٠) ساڵ دەبێت، بە دینە، هەموو ڕۆژێك قورئان دەخوێنێت، پێنج فەرزە نوێژ دەکـات، ژورێکـی هەیە دەیدات بە کرێ مانگی بە (٢٠) جنیە. ئینجا هەرسـێکمان چـووین بـۆ لای (مـادام ئیحسان) ژوورەکەمان لێ گرت پێشەکی پارەکەی لێوەرگرتم، لە پاشا گواستمەوە بۆ لای.

لە هەمان ڕۆژ هاتە ژوورەکەم وتـی: باوەڵەکـەت بکـەرەوە بـزانم چـی تێدایـە، کاتێـك کردمەوە پارچە قوماشێکی تیابوو دایکی موحەممەد بـە دیـاری نـاردبووی بـۆ ژنـی کـاك مەحمود کە خەڵکی سلێمانییە لەوێ ژنێکی میسری هێنابوو، وتی: ئەم قوماشە بدە بەمن، وتم: هی من نییە بەدیاری ناردوویانە بۆ ئافرەتێکی تر، وتـی: بـۆ لـەمن جـوانترت دەسـت دەکەوێت؟! لەدڵی خۆمدا وتم: یاستار، بەڕاستی زۆر جوان بوو، هەرچەندە تەمەنی زۆربـوو، بەڵام من خوێندنەکەم لا جوانتر بوو، ئەگەر لەخواش نەترسم ئەبێت من بیر لـەوە بکەمـەوە کە من ژنێك‌و نۆ منداڵم بەجێ هێشتووە، ژیانیان لەسەر (٣٨) دینـارە، کـە بەشـی نـانی وشکیان دەکات، لە پاش ئەوەی کە زانی من ئەوە نیم کـە ئـەو دەیـەوێت چـووە ژوورەکـەی خۆی، ڕۆژی دوایی وتی: دەبێت تۆ بتلێکی غاز بکڕیت، وتم: من (٢٠ جنیـە)م داوە بـە تـۆ بەرامبەر بە هەموو شتێك، وتی: یا بوتلێك بکـڕە یـان بچـۆرە دەرەوە، منـیش وتم پارەکـەم بدەرەوە، وتی: تازە پارەکەت بووە بەهی من‌و بۆت ناگەڕێنمەوە، ناچار بووم بوتڵـە غازەکـەم کڕی.

ڕۆژی سێیەم هات وتی: من گۆڤارم بۆ دێت تۆ پارەکەی بدە، وتم: خوشکم تۆ بۆ بیـانووم پێ دەگریت، وتی: ئەگەر لێرە بیت ئەبێت پارەی گۆڤارەکە لەسەر تۆ بێت.

ڕۆژی چوارەم هات‌و وتی: قەرەوێڵەکەی لەسەری نووستویت شـکاندووتە، وتم: لـە پـێش مـندا شکابوو، وتی: نا تۆ شکاندووتە، کاتـژمێر (١٠)ی شـەو بـوو منـیش ئەوەنـدە ڕقـم

هەستا، تفێکم کردە ناوچاوی، وتم: هەی بێ شەرم هەی بێ حەیا ئەمە تۆ ژنەکەی کە هەموو ڕۆژێك قورئان دەخوێنیتو پێنج فەرزە نوێژ دەکەیت! ئەویش قیژاندی وتی: پۆلیس بانگ دەکەم کە تۆ دەستدرێژیت کردووەتە سەر من، منیش لە ترساندا شتەکانم کۆکردەوە جانتاکەم هەڵگرت، بەو شەوە دەرچووم جامی ئاوی بەدوامدا ڕشت.

چووم بۆ لای مەلا عوسمانی مامۆستا مەلا صالحی هەولێری، کە ئەویش لەوێ دەیخوێند لەوەو پێش زۆر هەولی لەگەڵم دا کەپێکەوە بین، بەلاّم من لە ترسی خوێندنەکەم نەمدەویست لەگەڵ کەس بم، کاتێك لە دەرگامدا هاتە دەرەوە بەپێکەنینەوە وتی: بەخوا دەرگات لێناکەمەوە دەزانم (مادام ئیحسان) دەری کردوویت بەم شەوە، دوو ڕۆژ لای ئەو بووم لە پاشدا چووم لە گەڕەکێکی دواکەوتووی پیسو پۆخڵ کەپێی دەوترێت (درب الاحمر) ژورێکم دۆزییەوە لە ژێرخانێکدا لە باڵەخانەیەکی زۆر کۆن، ئەوکاتە دەیانوت زیاتر لە (۹۰) ساڵە دروست کراوە، بەلاّم ژوورەکە وەکو شوقە وابوو کەسی تر لەگەڵ نەبوو، ژورێکی تاریكو بۆگەن بوو دوو ساڵ لەوێ مامەوە، هەردوو دکتۆرام تەواو کرد کە هیچ کەسێك نەیتوانیوە مانگێك لەو ژوورەدا بژی.

ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەر ماڵێك هەژار بێت لە میسر ڕەوشتی ئەو خێزانە خراپە، بە هەزاران خێزانی بەشەرەفی تیادا دەژی لە هەموو گەڕەکێکدا، ئەو شتانەی کە باسمان کرد هۆی گەورەی زۆری نەبوونیو هەژارییە.

زاناکانی یاسا دەڵێن: هۆی سەرەکی تاوانەکانی تاوانبار نەبوونیو هەژارییە، لەپێش ئەواندا حەزرەتی عەلی(ڕەزای خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: (كاد الفقر ان يكون كفرا) واتە: نەبوونیو هەژاری زۆر نزیکە لە کافربوونەوە.

۳ـ جیاوازی نێوان خوێندەواریو نەخوێندەواری:

لە وڵاتی میسردا بە تایبەتی لە شاری قاهیرە جیاوزییەکی زۆر هەیە لە نێوان دانیشتوانەکاندا لە خوێندەواریدا، بە جۆرێکی وا گەڕەکی وا هەیە لە شاری قاهیرە منداڵیان زۆر بەکەمی دەچنە قوتابخانە، زۆریان نەخوێندەوارن بە هۆی هەژاری و کەمتەرخەمی دەسەڵاتەوە ئیشوکاریان پێ دەکەن بۆ ژیانیان، لە هەمان کاتدا لە زانکۆکاندا زانای وا هەیە بڕواناکەم لە هیچ وڵاتێکی تردا هەبێت لە زیرەکیدا، بۆ نمونە لە کۆلێجی یاسای زانکۆی قاهیرە لە دەرسی هەندێ مامۆستاکاندا دانیشتووم وەك قوتابییەك لە قۆناغی ماستەر، مامۆستاکانی یاسا لە زانکۆکانی عێراقدا بۆ

ئەوە دەشێن بچن بن بە قوتابی ئەوان. هەر لەبەر ئەوە میسر بووە بە سەنتەری هەموو وڵاتە عەرەبەکان بۆ فێربوونی خوێندەواری بەتایبەتی لە قۆناغی ماستەرو دکتۆرادا لە هەموو بابەتێکدا، لە هەموو کۆلێجی یاساکانی وڵاتە عەرەبییەکاندا زیاتر دانراوی میسرییەکان بەدەرس دەڵێنەوە.

٤- جیاوازی لە نێوان ڕێزگرتنی ئایینی ئیسلام و کردەوەی نارەوا، لە قاهیرە کاتێک ڕەمەزان دێت ئەو شارە هەمووی تابەیانی ناخەوێت، هەموو شادو دڵخۆشن بە دەوڵەمەندو هەژارەوە، هەموو ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی ڕەمەزان وەکو جەژن وایە، هەموو ڕۆژێکی ڕەمەزان کاتژمێرێکی دەمێنێت بو بانگی مەغریب لە مەیدانی ئەزهەرو مزگەوتی حوسەین بە هەزاران مێز ریز دەکرێت بە هەزاران خواردنی جۆراو جۆر لەسەری دادەنرێت، هەموو ڕۆژووگرەکان لە دەوری ئەو مێزانە ڕادەوەستن چاوەڕوانی بانگی مەغریب دەکەن بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە دەست بکەن بەنانخوارن، لە پاش بانگی شێوان لە هیچ شوێنێك ڕێگە نابینێتەوە لەبەر زۆری نوێژکەرانی نوێژی تەراویح، لە پاش تەراویح هەر دەنگی دەف لێدانە و سرودی ئایینیو پێکەنین وشەی خۆشی، پارشێو هەرکەس دەچێتەوە ماڵی خۆیو لە ماڵەوە پارشێو دەکات.

لە شاری قاهیرە لە پێنجی بەیانییەوە تا نۆی بەیانی یەك کەس نابینیت لە کۆڵانەکاندا هیچ دەنگێك نابیستیت، ئەگەر بتەوێت بچیت بۆ شوێنێك دەبێت بەپێ بڕۆیت، چونکە هیچ ئۆتۆمبێلێك دەست ناکەوێت، لە مانگی ڕەمەزاندا کاتی ئیشکردنی فەرمانگەکان لە دوو سەعات زیاتر نییە، من بو ماوەی سێ ساڵ لە شاری قاهیرە ژیاوم، تێکەڵیم لەگەڵ زۆر کەسدا بووە، ئاگام لە زور شەڕو ئاژاوە بووە، یەکجار وشەیەکی کفرم نەبیست لە هیچ کەسێك، وەك عیراق نییە دوو کەس ناکۆکیان دەبێت لە پێشا جوێن بە ئایینو خوا دەدەن.

وەك دەیانگێرایەوە لە مانگی ڕەمەزاندا هەموو ئەو ئافرەتانەی کە ئیشی خراپە دەکەن وازیان لە هەموو کردەوەیەکی خراپ دەهێناو خۆیان دەکرد بە فریشتە تا ڕەمەزان تەواو دەبوو دوایی دەچوونەوە سەر ڕەوشتەکانی جارانیان.

ئەو برادەرانەی کە دەچوونە یانەی شەوانە (مەلها) دەیانوت لەوێ ژورێکی تایبەتی پڕ فەرش کراوە بۆ نوێژکردن لەسەر دەرگاکە نووسراوە (المصلی)، لەمەوە دەردەکەوێت کە میسرییەکان لەسەر ئەم پەندە دەڕۆن، (ساعة لربك وساعة لقلبك) واتە: کاتژمێرێك بۆ خوا

کاتژمێرێك بۆ دڵ، مەبەست لە دڵ نەفسی خۆیەتی، ئیشی ناڕەوای وای لێدەکرێت لەبابەت بێڕەوشتی سێکسییەوە باوەر ناکەم لە فەرەنسادا شتی وا هەبێت.

جارێك لە ڕۆژنامەیەکدا خوێندمەوە، رەخنەی توندی لە گەلی میسری دەگرت دەیوت بێگانەکان پێمان دەڵێن (أصغر بنت باصغر عملة) واتە: بچوکترین کچ کە یەکێك لەگەڵی رابوێرێ بەکەمترین پارە.

لەگەڵ ئەم هەموو جۆرە جیاوازییانە لە نێوان گەلی میسریدا گەلێکی ئازاو ئیشکەرو زیرەکن، زۆر لە گەنجەکانیان بەلای کەمەوە پێنج شەش پیشە دەزانن، زۆر دڵسۆزی وڵاتەکەیانن لە دەرەوەو یان ناوەوە، مرۆڤێکی میسری هەزار جوێن بدەیت بەکەسوکاری‌و خێزانی نایەت بە گژتدا، تورە نابێت، بەڵام یەك جنێو بدەیت بە وڵاتەکەیان یان تواناێکی تێ بگری، ئەگەر بکرێت‌و چەکی پێ بێت یەکسەر دەتکوژێت، ئەم خووە جوانە لە نێوان گەلەکانی تردا زۆر کەمە.

جۆری خوێندنەکەم لە قاهیرە

وەکو باسم کرد دوو دکتۆرام تۆمار کردبوو، یەکێك لە یاسادا لە زانکۆی قاهیرە، یەکێك لە (فقه المقارن) لە زانکۆی ئەزهەر، کاتەکانی خۆم بەم جۆرەی خوارەوە دابەش کردبوو بۆ ئامادەکردنی ئەم دوو دکتۆرایە، هەموو بەیانییەك لە کاتی بانگی بەیانییەوە یان لەپێش بانگی بەیانیی هەڵدەسام نوێژم دەکردو دەستم دەکرد بە نووسین تا کاتژمێر (٩)ی بەیانی، لە پاشدا دەچووم کولێرەیەك‌و پارچەیەك پەنیرم دەکڕی، پەرەمێزەکەم دەخستە ئیش‌و قۆریەکەم لەبەر دادەناو یەك پەرداخ ئاوم تێدەکردو تۆزێك چا، لە پاشدا دەمخواردەوە.

ڕۆژێکم دانابوو بۆ دکتۆرای یاساکەم دەچووم بۆ کتێبخانەکەی کۆلێجی یاسای زانکۆی قاهیرە، ڕۆژێکیشم دانابوو بۆ دکتۆرای (فقه المقارن) دەچووم بۆ کتێبخانەکەی زانکۆی ئەزهەر، هەندێك جار دەچووم بۆ (دار الکتب) کە کتێبخانەیەکی زۆر گەورەیە سێ چوار ئەوەندەی کتێبخانەکەی مەرکەزی بەغدا دەبێت، هەروەها ڕۆژێك هەوڵم دەدا بۆ کۆکردنەوەی ئەو شتانەی پەیوەندییان هەیە بە یاساوە، ڕۆژێکیش بۆ (فقه المقارن)، هەتا کاتژمێر چوار لە دەرەوە دەمامەوە، هیچم نەدەخوارد، کاتێك دەگەڕامەوە تۆزێك تەماتەو پەتاتەم دەکڕی دەمهێنایەوە، لە ژوورەکەم لەناو قابلەمەیەکدا هەڵم دەکزاندو دوو کولێرەم

پیوه دەخواردو چایەکم لەگەڵ دەخواردەوە، نوێژم دەکردو دەنوستم، تا بانگی مـەغریب، لـە پاش مەغریب دەستم دەکردەوە بەنووسین تا نزیکەی کاتژمێر (١٢)ی شەو.

لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵ هەردوو دکتۆراکەم تەواو کرد بە نووسین، بەڵام ژیانم لەگەڵ سەرپەرشتیاری زانکۆی ئەزهەر زۆر خراپ بوو، بەپێچـەوانەی سەرپەرشـتیارەکەی زانکـۆی قاهیرە، لەوێ قوتابی دکتۆرا مانگی جارێك یا بیست ڕۆژ جارێك چی نووسـیوە دەچـێت بـۆ لای سەرپەرشتیارەکەی و بۆی دەخوێنێتەوە، پاش ئەوەی کاتێکی تایبەتی بۆ دیاری دەکرێـت دەچێت بۆ ماڵەوە بۆ لای سەرپەرشتیارەکە، سەرپەشتیارەکەی زانکـوی ئەزهـەر هەرچـەندە جبەو مێزەری لەبەر دەکرد، ڕیشێکی هێشـتبووەوە بـەناوی ئـەوەوە کـە پێشـەوای ئـایینی ئیسلامە، هەرچەند بچوومایە بۆلای دەبوو شتێکم لەگەڵ خۆم ببردایە، وەك جگەرە یـان چـا یان شیرینی یان میوە، ئەگەر بەدەستی خاڵی برۆشتمایە هەرچیم بخوێندایەتەوە دەیوت ئەمە هەڵەیە برۆ بیگۆڕە، زۆر جار ناوی کتێبەکەم دەدایە ئەگەر هی خوم بوایە دەیوت بیهێنە بۆ خۆم با بیبینم کە دەمبرد، دەیوت ئەمە بۆ من برۆ یەکێکی تر بکرە بۆ خۆت، ئەگەر بموتایە لە کتێبخانەی زانکۆی ئەزهەر وەرم گرتووە، دەیگـوت سـبەینێ کاتـژمیر (١٠)ی بـەیانی لەبەردەم کیتبخانەکەدا بوەستە بۆیی بێم بچینە ژوورەوە بزانم سەرچاوەکەت ڕاسـتە، بـەیانی دەچووم کاتژمێر (١٠ تا ١١)ی بـەیانی دەوەسـتام نـەدەهات، ئـەم ئازاردانـەش هـەمووی ئەوەبوو بە دەستی خاڵی ئەچومە لای، ئەم کردەوانەی بەکاردەهێنا لەگەڵمدا. بـەڵام ئەگـەر شتێکم پێبوایە هەرچییەکم دەخوێندەوە دەیوت (ماشی).

بە پێچەوانەی سەرپەرشتیار (مشرف)ەکەی زانکۆی قاهیرە کە بۆ خۆی ڕاگری کـۆلێجی یاسابوو، ڕۆژێك ڕۆیشتم بۆ ماڵیان شتێکم کڕیبوو بۆم برد، کاتێك دەرگاکـەی لیکردمـەوە پرسی ئەوە چییە؟ وتم: هیچ نییە شتێکی سادەیە. وتی: مسـتەفا جـارێکی تـر کـردەوەی وا بکەیت دەرگات لێناکەمەوە، ئەمە دواجارە لێت قبوڵ ئەکەم، شت بێنیت لەگەڵ خۆت.

ئەمەش هۆی ئەوەیە ئەو مامۆستایە لە کـاتی خوێنـدنی بـاڵادا چـووبوو لـە فەرەنسـا خوێندنی تەواو کردبوو، لەوێ مابۆوەوە، ڕەوشتو خووی گەلی فەرەنسـی وەرگرتبـوو بـەپێی مامۆستاکانی ئەوی دەجوڵایـەوە، چـونکە ئـەوان ئـەو جـۆرە کـردەوە ناشـیرینەیان لەگـەڵ قوتابییەکاندا نەدەکرد.

واتە پەیڕەوی ئایینی ئیسلام نە بە جبەو نە بـە مێـزەرەو نـە بـە ڕیشـی پانـەو نـە بـە تەسبیحی سەدو یەك دەنکە کە سلاواتی پێدەکەن، بەڵکو موسڵمان ئەوەیە ڕەوشـتی جـوان

بێت کردەوەی پیاوانە بێت لەگەڵ ئەم‌و ئەودا، هەروەکو لەمەوپێش باسمان کرد کە یەکێك لە زانا گەورەکانی میسر (محمد عبده) دەڵێت: "وجدت الاسلام فی اوروبا ولم اجد المسلمین، واجد المسلمین فی بلادنا ولا اجد الاسلام"، واتە: لە ئەوروپا ئاینی ئیسلامم دی کە رەوشتی پیدەکرا، بەلاّم موسلّمانم نەدی، چونکە هەموویان گاور بوون، لە ولاّتەکەی خۆمان موسلّمانان زۆر دەبینم بەلاّم کردەوەی ئیسلامیان لیٚ نابینم، بە ڕاستی مرۆڤ سەرسام دەبێت لەم جیاوازیە کە هەیە لەنێوان رووکەشی زۆر لە موسلّمانەکان‌و کردەوەکانیان.

لەو ماوەیەدا کە خەریکی خوێندن بووم لەبەردەست کورتی ژیانێکی زۆر ناخۆش‌و تاڵم بەسەر دەبرد، هاوڕێکانی من لە عێراقییەکان هەریەکە شوقەیەکی گرتبوو بە (١٠٠ ـ ١٥٠ جنیە)، منیش ئەو ژوورە تاریکە ناهەموارەم گرتبوو بە (٨ جنیە)، کە هیچ کەس نەیدەتوانی هەشت ڕۆژ تیایدا بژی، ئەو پارەیە کە بردبووم لەگەڵ خوم تەواوبوو، ئەو شەوە وارێکەوت بۆ بەیانییەکەی ماوەی کرێی ژوورەکەشم تەواو بوو، دەبوایە تازەی بکەمەوەو پێشەکی پارەیان بدەمێ، منیش ئەو شەوە دوا فلس کە لەگەڵ خۆم هێنابووم تەواو بوو، لە هەمان کاتدا بۆ ڕۆژی دوایی ئیقامەکەم تەواو دەبوو، لەوی (اقامە) لە پاش سێ ڕۆژ دواکەوتن ئەگەر تازەی نەکەیتەوە دەرت دەکەن‌و دەبێت بچیتەوە بۆ ولاتەکەی خۆت، مەرجی تازەکردنەوەی ئیقامەش ئەوەیە کە بچیت پارەی ولاّتەکەی خۆت یان بە دۆلار یان بە پاوەند، ئەوەندە بگۆڕیتەوە لە بانق کە بتوانیت لە ماوەی ئیقامەکەدا پێی بژیت، ئینجا ئەو شەوە تا بەیانی لە خەفەتاندا خەوم لیٚ نەکەوت.

ئەو شەوە شەوێکی ڕەش بوو لە ژیانمدا.

بۆ بەیانی چووم بۆ لای قوتابییەکی عێراقی بۆئەوەی بزانم بڕیٚ پارەم نادات بەقەرز، کاتێك چووم برادەرێکی عێراقی لابوو کە دەمناسی، پێی وتم کە سەد دۆلارم بۆ هێناوی لە ماڵی خۆتانەوە، لە خۆشیاندا خەریکبوو شادی مەرگ ببم، بڕوام نەکرد تا سەد دۆلارەکەی دەرهێنا.

ئەم پارەیەش زەینەدینی برام بۆی ناردبووم کە ئەفسەربوو لە سوپای عێراق، تا مامەوە لەوی هەر مانگی جارێك یان دوو مانگ جاری (١٠٠) دۆلاری بۆ دەناردم لە بازاڕی ڕەش دەمگۆڕییەوە (٨٠) جنیەی میسری دەکرد، دەمتوانی دوو مانگ پێی بژیم، خوای گەورە پاداشتی بداتەوە لە هەردوو جیهان.

شێخ مستەفا پێنجوینی بو من لە قاهیرە کەلیك لە برا زیاتر بوو، کاتی وا هەبوو کاتژمێر دەی شەو دەهات بۆلام پێی دەوتم پارەت هەیە؟ دەموت بەلی، دەیزانی پارم نییە یان کەمە هەندیك پارەی دەدامی پێی دەوتم ئەگەر یەکیك پارەی پی نەبیت نازانی بشچی بەرێگەدا.

کورتەیەك لە ژیانی شێخ مستەفا پێنجوێنی



٢٠١١/٤/٢٤ لە مالی حۆمان

شێخ مستەفا کوری شێخ مەحمود پینجوینییە، سالی ١٩٣١ لەپینجوین لە خانەوادەیەکی ئاین پەروەردا لە دایکبووە، لەتەمەنی شەش سالیدا چوتە خویندنی

مزگەوتو ئەو کتێبانەی لەو سەردەمەدا باو بووە خوێندووە، چەندین شوێن گەڕاوە بۆ تەواوکردنی خوێندن، لەساڵی ١٩٥١ دا شاری پێنجوێنی بەجێ هێشتووە.

لەو مامۆستایانەی کەلەخزمەتیاندا خوێندویەتی مامۆستا مەلا ئیسماعیل شێخ عەبدولڕەحمان بانەیی ومامۆستا مەلا عوسمان شێخ عەبدولعەزیزو شێخ عەبدوڵا کشێنیو مامۆستا مەلا محەمەدی شێخ لمارەینو مامۆستا مەلا عەبدولڕەحیم محەمەدی ناسراو بەقازی، لەخزمەت مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس ئیجازەی عیلمی وەرگرتووە.

ساڵی ١٩٥٨ ڕۆشتوە بۆ بەغدا و لەسەر ڕێنوێنی شێخ ئەمجەد زەهاوی چۆتە مەدرەسەی قادرییە، دواتر چۆتە شاری موسڵو لەمزگەوتی نەجیب جادر بۆتە ئیمام، ساڵی ١٩٥٩ بۆ تەواوکردنی خوێندن چۆتە وڵاتی میسر و لەکۆلێجی شەریعەو قانون لەزانکۆی ئەزهەر ساڵی ١٩٦١ دەستی پێکردووەو ساڵی ١٩٦٥ خوێندنی تەواوکردووەو گەڕاوەتەوە بۆ عێراقو چۆتەوە شاری موسڵ، ساڵی ١٩٧٢ بۆ خوێندنی ماستەر چۆتەوە بۆ زانکۆی ئەزهەر لەبابەتی ئوصولی فیقهدا، بەهەمان شێوە ساڵی ١٩٧٨ هەر لەزانکۆی ئەزهەر بڕوانامەی دکتۆرای بەدەست هێناوە.

چەندین مامۆستای ناسراو لەخزمەت بەڕێزیاندا خوێندوویانەو پێگەیشتوونو لەزانستەکەی بەهرەمەند بوون.

خاوەنی چەندین دانراوە، ئێستا لەوڵاتی قەتەر دادەنیشێت، خوای گەورە بەرەکەت بخاتە تەمەنی.

پەیوەندی نێوان ژیانو زانایی

ژیانی پڕ لەخۆشیو رابواردن مرۆڤ دوور دەخاتەوە لەزانیاریو گەیشتن بە پلەی بەرزی زانین، ئەم دەستکورتیەی منو ناخۆشی ژوورەکەم هویەکی بەهێز بوو کە پاڵم پێوە بنێت بۆ ئەوەی زۆرتر کۆشش بکەم بۆ ئەوەی ئامانجەکانی خوم بهێنمە دی، لە بابەت خوێندنەوە.

هاورێکانم زۆریان بەبێ ئەنجامو بە شکستی گەرانەوە بۆ عێراق، زۆربەیان دوای من تا سێ چوار ساڵ مانەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی هەریەکێ شوقەیەکی دەگرت بە (١٠٠) جنیە، کارەکەرێکی رادەگرت بۆ خواردنو هەندێ جاریش بۆ رابواردن لەگەلیدا، بەلام من کە ژوورەکە کرێیەکی (٨) جنیە بوو، زۆر ناخۆشبوو، نەمدەهێشت لە ماوەی دوو ساڵدا پشیلەش بێتە ناوی، بۆخۆم لە نێوان ئەو ژوورەدا وەك لە ئەستێرەیەکی تردا بژیم، هیچ کەس ناناسم، نەچومە لای کەس، کەس نەئەهاتە لام.

رۆژێك چووم بۆ زانکۆ برادەرێك نامەیەکی پێدام وتی: ئەمە هی خزمێکتە هاتووە بۆ قاهیرە، منیش کە کردمەوە تەماشام کرد کاك (صلاح الدين فهمی) لە سلێمانییەوە چووە بۆ لەندەن لەوێوە گەراوەتەوە بۆ قاهیرە ناونیشانی ئۆتێلەکەی تیادا نووسیوە تا بچم بۆلای، کە رۆشتم بۆلای وتی: دەمەوێت بیم شوێنەکەت ببینم، وتم شوێنەکەم هی ئەوە نییە کەس بێت بیبینێت، ئەویش زۆری لێکردم کە بەیەکەوە برۆین بۆ ژوورەکەم، وتم: کاك صلاح ژوورەکەم لە گەرەکێکی دواکەوتوودایە کۆلانەکانی تەسكو تروسكن ئۆتۆمبێلی پێدا ناروات، دەبێت بەپێ بروین بو ماوەیەك، ئەوەشت پێ بلێم کە کارەکەری جوانم نییە، خۆم جل دەشۆمو خۆم چێشت لێ دەنیم، لە پاشدا هێنام بۆ ژوورەکەم کە دانیشت بۆ ماوەی سێ

چوار دەقیقە قسەی بو نەنەکرا، لە خەفەتی ناخوشی شوینەکەم، لە پاشدا پیی وتم: ئەوە لیرە دەژیت؟ وتم: بەلی، چونکە زانستو زانین لەم جورە شوینانەدا دەست دەکەویت، وتم: ئەگەر میژووی زانا گەورەکان بخوینینەوە زوریان لە من خراپتر ژیاون، ئەو ژیانە تالەیان بووەتە هوی پیشکەوتنیان لە زانستدا.

هاورێ کوردەکانم لە قاهیرە

صلاح احمد فهمی ، د. کامل بصیر ، ... ، د. فوناد معصوم ، زدلمی

هاتنی دایكی موحەممەد بۆ قاهیره

لەپاش ئەوەی بڕوانامەی دكتۆراكەی زانكۆی ئەزهەرم تەواو كرد، پەیوەندیم كرد بە دایكی موحەممەد كە بێت بۆ سەردانی قاهیره، ئەویش ئەو ڕۆژە كە لە بەغدا دەرچوو بروسكەیان بۆ كردم بۆ ئێواره چووم بۆ پێشوازیی بۆ فڕۆكەخانە، سەعات هەشتی ئێواره بەیەكگەیشتین پاش ئەوەی كە دووساڵ بوو لەیەكتر دابڕابووین، مانگێك لەوێ مایەوە، سەردانی هەموو شوێنە بەناوبانگەكانی میسرمان كرد.

سەردانی مۆزەخانەی قاهیرەمان كرد، چوینە ئەو ژوورەی كە تەرمی فیرعەونەكانی میسری كۆنی تێدابوو كە هەریەكەیان لە سندوقێكی شوشە دانرابوون، بە خۆیان و كفنەكەیانەوە، واگومان دەكرا كە هەمووی ڕۆژێك یان دوو ڕۆژە ئەمانە مردوون، بەڵكو كە تەماشای دەموچاوت دەكردن وات دەزانی یان خەوتوون یاخود وەك تۆ تەماشا دەكەن، ئەمەش بەهۆی ماددەیەكەوە كە پێی دەوترێت مۆمیا، ئەم ماددەیە لە میسر زۆرە بەكاریان دەهێنا بەجۆرێكی وا لە یەكێ لە شارەكاندا كەمردووەكانیان دەنێژن پاش ساڵەهای ساڵ لاشەكانیان شی نابێتەوە، چونكە خاكەكەی ئەم ماددەیەی زۆر تیادایە.

یەكێكی تر لەو شوێنانە ئەهرامەكان بوو، كە ئەمانە یەكێكن لە حەوت شتە سەرسوڕهێنەرەكەی جیهان، ئەو بەردانەی كە ئەو ئەهرامانەی لێ دروست كراوە لەكاتی خۆی لە (اسوان)ەوە هێناویانن بەسەر ئاوی ڕووباری نیل بەهۆی ئەو شتانەوە كە لەوكاتەدا هۆی هاتوچۆ بوون، أسوان بە شەمەندەفەر لەقاهیرەوە نزیكەی (٩) سەعات ڕێ دووره.

مرۆڤ سەرسام دەبێت كە ئەوانە دەبینێت، كەچۆن ئەو بەردانە بگاتە ئەو شوێنە لەڕێگەی ڕووبارەكەوە، كێشی هەر بەردێك زیاترە لە سێ تەن، بەجوانی تاشراون، چوار

گوشەن‌و هەر چینێك لەسەر چینەکەی تر (١سم) چووەتە دواوە لەبەر ئەوە وردە وردە تەسك ئەبێتەوە تا دەگاتە لوتکەکەی. ڕێگایەك هەیە بۆسەرکەوتن لە پاش سەرکەوتن بۆماوەی سێ مەتر بەریگەیەکدا دەچێتە ژوورەوە کە گۆری یەکێك لە فیرعەونەکانی تیادایە کە هەمووی لە مەرمەر دروستکراوە، بەلام لاشەی فیرعەونەکە دەرهێنراوەو براوە بۆ مۆزەخانە.

یەکێك لە شوێنەکانی تری قاهیرە بورجی قاهیرەیە کە لە لوتکەکەیدا چایخانەیەك دروستکراوە، هەموو شاری قاهیرەی لێوە دیارە.

یەکێکی تر لە شوێنە بەناوبانگانەی قاهیرە (باخچەی ئاژەڵانە)، هەموو جۆرە درِەندەیەکی تیادایە، دارستانێکی زۆر چڕو سەرسوڕهێنەر بوو، هەندێك گۆماوی گەورەی تیدایە پڕە لە سەکی ئاوی. باوەر ناکەم لە جیهاندا لەو باخچەی ئاژەڵە گەورەتر هەبێت‌و لەو جورە دڕندانە زیاتر هەبن.

گفتوگۆی دکتۆراکەم لە زانکۆی ئەزهەر

پێش تەواوکردنی دکتوراکەم لە یاسادا بەدوو مانگ دکتورای (فقه المقارن)م تەواو کرد، ڕۆژی (٩/٩/١٩٧٥) لە زانکۆی ئەزهەر گفتوگۆی دکتوراکەم دەستی پێکرد، بڕوانامەی دکتۆرام وەرگرت لە (فقه المقارن) بە پلەی (شەرەف)، لەپاش سێ ڕۆژ قوتابییەکی عێراقی پێی وتم لە زانکۆی قاهیرە داوات دەکەن لەلایەن سەرپەرشتیارەکەتەوە (د. جمیل شرقاوی) ڕاگری کۆلێجی یاسا، کاتێك چووم بولای وتی: تۆ دزیت کردووە، تاوانی دزی دەبێت چی بێت؟ وتم: دزی چی؟! وتی: تو لە دوو زانکو دکتۆرات تۆمار کردووە، یەکێکیانت وەرگرتووە لە زانکوی ئەزهەر ئەمە بەپێی یاسای ئێرە ناڕەوایە، لەبەر ئەوە بڕیارمانداوە هەرچیت کردووە لەم بابەتەوە بەتالی بکەینەوە لەبەر ئەوەی بە پێچەوانەی یاساوە کردووتە، هەرچەند

هەولم لەکەلدا هیچ سوودی نەبوو، وتی: تو حوت دابی ئیستا قوتابییەك نیت لەم زانکۆیەدا.

شەو چووم بو مالیان زور ریری کرتم لە پاشاندا وتم: ئەگەر یارمەتیم بدەیت با توزیك باسی خومت بو بکەم، وتی: باشە، وتم من نو مندالو ژنبکم بەجی هیشتووە لە عیراق، جکە لەحوا کەسیان نییە، ئەوەی بوم بەجی هیشتوون بەشی نانی وشکیان ناکات، من تەمەنم (٥٠) سال زیاترە بو ئەوە نەهاتووم بروانامەی (دکتورا) وەربگرم بچمەوە لە پلەیەکدا دامبنین، بەلکو تەنیا هیوام خویندنو وانە وتنەوەیە کە بچمەوە ولاتەکەی خوم لە زانکویەکدا خزمەتی رولەی ولاتەکەم بکەم، من لە سوپای عیراقدا ئیمامی (درجە ممتاز) بووم، واتە پلەی (مقدم) بوومو موچەکەم لە مووچەی تو کە رأکری یاسایت زورتر بوو وازم لێهێنا بۆ ئەوەی خوێندنەکەم تەواو بکەم.

ئێستا لە جیاتی ئەوەی (تقدیر)م بکەن، کە توانیم لە ماوەی دوو ساڵدا، پێویستی دوو دکتۆرا تەواو بکەم ئێستا فەصڵم دەکەن!.

ئەم وتانەم کاریگەری هەبوو دڵی زۆر سوتا بۆم، وتی: کەواتە ئەمساڵ ناتوانیت گفتوگۆی دکتۆرای یاسا بکەیت، دەبێت بچیتەوە بۆ عێراق ساڵێکی تر ئەم کاتە بێیتەوە بۆ ئەوەی ساڵێك بڕوات بەسەر دکتۆرای پێشوودا، منیش دڵنیابووم بڕیارمدا بەپێی قسەکەی ئەو بڕۆم.

ڕۆژی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە قاهیرە
١٩٧٥/٩/٩

قوتابییە کوردەکان لە شاری قاهیرە

لە قاهیرە زیاتر لە سەد قوتابی کورد دەیانخوێند، هەندێک دکتورای دەخوێندو هەندێک ماستەرو هەندێک هێشتا کولیجی تەواو نەکردبوو، بەڵام بەداخەوە هەروەک کوردی هەموو شوێنێکی تر بوو بوون بە دوو پارچەوە. هەندێکیان دڵسۆزی نەتەوەی کوردبوون، هەندێکیان پەیوەندیان هەبوو بە باڵیوزخانەی عێراقەوە موچەیان هەبوو لەم باڵیوزخانەیە بو ئەوەی لە دژی کەلەکەی حزبانو ئەوەی پەیوەندی بەکوردەوە هەیە ڕۆژ بەڕۆژ بۆیان ببەن،

لەوانەی کە خۆمان بە دلسوزانی گەلەکەمان دەزانی منو کاک (فوئاد مەعسوم) بوو کە دکتورای دەخویند لە فەلسەفەو کاک (د. کامل بصیر) کە دکتۆرای وەردەگرت لە ئەدەبی عەرەبیدا، کاک (دکتۆر ئەکرەم جاف) کە لە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیشی دەکردو ماڵی لەوێ بوو، خوا لیخۆشبوو کاک (نجیب بابان) دادوەری شۆرش بوو، کاک (د. فوئاد مەعسوم) بەرپرسی کوردەکانی ئەوی بوو، پەیوەندی هەبوو بە سەرکردایەتی شۆڕش، ئەو کوردانە زۆر دلسۆزی کورد بوون بەتایبەت کاك د. فوئاد مەعسوم پیاوێکی زاناو سیاسییو دلسۆز بوو بۆ کورد، پەیوەندی هەبوو بە دەسەلاتداری میسرەوە کاتی سەرۆکایەتی ئەنوەر سادات.

من پەیوەندیم هەبوو بە د. فوئاد مەعسومەوە، بەلام حزبی نەبووم، وەك لەوەو پێش باسم کرد، هیچ کات نەبووم بە حزبی بەلام هەردەم دلسۆزی گەلەکەم بووم لەبەر ئەوە نەبوو کە کوردم، لەبەر ئەوەی کورد دوژمنی زۆر بوو دابەشکراوە بەسەر چوار دەوڵەتدا هەرچواریان دوژمنی گەلی کوردنو هەر چواریان هاوکاری یەکتر دەکەن بۆ لەناوبردنی ئەم گەلە بێ بەش و بێ کەسە ستەم لێکراوە.

جگە لەمەش کوردەکە هەر خوی دوژمنی خۆیەتی، چونکە ئەگەر ئەو دوژمنایەتییە ناوخۆییە نەبوایە، کورد لەپێش عەرەب دەبوو بە دەوڵەت، چونکە مێژووی کورد زۆر پرشنگدارە، پڕە لە ئازاییو چالاکی لەبەرەبەیانی مرۆڤایەتییەوە کاتێك گۆتییەکان (کوردەکان) ژیاونو لەگەڵ ئاشورییەکان لە باکوری ئەم شوێنەی ئێستا پێی دەڵێن عێراق، هەروەها لە پێش تورکەکان ژیاون لە خاکی تورکیای ئێستادا.

مانەوەم لە قاهیرە لە پاش وەرگرتنی دکتۆرای زانکۆی ئەزهەر دوو شت بوو:

یەکەم: هەندێك لە دکتۆرای یاساکەم مابوو بریارمدا تەواوی بکەم، ئینجا بگەڕێمەوە بۆ عێراق.

دووەم: لەسەر داواکردنی کوردەکانی ئەوێ بوو.

لەبەر ئەوە لەگەڵ کاك دکتۆر فوئاد مەعسوم ئەوەی پێویست بوایە لەسەرشانم دریغیم نەدەکردو لەسەر ئەرکی ئەوان شوقەیەکیان بۆ گرتم، کاتێك نوێنەرێکی کورد بهاتایە لەلایەن شۆڕشەوە دەچووم بۆ فرۆکەخانە بە پیرییەوە دەمهێنا لە شوێنێکی تایبەتی کەشایانی ئەوبێت دامان دەناو لەگەل کاك دکتۆر فوئاد مەعسوم ئەوەی پێویست بوایە بۆمان دەکرد.

کاك دکتۆر ئەکرەم جاف، بەتایبەتی رۆلەیەکی دلسۆزی کورد بوو، کاتی حوکمی عەبدولسەلام عارف کرا بە وەزیر، بەلام لەبەر کردەوە ناشیرینەکانی عەبدولسەلام بەرامبەر بە کورد، دەستی لەکار کیشایەوە، عەبدولسەلام ناردی بەدوایداو پیی وت: (سوینان آدمي!) ئەویش لە وەلامیدا پیی وت: (أنا کنت آدمیا قبل أن أکون وزیرا، لانني اول عراقي حصلت علی الدکتوراه في أمریکا). جیکەی شانازییە، من کە دوو سال لەوی بووم لەیادی رۆژی نەورۆز قوتابییە کوردەکانی کودەکردەوە لەسەر ئەرکی خوی دەیبردین بو سەیران و یادی جەژنی نەورۆزی دەکردەوە.

دکتۆر ئەکرەم جاف

ئاشنایەتیم لەگەڵ مام جەلال

مام جەلال

پەیوەندیم لەگەڵ بەڕێز مام جەلال دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٣ کاتێ لەماڵی لیوا مستەفا رەزا کە ناسراوە بە مەولانا دەعوەت بوو لەوێ منیشی دەعوەت کرد، بەو بۆنەیەوە بەیەکتر ئاشنا بووین، لە ساڵی ١٩٦٤ سەردانی تایبەتی کردم لە ماڵی خۆمان و، لەساڵەکانی حەفتاکاندا کە لەمیسر لە زانکۆ ئەمخوێند بۆ ماستەرو دکتۆرا جاریکی کە بەیەك شادبوینەوە، پەیوەندیمان زۆر خوش بوو، هەرکاتی سەردانی قاهیرەی بکردایە لەگەڵ د. فوئاد معصوم دەچووین بۆ لای .

لەکۆشکی مەلیك فاروق چاوپیکەوتنمان دەبوو، لە سالی ١٩٧٥کە شورشی کورد بە هوی دەست وەردانی دەرەکی و ناکوکی نارخو توشی نسکو بوو، مام جەلال پەیوەندی کردبوو بە سەروکی لیبیاوە (معمر قزافی) تا کوردە خاوەن بروانامەکان لەزانکوکانی لیبیادا جێگەو ڕێگەیان بۆ بکاتەوە .

ئەویش بەلێنی دا بوو وئەمە بوە هۆی دلخوشی ئیمە، بەلاّم لەو کاتەدامن داوای لیبودرنم لیکرد لەبەر کەمی مووچەو بارگرانی ژیانی خیزانم لە بەغدا ناتوانم لەگەڵ ئەوان بروم بو لیبیا، لەبەر ئەوە من گەرامەوە بۆ بەغدا،لە هەشتاکاندا متمانەیەکی باشی بەمن پیداکردبوو، زۆر جار نوینەری خوی دەنارد بولام بو هەر کاریك پیویست بوایە، ئەم نامەیە نمونەی ئەو متمانەیە کەبەدەستی د. دلاوەر عەلادینی خوشکەزایی د. فوائد معصوم بوو ناردوێتی بۆم .

١٩٨٨/٦/٩

بۆ [illegible] کاک [illegible]

سڵاوێکی گەرم

[illegible]

[illegible]

[illegible] بۆ بکەم . وتکاتان

لێ دەکەم کە [illegible]

[illegible] . [illegible] وایە [illegible]

ئاگاداری [illegible]

بۆیە لام وایە ڕۆژی هەق کە زۆر بەچالاکی لە [illegible]

بۆی کار بکەن . هەروەک [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

نامەیەکی تایبەتی بەڕێز مام جەلال

کورتەیەك لە ژیانی دکتۆر فوئاد مەعصوم

١٩٣٨/٣/٢١ لە کۆیی لەدایك بووە.

باپیری مەلا خدری هەورامی، کە خەلکی خەرپانی بوە، چوەتە کۆیی و لەوێ ئیجازەی علمی وەرگرتوەو ژنی هێناوەو هەر لەوێش وەفاتی کردوە.

بەشێك لە قوتابخانەو ئەوی تر لای باوکی خوێندویەتی، لە سالی ١٩٥٨ چووەتە قاهیرەو لە کۆلیژی شەریعەو یاسای زانکۆی ئەزهەر وەرگیراوەو لەسالی ١٩٦٢ تەواوی کردوە.

لە ١٩٦١ تا ١٩٦٨ لە (دەنگی قاهیرە- بەشی کوردی) کاری کردووە.

لە ١٩٦٧ ماجستیری لە عەقیدەو فەلسەفەدا لە ئەزهەر وەرگرتوە.

لە ١٩٦٩ لە زانکوی بەصرا بە موعید دامەزراوە لە بەشی تربیە و علم النفسم کۆلیژی ئاداب.

لەسالی ١٩٧٢ بووە بە مدرس و ئیجازەی دیراسی پیدرا لە زانکوی بەصراو چووەتەوە قاهیرە.

لەسالی ١٩٧٣- ١٩٧٥ نوینەری شورشی کورد بووە لە میسر.

لەسالی ١٩٧٤ دکتورای وەرگرتوە لە فەلسەفە. ریسالەکەی بەناوی (اخوان الصفا، فلسفتهم وغايتهم) بوو.

لەسالی ١٩٧٥ یەکیك بووە لە دەستەی دامەزریەری یەکینی.

لە ١٩٩٢/٧/٤ تا ١٩٩٣/٣/١٧ سەروکی نەخومەنی وەزیران بووە.

ڕەگەزپەرستی هەندێك لە عەرەبەكانی عێراق لە قاهیرە

هەندێك لە عەرەبەكان لە عێراق هەڵهاتبوون لە دەستی ڕژێمی عیراق، حوكم درابوون بە (لەسێدارەدان) وەك: (صبحي عبدالحميد، عبدالله ركابي، أحمد حبوبي و مصلح) ئەمانەو هەندێكی تر پەناهەندەبوون لە قاهیرە، هەندێك جار لەگەڵ كاك دكتۆر فوئاد دەچووین بۆ لایان، لەو هاتوچۆیەدا بۆم دەركەوت ڕژێمی عێراق، لەگەڵ ئەو هەموو تاوانانەی كە دژی گەلی كورد دەیكرد، گەلێك باشتر بوو لەو عەرەبە ڕەگەزپەرستانەی كە پەناهەندەبوون لە قاهیرە.

سەرۆك كۆماری عیراق (ئەحمەد حەسەن بەكر) دانی بەوەدا نا كە كەركووك بۆ كوردو عەرەب بێت، بەیەكەوە سەرپەرشتی بكەن، بەڵام ئەو پەناهەندانەی هەڵهاتبوون لە عێراق نارەزایی خۆیان دەردەبڕی بەرانبەر بەو هاوبەشییە لە شاری كەركووكدا، هەموویان تێكڕا دەیان وت كەركووك شارێكی عەرەبییە، مافی كوردی تیادا نییە، ئینجا لەمەوە من دڵنیابووم ڕژێمی بەعس لەو ڕەگەزپەرستانە باشترە چ لە دەرەوە چ لەناوەوە.

هەروەها شیعەكان یان ئیسلامییەكان خوانەخواستە ئەگەر ڕۆژێك حكومڕانییان بكەوێتە دەست، دوژمنانیەتی یەكەمیان بەرانبەر بە كورد دەبێت.

من كە ئەم بیرەوەرییەی خۆم دەنووسم لە كاتژمێر (٦)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠١/٧/٢٦ە، ڕوژێك دێت دێتە بەرچاوی كوردەكان ئەزانن بە بەعسیشەوە،

ڕەگەزپەرستە نەتەوەییە عەرەبەکانو شیعەکانو کۆمۆنیستەکان بەهەمان شێوە نابنە دۆستی کورد، ماف بە کورد نادەن ئەگەر دەسەڵات بگرنە دەست.

هاتنی کاك حەبیب کەریم بۆ قاهیرە

ڕۆژێك قوتابییەکی کورد هات بەدوامدا وتی کاك حەبیب لەلایەن شۆڕشەوە هاتووە لە عێراقەوە، لە ئۆتێل (شبرد) دابەزیوە، داوای کوردەکان دەکات، بە منو کاك دکتۆر فوئادی وت با بێن بۆ لام. کاتێك چووین دەبینم کوردە دڵسۆزەکان نزیکەی (٢٠) کەس دانیشتوون لە پێش هەموویاندا مام جەلال، چونکە ئەوکاتە ئەویش بۆ ماوەیەك لە قاهیرە بوو، لەوکاتەدا جەنگ دەستی پێکردبوو لە نێوان ڕژێمی عێراقو شۆڕشگێڕانی کوردستان، شای ئێران یارمەتییەکی زۆری کوردەکانی ئەدا، هەموو شتێکی بۆ ئامادەکردبورن بۆ بەردەوامییان لەسەر جەنگ لەگەڵ سوپای ڕژێمی عێراق، کە ئەمەش پەیوەندی هەبوو بە سیاسەتی ئەمریکاوە.

کاك حەبیب وتارێکی دوورو درێژی دا بۆمان، وتی: ئێستا شای ئێران خۆی بە کوردێك دەزانێت هەوڵدەدات بۆ مافی کورد، لەسەر بیروباوەڕی (ئاری)یەتی دەڕوات، ئێستا پێی دەوترێت (ئاریا میهر)، ئێمە سەدی سەد سەردەکەوین بەسەر ڕژێمی عێراقدا بەهۆی شای ئێرانەوەو، مافی خۆمان دەچەسپێنین لە چوارچێوەی عێراقدا، زاڵ دەبین بەسەر سوپای ڕژێمی عێراقو ڕژێمی سوشیالیستی بەعسی.

کاتێك لێبووەوە وتی: کێ پرسیاری هەیە با بیکات، منیش وتم: بەناوی برادەرانەوە کە هەموومان خۆمان بە دڵسۆزی کورد دەزانین پرسیارێکت لێدەکەم، وتم: هەر ڕۆژێك شای ئێران لەگەڵ سەددام حوسێن ڕێککەوت دەستیان کردە ملی یەکتر ئەوکاتە کێتان هەیە پشتی پێ ببەستن بۆ ئەوەی شۆڕشەکە بەردەوام بێت، وەك جاران نەکەوینە کۆسپی سەرلێشێواوییەوە؟

وتی: موستەحیلە، ئەم دوانە ڕۆژێك لە ڕۆژان بگەن بە یەکترو ئاشت ببنەوە، چونکە دوژمنایەتیەکەیان زۆر قوڵە، وتم: کاك حەبیب تۆ ئەندامێکی لە مەکتەبی سیاسی،

دادەنرێیت بە مرۆڤێکی سیاسیی کورد، سیاسەت لەم جیهانەدا لەگەڵ بەرژەوەندی دەگەڕێو دەگۆڕێ، هەرکات بەرژەوەندی ئێرانو عێراق پاڵی نا بەم دوو کەسەوە نزیکیان بخاتەوە، دەست دەکەنە ملی یەکتر، لەسەر حیسابی گەلە بێکەسەکەمان.

وتی: بەڵێ، هەیە پشتیوانی ترمان هەیە ئەوکاتەی ئەم مەحاڵەی تۆ هاتە دی، ئێمە پشتیوانی ترمان هەیە کە نەیەڵێت وەك لاولاو دارەکە ببڕێت بکەوینە سەر زەوی‌و پێمان پیابنێن، وەکو تۆ دەڵێیت.

وتم: ئێمە ئەم قوتابیانە هەموومان خۆمان بە دڵسۆزی کورد دەزانین، بۆیە هاتووین بۆلای تۆ دەتوانین بزانین پشتیوانەکەی ترمان کێیە لە جێی شای ئێران کە یارمەتیمان بدات، هەرکاتێك عێراق‌و ئێران ڕێککەوتن؟ وتی: ئەوە هەر (قیادە) دەیزانێت.

وتم: ئێمە هەر ئەوەمان دەوێت کە ببێت، ئیتر زۆر گرنگ نییە کە ئێمە بیزانین.

ئەم پرسیارەم مام جەلال‌و برادەرەکانی تر زۆر زۆریان پێ خۆشبوو، بەداخەوە هەموو مانگێکی نەبرد پاش ئەوە وتەکەی من هاتە دی پشتیوانەکەی کورد کە کاك حەبیب وتی، لەگەڵ سەددام لە جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥ دەستیان کردە ملی یەکترو ڕێککەوتننامەی جەزائیریان مۆر کرد، کورد وەك لاولاوێك چووبێت بە درەختێکدا درەختەکە ببڕنەوە ئەویش لەگەڵیدا بکەوێتە سەر زەمین هەروا کوردەکە بەسەر لێشێواوی مایەوە هیچ پشتیوانییەکی نەبوو لە جێی (شا)دا یارمەتی کورد بدات وەك کاك حەبیب بەئێمەی وت.

کوردی ساویلکە هەروا نەیزانیوە دۆست‌و دوژمنی خۆی لەیەك جیا نەکردۆتەوە، هەردەم دوژمن هەڵی خەڵەتاندووەو ئیشی خۆی پێکردووە ئینجا چەپۆکێکی داوە بەسەریدا.

نووسەرێکی ئەمریکی دەڵێت: "بۆچی کورد لە بەرەبەیانی مێژووەوە نەبووە بەهیچ، لەگەڵ ئەوەی دوو هەزار ساڵ پێش زایین گەلێکی ئازاو زاڵ بووە بەسەر گەلەکانی تردا لەباکوری عێراق وەك ئاشورییەکان‌و سۆمەرییەکان‌و ئەوانی تر".

ئەم نوسەرە خۆی وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دەداتەوە دەڵێت: هەموو گەلێك کە قەوارەیەك بۆ خۆی دروست دەکات پێویستی بە چوار مەرجە:

یەکەم: خاك‌و ئاوێکی هەبێت لەسەری دانیشێت نەچووبێتە سەر خاك‌و ئاوی یەکێکی تر، کورد ئەمەی هەبووە، هەمیشە دوژمن هاتۆتە سەر خاکی ئەو، ئەو نەچۆتە سەر خاکی یەکێکی تر.

دووەم: بەڕێوەبردنێکی هەبوبێت بەپێی ئەو ڕۆژە کە تیایدا ژیاوە، کورد هەردەم ئەمەشی هەبووە، بەپێی ژیانی ڕۆژی خۆی لە هەموو چەرخێکدا.

سێیەم: حسابێکی بۆ دوژمن کردبێت، هەردەم ئامادەبووبێت بۆ بەرگری لە خۆیی و لە خاکەکەی لە دژی دوژمنەکانی، کورد هەردەم ئەمەی بووە، کاتێك جەنگاوە لەگەڵ دوژمنەکەی زاڵ بووە بەسەریدا، بەڵام خیانەتی خۆی وای کردووە کە دوژمنەکەی خۆی زاڵ بێت بەسەریدا بۆ نموونە دەڵێت:

ئیبراهیم پاشای بابان شاری سلێمانی ڕووەو شارستانێتی و پێشکەوتن برد، لەبەر ئەوە والی بەغدا ئەوەی بەمەترسی لەقەڵەمدا سوپایەکی بەهێزی نارد لە تورك و عەرەب بۆ سەر سلێمانی و گرتنی ئیبراهیم پاشا، کاتێك ئیبراهیم پاشا بەمەی زانی هێزێکی برد لە دەربەندی بازیان بەرهەڵستی کرد بۆ ماوەیەك دوژمنەکەی نەیتوانی لەو دەربەندە زاڵ بێت بەسەر کوردەکانداو ڕووەو سلێمانی بڕوات، ئینجا سوڵتانی ئەستەمبوڵ بە براکەی ئیبراهیم پاشای وت، کە ناوی (عبدالرحمن پاشا) بوو: ئەگەر بچیت لە دواوە لە براکەت بدەیت، ئێمە دەتکەین بە پاشا لە جێگای ئەو، ئەویش هێزێکی هێنا لە دواوە هێرشی بردە سەر براکەی و هێزەکەی لە پێشەوەش تورکەکان عەرەبەکان یارمەتییاندا تا ئیبراهیم پاشایان شکاند.

نووسەرەکە دەڵێت: ئیبراهیم پاشا ئەوەندە ڕق چووە دڵیەوە دەمی پڕبوو لەکەف و چەکەکەی دا بە بەردێکدا وتی: ئەگەر براکەی خۆم پشتم نەشکێنێت هیچ وەختێك دوژمن ناتوانێت بەسەرمدا زاڵ بێت.

چوارەم: هەرگەلێك کە توانیویەتی کیانێ بۆ خۆی دروست بکات لەسەر بنەمای (مبدأ) جولاوەتەوە، ئەو بنەمایە کردوویەتی بەیەکپارچە بەرامبەر بە دوژمنی خۆی وەستاوە بەڵام کورد هیچ کاتێك ئەوەی نەبووە، بۆیە هەردەم دواکەوتوو بووە، کورد کە لەگەڵ دوژمنەکەی جەنگاوە یەکگرتنەکەی لەسەر بنچینەی حزبایەتی یان ئاغایەتی یان شێخایەتی بووە، ئەم سێ شتە سەرکردایەتی کردووە لەبەر ئەوە هەردەم پارچە پارچە بووە یەکی نەگرتووە بۆیە لەکاروانی ژیان هەردەم بەجێماوو دواکەوتووە.

ڕێککەوتننامەی جەزائیر

لەپاش مانگێک لە دوای کۆبوونەوەکەمان کە لەگەڵ کاک حەبیب کەریم، ڕێککەوتننامەی جەزائیر ئەنجام درا، لە پێش ئەم ڕێککەوتننامەیە بە هەفتەیەک کاک دکتۆر فوئاد مەعصود وتی: مامۆستا موحەممەد ئیسماعیل کە بەڕێوەبەری زانیاری کوردستانی عێراقە چووە بۆ فەرەنسا بۆ (زماله) وەربگرێت بۆ قوتابییە کوردەکان، بەیانی دێت بۆ قاهیرە بۆ هەمان مەبەست تۆ بچۆ لە فڕۆکەخانە پێشوازی بکە، کاتژمێر هەشتی ئێوارە دەگاتە ئەوێ. منیش لە هەمان کاتدا ڕۆیشتم لەوی پێشوازم لێکرد هێنام بۆ شوێنەکەی خۆم، بۆ بەیانی لە باڵەخانەکەی کە شوقەکەی منی تیادابوو، شوقەیەکمان بۆ ئەویش گرت بەڵام بەشەو هەر لەلای من دەخەوت، ئینجا کاک دکتۆر فوئاد پەیوەندی هەبوو بە عبدالرحمن فرید، پێی وتم سەرۆك ئەنوەر سادات دەڵێت پەیام بنێرن بۆ مەلا مستەفا با وەفدێك بنێرێت بۆ ئەو کۆنگرەیە کە دەکرێت لە جەزائیر، کە شای ئێران‌و سەددام بەشدریی تیا دەکەن. ئینجا هەواڵەکە نێردرا بۆ خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا، بەڵام ئەو هیچ بایەخێکی پێ نەدا، ئەو ڕۆژە کە ڕێککەوتننامەکە ئیمزا کرا لە نێوان عێراق‌و ئێران بۆ ڕۆژی دووەم بەیانی زوو لە خەو هەڵسام ئێزگەی لەندەنم کردەوە هەواڵی ڕێککەوتننامەکەی بڵاوکردەوە، لەپاشدا کاک موحەممەد ئیسماعیل لە خەو هەڵساو وتی دەنگوباس چییە؟ وتم: دەنگوباس ئەوەیە شای ئێران هەموتانی هەڵخەڵەتاند و ئێستا بنەماو بنچینەی کوردی لەبن هەڵوەشاندو نەتەوەی کوردی برد بەقوڕدا. ئەویش قسەکەی زۆر پێ ناخۆش بوو، وتی: قسەی وا چۆن ئەکەیت؟ وتم: بە ماوەیەکی زۆر نزیك هەموو شتێکت بۆ ڕوون دەبێتەوەو دەزانی کە هەموو قسەکانم ڕاستە.

لە هەمان ڕۆژدا کاتژمێر (١٠)ی پاش نیوەڕۆ کاك دکتۆر فوئاد هات ئەویش هەواڵەکەی بیستوو زۆر بە پەرۆشەوە گێڕایەوە، بە منی وت: دەچم بۆ لوبنان لەوێ بنکەیەکی شۆڕشی لێبوو بۆ ئەوەی بزانم شۆڕشەکەمان چی لێهاتووە، ئەوکاتە لە لوبنانەوە تەلەفۆنت بۆ دەکەم، لە پاش دوو ڕۆژ تەلەفۆنی بۆ کردم، وتی: بەداخەوە هەموو شتێك تەواو بوو، شۆڕشەکەمان کوێربوو، پێشمەگەر چەکەکانی تەسلیمی سوپای عێراق کردووە، شای ئێران بە مەلا مستەفای وت بۆ کوێ دەڕۆن بڕۆن، بچن لەگەڵ سەددام ڕێك بکەون ئیتر یارمەتیتان نادەم نایەڵم لە خاکی مندا بمێنن.

وادەردەکەوێت بنچینەی کارەکە ئەمریکابوو کە ویستی سوپای عێراق لە دەستی شۆڕشی کورد ڕزگار بکات، بیکات بەگژی سوریا یان ئێراندا، چونکە ساڵی (١٩٨٠) کتێبێك کە بەناونیشانی (کیسنجر والصراع الدولی)بوو، چەند لاپەڕەیەکی لەسەر کوردو ڕێککەوتننامەی جەزائیر تیابوو، کیسنجەر ئەوکاتە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو، لە کتێبەکەیدا نووسیبووی: کۆنگرێسی ئەمریکی لەکاتی کۆبوونەوەیدا بە کیسنجەری وت: ئەو ئیشەی کە بەرامبەری کورد کردوتانە لە ڕێککەوتننامەکەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ شتێکی نارەواو بێ ڕەوشتی نەبوو؟

وتی: بەڵێ بێ ڕەوشتی بوو، بەڵام ئێمە پێغەمبەرەکان نین بە دوای ڕەوشتدا بگەڕێین.

لە پاش چەند ڕۆژێك پەیوەندیمان کرد بە بەڕێز (مام جەلال)ەوە، کە ئەوکاتە لە قاهیرە بوو، وتمان: ئێمە چ بکەین؟ وتی: مۆڵەتم بدەن بۆ ماوەی هەفتەیەك، لە پاش هەفتەکە وتی: بە (قەزافی)م وتووە سەرۆکی لیبیا کە هەندی مامۆستای کورد هەن دەیانێرین بۆ ئەوێ لە زانکۆکانی خۆتاندا دایان مەزرێنن، منیش وتم: ئەگەر ڕێگای من بدەن من دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ عێراق، چونکە ژنێك و نۆ منالم بەجێهێشتووە دەگەڕێمەوە بۆلایان لەسەر ئەستۆی خۆم ئەگەر هەر شتێکم لەگەڵ کرا لە عێراقدا، وتیان: پێمان خۆشە بگەڕێیتەوە بە مەرجێك نەچیت بۆ هەولێر لەوێ لە دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمیی (الحکم الذاتي) دابمەزرێیت، منیش وتم: دەچمە کۆلێجی یاسا لە زانکۆی بەغدا ئەگەر دایان مەزراندم باشە ئەگەرنا ئەوە کەوەر دەفرۆشم، هیچ جۆرە پلەیەك وەرناگرم.

چووم بۆ باڵیۆزخانەی عێراق کە بڕوانامەکەم (تصدیق) بکەن ئەم باڵیۆزخانەیە دوو پرسگەی پێشوازیکردنی هەبوو، یەکێکیان لە دەرەوە بوو پیاوێکی ئەمن بەڕێوەبەری بوو، ئەمە ئەگەر پیاوێك کە گرنگ نەبوایە لای ئەم ئەمنە دادەنیشت چاوەڕوانی دەکرد تا

ڕێگەی بدەن بچێتە ژوورەوە، پرسگەکەی تر لە ژوورەوە بوو، ئەمە پیاوێك پیاوانە بوایە دەچوو لەوێ چاوەڕوانی دەکرد ڕێگای بدەن بچێتە ژوورەوە. کاتێك چوومە ژوورەوە دەبینم کاك حەبیب کەریم کە بە دووەم کەس لەقەڵەم دەدرا لە دوای خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا لە شۆڕشدا لای ئەمنەکە دانیشتووە لە پرسگەی دەرەوە. منیش حەپەسام تەنانەت سڵاویشم لەبیر چووەوە لەبەر ئەو دیمەنەی کە بینیم زۆرم پێ ناخۆش بوو، بەڵام ئەو هەڵسایەوە ئەم لاو ئەولای ماچ کردم، وتی: کاك مستەفا چۆنی، وتم: لە سایەی سەری ئێوەوە زۆر باشین، لێرە چی دەکەیت دانیشتوویت؟ وتی: چاوەڕوانی دەکەم (سفیر) ببینم بچمەوە بۆ عێراق، منیش ڕۆیشتمە ژوورەوە بڕوانامەکەم (تصدیق) کرد.

لە پاشدا چووم بۆ ماڵی کاك دکتۆر فوئاد مەعسوم وتم: کاك فوئاد خەوێکم دیوە هیوادارم ڕاست نەبێت. لە خەوما کاك حەبیب کەریم لای ئەمنەکەی دەرەوەی باڵیۆزخانەی عێراق دانیشتبوو، چاوەڕوانی سەرەی دەکرد بچێتە ژوورەوە بۆ لای سەفیر، وتی: خەوەکەت ڕاستە، چونکە پێش تۆ (صبحی عبدالحمید) کە پەناهەندەیە لێرە ئەویش ویستوویەتی بچێتە ژوورەوە بۆ باڵیۆزخانەی عێراق بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ عێراق، وتی چاوم کەوت بە حەبیب کەریم لە سەفارەت.

بۆ ئێوارەی ئەو ڕۆژە کاك (نجیب بابان) تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی: بۆ ئێوارە بۆ نانخواردن لە ماڵی ئێمە دەبێت. منیش ڕۆیشتم دەبینم کاك حەبیب کەریم لەوێیە، هەر دانیشتم وتم: کاك حەبیب مانگێك لەوەوپێش لە ئۆتێل (شبرد) پێم وتیت ئێوە پشتتان بە شا بەستووە ئەگەر سەددامو (شا) دەستیان کردە ملی یەکتری لە دژی کورد کێ پشتیوانی ئێوە دەکات، یەکەمجار وتت (مستحل)ە، دووەمجار وتت پشتیوانمان هەیە ئەگەر ئەویش ڕۆیی، بۆچی باوەڕتان بە شا کرد، پشتیوانەکەی تریان کوانێ؟ بە عەرەبی وتی: (غیر صوچ من ملا مصطفی).

کاك نەجیب چاوێکی لێ هەڵتەکاندمو وتی بەسە.

ڕۆژێك پێش ڕۆیشتنەوەم چووم ماڵئاوایی لە کاك دکتۆر ئەکرەم جاف بکەم، پێی وتم: حەبیب محمد کەریم دەعوەت کرد بۆ ماڵی خۆمان بۆ ئەوەی داخی خۆمی پێ بڕێژم، پێم وت ئێوە لەبەر ساویلکەیی خۆتان پشتتان بە دوژمنی خۆتان بەست کە شای ئێران بوو، ئەمە تەنها ئێمە تیانەچووین، بەڵکو نەوەی نەوەمان تیاچوو، تاماوە ئەم قوڕەی ئێوە دەشێلێ لە ژێر چەپۆکی ستەمکارو دوژمندا.

ئینجا ماڵئاواییم کرد له بەڕێز مام جەلال‌و کاك دکتۆر فوئاد مەعسوم‌و برادەرانی تر و، گەڕامەوە بۆ عێراق، لە فڕۆکەخانەی بەغدا تۆزێك بەگێریان دام، چونکە ناوێك هەبوو وەك ناوەکەی من مەترسییان لێی هەبوو، هەر جۆر بوو وازیان لێ هێنام‌و هاتمەوە بەسەلامەتی بۆ ناو ماڵ‌و منداڵ.

لە پاش سێ ڕۆژ کاك بابەکر پشدەری کە سەرۆکی ئەنجومەنی تەشریعی بوو لە دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی‌و کاك موحەممەد شەریف کە (نائب أمین عام) جێگری ئەمینداری گشتی بوو لە ئەوقاف، لە هەولێر هاتبوون بۆ بەغدا هاتن بۆ ماڵی ئێمە وتیان وەرە بۆ هەولێر، پلەیەکی پاشت دەدەینێ یان دەتکەین بەسەرۆکی زانکۆ، منیش وتم بیروباوەڕم بەو دەسەڵاتە ئۆتۆنۆمییە نییە هەرچەندە هەنگاوێکی باشە بۆ پێشەوە بۆ گەلی کورد، ئەو دەسەڵاتە وا دێتە بەرچاوم وەك یەکێك میوانێکی بێت‌و خاوەن ماڵەکە بیەوێت بیخنکێنێت دۆشەکێکی بۆ ڕادەخات دەڵێت بۆ خۆت تۆزێك پشوو بدە، لە پاشا چەرچەفێکی ڕەنگاوڕەنگ دەدات بەسەریدا دەڵێت با مێش نەتخوات، ئینجا بە ئەسپایی کە میوانەکە خەوی لێ دەکەوێت لە ژێر چەرچەفەکەوە دەست دەبات بۆ ملی‌و دەیخنکێنێت. من ئەو دەسەڵاتە ئۆتۆنۆمییە وا دێتە بەرچاوم وەك ئەو پەردە ڕەنگاوڕەنگە. ئەوانیش گاڵتەیان بە قسەکەم هات.

لێرەدا شایەتی باسە ئەمە وەبیر بهێنینەوە کە لە ساڵی ١٩٧٠ ئۆتۆنۆمی درا بە کوردی عێراق، لە پاش ماوەیەکی کەم لە ١٩٧١/٩/٢٩ میری سێ چوار مەلای نارد بۆلای خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا لە حاجی ئومەران، یەکێکیان ئامێرێکی تەسجیلی پێبوو، مینڕێژکراو بوو، بۆ تەقاندنەوەی بارەگای بارزانی و سەرکردایەتیەکەی، بێ ئەوەی خۆیان بزانن، پێیان وتبوو: ئەم (تەسجیل)ە لە پاڵ مەلا مستەفا دابنێ، کاتێك کەوتە قسەکردن دەستی پیا بنێ وتارەکەی تۆمار دەکات.

ئەویش کە مەلا مستەفا هات بۆ لایان، مەلاکە دەستی نا بە تەسجیلەکەوەو تەقیەوە، سێ کەس لە وەفدەکەی حکومەت و ئەو کەسەش کە چا دادەنا گیان لەدەست دەدەن، بەلام خوای گەورە مەلا مستەفای ڕزگار کرد.

بەشی چوارەم

ژیانی زانکۆ

(١٩٧٥-٢٠٠٧ز)

دەست بەکاربوونم لە
کۆلیجی یاسا لەزانکۆی (مستنصریە)

بڕوانامەکەم برد و چووم بۆ کۆلیجی یاسا، بینیم ئەو مامۆستایانەی پێشتر دەرسیان پێووتبووم لەم کۆلیجە هەموویان ماون، زۆر خۆشحاڵ بوون کە من دکتۆرام وەرگرتووە و هاتومەتەوە لەگەڵ ئەوان لەرووی زانستیەوە خزمەت بە ڕۆڵەکانی وڵاتەکەم بکەم، لەگەڵم هاتن بۆ لای راگر (عمید)ی کۆلیجەکە، وتیان: ئەمە کاتی خۆی قوتابی ئێمە بووە و تۆزێك پیایان هەڵدام، ئەویش وتی: بەسەر چاو دوو دەرسمان هەیە مامۆستایان نیە، لەدەرەوەی وڵات مامۆستایان هێناوە لەبەر ئەوە بڕۆ پێداویستی دامەزراندنت ئامادەبکەو پێشکەشی بکە، منیش چووم پێویستیەکانم ئامادەکرد کە هاتمەوە تەماشا دەکەم راگرەکە هەڵگەڕاوەتەوە، دەرکەوت ئەوانەی کە یەکەمجار هاتن مامۆستام بوون دوای من چووبوون بۆلای راگرەکەو پەشیمانیان کردبووە، کاتێك چووم بۆ لای وتی: تۆ بۆ ناچی بۆ سلێمانی لەوێ دەرس بڵێیتەوە؟ وتم: من عێراقیم بۆچی بەسرەو سلێمانی وبەغدا چ جیاوازیەکیان هەیە؟

وتی: لەسەر چی لەسوپا دەریان کردی؟ وتم: دیارە پیاوێکی خراپ بووم بۆیە دەریان کردم، وتم: کێ پێی وتی دەریان کردووم؟ من چوار مانگ هاتووچۆم کرد تا وازیان لێهێنام و چووم بۆ قاهیرە بۆ خوێندن. ئینجا وتم: دەچم فایلەکەم لەوەزارەتی بەرگری دەهێنم پڕ لەسوپاسە، من (١٧) ساڵ و(٢٠) رۆژ یەك جار کەمتەرخەمیەکی وام نەکردوە کە شایەنی باس بێت، ئینجا وتی: بۆ ناچیت بۆ ئەوقاف؟ لێرەدا لەم قسەیە زۆر پەست بووم، وتم: (انا دکتور وانت دکتور) تۆ بۆ ناچیت، من مامۆستای ئاینی نیم؟ وتی: مەبەستم ئەوەیە لەوێ ببیت بەراوێژکار، لەکۆتایدا وتی: جێگەمان نیە ئەو دوو دەرسە دراون بەمامۆستا و ناتوانم لێیان بستێنمەوە تا ساڵ تەواو دەبێت.

لەپاشدا چووم بۆ لای سەرۆکی زانکۆ ئەویشیان بەهەمان شێوە تێگەیاندبوو، رازی نەبوو لەسەر دامەزراندنم.

لەو کاتەدا زۆر قەرزاربووم، کەم دەرامەت بووین، جگە لەمووچەی خانەنشینیم (تقاعدی) کەوەك باسمکرد (٦٨) دینار بوو، (٣٨) دیناری بۆ ئێمە دەمایەوە و (٣٠) دیناریان دەبرد بۆ قیستی خانوەکە، رۆژێك لەبنکەی وەزارەتی بەرگری یەوە تەلەفونیان بۆ کردم وتیان: وەرە بۆ ئێرە، کاتێك چووم پێیان وتم: کاتێك تۆ لێرە نەبوویت دەورمان دەکردەوە بۆ ئەفسەرەکان، ئێستاش دەورەیەکی پێنج مانگیمان هەیە بۆ ئەفسەرەکان ئەتوانی دەرسی فارسیان پێ بڵێیت؟ منیش زۆرم پێخۆش بوو چونکە زۆر پێویستم پێ بوو، چونکە لەو کاتەدا پێویستم بە پارەو پڕکردنەوەی کاتیش بوو، هەموو رۆژێك دەچووم دووسەعات دەرسی فارسیم دەوتەوە بەئەفسەرەکان، رۆژێك شیعرێکی فارسیم نووسیبوو لەسەر تەختەرەشەکەو روونم دەکردەوە بۆیان، لەوکاتەدا بیرم لەوەزعی خۆم دەکردەوە زۆر تێك چووم، لەکاتی دەرسەکەدا دەستم کرد بەجنێودان بەمیری و ئەوکەسانەی ئەچنە دەرەوە بۆ خوێندن و دەگەڕێنەوە بۆ عێراق، ئەفسەرەکان سەریان سوڕما وتیان: بۆ وا تۆرە بوویت؟ وتم: من دوو دکتۆرام هەیە یەك لەیاساو یەك لەشەریعەتی ئیسلامی، هەرچەندە دکتۆرای یاساکەم گفتوگۆی بۆ نەکرا، داوام کرد لەزانکۆی بەغداد دایان نەمەزراندم، وە پێویستیان بەمن هەیە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وانەیە پەیوەندی بە پسپۆڕی خۆمەوە هەبوو، کەچی چوون لەجیاتی من دوو موحازریان لەدەرەوە هێناوە، ئەفسەرێکی نەقیب لەکۆشکی سەرۆك کۆمار بوو وتی: دوای وانەکەت ئیشەکەت لای من ئاسانە ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت.

وانەکەم تەواو کرد، ئەفسەرەکە داوای یەك کاتژمێر پشووی کرد لەسەرۆکی دەورەکە، وتی: وەرە لەگەڵ مندا بچین بۆ زانکۆی مستنصریە، کاتێك چووین دەرکەوت لەگەڵ سەرۆکی زانکۆدا برادەرن، کاتی خۆی بەیەکەوە لەبەندیخانەیەکدا بەند کرابوون بەهۆی چالاکی رامیارییەوە، بەسەرۆکی زانکۆی وت: مستەفا زەڵمی وا دابنێ کە منم یان برای منە، دەبێت دایمەزرێنی، وتی: بەسەر هەردووچاوم، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە رۆژێك پێشتر نەیاندەهێشت بچمە ژوورەوە بۆ لای.

لە ڕوداوێکی لەم شێوەیەدا نەفسیەتی زۆربەی کاربەدەستانی وڵاتت بۆ دەردەکەوێت، لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا گۆڕا لەمرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی کە، پێی وتم مەچۆرەوە بۆ لای

راگری کۆلێج تا فەرمانی دامەزراندنت بۆ دەردەچێت لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە، بەڵام هەفتەیەکی تر داواکاریەك لەگەڵ بڕوانامەکەتدا بێنە. منیش لەپاش ماوەیەك چوومەوە بینیم فەرمانی دامەزراندنم دەرچووە لەسەر مێزەکەی دانراوە. کاتێ منی بینی لەجێگەکەی هەستایە سەر پێ و بەرەو پیرم هات و ماچی کردمو وتی: (غیر احن منعرفك) واتە: داوای لێبوردن دەکەین چونکە ئێمە تۆمان نەناسی. وای دەزانی من حزبیەکی زۆر گەورەم، چونکە زۆر بەزوویی فەرمانی دامەزراندنم دەرچوو، ئەمەش دووبارە نمونەیەکی ترە بۆ دووڕوویی هەندێ کەس، کە زۆر جار لەڕێی ڕاست و دادوەریەوە ناڕۆن، بەڵکو ئەو جۆرە کەسانە هەمیشە چاویان لەوەیە تۆ پەیوەندیەکت بە لایەکەوە هەبێ، بەداخەوە تا ئێستاش ئەم جۆرە شێواز و مامەڵەیە بەردەوامە.

ئەو بابەتانەی پێم سپێردرا ئەمانە بوون:

١- اصول الفقه. ٢- احكام الميراث.

ئینجا لێرەدا وتەی مامۆستاکەمم بیرکەوتەوە کە ساڵی (١٩٦٣) پاش ئەوەی راپۆرتێکم پێشکەش کرد، پێی وتم: مژدەت دەدەمێ ڕۆژێك دێت تۆ لەم جێگەیەی مندا دادەنیشیت، (احکام میراث) بەدەرس دەڵێیتەوە، وتەکەی لەپاش ١٣ ساڵ هاتەدی، من لەشوێنەکەی دانیشتم و ئەو وانەیەم پێشکەش کرد. لەپاش ساڵێك زۆربەی مامۆستاکان چوونە دەرەوەوی عێراق بۆ وانەووتنەوە، بەو هۆیەوە زۆربەی وانەکان بەبێ مامۆستا مانەوە، وانەکانیان بەمن سپارد، بۆیە لەکۆلێژ لەهەر چوار پۆلەکە وانەم دەوتەوە، ئەمەش بو بەهۆی ئەوەی مۆڵەتم نەدەنێ بگەڕێمەوە بۆ قاهیرە بۆ گفتوگۆی دکتۆراکەم لە یاسا، بەڵام بەهەرحاڵ ساڵی ١٩٧٧ سەفەرێکی دیکەم کرد بۆ قاهیرە بۆ ئەوەی گفتوگۆکە دوا بخەم، پێیان وتم: یا گفتوگۆ (مناقشە) لەسەر دکتۆراکەت بکە، یان ساڵانە (١٠٠) جونەیهی ئەستەرلینی بدە بەزانکۆی قاهیرە بۆئەوەی دوای بخەن، منیش بۆ ئەو دانوستانە بەلای کەمەوە سێ مانگم کات دەویست، چونکە لەقاهیرە بڕوانامەی دکتۆرا دەبوایە چاپ بکرێت وەك کتێب ئینجا گفتوگۆی لەسەر بکرێ.

گەڕامەوە بۆ عێراق هەتا ساڵی (١٩٨٨) بۆ ماوەی سێ ساڵ لەرێگەی بانکەوە (١٠٠) جونەیهی ئەستەرلینیم دەنارد بۆ زانکۆی قاهیرە. ساڵی دواتر نەمنارد، (فصل)یان کردم، ئیتر هەر بەوجۆرە ئەو هەلەم لەکیس چوو، بەڵام سەیر ئەوەیە بۆ جارێکی تر هەلم بۆ هەڵکەوت بەڵام دووبارە خوا گۆڕی بە بارێکی تر.

ساڵی (١٩٩٠) من کرام بە راگری کۆلیجی صدام، هەروەك دواتر باسی دەکەم ئەم کۆلێجە سەر بەدیوانی سەرۆکایەتی کۆمار بوو، پەیوەندی نەبوو بەوەزارەتی خوێندنی باڵاوە، لەو کاتەدا سەرۆکی زانکۆی قاهیرە د.فتحی والی بوو، لەسەر داوای سەرۆکی عێراق هات بۆ کۆلێژەکەی ئێمە بۆ ئەوەی بزانێت پێویستیەکانی کۆلیجەکە چیە، چونکە کۆلیجەکە تازە کرابۆوە، لەوکاتە کە من راگری کۆلیج بووم، ئیتر بە هەلم زانی و دەعوەتم کرد لەگەڵ هەندێ مامۆستای کەی زانکۆی بەغدا، کاتێکیش کە گەڕایەوە لەگەڵیدا چووم بۆ فرۆکەخانە، کاتی ماڵ ئاوایی کرد وتی: من زۆر سوپاسی تۆ ئەکەم لەسەر رێزگرتنی من. ئاواتم ئەوەیە ئیشێکت بەمن هەبێ بتوانم بۆتی جێبەجی بکەم، وتم : ئیشێکی زۆر گرنگم هەیە بە تۆ، بەڵام شەرمم کرد پێت بڵێم، وتی: چیت پێویستە پێم بڵێ، وتم: من قوتابی ئێوەبووم و بەدرێژی بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە، وتی: سەری ساڵ مۆڵەت وەربگرە لەدیوانی سەرۆکایەتی و وەرەوە بۆ قاهیرە، من وادەکەم گفتۆگۆی دکتۆراکەت بەئەنجام بگەیەنم، منیش زۆر ستایشم کرد لەسەر ئەو هەڵوێستەی. بەڵام بەختەکەی منیش وەك بەختەکەی مەولەوی وابوو کە دەڵێت :

خەیلێ وەن خەریك زاکەی زەحمەتم
بەڵکو وەڕابۆ نە بۆ عوسرەتم
فەلەك وە بەختم مەگەز مەکیانۆ
وە ڕاکەی ڕەحمەت مەڕێۆ دیسانۆ

واتە: زۆر هەوڵ ئەدەم پیتی (ز)ی (زەحمەت) بگۆڕم بیکەم بە ڕێ (ڕەحمەت) بەڵام مەخابن گەردوون مێشێك دەنێرێ و دەڕێن بەسەر ڕێی (ڕەحمەت)ەکەداو دەیکاتەوە بە زەحمەت.

(ز)ی زەحمەتەکەی من صدام حسێن وبۆش تێکیان دا، چونکە شەڕی کەنداوی دووەم بەرپابوو لەنێوان عێراق وئەمەریکادا، میسریش یەکێك بوو لەو وڵاتانەی هاوکاری ئەمریکا بوون، بۆیە پەیوەندی نێوان میسر و عێراق بڕاو وتوێژی دکتۆراکەی منیش بۆ جارێکی تر دواخرا. ئێستا کە رۆژی {٢٠٠١/٧/٢٧} هەرچەندە بارودۆخەکە تۆزێك ئارامە، بەڵام لەم دواییەدا ئەو هیوایەش کۆتایی هات.

(اصول الفقه) بوو به (فلسفه الشريعه)

لەپاش ئەوەی بۆ ماوی سالێك دەرسی (اصول الفقه)م وتــەوە، هەنـدێك لەقوتابییـەكان لەبەشی ئێواران دەوامیان دەكرد و لەئەندامانی میری بوون وتیان ئـەم بابەتـە زۆر گرانـە كـە (اصـول الفقـه)ە بۆمـان بگـۆڕن بەبابـەتێكی تـر، ئینجـا كـرا بـە (فلسـفه الشـريعه)، مامۆسـتایەكمان هێنـا لـە (اسـیوت)ی میصـرەوە، ئـەم مامۆسـتایە فەلسـفەی یاسـای دەوتــەوە، منـیش فەلسـفەی شـەریعەتم دەوتــەوە، هـەردوو بابەتەكـە بـە یـەك بابـەت دانرابوون، هەر یەكی (٥٠) نمرەی بـۆ دانرابـوو، منـیش كتێبـێكم دانـا لـەژێر ناونیشـانی: (دلالات النصوص واستنباط الاحكام).

لــەو رۆژەوە مــن لــەزانكۆكانی عێــراق دەرس دەڵێمــەوە كتێبــی كەســم بــەدەرس نەوتۆتەوە، هەربابەتێكیان پێ سپاردبم بۆ خۆم كتێبێكم بۆ دادەنا، ئێستاش ئەو كتێبانە بوون بەمەنهەج لە هەرچوار قۆناغەكانی خوێندنی كۆلێژەكانی یاسا لە زانكۆكانی عێراق و هەندێك زانكۆی عەرەبی دەرەوە و بە وانە دەوترێنەوە، بەم جۆرە :

قۆناغی یەكەم: المدخل لدراسة الشريعة.

قۆناغی دووهەم: المنطق القانونی، ئەو كاتە ئەم كتێبە دەوترایەوە، دواتر بوو بەكتێبی (احكام الزواج والطلاق–دراسة مقارنة بالقانون).

قۆناغی سێهەم: احكام الميراث والوصية وحق الانتقال.

قۆناغی چوارەم: اصول الفقة.

لەساڵی (١٩٨١) پلەی (استاذ مساعد) یان پێ دام، ساڵی (١٩٨٣) بۆ یەكەمجار بـووم بەسەرپەرشـتیاری بڕوانامــەی ماجســتێرو دكتــۆرا، یەكــەم سەرپەرشــتیاریم لەســەر ماجستێری قوتابی (حسێن نەدا) بوو كە ژن برای (احمد حسن بكر) بوو، سەرۆك كۆماری پێشـووی عێـراق، لـەو ماوەیـەدا ژیـانی مامۆسـتاكانی زانكۆكـانی عێـراق بـەرەو خراپــی دەچوو، چونكە:

یەكـەم: مووچـەیان كـەم بـۆوە، بەتــەواوەتی بەشــی ژیـانی رۆژانـەی نــەدەكردن، بەپێچـەوانەی مامۆسـتاكانی زانكۆكـانی ولاَتـانی تـری ناوچـەكە، ئەمـە وای كـرد زۆرێـك

لەمامۆستا زۆر باشەكان خۆيان خانەنشين بكەن بۆ ئەوەی كارێكی كە بكەن و زۆريشيان رۆشتنە دەرەوەی عێراق.

دووهـــەم: قوتابيـــەكان بـــەهۆی حيزبايەتيـــەوە زۆر بێشـــەرم بـــوون بەرانبـــەر بەمامۆستاكانيان لەلايەك و لەلايەكی كەشەوە هی وای تيابوو هەڕەشـەی لەمامۆسـتاكەی دەكرد يان داوای يارمەتيان دەكرد لەتاقی كردنەوەكاندا، يان هەنـدێك لەكاربەدەسـتەكان لەكاتی تاقی كردنەوەكاندا بەئاشـكرا قۆپيـان دەكـرد، مامۆسـتاكان نـەيان دەوێـرا قسـە بكەن.

جارێك لەقۆناغی چوارەم وانەم دەوتەوە، باسی ئەوەم كـرد كەعـەرەب بـەهۆی ئـايينی ئيسلامەوە گەلێك سەقامگير بوون، بەلاّم كە دەستبەرداری ئيسلام بوون ئاوەهـا پـەرەواز و بـێ دەرەتـان بـوون. ئـەوەش بـوە هـۆی ئـەوەی بـەهۆی ڕەگەزپەرستييانەوە متمانـە لەدەست بدەن و ملكەچ كەن بۆ دەست تێوەردانی ولاّتە زلهێزەكان.

لەكۆتاييدا قوتابيەكی چاو شين قژ زەرد كە لەعێراقی نەدەچوو دەستی بەرز كردەوە وام زانی پرسيار دەكات، وتم: چيە؟ وتی: ئايينی ئيسلام بوو بەهۆی ئەوەی ولاّتە عەرەبيەكان لەولاّتانی تر دوابكەون و بێبەشبن لەشارستانێتی و پێشكەوتن. بەبێ شەرم ئەم قسەيەی كرد، لەبەر ئەوەی بوارێكی فراوانيان هەبوو لەڕێگەی حيزبی بەعسەوە، منيش پێم وت: هەستە بچۆرە دەرەوە، چونكە قوتابی ئەگەر كردەوەيەكی ناشرين بكات سزاكەی ئەوەيە لەبەرچاوی قوتابيەكان دەری كەيت.

وتی: ناچمە دەرەوە.

وتم: ئەگەر نەچيتەدەرەوە پێلاّوەكەم دادەكەنم وهەموو دموچاوت ئەشكێنم.

ئينجـا چـوە دەرەوە، چـوو بـۆ لای راگـر شـكاتی لێكـردم، ئـەويش لەترسـاندا مامۆسـتايەكی كـوردی نـارد بـۆلام كەبچـم داوای لێبـوردن بكـەم لـەو قوتابيـە، مامۆسـتا كوردەكە (د.سعيد مبارك) بوو، هات وتی: ماڵ كاول تۆ چيت كردوە.

وتم: خۆ پياوم نەكوشتوە؟

وتی: تۆ ئيشێكی زۆر گەورەت كردوە.

وتم: چيە؟

وتی: ئەو قوتابيەی دەركردوە وقسەت پێ وتوە ئەزانی كێيە؟

وتم: نازانم وناشمەوێت بيزانم.

وتی: ئەوە مرافقی (عبدالمجید الرافعی)ە، کە خۆی بەدووهەم کەس لەقەڵەم دەدات لەپاش سەرۆك.

عبد المجید رافعی لام وایە سورییە، لەبەر ناکۆکی خۆیان لەوێ هەڵهاتوە و لێرە بووە بەئەندام (قیادة القومیة).

وتم: برۆ بەراگر بڵێ ئەگەر لەجیاتی ئەو قوتابیە عبد المجید بوایە هەمان رەفتارم لەگەڵ ئەکرد، چونکە ئەو بێشەرمانە هێرشی کردە سەر ئاینی ئیسلام و. من خۆم ئامادەم بۆ هەر ئەنجامێك، من تەنها بۆ خوام کردوە وخواش لەهەموو کەس گەورەترە و بەهێزترە.

لەپاش هەفتەیەك قوتابیەکە هات بۆ ژورەکەم ودەستی ماچ کردم وداوای لێبوردنی لێکردم.

لەدڵی خۆمدا وتم ئەگەر داوای لێبوردنم لەم قوتابیە بکردایە ملی ئەشکاندم، من پاڵم دا بەخواوە خواش ئەوی ناچار کرد کەبێت دەستم ماچ کاتو لێی ببورم. باوەڕناکەم هیچ کەسێك لەم جیهانەدا توشی خراپەببێت ئەگەر لەگەڵ خوادا ڕاست بێت.

کۆنگرەی زانکۆی (بکر)

کۆنگرەیەك گیرا لەهەمانساڵدا (١٩٨٣ن) لەزانکۆی بکر، کە زانکۆیەکی سەربازیە. هەر ئەفسەر وانەی تێدا دەخوێنێ، سێ مامۆستایان دەستنیشان کرد بۆ ئاخاوتن لەوکۆنگرەیەدا، یەکێك لەو سیانە من بووم. کاتێ سەرە هاتە سەرم و وتاری خۆم پێشکەش کرد، بەڵام هەندێ لە وتەکانم زۆر بەدڵی گوێگران نەبوو، هەر بۆیە پێم وتن دەکرێ هەندێ تیبینی زیاتر بخەمە پێش چاوتان؟ وتیان: فەرموو؟

منیش وتم:

یەکەم: ئەمەندەتان داوە بەدەم قوتابیەوە بوون بەسەگی هار بەرانبەر بەمامۆستاکان، ئەمە ئەنجامێکی زۆر زۆر خراپی هەیە لەسەر زانیاری پاشەرۆژی عێراق. ئەگەر ئەمە چاك نەکرێ هەموو مامۆستاکان عێراق بەجێ دەهێڵن ودەچنەدەرەوەی وڵات.

دووهەم: وەرگرتنی قوتابی کۆلێجی پەروەردە لەسەر بنچینەی حیزبایەتی یەو بەنمرە نیە، قوتابی بەبێ هیچ زانیاریەك دەڕوات خۆی دەکات بەحیزبی ولە کۆلێجی پەروەردە وەردەگیرێ. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی رۆژێك لەرۆژان هەندێك لەو قوتابیە نازیرەکانە دەبن بەمامۆستا لەعێراقداو دەبنەهۆی ئەوەی پلەی زانیاری کەم کەنەوە لەولاتەکەدا، چونکە وەك دەڵێن: (فاقد الشيء لا يعطي)، واتە یەکێك خۆی فێری خوێندەواری نەبێت ناتوانێت یەکێکی کە فێربکات.

سێهەم: ئێوە ئێستا کەقوتابی هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی بنێردرێت بۆ دەرەوەی ولات، لەسەر بنچینەی حزبایەتی یە نەك نمرە و زیرەکی، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو قوتابیە زیانێکی زۆر لەگەنجینەی عێراق بدات بەبێ ئەوەی خۆی سوود لەخوێندنی دەرەوە وەربگرێت وبەبێ ئەوەی زانکۆکانی عێراق سوودی لێ وەربگرێ بەبڕوانامەیەکی ساختەوە دەگەڕێتەوە.

هەندێك شتی ترم لەم بابەتە باس کرد، کەئێستا بیرم نەماوە، بەلام ئەم وتانەیان زۆر پێ ناخۆش بوو، دوایی چووین بۆ پشوو، کە گەڕاینەوە جێگەی خۆمان بۆ بەردەوام بوونی کۆنگرە، دەبینم هەموویان روویان کردۆتە من، چونکە قسەکانی من بەئارەزووی ئەوان نەبوو، من لەرووی دڵسۆزیەوە قسەکانم کرد ئەوانیش دژی هەموو دڵسۆزییەك بوون ئەگەر زیانی هەبێت بۆ بەرژەوەندی خۆیان، یەکێك پلەی زۆر بەرزی هەبوو لەولاتەکەدا پێی وتم: تۆ زۆر تێپەریت لەسنوری خۆت لەقسەکانتدا، ئێمە بۆیە کۆششو خەباتمان کرد بۆ ئەوەی ئێستا بەرەکەی بخۆین.

وتم: بەداخەوە دیارە تائێستا جەنابتان لەمانای خەبات نەگەیشتوون، چونکە خەبات ئەوەیە مرۆڤ خۆی بکات بە مۆمێك خۆی بسوتێنی رێگا روناك بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەوانەی لەپاش خۆیان رێگەیان دیار بێت.

لەپاش تەواو بوونی کۆنگرەکە هەموو کەس گەڕایەوە شوێنی خۆی، هەندێك لەبەڕێوەبەرانی میری مابوونەوە لەزانکۆکەدا کە بیریان لەوە دەکردەوە سزای من بدەن لەسەر ئەو وتانەی من کەلای ئەوان رەوا نەبوو، هەندێك لەوانە خوا خستبویە دڵیانەوە وتبویان ئەمە لەکانگای دڵسۆزیەوەیە، هیچ کەس پالی پێوەنەداوە بۆ باس کردنی ئەم شتانە لەبەر ئەوە لەجیاتی سزا دەبێت رێزی لێ بگیرێت.

لەپاشاندا سوپاس نامەیەکم بۆ هات لەگەڵ دیارییەك کە سەعاتێك بوو، ئینجا بەم بۆنەیەوە دەڵێم کە هەر مرۆڤێك لەگەڵ خوا و خەڵکدا راست بێت خودا پشتی بەر نادات کە مەبەستی بەرژەوەندی گشتی بێت.

من لەو ماوەی (٧٧) ساڵەی تەمەنما بۆم روون بۆوە کەس لەرێگەی راستیدا نەکەوتووەو سەرگەردان نەبووە، وەك شاعیری مەزن (سعدی شیرازی) دەڵێت:

راستی موجب رضای خداست

کس ندیدم که گم شد از ره راست

واتە: راستی هۆکاری رازیبونی خودایە، کەسم نەدیوە بەرێگەی راستی وون بێت یان دابرێت.

لەساڵی١٩٨٥ قاغەزێکیان بەسەر قوتابیانی قۆناغی چواردا دابەش کرد لەکاتی تاقی کردنەوەدا، وتیان بەقوتابیەکان: بنووسن لەماوەی ئەم چوار ساڵەدا ئێوە سوودتان لە چ مامۆستایەك وەرگرتوە و ناوی خۆتان مەنوسن، لە ٩٠٪ نووسیان (مصطفی زلمی) لەبەر ئەمە لە ئاهەنگی دەرچوونی قوتابیەکان لەوەزارەتی خوێندنی بالا نازناوی (استاذ متمین)یان پیێ بەخشیم.

ساڵی ١٩٨٧ لەشەش پۆلدا وانەم دەوتەوە، لەقۆناغی یەك تا قۆناغی چوار و لەگەڵ ماستەر و دکتۆرا، دەرسەکانم هەمووی لەبواری شەریعەتو یاسادا بوو.

کاتێك کە چومە ئەو کۆلێژە ئەگەر باسی شەریعەتی ئیسلام بکرایە، زۆر کەس لەدژی دەوەستا، دەیانوت ئیسلام باوی نەماوە، بەلاَم بەیارمەتی خوای گەورە توانیم ئەوجۆرە بیروبۆچوونە لەمێشکیاندا بسڕمەوە و لەدڵیاندا بیچەسپێنم کەئاینی ئیسلام بۆ خزمەتی ئادەمیزاد هاتووە، گەلێك باشترە لەو یاسایانەی لەولاَتە ئیسلامیەکاندا پەیڕەو دەکرێت.

ئێستا کۆلێجی یاساکانی عێراق وایان لێهاتوە هەرچی ماجستێرو دکتۆرا هەیە ئەگەر بەشێکی تەرخان بکرێ بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام، ئەوەی لێکۆڵینەوەکەی ئامادکردوە لەگەڵ قوتابیەکە سەرزەنشت نەکرێ لەلایەن ئەو کەسانەوەیە کەگفتوگۆی نامەکەی دەکەن.

پلەی پرۆفیسۆری

پاش ئەوەی کەپلەی مامۆستای یاریدەرم وەرگرت سالّی ١٩٨١، دوای شەش سالّ بۆم هەبوو کە پلەی پرۆفیسۆرم پیّ بدریّت، بەمەرجیّ دانراوەکانم بەلای کەمەوە دووانیان (اصیل) بن، منیش ئەو کاتە ژمارەی دانراوەکانم (١٠) دانراو بوون لەعیّراقدا، ناردمیان بۆ لای سیّ پرۆفیسۆر هەرسیّکیان بریاریاندا کە من شایستەی ئەم پلەیەم پلەم بدەنیّ، لەپاشاندا بابەت و کتیّبەکانم نیّردرا بۆ لای سیّ ولاّتی عەرەبی کە میسر و قەتەر و کوەیت بوو، ئەنجامەکەی زۆر باش گەرایەوە، هەروەك لەنوسراوەکەی زانکۆی بەغدا دەرکەوت کە بەم جۆرەبوو :

یەکەم : هەشت نوسراویان کۆلیّجی قەتەر پلەی (اصیل)ی پیّدا.

دووهەم: لە کۆلیّجی قاهیرە چواریان (اصیل) بوون سیانیان نەبوون.

سیّهەم : لە کۆلیجی کویت پیّنجیان (اصیل) بوون سیانیان نەبوون.

لەمانگی (٩)ی سالّی(١٩٨٧) نازناوی (استاذ- پرۆفیسۆر)م وەرگرت، بریاردەری ئەنجومەنی زانکۆی بەغدا پیّی وتم: ئەندامەکانی ئەنجومەنی زانکۆ بەهەموویانەوە وتیان تا ئیّستا ئەمە یەکەم کەسە کەزیاتر لەوەی پیّویستە پیّشکەش بکات، چونکە ئەوەی پیّویستە دوو لیّکۆلّینەوەی (اصیل)ە ئەم چواری هەیە، لەبەر ئەوە یەکەم کەسی کە شایەنی ئەم پلەیەیت.

گوێزرانەوەم لەکۆلێجی یاسای زانکۆی بەغدا بۆ زانکۆی صدام

لەمانگی(١١)ی ساڵی(١٩٨٧) کۆلیجی یاسای صدام بۆ یەکەمین جار دامەزرا، رۆژێك لەزانکۆی بەغدا دەرسم دەوتەوە، یەکێك هات وتی: راگر داوات دەکات، کەچووم بۆلای وتی لەجادریەوە داوات دەکەن لەکۆلێژی یاسای زانکۆی صدام کەتازە کراوەتەوە، منیش کەرۆشتم سەیر دەکەم مامۆستا خانەنشینکراوەکان هەندێکیان هێناون بۆ ئەوەی کە دەرس بڵێنەوە لەم کۆلێجە تازەیەدا، وەك (د. حسن ذنون و م. ضیاء شیت خطاب).

نوێنەری دیوانی سەرۆکایەتی نووسراوێکی دا بەمن کەناوی پێنج مامۆستای تێدابوو، یەکەم ناو ناوی من بوو، کەبڕیاردراوە ئەمانە بۆ ماوەی یەك ساڵ (تنسیب) بکرێن لەم کۆلێجە تازەیەدا بۆ وانەووتنەوە، منیش پێم وت: من لەکۆلێجی یاسای زانکۆی بەغدا لەشەش قۆناغدا وانە دەڵێمەوە بەزیاتر لەهەزار قوتابی ودەرسەکانم بەراورد کردنە لەنێوان یاساو شەریعەت، ئەوی دێتە جێگەی من ئەگەر شەریعەت بزانێ ئەوا یاسا نازانێت و ئەگەر یاسا بزانێ ئەوا شەریعەت نازانێ، وتی: خۆمان باشت ئەناسین بۆیە تۆمان هەڵبژاردوە بۆ ئێرە، با ئەوان بچن یەکێکی تر پەیدا بکەن بۆ جێگەی تۆ، منیش هاتمەوە بەراگرم وت ئەوا من وچوار مامۆستای تر (تنسیب) کراوین لە زانکۆی صدام، ئەویش وتی شتی وانابێت تۆ کۆڵەکەی یاسای زانکۆیت هەوڵ دەدەم نەچیت، وتم : منیش پێم خۆشە نەچم لێرە خزمەت بکەم، پاشان بەتەلەفون قسەی کرد لەگەڵ وکیلی سەرۆکی دیوان، ئەویش بەتوندی وەڵامی دایەوە، بەمنی وت: دەسەڵات نیە بڕۆ.

من و چەند مامۆستایەکی کە بۆ وانەووتنەوە بۆ ماوەی ساڵێك (تنسیب) کراین، یەکێ لەوانە (د. سامی فوزی) بوو، کرا بە ڕاگری کۆلێجەکە، ژمارەی قوتابیەکان (٦٠) قوتابی بوو. لەگەڵ ئەو مامۆستایانە یاریدەدەرێکیان دانا، ئەو قوتابیانەی کە ماستەریان وەرگرتبوو لەکاتی وانەوتنەوەدا، کاتێ وانەکە تەواو دەبوو، یاریدەدەرەکە دەمایەوە لەگەڵ قوتابیەکان بە وانەکەدا دەچوونەوە لەو شتانەی کە لێی تێنەگەیشتبوون.

لەسەر بڕیاری دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار، ئەم کۆلیجە پەیوەندی بەدیوانی سەرۆکایەتی کۆمارییەوە هەبوو، لەماوەی ئەو ساڵەدا ئێمە هەمومان بە نهێنی لەژێر چاودێریدابووین، کەساڵەکە تەواو بوو منیان بەتەواوەتی گواستەوە بەڵام ئەوانی دیکەیان گەڕاندەوە بۆ زانکۆی بەغدا، یەکێك لەو چوارە راگری کۆلێژی صدام بوو.

فەرمان دەرچوو کەمن ببم بە راگری کۆلێژی یاسای صدام لەجێگەی ئەو راگرەی ناردیانەوە، کاتێك راگرەکەی پێشوو نوسراوی دیوانی سەرۆکایەتی پێدام کە من کراوم بە بەراگر زۆرم پێناخۆش بوو.

ئەویش وتی: بۆ چی وا مات بوویت.

وتم: لەبەر ئەوەی دوژمنی من لەژیاندا پلەو پایەیە، ئەوەی هەوڵ بۆ کورسی ئەدات زۆر نەزانە، چونکە نرخو بایەخی بەکورسییەوەیە هەر رۆژێك لایان برد وەك لەبەرزایەوە بکەوێتە خوارەوە وایە ئەگەر قاچ وباڵی نەشکێت ئەوا خەفەت و خەم زۆر دەخوا بۆ لەکیس چوونی پلە بەرزەکەی.

وتی: ئەوان باوەڕیان بەتۆ هەیە بۆیە ئەم ئیشەیان بەتۆ سپاردوە.

وتم: سوپاسیان دەکەم ، بەلاَم وەك پێم وتی تابۆم بکرێ ئەم کارە ناکەم، من دەمەوێت جگە لەمامۆستایەتی ماوەی ژیانم بەفیڕۆ نەدەم لەشتی تردا.

لەپاش سێ ڕۆژ وەکیلی سەرۆك دیوان (طه عبدالله) هات بۆلام لەژوری راگر پێکەوە دانیشتینی و پێی وتم : پیرۆزبایت لێ دەکەم، وتم: زۆر سپاستان دەکەم بەلاَم ئەمە ئیشی من نیە، من خوا خەڵقی کردوم بۆ مامۆستایەتی، دەمەوێت بژیم هەر مامۆستابم و ئاواتم ئەوەیە دواساتی ژیانم تەواوبێت من لەهۆڵی وانەوتنەوەدا بم.

وتی: ئێمە دەتوانین کەسێك بێنین بیکەین بەڕاگر، بەلاَم ناتوانین هەموو کەسێك بێنین وانەکانی تۆ بلێتەوە، لەبەر ئەوە بەڵێنت ئەدەمێ کە لەزوترین کاتدا یەکێك دابنرێت لەجێگای تۆ بەراگر.

پاش مانگێك جارێکی تر هاتەوە، پێم وت: ئێوە بەڵێنتان پێدام کە لەزوترین کاتدا راگرێکی تر بێنن، من رزگار بکەن لەم ئیشە، تەماشایەکی کردم وتی: (انت انسان شاذ) زۆر کەس هەن یەن پێلاو ماچ دەکەن ئێمە شوێنێکی وەهایان بەینێ، وتم: من لەو کەسانە نیم، چونکە دەمەوێت پێویستیەکانی مرۆڤایەتیم لە خودی خۆمدا بێت لە کورسیو پایەدا نەبێت، چونکە گەر بەپلەو پایە گەورە بێت رۆژێك دێت بچوك دەبیتەوە.

دووباره بەڵێنی پێدام بەزووترین کات یەکێکی تر بهێنن، هەربەو جۆرە پێنج مانگ و دە رۆژ مامەوە، هەموو جار لەپاش نوێژ دەمووت خوای گەورە گوناهێکم کردوە کە ئەم ئیشەت توش کردووم.

شایەنی باسە من هەر لەئەوەڵەوە دژی ئەم پلەیە بووم چونکە:

یەکەم: دەبێت پیاوێکی دووڕووبیت، خۆم بکەم بەپیاوێکی روو گەش، لەدڵمدا بیروباوەڕم بەشتێك بێت و بەزمانیش پێچەوانەی ئەوە خۆم پیشان بدەم، بەتایبەتی لە بۆنەکاندا (المناسبات) هەردەم دەبێت راگر وتەیەك بدات نیوەی باسی چاکی و ستایشی درۆ بکات، ئەگەر نا زوو پلەکەی لێ دەسێننەوە.

دووهەم: لەپاش باوەڕ بەخوا وپێغەمبەر و قورئان، هیچ شتێك نیە کەبەنرختر بێت لەزانیاریو زانست، چونکە زانا بیت هەموو کەس دۆستتە ودوژمنەکەت ناچار ئەبێت رێزت بگرێ، ئەگەر ئەم شارەی بەغدا هەمووی هی من بێت لەوساتەدا کە رۆحم دەردەچێ دەبێت موڵکی یەکێکی تر پێی دەوترێ میراتگر، بەلأم لاپەرەیەك نووسین بەجێ بێڵیت هەتا هەتایە موڵکی خۆت دەبێت ودەمێنێتەوەلەکاتی ژیان و پاش مردنیشت، جگە لەوە ئەو زانیاریەی کە دەست مایەتە دەتوانی لەهەموو شوێنێك پێی پژیت و بۆ هاتووچۆ بارێکی قورس نیە، هەموو دەست مایەیەك لەوانیە بزر ببێت یان داگیر بکرێ جگە لەدەستمایەی زانین، هەر دەست مایەیەك ئەگەر بتەوێ یارمەتی خەڵکی پێبدەیت کەم دەکات تەنها زانیاری نەبێت تا بیبەخشی زیاتردەبێت، بەزانیاری مەیدانی خوێندن پان و پۆڕ دەبێت ئەمەش مایەی خۆشحاڵیمە.

درێژەی نەدەینێ پێنج مانگ ودەرۆژ راگربووم، بیست رۆژ مابوو کەئۆتومبێلێکم بدەنێ کە ئاخر مۆدێل بوو، چونکە هەموو راگرێك پاش شەش مانگ لەدامەزراندنیەوە ئەو ئۆتۆمبێلەی دەدرێتێ، منیش مامۆستاکان دەیان وت: زۆرت نەماوە ئوتۆمبێلەکە وەرگریت، منیش دەمووت: لەخوا داواکارم کەبەنسیبم نەبێت، لەخوا بەزیاد بێت بیست رۆژی مابوو (د.رشدی خالد) کرا بەراگر لەجێگەکەم ومنیان لابرد، کاتێ هات بۆ کۆلێژ چووم بەرەوپیریەوە ئەملاو ئەولام ماچ کرد وپیرۆزبایم لێ کرد، وتم : خۆزگە ئێستا مەڕێکم هەبوایە سەرم ببڕیایە لەبەردەمتا چونکە بویت بەمایەی ئاسوودەیی من.

سەرسام بوو لەو خۆشیەی من، چونکە ئەوەی لەو کورسییە لادەبرێ چەند شەوێك خەوی لێ ناکەوێت و لەوانەیە لەخەفەتدا توشەی نە خۆشی ببێت.

لەپاش ئەوەی لەراگری لادرام تەمەنم گەیشتە ئەوەی خانەنشین بکریم، بەلام لەپێش خانەنشینییەکە پێیان وتم: دەبێت کۆلێژەکە بەجێ نەهێڵیت و بە گرێبەست لەگەڵمان بمێنیتەوە، منیش بەڵێنم پێدان.

ساڵی (١٩٩٣) بریارمدا بچم بۆ دەرەوی عێراق بۆ دەولەتێکی عەرەبی، چونکە لەسودان سەرۆکی زانکۆی خەرتووم خۆی بەوەفد هاتبوو بۆ عێراق، گرێبەست نامەیەکی بۆ هێنابووم کەمووچەی پرۆفیسۆریم ئەدەنێ لەگەڵ هەزار دۆلار بۆ هەر مانگێك و خانویەکم دەدەنێ بەهەموو پێداویستیەکانیەوە وئۆتۆمبێلێك بۆ هاتووچۆ.

بەلام چوار رۆژ پێش ئەو گرێبەستە بریاری سەرۆك کۆمار صدام حسین دەرچوو کە گێرامیانەوە بۆ مامۆستایی لەکۆلێژەکە بەجۆرێکی وا هەتا لەژیاندا بم خانەنشین نەکریم، ئەمە بۆ من رێزێکی گەورەبوو، چونکە یەکەم مامۆستا بووم لەزانکۆکانی عێراق کەخانەنشین نەکریم تامردن، لەوەفای ئەوەدا پاساوم هێنایەوە بۆ سەرۆکی زانکۆی خەرتووم لە سودان.

هەروەها لەپاش ئەو زانکۆی ئوردون داوایان کردم کەتەنها دەرس بەماستەر ودکتۆرا بڵێمەوە مانگی بەهەزار دینار ئوردونی کە ئەو کاتە زیاتر بوو لەملیونێك دیناری عێراقی، منیش بەمجۆرە وەلامی راگری یاسای زانکۆی ئوردونم دایەوە: زۆر سوپاست دەکەم رۆلەی ولاتەکەم حەقی زیاترە بەسەرمەوە، باخچەی خانوەکەم لەلا شیرینترە لە باخچەی کۆشکی (مەلیك حوسین).

لەوکاتەوە تا ئێستا کە ئەم یاداشتنامەیە دەنووسم کە رۆژی (٢٠٠١/٧/٢٨) هەر لەو کۆلێجە ماومەتەوە، وانەوتنەوەکەم تەنها بۆ ماستەرو دکتۆرایە، هەفتەی سێ رۆژ دەچم بۆ کۆلێژ، رۆژێك بۆ سەرپەرشتی، رۆژێك بۆ ماستەرو رۆژێك بۆ دکتۆرا، ئۆتۆمبێلێکیان تەرخان کردوە دەمبات بۆ کۆلێج و ئیشەکەم تەواکرد دەمگەرێنێتەوە بۆ ماڵەوە، قوتابیو مامۆستاکان زۆر رێزم دەگرن، تائیستا پێنج جا سەرۆك کۆمار دیاری بۆ ناردووم و لەساڵی ١٩٩٥ ئیشارەی نوسەرانیان پێدام، لەهەمان ساڵدا ئیشارەی پرۆفیسۆرییان پێ دام بەهۆی ئەوەوە بوو بەدووئەوەندە.

بەشداریکردنم لە کۆنگرەیەکی تایبەت بە مافی مرۆڤ لەشەریعەتو یاسادا لەولاتی ئوردن

بەبانکهیشتیکی فەرمی زانکۆی ئەلزەرقائی ئوردنی لەروژانی ٧و٨ مانکی ئابی سالی ٢٠٠١ بەشداری کونکرەی زانستی دووەمی کولیژی یاسای زانکوی زەرقا بووم کە بەناونیشانی: "مافی مروڤ لەشەریعەتو یاساداو کرفتو رووبەروبوونەوەی".

ئەم کونگرەیە لەژیر چاودیری مەلیك عەبدولای پادشای ئوردندا ئەنجام درا.

لەزور ولاتەوە میوانی بو بانکهیشت کرابوو. سی تەوەری سەرەکی لەخو دەکرت:

تەوەری یەکەم: مافی مروڤ لەروانکەی ئیسلامو یاسا دانراوەکانەوە، ئەمەش بابەتەکانی کورپەلەو منالو مافی ئافرەتو مافی مروڤ لەکاتی جەنکداو ئەو سزایانەی ئازادی سنووردار دەکەن لەخو کرتبوو.

تەوەری دووەم: مافی مروڤ لەنیوان تیورو پراکتیکدا، ئەمەش بابەتەکانی مافی مروڤو ئابلوقەی سەرکەلانو جیاکاری لەدژی مافەکانی مروڤی عەرەبیو موسلمانو پیشیلکارییەکانی مافی مروڤو هوکارو شیوەکانیو راپورتەکانی ریکخراوی لیبوردنی نیودەولەتیو مافەکانی مروڤو رەهەندە تیوریو پراکتیکیەکانی ڤیتو لە میساقی نەتەوە یەککرتووەکانو کاریکەری لەسەر مافەکانی مروڤو، جیهانکیریو شوینەوارو کاریگەریەکانی لەسەر مافەکانی مروڤ لەبواری کومەلایەتیو شارستانیەوەو چەندین بواری دیکەی دەکرتە خوی.

تەوەری سیهەم: گرنتیەکانی مافی مروڤ بوو، ئەویش بابەتەکانی تاچەند یاساکان بەسە بۆ پاراستنی مافەکانی مروڤ و، میتودی حوکمو هوکارەکانی لەپیناو پاراستنی مافەکانی مروڤ، رولی چاودیری دادکا لەپاراستنی مافەکانی مروڤدا، چەند بواریکی تری لەخۆ گرتبوو.

بو ئەم کونگرەیە چەندین کەسی پسپور بانکهیشت کرابوو، لەعیراقەوە منو دکتور عەبدولواحد زنونو دکتور عەبدولستار دەباغو دکتور خەلیل حەدیسیودکتۆر محسین عەبدولحەمیدو دکتور هاشم مەلاح، لەولاتی قەتەرەوە دکتور یوسف قەرەزاویو دکتور محەمەد شەلال عانی، لەسوریاوە دکتور وەهبە زوحەیلی، لەفەلەستین دکتور مستەفا

بەرغوسی، لەئیماراتەوە دکتور حەمید عبید کوبەیسیو دکتور محەمەد زوحەیلی، لەیەمەنەوە دکتۆر عەبدولکەریم زەیدانو، لەبەحرەینەوە دکتور نزار عانی، لەئەمریکاوە دکتۆر تەها جابر عەلوانی، لەمالیزیاوە دکتور عەبدولقەهار داود عانی.

لەم کۆنگرەیەدا، باسێکم پێشکەش کرد لەژێر ناونیشانی (حقوق الانسان وقت الحرب) بەتایبەتی دیلی جەنگ و ڕۆلی ئیسلام لە لابردنی ڕژێمی کۆیلە.

بەشدارییم لە کۆنگرەیەکی تایبەت بە داهاتووی عێراق

لەساڵی ٢٠٠٤ کاتێك مامۆستا بووم لەزانکۆی (النهرین) ڕۆژی ٣/١٥ لەباڵیۆزخانەی تورکیاوە داوا کرام، کاتێ ڕۆیشتم وتیان کۆنگرەیەك ئەبەستریت لە شاری ئەنقەرە لەبابەت پاشەڕۆژی عێراقەوە لەپاش لەناوچوونی صدام حسێن.

هەندێك لەحکومەتەکان بەشداری ئەم کونگرەیە دەکەن، لەوانە ئەمریکاو بەریتانیاو ئەڵمانیاو جولەکە، لەسەر داواکردنی وەزیری دەرەوەی تورکیا عەبدولا گول ئێمە پێنج مامۆستای یاسازان هەڵمانبژاردون بۆ بەشداریکردن لەو کونگرەیەدا، لەڕێگای حکومەتی عێراقەوە نا، بەڵکو لەڕێگای سەفارەتمانەوە، ئەو مامۆستایانەش دەبێت یەکێکیان کورد بێت، یەکێکیان تورکمانو، یەکێکیان شیعەو، دووانیان عەرەبی سوونە بن، لەکوردەکان منیان بانگهێشت کردبوو، لەشیعەکان دکتۆر غازی فەیسەڵ بانگهێشت کرابوو کەعەمیدی کۆلێژی یاسای زانکۆی (النهرین) بوو، لەسونەکان دکتۆر ماهر جبوری کە یاریدەدەری عەمید بوو لەگەڵ دکتۆر ابراهیم فەیاز، لەتورکمانەکانیش دکتۆر عصمەت عەبدولمەجید کەڕاوێژکار بوو لەوەزارەتی داد.

سەفیر پێی وتین ڕۆژی ٢٠٠٤/٣/٢٠ بە ئۆتۆمبیلی سەفارەت دەڕۆنە دیاربەکر لەوێوە بەفڕۆکە دەڕۆن بۆ ئەنقەرە.

کاتێ کە ڕۆیشتین ڕۆژی ٣/٢١ کۆنگرەکە لەهەمان ئۆتێل کە ئێمە تێیدا دەماینەوە دەستی پێکرد، ئەوانەی بەشدارییان دەکرد لەو کۆنگرەیەدا زیاتر لە سەد کەس بوون، یەکەم کەس وتەی پێشکەش کرد سەرۆکی کۆنگرەکە بوو، لەپاش ئەو نوێنەری ئەمریکا

وتاری دا، دوای ئەوان سێیەم کەس داوایان کرد لەمن وتەیەك لەبارەی بابەتی کۆنگرەکەوە پێشکەش بکەم، منیش وتم: هیچ مەترسییەك نیە لەسەر پاشەڕۆژی عێراق لەپاش صدام حسین، عێراق هەرچەند پارچە پارچەیەو لەهەر سێ قەومیەتی کوردو عەرەبو تورکمان پێکهاتوەو سوننەو شیعەی تێدایەو چەندین ئاینی تێدایە وەك ئیسلامو مەسیحیو کلدانو یەزیدی، ئەم پێکهاتانە وەك دەستە گوڵێك وایە لەچەند ڕەنگێکی جیاواز بێتو ئەم چەپکە گوڵە بەچەند رایەڵێك بەیەکەوە بەستراوە، یەکەم ئاینی ئیسلام، لەسەدا نەوەدی دانیشتوانی عێراق موسڵمانن‌و بەم هۆیەوە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەناویاندا، دووەم خزمایەتی ژنو ژنخوازی، هەندێکمان خاڵینو هەندێکمان خوشکەزاین بۆ هەندێکی ترو ئەم پەیوەندی ژنو ژنخوازییە وەك پەیوەندی خزمایەتی وایە بۆ بەیەکەوەژیانو یەك ئامانج، رایەڵی سێیەم کارو پیشەسازی، هەندێکمان پێکەوە مامۆستان، هەندێك بەیەکەوە قوتابین، هەندێك بازرگانن، هەندێك کارو پیشەی تر کەوای کردوەوە ڕۆژانە بەیەکەوە مامەڵە بکەن، چوارەم ڕۆشنبیریو تێگەیشتن لەژیانو پەیوەندی بوون لەگەڵ یەکتر، زۆرترینی گەلی عێراق خوێندەوارو زانایە.

پێنجەم هاوبەشی لەبەرژەوەندی ئاوو خاکی عێراق هەمووی مولکی گەلانی عێراقە بەبێ جیاوازی بۆ پاراستنی ئەم هاوبەشییە لەدژی یەکتر ناوەستین بەهەموو لایەکەوە هەوڵ ئەدەن ئەو بەرژەوەندییە لەسوودی هەمووماندا بێت.

پاش کۆتایی وتەکەم زۆر ئەم وتە کورتەیان پێ خۆش بوو، لەهەمان کاتدا وەردەگێڕا بۆ سەر زمانەکانی ئینگلیزیو تورکیو عەرەبی، لەپاشان داوایان کرد لە یەکێ لەمامۆستاکانی عێراق کەئەویش ماهر جبوری بوو پسپۆڕییەکەی یاسای دەستوری بوو، ئەم یاسایەی دەوتەوە لەکۆلێژی یاسا، وتی ئەگەر تورکیا پشتگیریمان نەکات کورد ئەیەوێت عێراق بکات بەدوو پارچەوە، پارچەیەکی بۆخویانو پارچەکەی تری بۆ هەموو گەلەکانی تری عێراق، کاتێ لێ بووەوە، وتم ئەم مامۆستایە پسپۆڕیەکەی یاسای دەستورییە لەگەڵ ئەوەش تا ئێستا نازانێت کەفیدراڵیەت جیاوازە لەجیابوونەوە، لەپاشان نۆرەی نوێنەری شیعەکان هات دکتۆر غازی فەیسەڵ وتی: ئێمە کەشیعەی عێراقین داوای ئەوە ئەکەین کە حکومەتی عێراق حکومەتێکی ئیسلامی بێتو لەژێر ئاڵای ئیسلامدا بژین بەبێ جیاوازی. کاتێ لێ بووەوە، وتم: حکومەتی ئیسلامی لەزەمانی خولەفای راشیدینو ئەمەوییەکانو عەباسیەکانو عوسمانیەکاندا جۆری حکومڕانیەکەی فیدراڵی بووە، ئێمەش کە کوردین لە فیدڕاڵیەت زیاتر داوا ناکەین.

پاش کۆنگره بۆ ئێواره بۆ نانخواردن عەبدوڵا گوڵ کە وەزیری دەرەوە بوو لەو کاتەدا دەعوەتی کردین بۆ کۆشکەکەی مستەفا ئەتاتورك کە کراوە بە مۆزەخانە بۆ میوانو نانی لێدەخورێت، هەر گروپێك بەجیاواز لەلای یەکتردا دانیشتن بۆ نانخواردن، ئێمە عێراقیەکان کە گروپێك بووین لەسەر یەك مێز بووین بۆ نانخواردن عەبدوڵا گوڵ لەگەڵ ئێمە دانیشت، لەو کاتەدا دکتۆر ئیبراهیم فەیاز لێی پرسی و وتی تۆ هیچ پەیوەندیەکت هەبوو لەگەڵ صدام حسێن پێش لەناوچوونی، ئەویش وتی: بەدیتن یەکترمان نەدیوە، بەڵام سێ مانگ پێش روخانی رژێمەکەی نامەیەکم بۆ نووسی لەنامەکەدا بۆم رونکردەوە ئەگەر سیاسەتی خۆی نەگۆڕێت ئەوا خۆیو وڵاتەکەی خۆی تەسلیمی دوژمنەکەی خۆی دەکات. لەوەڵامی ئەم نامەدا تەها جەزراوی کەدووەم کەس بوو پاش صدام لەحکومڕانی عێراقدا ناردی بۆ تورکیاو پێی وتم سەیدولرەئیس سەلامی لێ دەکردی و وتی بەدەمی پێی بڵێ با باسی پەیوەندی ئابووری بکەین، چونکە ئەو کەسەی کەوا بیەوێ رژێمی صدام حسێن بڕوخێنێت هێشتا لەدایك نەبووە.

کاتێك گەڕاینەوە بۆ عێراق چووم سەردانی بەڕێز مام جەلالم کرد و بەسەرهاتی کۆنگرەکەم بۆ باس کردو ئەویش زۆر پێی خۆشحاڵ بوو.

پەیوەندیم لەگەڵ قوتابیاندا

لەو ڕۆژەوەی وانە بە قوتابیان دەڵێمەوە لەرێکەوتی (١٩٤٦/٦/٧) تا ئەمڕۆ کە رێکەوتی (٢٠٠١/٧/٢٨) وانەم بەهەر قوتابیەك وتبێتەوە وەك منالی خۆم تەماشام کردوە، زۆر بەدڵسۆزی وانەکەم پێ وتۆتەوە، هیچ کاتێك وازم لێنەهێناوە هەتا ئەو شتانەی پێیان دەڵێم تێنەگەن.

لەماوەی وانەوتنەوەمدا تەنها یەك قوتابی زیانی بەدەستی من وەرگرتوە، ئەویش گوناهەکەی لەخودی خۆییەوە بوو، لەکاتی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵی (١٩٨٦) من چاودێر بووم لە هۆڵی تاقیکردنەوەی قوتابیاندا، بینیم قوتابیەك کاغەزێکی لایە هەندێ شتی لەسەر نوسیووە پەیوەندی بەو وانەیەوە هەیە کە تاقیکردنەوەی تێدا دەدرێ، کاتێك چووم بۆلای کاغەزەکەی خستە ژێر دەفتەرەکەیەوە، وتم: کوڕم کاغەزەکەم

بدەرێ باکەس نەزانێ هیچ شتێکت لەگەڵ ناکەم. ئەویش کاغەزەکەی دەرهێناو خستیە دەمیەوەو قوتی دا. ئیتر شتەکە ئاشکرابوو لەلای قوتابیەکانی تر نەمتوانی بیشارمەوە. منیش دەسەرهاتەکەم نووسی بۆ ڕاگر. بریار درا کەئەو ساڵە ئەو قوتابیە (راسب) بێت لەهەموو دەرسەکاندا. شەو کەنووستم ئەو قوتابیەم دەهاتەوە بەرچاو زۆر خەفەتم خوارد کە من ساڵەهای ساڵە قوتابی هیچ زیانێکی لێ نەکەوتوە بەدەستی من. بۆ وام کرد. دیارە قوتابیەکەش گوناهی خۆی بوو.

لە (١/١ ١٩٧٦)ەوە تا ئێستا وانە دەڵیمەوە لە کۆلێژی یاسا ولەکۆلێژی شەریعەت لەبەغدا و. لەپەیمانگای قەزایی (معهد القضائی) ئەوە ١٤ ساڵە دەرس دەڵێمەوە لە کۆلێژی یاسای صدام. هەر قوتابیەکەم لەهەر دائیرەیەك یان لەرێگەوباندا ببینمەوە باوەشم پێدا دەکات وئەملاو ئەولام ماچ دەکات وپێم دەڵێت: تۆ مامۆستایەکی تامردن لەناو دڵمدایت وهیچ کاتێك لەبیرمان ناچی، ئەم نوسراوانەی خوارەوە بەزمانی عەرەبی بەڵگەیە کەتا چ رادەیەك قوتابی رێزی دەگرتم، ئەمەش کە باسی ئەکەم بۆ ئەوەی هەموو مامۆستایەك هەمان رێگای من بگرن. بەدڵسۆزی دەرس بڵێنەوە وقوتابیەکە بەمناڵی خۆی بزانێ.

هەندێك لەیاداشتەکانم لەزانکۆدا

بەپێی روداوەکانی یەك لەدوای یەك بەم شێوەیە دەینووسمەوە:

یەکەم: ساڵی ١٩٧٦ دەرسێك هەبوو لەقۆناغی چوارەمی یاسا، ئەویش بابەتی (اصول الفقة الاسلامي) بوو، ئەم دەرسە زۆر گران بوو، بریار وا بوو کەمن بیڵێمەوە، بەڵام قوتابیەکان وتیان ئەمە زۆر گرانە دەبێت بگۆڕدرێت بەبابەتێکی تر، ئەم داواکارییە لەقوتابیەکانی بەشی ئێوارانەوە بوو کە ئەوانیش بریتی بوون لەئەفسەری سوپا و ئەمن وموخابەرات، لام وایە هەندێکیان لەئاستی دواناوەندیشدا نەبوون، بەڵام لەساڵی (١٩٧٥) تا (١٩٨٥) هەموو ساڵێك لیستێك دەهات بۆ کۆلێژەکە کەداوا دەکرا ئەوانە وەربگرین

لەکۆلێژی یاسای ئێواران دەوام بکەن، ئەمانە ئاستی خوێندەواریان نزم بوو، ئاستی گشتی زانکۆیان بەرەو دواوە برد، بەشێکی ئەم قوتابیانە کاربەدەستی گەورە بوون، پشتیان بەستبوو بە (قۆپی و واستە).

لەسەر داوای ئەمانە بابەتی (اصول الفقە) گۆڕا بە (فلسفة القانون والشريعة)، بەمەرجێ کەمن (فلسفة الشريعة) بڵێمەوە، مامۆستایەکی میسریان هێنابوو، مەسیحی بوو ناوی (د. ثروت الاسيوطی)بوو تا(فلسفه االقانون) بڵێتەوە، هەر بابەتێکیان (٥٠) نمرەی بۆ دانرابوو، کاتێ تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ تەواو بوو، دەرکەوت زۆربەی قوتابیەکان (٥٠) نمرەی تەواویان لەبابەتەکەی لای مامۆستا میسریەکە وەرگرتوەو لەبابەتەکەی مندا دەرنەچوون، منیش سەرم سوڕما بۆچی وایە؟ ئەم نهێنیە لەپاش دووساڵ دەرکەوت کەئەم مامۆستایە ئیشێکی تری هەیە هاتوە بۆ عێراق بۆ ئەوەی (موبەشیر) بێت و وانەی ئاینی مەسیحی بڵاو بکاتەوە نەك دەرس بڵێتەوە، ئەو موچەیەی وەری دەگرت بەشی دەکرد بەسەر قوتابیە هەژارەکاندا وخۆی لەلایەکی ترەوە موچەی تایبەتی هەبوو.

شایەنی باسە من سێ ساڵ لەمیسر خوێندومە ئەگەر قوتابییەك لەمیسردا بمرێت کەس نیە خواردنی بداتێ، من زۆرێکم گرتبوو لەگەڵ خێزانێك دادەنیشتم رۆژی جەژن فەرموویان لێ نەکردم بۆ ئەوەی نانی جەژنیان لەگەڵ بخۆم، لەکوردەواریدا دەڵێن :

(لەرۆژی جەژندا نان بۆ میوان دابنێیت وەك ئەوەیە لەرۆژی باراندا ئاو بۆ مریشك دانێیت).

ئەم مامۆستایە لەوتنەوەی (فلسفه القانون)دا لەسەرەتاوە دەستی دەکرد بەمەدحی ئیسلام، لەپاشان ووردەوردە ئەهاتە سەر ئەوەی کە ئیسلام بەکەڵکی ئادەمیزاد نایە وخزمەتی سەرمایەدارەکان دەکات وهۆی دواکەوتنی مرۆڤە، بەمجۆرە وەك شوشەیەك سەرەکەی هەنگوین وژێرەکەی ژەهر وابوو، کەس بەم کارەساتەی نەزانی تا دوای دووساڵ و میری دەریکرد، من مامەوە بۆ ساڵی داهاتوو (فلسفة الشريعة)م بەدەرس دەوتەوە کە خۆم دامنابوو لەجیاتی (فلسفة القانون).

رۆژێك مامۆستایەك بەناوی (ضياء شيت الخطاب) کە لەئەمەریکا ماستەری وەرگرتبوو هات بوو بە (محاضر)، لەپاشان بوو بە سەرۆکی مەحکەمەی تەمییزی عێراق، وتی بەمامۆستاکانی کۆلێژەکەوە بەراگرەوە: زۆر عەیبە ئێوە بابەتی (اصول الفقە الاسلامي)تان لابردوە کەلەهەموو کۆلێژەکانی یاسای وڵاتەعەرەبیەکان دەوترێتەوە،

چونکه پەیوەندیەکی زۆری هەیە بەدەرهێنانی یاساوە، وتی: من کە خۆم لە زانکۆی (هارڤارد) بووم لەئەمەریکا دەرسێکی (اصول الفقة)یان هەبوو بەئینگلیزی بەداخەوە مامۆستایەکی جولەکە دەیوتەوە، دوای بۆم دەرکەوت کە کتێبەکە هی ئیمامی شافعییە لە(اصول الفقة) کراوە بەئینگلیزی ولەقۆناغی چواردا لە کۆلێژی یاسای ئەم زانکۆیە بەدەرس دەوترێتەوە.

لەپاش ئەوە بۆ ساڵی تازە (فلسفة الشريعة) یان لابرد، لەبەر ئەوەی هەندێك شتی تیابوو بەدڵی رژێمی ئەو سەردەمە نەبوو، داوایان لەمن کرد کتێبی (اصول الفقة) بڵێمەوە، منیش لەماوەی ژیانی زانکۆمدا وەك مامۆستا کتێبی کەسم بەوانە نەوتۆتەوە، بەڵکو خۆم کتێبێکم لەوبابەتەدا داناوە، لەبەر ئەوە لەماوەیەکی کەمدا کتێبی (دلالات النصوص وطرق استنباط الاحكام في ضوء اصول الفقة الاسلامية)م دانا و کرا بەمەنهەج لەهەموو کۆلێژەکانی یاسادا لە بەغدا، تا ساڵی ١٩٩٠کە کتێبی (اصول الفقة الاسلامي في نسيج الجديد)م دانا، ئەم کتێبە زۆر شتی تازەی تیادابوو کە لە کتێبە کۆنەکاندا نیە، بەجۆرێکی ئاسان دامناوە لەدووبەرگدا و زۆر لەنمونەکانی لە یاسا هێناومەتەوە و ئێستا کراوە بە کتێبی مەنهەج لە هەموو کۆلیژەکانی یاسا لە عێراق و لەهەندێك لە زانکۆکانی ئوردون و یەمەن.

دووهەم: ساڵی ١٩٧٧ لەکۆلێژی یاسا لەزانکۆی بەغدا بۆ یەکەمجار پێیان وتم کە دەرس بڵێمەوە لە پلەی ماستەر، کتێبێکم دانا لەژێر ناونیشانی (اسس المسوولية الجنائية في الشريعة الاسلامية والقانون)، قوتابیەکانی ئەم پلەیە زۆریان لەموخابەرات بوون وبیروڕایان بە ئاینی ئیسلام کەم بوو، هەر جار کەدەرسێکم دەوتەوە لەم بابەتە شتێکی تازەم دەخستە بەرچاویان کە لەئیسلامدا هەیە و یاسا هێشتا رێگەی پێنەبردوە، زۆر سەرسام دەبوون چونکە نەیان دەزانی زۆر شت هەیە لەئیسلامدا یاسا سودی لێ وەرگرتوە، وای لێ هات کە هەوڵیان دەدا شتی زیاتر فێربن لەبارەی قورئانی پیرۆز وئاینی ئیسلام وفەرمودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت)، هەندێك لەوانە من بووم بەسەرپەرشتیاری ماستەرنامەکانیان لە پلەی ماستەردا، دواتر لە پلەی دکتۆرا دا لەبابەت بەراورد کردن بوو لە نێوان (شەریعەت و یاسای وڵاتاندا)، لەهەمان کاتدا لەوتنەوەی وانەکانی تردا لە قۆناغی یەك وسێ و چوارەمدا بەراووردم دەکرد لەنێوان شەریعەتی ئیسلام و یاسادا، یەکەمجار زۆر لەوانەی کە سەر بەحیزبی بەعس بوون پێیان ناخۆش

بوو، بەلاَم توانیم تێیان بگەیەنم کە زۆر شت هەیە لە ئاینی ئیسلامدا کەپەیوەندی هەیە بەژیانی ئادەمیزاد و لەیاساکانی وولاَتاندا نیە، ئێستا وای لێهاتوە ئەوەی لەپلەی ماستەر ودکتۆرا دا بەراورد نەکات لەنێوان شەریعەت و یاسادا نامەکەی لێ قبولّ ناکرێ.

لەهەمان سالّدا جارێکی تر چوومەوە بۆ میسر چونکە بەتەمابوون لەزانکۆی قاهیرە (فصل)م بکەن لەپلەی دکتۆرای بەشی یاسا، کاتێ گەڕامەوە بۆ میسر چوار کیلۆ چام برد لەگەلّ خۆم بۆ قاهیرە بەدیاری، چونکە ئەو کاتە چای باش لە قاهیرەدا نەبوو، بۆ بەیانیەکەی چووم بۆ زانکۆی قاهیرە تا هاتمەوە کرێکاری ئوتێلەکە کە دەرگای ژورەکەیان کردبۆوە بەچەقۆ جانتاکەمیان لەژێرەوە دڕیبوو، منیش چوم بەخاوەن ئوتێلەکەم وت شتێکی وا رویداوە، ئەویش وتی: (٢٠) کرێکار لەئوتێلەکەدا هەیە کامیان بگرم وپرسیاری لێ بکەم، ئەمە لەولاَتێکدا بوو کەبەسەرچاوەی ئیسلام دەناسرێت و زانکۆی ئەزهەری تێدایە کەهەموو موسلّمانێك بەشانازییەوە رووی تێ دەکات ودەلێت: (الازهر الشريف) کەناوی دەبات.

هەر جۆر بوو ئیشەکەی خۆم تەواو بوو لەگەلّ زانکۆی قاهیرە و(١٠٠) پاوەن دا بۆ رەسمی سالّی تازەی دکتۆرای یاساکەم، کاتێ گەڕامەوە وا رێککەوت کە فڕۆکە نەبوو بۆ عێراق بەلّکو دەبوو بچمە ئوردون ولەوێوە بە ئوتۆمبێل بگەڕێمەوە بۆ عێراق، کاتێ لەفڕۆکەخانەی (عمان) دابەزیم هەرکەس جانتای خۆی وەرگرت و رۆیشتەوە ئێمە سێ عێراقیماینەوە و جانتاکانیان نەدابینەوە.

شایانی باسە لەسالّی ١٩٨١ لەگەلّ دایکی محمد سەفەری پۆلّەندامان کرد، لەشاری وارشۆی پایتەخت لە ئوتێلێك دابەزین، کە چوین بۆ بازاڕ کلیلی ژوورەکەمان برد لەگەلّ خۆماندا، کە هاتینەوە بینیمان شێوەی ژوورەکە گۆڕابوو و خاوێن کرابوەوە، خەممان بوو، کە دەستمان برد بۆ جانتاکەی دایکی محمد کە بەجێی هێشتبوو لە ژوورەکە، هەزار دۆلار لەگەلّ هەزار وەرەقەی تریفل چەکی تیادابوو، دەستکاری نەکرابو و لە شوێنی خۆی مابوەوە.

لێرەدا بەراورد ناکرێ لەنێوان ولاَتێکی ئیسلامی کە سەرچاوەی وەرگرتنی بڕوانامەی بالاَیە لە ئایینی ئیسلام و شەریعەتدا، لەگەلّ ولاَتێك کە دانیشتوانەکەی مسولّمان نین، بەلاَم دەست پاکن.

لەمێژووی عێراق دا

بەپێی ئەم دەستورانەی لای خوارەوە حوکمڕانی کراوە

القانون الاساسی العثمانی (١٨٧٦ ١٩٠٨ز) پـرۆژەی ئـەم دەسـتورە لـە سـاڵی (١٨٧٦ز) لەلایـەن لیژنەیەکـەوە دانرابەسـەرۆکایەتی (مـدحت پاشـا)وبیسـت و هەشـت ئەندام کە (١٦) شانزە کەسیان فەرمانبەری مـەدەنی بـوون و (١٠) دە کەسـیان زانـایی ئاینی و (٢) دوو کەسەکەی تریش لەسـوپا بـوون و لـەناو هەمووشـیانداتەنها یـەکێکیان عێراقی بوو بەناوی (محمد امین افندی) الزندی (لەم نـاوەوە دەردەکـەوێت کوردبـوە) , ئـەم دەسـتورە بـریتی بـوە لـە (١١٩) مـاددە لـە پاشـانا سـوڵتانی عوسمـانی هەنـدێك گۆڕانکاری تیادا کرد .

القانون الاساسی العراقی (ساڵی ١٩٢٥ز) لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم عێراق کەوتە ژێر دەسەلاتی ئینگلیز , لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ز (فیصل)ـی یەکـەم دانـرا بـە پاشـای عێـراق ولـە وتارەکەیـدا لـە (٢٣/یَب/ ١٩٢١ز) داوای کـرد لـە لیژنەیەك پێك بێت بۆ دانانی پرۆژەی دەستوری عێراق و ئەم پرۆژەیە بە چەند لیژنەیەکدا تێ پەڕی, یەکەم لە ساڵی ١٩٢١ ز هەندێ لە کاربەدەستانی بە ریتانی بەشداریان کرد لـە دانـانی ئـەم پرۆژەیـە . یەکـەم راوێـژکاری وەزارەتـی دادی عێراقـی (مسـتەر دراوەر) وسـکرتێری یاسـایی (منـدوب السـامی) بـەریتانی (نیجـل داڤیـدس) وسەرچـاوەی ئـەم دەستورە (ئوستورالیا و هۆڵەندا وتورکیا) بوو , ولیژنەی دووهەم ساڵی ١٩٢٢ ز پرۆژەکە درایە لیژنەیەکی تر کە پێك هـاتبوو لـە (نـاجی سـویدی) وەزیـری داد بـوو و (ساسـون حزڤیـل) وەزیـری دارایـی و (ڕۆسـتەم حیـدر) سـکرتێری مـەلیك ئـەم لیژنەیـە چـاوی خشاندەوە بـە پـرۆژەی یەکـەم وهەنـدێ شـتیان وەرگـرت لـە سەرچـاوەکانی تـر وەك و دەستوری یابانی بۆ جاری سێهەم (مقدم یۆنگ) لـە دەزگـایی مەنـدوبی سـامی بـەریتانی پرۆژەکەی نارد بۆ بـەریتانیا بـۆ وەزیـری (مستعمرات) ی بـەریتانیا لـە لەنـدن ولـەوێش هەندێك گۆڕانکاری تیا کرا .

پرۆژەی چوارەم/پرۆژەکە دوو بارە کرایەوە و بۆ عیراق پاش گۆرانکاریەکان لە (١٥/ شوبات/١٩٢٣ن) .

پرۆژەی پێنجەم / گۆرانکاری دووهەم لە لایەن وەزیری (مستعمرات) ی بە ریتانی لە (١٩/ نیسانی/ ١٩٢٣ز .

پرۆژەی شەشەم / بە شێوەیەکی کۆتایی گفتو گۆی لەسەر کرا لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و بڕیاریان دا ئەم پرۆژەیە ئامادەیە بۆ ئەوەی ئاراستەی ئەنجومەنی دامەزراندن (تأسیس) ئەو کاتە ئەندامانی ئەنجومەنی دامەزراندن هەڵبژێردرا لە (٢٥/ شوبات/ ١٩٢٤ن) لە پاشانا بڕیاری پاشایانە درا بە کردنەوەی کاری ئەنجومەن ڕۆژی (٢٧/ئازار/ ١٩٢٤ن) .ولەسەرەتاوە ئەنجومەنی دامەزراندن (عبد المحسن السعدون) ی هەڵبژارد بە سەرۆکی ئەنجومەن کە هاوکات سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو .

هەژدەجار گفتو گۆ کرا لە سەر ئەم پرۆژەیە و کۆتایی هات بەڕەزامەندی ئەنجومەنی دامەزراندن لە (١٠/تەموز/ ١٩٢٤ن) و پاشا ڕەزامەند نەبوو لەسەری تاکو(٢١/ازار/ ١٩٢٥ن) واتەپاش هەشت مانگ , ئەم دەستورە بریتی بوو لە (١٢٣) مادە لە پاش هەندێك ڕاست کردنەوە بوو بە ١٢٥ ماددە .

دەستوری کاتی لە (٢٧/ تەموزی/ ١٩٢٧ن) کە ڕژێمی پاشایەتی رووخا لە (١٤/ تەموزی/ ١٩٥٨ن) وکۆتایی هات بەڕژێمی پاشایەتی و بوو بەکۆماری وکاربەدەستانی داوایان کرد لە (مامۆستا حسین جمیل) کە بەشداری بکات لە دانانی دەستوری نوێی کۆماری و لە (٢٠/ تەموزی/ ١٩٥٨ن) وەزیری ڕاگەیاندن (محمد صدیق شنشل) ووەزیری ئابوری (محمد حدید) پەیوەندیان کرد بە (حسین جمیل) بۆ دانانی پرۆژەی کاتی بۆ دەستور بە مەرجێکرەچاوی دوو خاڵ بکرێتبە تایبەتی یەکەم عێراق بەشێکە لە وڵاتانی عەرەبیدووهەم عەرەب و کورد هاوبەشن لەنیشتماندا. وە پێك هاتنی ئەم پرۆژەیە دوو ڕۆژی خایاند ولەپاشانا ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کراوئەم پرۆژەیە (حسین جمیل) دابنابوو وە بریتیبوو لە (٣٠) بەند (مادده) لە پاشانا ئەم پرۆژەیە هەندێك گۆڕانی تیا دا کرابوو .

وەلە پاشانا یاسایی ئەنجومەنی نیشتمانی دانرا لە ساڵی (١٩٦٣ن) .

پێنجەم / دەستوری (٢٩/ نیسانی / ١٩٦٤ن)(کاتی) سەرۆکی کۆمار وەزیری دادی ڕاسپارد بۆ دانانی پرۆژەی دەستوری کاتی وئەم وەزیرە لیژنەیەکی پێك هێنا لە گەورە

دادوەرەکان و لە ئەندامانی دەزگای نوسینەوەی یاسایی (دیوان القانونی) و ئەم پڕۆژەیە پێك هات لە (٦٠) بەند .

شەشەم / دەستوری (٢١/ ئەیلولی/ ١٩٦٨ز) (کاتی) لە گەڵ ڕاستکردنەوەی لە (١٧/ تەموزی / ١٩٦٨ز) کۆماری سێ هەم ڕووخا و ڕژێمێکی تازە هاتە جێگایی و ئەم دەستورە دەرچوو لە (٢١/ ئەیلولی/ ١٩٦٨ز) و ئەوانەی کە ڕژێمیان ئەبرد بەڕێوە لیژنەیەکیان پێك هێنا لە دادوەرانی (مەحکەمەی تەمیز) ولە هەندێك فەرمانبەری سەرۆکایەتی کۆماری بۆ دانانی پڕۆژەی دەستوری تازە وئەم دەستورە لە لایەن ئەنجومەنی سەرۆکایەتی شۆڕشەوە دانرا لە(٢١/ ٩/ ١٩٦٨ز) واتا لە پاش (٦٥) ڕۆژ لە گۆڕینی ڕژێمی پێشوو وە ئەم دەستورە بریتیبوو لە (٩٥) بەند (مادده)

حەوتەم/ دەستوری (١٦/ ٧/ ١٩٧٠ز) کاتی لە گەڵ ڕاستکردنەوەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی شۆڕش لیژنەیەکی پێك هێنا بۆ دانانی پڕۆژەی ئەم دەستورە کە پێك هاتبوو لە سەرۆکی دەزگایی یاسایی لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وە دوو پرۆفیسۆر لە مامۆستایانی کۆلێژی یاسا لە زانکۆی بەغدا . وە لەدواییدا دوو مامۆستای کەشیان دانا لە هەمان کۆلێژ بۆ لیژنەکە . لە پاشاندا ئاراستەی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کرا لە پاشاندا کەسانی کەیان دانا بۆ لیژنەکە کەیەکێکیان سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی بوو بەسەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وە ئەندامانی ئەنجومەن کۆبونەوەیان لەسەر کرد و بە بڕیاری (٧٩٢) لە (١٦/ ٧/ ١٩٧٠ز) بڕیاریان دا لە سەر دەستورەکە ,ئەم دەستورە بریتیبوو لە (٦٧) بەند (مادده) لە پاشدا چواردە جار ڕاستکرایەوە وە بوو بەهەفتا بەند .

پڕۆژەی دانانی دەستوری ساڵی (١٩٩٠ز) چاو پیاخشاندنی پڕۆژەی دەستوری ساڵی (١٩٧٠ز) پڕۆژەیەکی تازە دانرا لە ساڵی ١٩٩٠ز کە بریتیبوو لە هەشت ئەندام لە دوو وەزیر و سێ مامۆستای زانکۆی تیادابوو وە ئەندامێکی دادگای تەمیز وە دوو فەرمانبەری یاسایی گەورە لە وەزارەتی دەرەوە بە سەرۆکایەتی (د. منذر الشاوي) کە وەزیری خوێندنی باڵا بوو وە مامۆستا یاسا ی دەستوری پێشووبوو لە زانکۆی بەغدا . (٣٢) کۆبونەوە کرا بۆ ئەم مەبەستە لە (١١/ ئاب/ ١٩٨٩ز) کۆتایی پێ هات، کە پڕۆژەکە بریتیبوو لە (٢١٧) بەند (مادده) وە پڕۆژەکە جگە لەو یاسانەی کە هاتبوو لە دەستورە پێشوەکاندا ئەم خاڵانەی بۆ زیا د کرا :

١. فره بوونی حیزب/
٢. ڕفراندۆم (الاستفتاء)
٣. لامەرکەزی کارگێڕی (لامركزية الادارية)
٤. یاسای دەوڵەت
٥. مافەکان و سەربەستی

پاش ئەوەی لیژنەکە کۆتایی هێنا بەکارەکانی ئاڕاستەی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەوکاتە کرا وە لەگەڵ سەرکردایەتی ئەنجومەنی شۆڕش سەرکردایەتی سیاسی ئەوکاتە لێکۆلینەوەیان لەسەر کردوبانگ هێشتی (الاعلان) پرۆژەی دەستوریان کرد و ئاڕاستەی ئەنجومەنی نیشتمانیان کرد (مجلس الوطنی) بۆ ئامادە کردنی کە بخرێتە ڕوو، وە میللەت ڕفراندۆمی لە سەر بکات بەلاّم لە بەر نالەباری بارودۆخی ئەو کاتە لە پاش (٢/اب/ ١٩٩٠ن) وە شەڕی کەنداوی دووهەم و ئابلۆقە خستنە سەر عێراق (الحصار) نە خرایە ڕوو و بلاّونەکرایەوە لەلایەن وەزارەتی داد .

تا کۆتایی بە ڕژێم هات لە (٩/ ٤/ ٢٠٠٣ن) و عێراق ڕزگار کرا لە دەستی ڕژێمی بەعس . وە ئەم دەستورانە هیچیان مافی عێراقیان جێ بەجێ نەکرد بە جۆرێك وا کە هەرکەس مافی خۆی وەکوو عێراقیەك و هاووڵاتیەك وەربگرێت وە چاودێری ڕەگەز و ئاینی بکرێت.

لە لایەکی ترەوە بیر کردنەوە لە دانانی پرۆژەی دەستورێکیبەردەوام بۆ عێراق کەئاواتی هەموو لایەك بەدی بهێنێت لە دوای سەرنگومبوونی ڕژێمی بەعس و صدام دەستی پێکرد وە پاش ئەوەی لە(١٣/ ٧/ ٢٠٠٣ن) ئەنجومەنی حوکمی کاتی دانرا لە لایەن ئەمەریکاوە وە ئەندامی ئەم مەجلیسە سیانزە کەسیان شیعە بوون وە پێنج کەسیان کورد و پێنج کەسیان عەرەبی سوننە وە یەکێکیان نوێنەری ئاشوریەکان وە یەکێکی تریان نوێنەری تورکومانەکان بووە ئەم مەجلیسە هەستی بەوە کرد کە هیچ تەنگو چەڵەمەیەکی عێراق چارەسەر ناکرێت تاکو دەستور دانەنرێ کە مافی هەموو لایەك دیاری بکات لە بەر ئەوە بریاردرا بۆ لیژنەیەك کە ئەو ڕێگانە ڕوون بکاتەوە بۆ چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی کە ببنە ئەندامی پرۆژەی دەستوری عێراق . بەو مەرجە لەو (٢٥) کەسەی کە ئەندامی ئەنجومەنی حوکمن کەسانی تر هەڵبژێرن بۆ ئەندامێتی ئەم لیژنەیە . ڕۆژی (١٣/ ٨/ ٢٠٠٣ز) ئەندامانی ئەنجومەن کۆبونەوە وهەریەك لەئەندامەکان لە کاتی کۆبونەوەکەدا چەند ناوێکیان پێشکەش کرد وەمن لەوەوپێشتر دوو جار

سەردانیان کردم داوای لێ بوردنم لێکردن لە بەر تەندروستیم بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ناوی من خرایە ناولیستی کوردەکان کە بەشداری ئەم لیژنەیە بکەم وە (د. محسن عبد الحمید) کە نوێنەری ئیسلامیەکانی عێراق بوو ناوی منی هەڵبژاردبوو وە باسی ئەو هۆیانەی کردبوو کە بۆ چی ناوی منی هەڵبژاردوە وە لەهەمان ڕۆژدا ناوی (٢٥) کەس دەرچوو بۆ ئەندامێتی لیژنەی ناوبراو ولە هەمان کات دا کەناڵی ئاسمانی (الجزیرە)پەیوەندیان پێوەکردم وە داوایان لێکردم کە باسی ئەو ئەرکەبکەم کەلیژنەکە پێی هەڵدەستێ وە من وەلاّمم دانەوە کە هێشتا من بەڕەسمی ئاگادار نەکراوم لە بەر ئەوە نازانم ئامانجی ئەم لیژنەیە چیە بەلاّم ئەم لیژنەیە هەرکارێك بکات وە هەر بڕیارێك بدات وەك سەرەتایەك و بناغەیەك وایە بۆ قۆناغەکانی دانانی دەستورو هەر بڕیارێك بدرێت بڕیاری کۆتایی بۆ گەلانی عێراق دەبێت .

وە ڕۆژی (١٨ / ٨/ ٢٠٠٣ز) لە دیوانی وەزارەتی پیشە سازی لیژنەکە کۆبووەوە و ئەو ڕێگایانەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ دیاری کردنی لیژنەی دانانی دەستوور بریتی بوون لە سێ ڕێگا.

١. ڕێگای هەڵبژاردنی گشتی
٢. هەلبژاردنی نوێنەرێك کە تەمەنی لە هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت . کە پێی ئەوترێت ئاماری دانیشتوان (التعداد السکانی العام)
٣. لیژنەکە دابنرێت لە لایەن ئەنجومەنی حوکمەوە ئەگەر دەوڵەت نەبوو هەر وەکوو دەستورەکانی ڕابردوو کە هەڵبژاردنیان لە لایەن میلەتەوە نەبووە بەڵکوو لە لایەن دەسەلاّتەوە بووە.

لایەنی باش و خراپی ئەم ڕێگایانە :

لایەنی باشی: ئەمە باشترین ڕێگەیە لە ولاّتە شارستانیەکان و دیموکراسیەکان چونکە هەر لایەك نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێت وە ئەو کەسەی کە هەڵ دەبژێردرێت پێویستە خوێندەوارێکی باش بێت وە بەتایبەت لە یاسادا شارەزا بێت و کاربکات بەپێویستیەکانی وولاّت نەوەك بیرو بۆچونی خۆی بەلاّم ڕێگاکە کێشەو گرفتی زۆری تێدایە وهەندێکیان ئەمانەن .

أ. هەڵبژاردنی گشتی ماوەی ١٨ مانگ تا دوو ساڵ ئەخایەنێت و بڕی (١٠٠ ملیۆن بۆ ١٥٠ ملیۆن) دیناری عیراقی خەرجی پێویستە، عێراق لەم کاتەدا پێویستیەکی زۆری هەیە بە دەستور و ناتوانرێت چاوەڕوانی بکرێت.

ب. یاسای هەڵبژاردن دەبێت سەرلەنوێ دابنرێتەوە و حکومەتێك نیە ئەو یاسایە دابڕێژێت.

ج. هەڵبژاردنی گشتی پێویستی بە ئامارێکی گشتی هەیە (الاحصا ءالعام) وە ئەمەش یاسای نوێ بەبێ بوونی حکومەتێك نابێت.

د. لە باری ئاسایشەوە بارودۆخی عێراق گونجاو نیە لەم کاتەدا.

هـ. لە کاتی خۆیدا ڕژێمی ڕابردوو گۆڕانکاری کردوە سەبارەت بە دانیشتوان بە تایبەتی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر و کەرکوك موصل و هەندێك لە شارەکانی باشووری عیراق .

شایەنی باسە لەو ناوچانەی کەلەسەرەوە باسمان کرد هەندێك ڕەگەزی کوردو عەرەب وە کوردو تورکمان دەبێت کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکرێت پێش کاتی هەڵبژاردنە گشتیەکە

ڕێگایی دووهەم : ئەویش وەك هەڵبژاردنی گشتی باشە بەلاّم گیرو گرفتی زۆرە هەر وەك لەڕێگەی یەکەمدا باسمان کرد.

ئەمە پێویستی بەئاماری گشتی هەیە بۆ ئامادە کردنی پسوڵەی خێزانی وە ئەم پسوڵە یەش تەنها ناوی سەرۆکی خێزانی تێدابێت .

وە دەبێت دوبارە پیاچونەوە بکرێت لە تۆماری وەزارەتی بازرگانی بۆ ڕێکخستنی ناوەکان وەك پێویست.چونکەلەڕێگای دووەم دا پێویست بەهەڵبژاردن هەیە بەواتای مافی هەڵبژاردنیان هەیە.

ڕێگای سێ هەم / هەڵبژاردنی ڕێگایی دامەزراندن دەبێت ئەو کەسە جێی متمانەو باوەڕ بێت هەر وەك دەستورەکانی پێشووی عێراق داچونکە ئەم جۆرە ڕێگایە ئامانجی چینەکانی میللەت نایەنێتەدی وە هەڵبژاردنەکانیان بەدامەزراندنی ئەندامەکانیان بە پێی ویستی دەسەلاّت بووە.

ئێمە تاکو مانگی (٨ / ئاب) گفتوگۆی تەواومان لە سەر ئەم سێ ڕێگایە کرد لە ئەنجومەنی حوکم وە برا شیعەکان سوور بوون لەسەر ڕێگای یەکەم وقایل نەبوون بۆ

دووهەم وسێهەم . لـە سـەر بۆچـوونی مەرجـەعی بـالآی شـێعەلە عێـراق دا (آیـة الله علـی سـیستانی) کە ڕێگای یەکەم گونجاوترە.

لیژنەکە بڕیاری دا کە ڕۆژی (٣٠/ ٨/٢٠٠٣ز) سەردانی بـەڕێز (سیسـتانی) بکـەین لـە شاری نەجەف وە بەڕاستی ئەم پیـاوە نـاودارە کەسـێکی زۆر ڕۆشـنبیروزانا یـە لـە ڕووی ئاینی و سیاسیەوە وخواناسە و ڕاستگۆ و(متواضع)ـە پـاش گفتـو گـۆ کـردن لـە گـەڵی ووتی ئێوە بڕیاری چی ئەدەن منیش لەگـەڵ ئێـوەدام . لەپاشـان دا ئەنجومـەنی حوکـوم بڕیـاری دا لـە گـەڵ کەسـایەتی و سیاسـیە دیارەکـانی بەغـدا کـۆ ببینـەوە وە بیرورِایـان وەربگـرین وە هـەروەها سـەردانی پارێزگاکـانی تـریش بکـەین ڕای گشـتی میللـەت وەربگرین،وەلەسەر ئەو بڕیـارە لیژنەیـەك هەڵبـژێردرا بـۆ سـەردانی پارێزگاکـانی دیالـە و کەرکوك و سلێمانی کە بریتی بوون لە (٥) ئەندامکە خۆم یەکێکیان بووم وە ڕۆژی ٩/١٦ سەردانی پارێزگای دیالـەمان کـرد و لـە ١٧/ ٦ سـەردانی پارێزگـای کـەرکوك و دواتـر لـە ڕۆژی ٩/١٨ سەردانی پارێزگای سلیمانی مان کرد .

وە لەئەنجامی سەردانەکانمان دا بۆمان ڕوون بوەوە کە گەلی عێـراق ئـەوەی مەبەسـت نـەبوو کـە هەڵبـژاردن چـۆن دەبێـت بـەڵکو مەبەسـتیان ڕوونکردنـەوە و دیـاری کردنـی مافەکانیان بوو لە دەستوردا . لە پارێزگای دیالە داوای دەوڵەتی ئیسـلامی یـان دەکـرد و لە پارێزگای کەرکوکیش داوای فیدراڵیان دەکـرد بـۆ عـەرەب و تورکمـان وەلـە پارێزگـای سـلیمانی داوای فیـدراڵیان دەکـرد بـۆ گـەلی کـورد و دەیـان ووت باوەڕیـان نیـە بـەهیچ دەستورێك ئەگەر دان نەنێت بە مافی فیدراڵیدا .

لە پاش گەڕانەوەمان بەراووردمان کرد لە ئەنجامی سەردانەکانمان و بڕیارماندا بەوەی کە هەر سێ ڕێگاکە کە پێشتر باسمان لێوەکرد لایەنی (سلبی و ایجابی) لە بۆچـونەکان دا بنوسینەوە ولێکۆڵینەوەو و گوفتوگۆی لەسـەر بکرێـت وە بـەو جـۆرە ئـەنجامی کـاری لیژنەکەلـەماوەی(٤٥) ڕۆژدا بـەڕاپۆرتێك ئامـادەکراو ئاڕاسـتەی ئەنجومـەنی حوکـوم کـرا وەتاکو ئێستا ئەنجومەنی حوکوم بڕیـاری نـەداوە چ ڕێگایـەك بگرێتەبـەر بـەڵام وا دیـارە دەستورێکی کاتی (دستور انتقالی) بۆ لابردنی ئـەو کۆسـپانەی کەدووچـاری عێـراق بـوون دابنرێت . وە من داوام کرد کەرێگای دامەزراندن بگیرێتەبەر بـەڵام دامەزراندنەکـە فـراوان بێت وهەرپارێزگایەك نوێنەری خۆی هەڵبژێرێت بۆ بەشـداری کـردن لـە دانـانی دەسـتوری (انتقـالی)دا بـە تایبـەت کوردەکـان دژی ئـەو بـۆ چـوونە وەسـتان چـونکە لـە پاشـە ڕۆژ

دەترسان نەوەك ببێتە هۆی ئەوەی فیدراڵیان لە دەست بچێت بەلاّم وا دیارە کە ئەنجومەنی حوکوم و ئەمەریکا بڕیاربدەن بۆ دانانی دەستورێکی (ئینتقالی) بۆ دامەزراندنی حکومەتێك و هەڵبژاردنی پەرلەمان ، ئەو کاتە ئەو دەستورەبخرێتە بەردەم میللەت بۆ دەنگدان لە سەری و لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە بە دڵی میللەتە .

پەیوەندم بە کەسایەتییە کوردەکان لە بەغدا

بەو پێی بە غدا پایتەخی هەموو عێراق بوو کۆمەڵێك کەسایەتی ناوداری جۆراوجۆر لەوێدا کۆبوبونەوە یەکانگیر بووبوون پەیوەندی تۆکمەی باش لەنێوانیانا هەبوو لە گەڵ جیاوازی جۆری کار و ئەندازەی زانیاریان هەبوو هەر بەهۆیەوە پەیوەندیەکی زۆر باشم هەبوو لەگەڵ ئەم کەسایەتیانە بۆ گۆرینەوەی زانیاری تێگەیشتن لە بارو دۆخی ژیانوو گوزەرانی ناوشاری بە غدا وەدەوروبەری لەوانە بێجگە لە کەسایەتی عەرەب و نەتەوەکانی تر وئاینیەکانی تر بەتایبەتی لەگەڵ کەسایەتیە کوردەکان پەیوەندیەکی باشم هەبوو هەمیشەش خەریکی ئالو گۆری فیکری وزانیاری نەتەوەایەتی بووین لەوانە:

کەسایەتی ئاینی :

ملا عمر دیبەگەیی
شیخ محمد بالیسانی
دکتۆر حسین بالیسانی
دکتۆر احمد بالیسانی
ملا علی لەیلانی
شیخ لطیف شیخ اسلام

شیخ لطیف عبد الله برزنجی
ملا سید حکیم خانقینی
شیخ امین نقشبندی
ملا علی قوجه بلباس
ملا محمد قزلجی
ملا سعد الله محمد امین هوائی
شیخ زین الدین نقشبندی

کەسایەتی دیکە:

علی کمال احمد فهمی
احمد گەردی
محمد جاف
شیخ طیب سید عارف
م. نوری ناغجەلەری
نجیب بابان
د. حسین خلیقی
ابراهیم میرانی
عبد الرحمن بەگی قورەتوو
نجم الدین محمدعلی عەونی

نووسەرو ئەدیب:

خەسرەو جاف
محمد ملا کریم مدرس
فاتح ملا کریم مدرس
عبد الرحمن ملا مارف
م. لطیف گلی
ماموستا ملا عبد الکریم مدرس
ماموستا علا الدین سوجادی
مسعود محمد
جمیل رۆژبەیانی
ملا شکور مصطفی
عبد الرحمن زەبیحی

دادوەرو یاسایی:

محامی حسن اسماعیل پشدەری
دادوەر چەتو عبدالله علی
محامی جمال بابان
وورِیا کانی مارانی
دادوەر نوردین علی
شیخ لطیف شیخ طه
محامی عبد الله کانی مارانی

مامۆستای زانکۆ :

د. نسرین فخری
م. نظام الدین گلی
د. محسن عبد الحمید
د. نظام الدین عبدالحمید
د. کمال مظهر
د. نوری طالبانی
د. سعد برزنجی
د. فاضل عبد الواحد عبد الرحمن
د. اکرم یاملکی

ئەفسەری سوپا :

محمد سعيد ملا محمد رەيس
يحيى چرۆستانى
كمال موفتى
عبد الرحمن موفتى
هيوا موفتى
محمد على دەربەندى فقەرە
على مصطفى
عبد المجيد شيروانى
عزالدين جبارى
عبدالرحمن ياسين مجيد

عبد الله سعيد
مستەفا عزيز
جلال احمد فهمى
نامق حەوێزى
سيد عبد الله عازەبانى
نجم الدين نقشبەندى
مصطفى رضا {مەولانا}
محمد شريف سندى
عبد الخالق معروف
محمد على ملا محمد ريس

پلە و پايە :

قازى عبد الحميد ئەتروشى
سيدا صالح يوسفى
صالح پێداوى

فوئاد عارف
بابكر پشدەرى
د. محمد شريف
دادوەر بەشير ئەتروشى

بەشی پێنجەم

چەند وێستگەیەکی خێرا
پاش گەڕانەوەم بۆ هەولێر

ژیانم لەدوای خانەنشین بوونم

لەسەرتایی سالی ۲۰۰۷ سی دکتور لەکولیجەکەمان (كلية الحقوق / جامعة النهرين) لەبەغدا شەهید کران، لەکەل کوری یەکیك لەماموستاکان کەسەیارەکەی لیدەخوری کاتی کوتایی دەوام کەنەکەرایەوە بو مالی خوبان، تیرورستان فراندیانن و روژی دوای شەهیدیان کردن، لەوکانەوە ماموستاکانی کولیجەکەمان هەموویان لەخویان دەترسان کەپاشە روژی ئەوانیش وەك ئەوان وابی دەستیان کرد بەبلاوبوونەوە و بەجی هیشتنی کولیجەکە، د. عوض قاضی کە بروفیسوربوو لەوی رویشت بو زانکوی دهوك کولیجی یاسا.

راگری کۆلیجەکە پرۆفیسۆر غازی فیصل رۆیشت بۆ سوریا، پرۆفیسۆر سعد علوش رۆیشت بۆ ئەردەن و پرۆفیسۆر دکتۆر ابراهیم فیاض هەر لەوێ مایەوەو کۆچی دوای کرد ومن بەتەنها مامەوە لە بەغدا لە کۆلیجەکە.

منیش وەك ئەوان لەبارودۆخەکە ئەترسام ونەم ئەتوانی بچمە دەرەوەی عیراق، ناچار داوام کرد خانەنشینم بکەن، لەو کاتەدا تەمەنم ٨٣ ساڵ بوو ئەمتوانی ئەو داوایە بکەم. داوایەکەم ئاراستەی وەزیری خوێندنی باڵا کرد لەرێگەی کۆلێجەوە، کاتێ داواکەم گەیشتە زانکۆ، سەرۆکی زانکۆ داوای کردم کە چاوی پێم بکەوێت، کاتێ رۆیشتم بۆ لای وتی: ئیستا تۆ چوار وانە دەڵێیتەوە بە قوتابی قۆناغی دکتۆرا لە یاسادا، دوو لەبەشی تایبەتو دوو لە گشتی، ئەگەر تۆ خانەنشین بکرێیت کێ ئەو وانانە بڵێتەوە، منیش لەوەلامدا وتم: بەڵێنت پێئەدەم تا ساڵی خوێندن کۆتایی نەیەت کۆلێجەکە بەجێ نەهێڵم ودەست لەوانەووتنەوە هەڵنەگرم تا کاتی تاقی کردنەوە سەری ساڵ ولەپاش تاقی کردنەوە نمرەکانیان دەدەم بەکۆلیج ئەوکاتە دەست لەکار هەڵدەگرم .

داوا کەمی نارد بۆ خوێندنی باڵا بۆ وەزیر . بەڵام داواکەم نزیکەی حەوت مانگ مایەوە چونکە نەیان ئەویست کۆلێجەکە بەجێ بهێڵم، هەچەندە تەمەنم تێ پەریبوو لە تەمەنی خزمەت کردنم.

من کاتی خۆی بریارێ دەرچووبوو لەسەرۆکایەتی کۆمار بۆ مانەوەم تا لە ژیاندابم، دوای ئەو ماوەیە داوام کرد کە چاوم بەوەزیر بکەوێت و لەچاوپێکەوتنەکەدا رازیم کرد کە تەمەنم زۆر زۆرەو ناساغم ورەزامەند بوو بەخانەنشین کردنم.

هاتنم بۆ هەولێر

لەبەرواری ١/٧/٢٠٠٧دا داوا کرام بەرەسمی کە بەشداری بکەم لە کۆنگرەی کۆڕبەندی هزری ئیسلامی لە هەولێر، رازی بووم کەبەشداری بکەم، لـەرۆژی ٨/٧/٢٠٠٧دا لەگـەڵ دایکی محەمەد سەفەرمان کرد بۆ هەلێر لەهوتێل ئاڤیستا بووین لەسەر خـەرجی کـۆنگرە، ماوەی کۆنگرە (١١و١٢/٧/٢٠٠٧) بوو لەشاری هەولێر، وتاری ئـەو دوو ڕۆژە هـەمووی بۆ من دانرابوو، چونکە پەیوەندی بەکێشەی خێزانـەوەبوو لـە بابـەت سـێ تەلاقـدان وکـچ بەشوودان بەمـندالّی وشووکردن بەزۆرە ملیّ و ژن بەژن و کوشتنی ئـافرەت بـەناوی (غسـل العار) لەبەر رەوشتی نارەوا.

رۆژی یەکەم کەرێکەوتی ١١/٧/٢٠٠٧بوو وتارەکانم بەدووجار پێشکەش کرد، ئێوارەی رۆژی ١٢/٧/٢٠٠٧ پێش ئەوەی وتار بخوێنمەوە لە بەشی بەیانیـدا پێیـان راگەیانـدم کـە هەموو بەشەکە هی بەیانیو ئێوارە بکەم بەیەك لەبەر ئـەوەی ئـەبێ کاتـژمێر ١٢ نیـوەرۆ ئامادەبم لەئەنجومەنی وەزیران، بەپێی ئەو داوایە وتارەکەم کرد بەیەكو ١٢ نیوەرۆ کۆتـاییم پێهێنا.

پاش چوونم بۆ ئەنجومەنی وەزیران، پێیـان وتم: سـەرۆك وەزیـران داوای کـردوە بەتـەنها بچیت بۆ ماڵیان لە هاوینەهەواری سەلاحەدین.

بەئۆتۆمبێلێکی تایبەت بەرەوهاوینەهەواری سـەلاحەدین بەرێکـەوتین بـۆ مـاڵی کـاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت.

لەوێ بەڕێزیان بەگەرمی پێشوازی لێکردم وەك هاورێیەکی خۆشەویستی خـۆی ببینـێ، ئەمە یەکەمجارم بوو چاوم پێی بکەوێت، لەدانیشتنەکەدا چەند پرسـیارێکی لێکـردم، دوای ئەوەی وەڵامم دایەوە وتی: ئێمە پێویستیمان بەئێوە هەیە لەبابەت فتوای ئاین و راوێـژکاری

یاساییەوە لەبەر ئەوە داوات لێدەکەم کە نەگەڕێیتەوە بۆ بەغدا و لێرە هەموو پێداویستیەکانت ئامادە دەکەین.

لەسەر ئەو داوایە مامەوە وداواکەم زور پێخۆش بوو لەبەر ئەوەی ئاواتم ئەوە بوو ڕۆژێك بگەڕێمەوە کوردستان بۆ خزمەتی میلەتەکەم.

پاش ئەوە گوازراینەوە بۆ هوتێل شیراتۆن لەسەر بودجەی سەرۆکی حکومەت کە نایابترین هوتێلی شارەکەبوو، ماوەی ٢٢ ڕۆژ لەوێ ماینەوە.

لەمانگی ئەیلولی ٢٠٠٧ لە سەر داوای وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئاینی حکومەتی هەرێم سێ ڕۆژ وتارم پێشکەش کرد بە مامۆستا وتار خوێنەکانی مزگەوتەکان. لە هەمان کاتدا خولی فێربونیان هەبوو لە وەزارەتی ئەوقاف.

دوو خول کرایەوە بۆ کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم ولەهەر خولێکدا سێ ڕۆژ وانەم پێشکەش کرد و زۆر پێخۆشحاڵبوون وسوودیان لێوەرگرتم، هەروەها دادوەران و پارێزەران کۆبونەوەیان بۆ ساز درا و تارم تێیدا پێشکەش کرد.

لەرۆژی ٥/٨/٢٠٠٧ کارئاسانیمان بۆ کرا کە بە خێزانەوە بگەڕێینەوەو نیشتەجێ بین لە شاری هەولێر و دایانمەزراندم بە ڕاوێژکار لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ کاروباری یاسایی. لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧دا بە تەواوەتی بە خاووخێزانەوە جێنشین بووم لە هەولێر.

لە ٥/١/٢٠٠٨ دا داوام لێ کرا کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ وانە بڵێمەوە بە کادری سیاسی کە خولیان بۆ کرابۆوە بۆ ماوەی مانگێك وژمارەیان زیاتر لە ١٠٠ کەس بوو، لەو ماوەیەدا سێ ڕۆژ وانەم وتەوە لەبابەتی پەیوەندی نێوان ئاینی ئیسلام و وژیان، ئاینی ئیسلام تا چ رادەیەك ڕۆڵی هەیە لەژیانی ڕۆژانەماندا، زۆر سودیان لێ وەرگرت و وپێیان وتم تائیستا وا حاڵی نەبووین لەئاینی ئیسلام وکاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ.

لە ١٠/١/٢٠٠٨دا دووبارە دوام لێ کرا بەشداری بکەم لە وانەوتنەوە بەکادیرانی سیاسی لقی ٢، هەر بەو جۆرە سێ ڕۆژ بەشداریم کرد وباسەکەم "سیاسەت لەئیسلامدا وکردەوەی کاربەدەست و دەسەڵات داری ئیسلامیەکان لەپێغەمبەرەوە (ﷺ) تاکۆتایی هاتنی حوکمی ئیسلام لەخەلافەتی دەوڵەتی عوسمانیەکاندا بەهۆی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٧).

پاش کۆتایی هاتنی خولەکە داوام لێ کرا مانگەکە تا خولەکە تەواودەبێت وانە بڵێمەوە، چونکە وتیان زۆر سوودمان لێ وەرگرت لێت، بەلاّم من داوای لێ بوردنم کرد لەبەر ئەوەی وانەکان دابەش کرابوو بەسەر زۆر کەسدا وهەندێکیان لەوەزیرەکان بوون.

لەبەشداریکردنم لەم دوو خولەدا بۆم دەرکەوت زۆر لەئەندامانی حیزب کەناسراون بەعەلمانی و کە لەدژی ئایینن هۆکارەکەی نەزانین وتینەگەیشتنە لەئاین ئیسلام ورۆڵی ئاین لەژیانی رۆژانەدا. لەلایەکی دیکەوە وا تێگەیشتبوون کەئیسلام ئەوەیە کەرژێمی پیشوو جی بەجێی کرد لەسەر کورد وەك ئەنفال و کوشتن و دەربەدەری. بۆم روون کردنەوە کەچەند زەوی لەئاسمانەوە دوورە ئەوندە رژێمی پیشوو لەئیسلامەوە دووربووە، هەرکردەوەیەکیان بەرانبەر کورد کردوە بەپێچەوانەی ئیسلامەوەیە.

لەسەرەتای مانگی نیسان سالی ٢٠٠٨ سەرۆکی حکومەتی هەرێم داوای کرد لیژنەیەك پێك بێت لەپیاوان وئافرەتان بۆ پیاچوونەوەی پرۆژەی یاسای باری کەسێتی هەموار کراوی پەرلەمان، لیژنەیەك پێکهات لەم بەرێزانە:

ئافرەتان:
١- مهاباد قەراخی.
٢- پەیمان عزالدین.
٣- پەخشان زەنگەنە.
٤- د.کوردستان موکریانی.
٥- امیرە حسن.
٦- شاناز أحمد.

پیاوان:
١- د. مصطفی زەڵمی.
٢- د. نوری تالەبانی.
٣- د. محمد شریف.
٤- د. بەشیر خەلیل حداد.
٥- د. مصلح مصطفی.

بۆ یەکەم جار کە کوبوینەوە بریاردرا کە من سەرۆکی لیژنەکەبم ، لەو روەوە کە من تەمەنم لەهەموویان زیاتر بوو ئەمەو لەلایەکی ترەوە من شارەزایم زیاتر بوو لەوان لەم بابەتەوە چونکە لە (٣-٤) کونفرانس بەشداریم کردبوو لەم بابەتەدا، جگە لەوەی نامیلکەیەکم هەیە لەژێرناونیشانی (مقترحات تعدیل قانون الاحوال الشخصیە رقم/١٨٨ لسنە ١٩٥٩) ومن پێم وتن من بەم ئیشە هەڵدەستم بەتەنها پاشان کۆدەبینەوە بۆ وتوویژ و لێکۆڵینەوە و رای خوتانی لەسەر بدەن، پاش ئەوە (١١) جار بە سەرپەرشتی سەرۆکی حکومەتی هەرێم کاك نێچیرڤان بارزانی کۆبوینەوە بۆ لێکۆڵینەوە و وتوویژ و باسمان لەسەر

کرد بەجۆریکی وەها کە پێچەوانەی قورئانی بـیرۆز نـەبێ و تارادەیـەکی زۆریـش چـاودێری مافی ئافرەت بکرێ و لە یەکێك لەئیشە گرنگـەکانمان ئـەوەبوو پێـنج مـەرجمان دانـا بـۆ فرەژنی و هەروەها سزامـان دانا بۆ یەکێك کەژنی دووهـەم بێنـی یـەکێك لـەو مـەرجانـەی تیانەبێ.

مـەرجەکان ئەمـانەن بوون:

١. بەڵگەی پەسـەند کراوی هەبێ کە ژنی یەکـەمی نـەخۆش بێـت بـەجۆریکی وا کەکەڵکی ژن ومێردایەتی نەمابێ.
٢. بوونی توانایەکی وا کە هەردوو ژنەکە رەزامـەندبن لەسـەر ژیانیان.
٣. بەڵێن بدا بە جێ بەجێ کردنی دادپەروەری لەنێوانیاندا بەبێ هیچ جیاوازیەك.
٤. ژنی یەکەم مەرجی نەکردبێ کە ژنی بەسەردا نەهێنری لەکاتی مارەکردندا.
٥. ژن هێنانەکە لە دادگادابێت.

پێچــەوانەی ئــەو خالآنــەی ســەرەوە ئەگــەر یــەکێك ژنــی دووهــەمی هێنــا ویــەکێك لەومـەرجانەی تیادانەبوو سزا دەدرێ بەبەند کـردن لەشـەش مانگـەوە تـا سـاڵێك لەگـەڵ پێدانی غەرامە بە بڕی (١٠) ملیۆن دیناری عێراقی. یەکێکی تر لە کارە گرنگەکان کـە چارەسەرمـان کرد (میرات)ی ژن و مێرد بوو، چونکە لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێت ئەگەر ژنەکە مرد و منـاڵی نەبوو لەمێردەکـەی یـان لـەمێردی پێشـوو مێردەکـەی ١/٢ نیـوەی میراتەکەی ئەگرێ وئەگەر منـاڵی هەبوو ١/٤ میراتەکـەی ئـەگرێ، پیاوێـك مـرد منـاڵی نەبوو لەو ژنە یان لەژنێکی تر ژنەکە ١/٤ میرات دەگـرێ و ئەگـەر منـاڵی هـەبوو ١/٨ دەگرێ، ئافرەتەکان داوایان کرد کە دەبێ میراتی ژنیش وەك پیاو بێت. ئێمە نەمانتوانی ئـەم داوایە جێ بەجێ بکەین چـونکە پێچـەوانەی دەقـی قورئـانی پـیرۆزە بـەلآم خـودا خسـتیە دڵمانەوە چارەسەر بۆ ئەم کێشەیە بدۆزینەوە ئەویش بریتیە لەمــە: ئاشـکرایە کـە هـەموو ژنێك یارمـەتی مێردەکەی دەدات بەزۆر یان بەکـەم لـەپێك هێنـانی میراتەکـەی لەژیانیـدا بەمووچە یان بەیارمـەتی کارەکانی وهەرنەبێ ژیانی رۆژانەی بۆ دابین دەکات وئەگـەر ئـەو یارمـەتیە نەبێ مێردەکە ناتوانێ پاشەکەوت بکات لەبـەر ئـەوە بڕیارمانـدا لەپرۆژەکـەدا ئەگەر ژنێك مێردەکەی مرد دەبێ لیژنەی بۆ بگیرێ بۆ بڕیاردانی هەلوێستی ژنەکە بۆ پێك هێنانی ئەم میراتە بەو ئەندازەیە ئەو میراتە جیا بکرێتەوە و بدرێ بەژنەکە و لە پاشدا ئەوە ١/٤ و ١/٨ ی لی دەربکرێ.

بۆ چارەسەرکردنی یەکسانی لەنیوان کوڕو کچ لەمیراتدا، یان لەنێوان خوشك و برادا، ئەوەمان بڕیاردا بۆ میرات لێگیراو هەیە پێش کۆچی دوای ماڵی خۆی دابەش بکات لەنێوانیاندا بەیەکسانی، یان وەسێت بکات لەپاش خۆی میرات دابەش بکرێ لەنێوانیاندا، وانەبێ جیاوازی هەبێ، ئەمە پێی دەوترێ (هبە)، دژی ئایەتی ﴿للذّكر مثْلُ حَظّ الأُنثيين﴾ نیە، لەپاش مردن پێی دەوترێت (وصیە)، ئەمیش وەك (هبە) دژ بە ئایەتی ناوبراو نیە.

هەندێ لەو مافانەی داوایان کرد ئەمەبوو:

١- ولایەت دان بەدایك پاش مردنی باوك لەکاتی نەبوونی باوکدا لەجیاتی باپیر کە بەپێی هەموو مەزهەبەکان ئەیدەن بەباپیر وئەو نەبوو ئەیدەن بەبرا ونەبوو ئەیدەن بەمام، بەلاّم ئێمە دامان بەدایك چونکە لەهەمووان دلّسۆزترە بۆ منالّ.

٢- ژنمان بردە ریزی پیاو بۆ خەرجی پەروەردەی منالّ وخێزان بەپێی توانای ئابووری و لە کاتێکدا پیاوەکە دەستی کورت بێ و ژنەکە توانای ئابووری هەبێت خەرجی پیاو نەکەوێتە ئەستۆی ژن وهەندێ ماف هاتە ئارایەوە لەم پرۆژەیەدا کە پێچەوانەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر نەبوو پەسەندمان کرد، بەلاّم ئەوانەی کەبەپێچەوانەوە بوون رەتماندایەوە.

لەرۆژی ١٦/٧/٢٠٠٨دا لیژنەیەك لەگەلّ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم کۆبوینەوە لەئەنجومەنی وەزیران لە هەولێر، لەبەر ئەوەی من سەرۆکی لیژنەبووم، ئەو گۆڕانکاریانەی کردبوومان لە یاسای باری کەسایەتی باسم کرد بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێم، ئەویش زۆر پێخۆشحالّ بوو.

زیاتر لەدوو کاتژمێرو نیو لەگەلّ لیژنەکەدا دانیشت، هەندێ قسەوباسی بۆ کردین سەبارەت بە باری کۆمەلاّیەتی.

رۆژی ٢١/٧/٢٠٠٨ داوا کرا لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران کەبەشداری کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بکەم وەك سەرۆکی لیژنە و باسی گۆڕانکاریەکانیان بۆ بکەم.

لەکاتژمێر ١١ بەیانی ئامادەبووم لەو شوێنە بەئامادەبوونی سەرۆك وەزیران وهەموو وەزیرەکان وئەو گۆڕانکاریانەی کە کردبومان لە یاساکەدا باسم کرد لەکۆبونەوەی ئەنجومەندا، وەزیرەکان زۆریان پێ خۆش بوو هەموویان بڕیاریان لەسەر گۆڕانکارییەکان دا، تا لەمانگی (ایلول) ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان بکرێت بەمەبەستی پەسەند کردنی لەپاش کۆتایی پشووی هاوینە.

لەپاڵ کاری لیژنەدا داوامان لیکرا کەچەند کوریك بگرم سەبارەت بەروون کردنەوەی گۆرانکاری لەسەر یاسای باری کەسیەتی، بەم شیوەیە بوو:

۱. کۆرێك لە هۆلی وەزارەتی کەشت وگوزار بو فەرمانبەرانی وەزارەتەکە لە بەرواری ۲۰۰۸/۷/۱۰.

۲. لەبەرواری ۲۰۰۸/۷/۳۱ لەهولی ریکخراوی هاوکاری لیکولینەوەی ئیستراتیژی لە بارەگای خوی لە عەنکاوە سی جار چاوپیکەوتنی تەلەفیزیونیم لەگەڵ کرا سەبارەت بەم پروژەیە.

۳. کۆرێك لە مانگی تەموزی ۲۰۰۸ لە هۆلی هوتیل هەورامان. بو یاساناسەکان سەبارەت بە بەراوردکردنی یاسا نیو دەولەتیەکان.

٤. لە هەمان مانگدا، لەبەر ئەوەی چەندین سالە میللەتەکەمان دەنالێنی بەدەست سی تەلاقەی ژنەوە کە لای زۆریك لە ماموستا ئاینیەکانی کوردوستان وایە کە تەلاق بەیەکجار دەکەویت هەرسیکی لە سەر فتوای ئیمام شافعی (حوا لیی رازی بیت)، وام بەباش زانی رونکردنەوەیەك بلاو بکەمەوە سەبارەت بەم کیشەیە و بیسەلمێنم سی تەلاقە بە یەك جار و لە یەك شویندا یەك تەلاقی پی دەکەویت، هەروەها سویندخواردن بەتەلاق بەتالە وئەم دوانە لەسەردەمی ئەمەویەکان باو بوو لەبەر بەرژەوەندی سیاسی خویان، لەپاشدا چووە ناو مەزهەبەکان کاری پیکرا وەك شەرعی ئیسلامی و بەهاوکاری وەزارەتی ئەوقافی هەریم و کۆربەندی هرزی ئیسلامی بلاوم کردەوە لەکوردوستاندا ئەمە وینەیەکی ئەو فتوایەیە.

٥. کۆرێك لەشاری سوران بۆ ماموستایانی ئاینیی و ئەندامانی حیزبی پارتی سەبارەت بەچەند شتیکی گرنگ لە ئاینی ئیسلامدا کە پەیوەندی هەیە بەژیانەوە.

دوای لیبونەوە لە کاری لیژنەکەمان سەرۆکی زانایانی سلیمانی، خوالیخوشبوو (دکتۆر محەمەد گەزنەیی)، سەرۆکی زانایانی هەولیر، (ماموستا مەلا محمدی ئاکرەیی)، یاداشتیکیان نووسی بۆ سەروکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمان، تیایدا باس لەوە کرابوو کە ئەو گۆرانکارییانە دژ بە قورئان و شەریعەتی ئیسلامە، لە رەت دانەوەی یاداشتەکەیان داوامان کرد لە سەرۆکی پەرلەمان کاك (عدنان موفتی)، کە لیژنەیەك پیك بهینریت لە

پەرلەمان بە سەروکایەتی حوی و بە ئامادەبوونی هەردوو سەروکی یەکیتی زانایان، بو ئەوەی کفتوکو بکریت لەسەر بوچونەکەیان.

لەدواییدا کە هەموو ئامادەبوون، یەکیك لە ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنەی یاسا، دەقی هەموارکردنی یاساکەی خویندەوە، لە هەموو برکەیەك یا ماددەیەك، رووی دەکردە نوینەری زانایان و پرسیاری لی دەکردن کە ئایا پیچەوانەی قورئان و شەریعەتە؟ لە وەلامدا دەیانوت (نەخیر)، بەم جورە لیژنە کاری خوی ئەنجام دا بی ئەوەی کە شتیك بدوزنەوە پیچەوانەی قورئان و سوننەت بیت.

چیرۆکی قاچ شکانەکەم

لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٩، لە بەرەبەیاندا بەهۆی کەوتنم قاچم شکا لەنێوان سمتم و ئەژنۆم، بۆیە یەکسەر منیان کەیاندە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری، دوای وەرگرتنی تیشك و پشکنین، دەرکەوت شکانم هەیە، دەبێت بچم بۆ بەکەی شکان لە نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری، کە چووم، ئەو شوێنەم بەدڵ نەبوو، چونکە جێگایەکی پاك نەبوو، کەس بە هاناتەوە نەدەهات، ژوورەکان وەك ژوورەکانی سالانی پەنجاکان بوو، هیچ ئامێری خۆشگوزەرانی تێدا نەبوو، هیچی رانەخرابوو. داوام کرد رەوانەی نەخۆشخانەیەکی تایبەتم بکەن، وتیان لەتوانای ئیمەدا نیە، دەبێت ئەو دکتورە پسپۆڕەی کە بەرپرسی تویە بتنێرێت.

دواتر پەیوەندیم بە ناسیاوێك کرد، تا ڕیگایەکم بو بدوزێتەوە، ئەویش برادەرایەتی لەگەڵ پزیشکێکی پسپۆری شکان هەبوو، وتی بیبەن بۆ نەخوشخانەی (ن.ش)، لەوێ برمیانە ژوورێکی تەسك، وتم ژووریکی گەورەم بدەنی، لەبەر ئەوەی خەلك زور سەردانم دەکەن، هەرچەند تێچوونی هەیە دەیدەم. داوام کرد بەنجی مەوزعیم لی بدەن، چونکە نەخۆشی دڵم هەیە، هەتا ئەو ساتە دکتۆرەکە نەهات بمبینێت. بردمیانە ژووری نەشتەرگەری، ماوەی پێنج کاتژمێر و دە دەقیقە لەوێ مامەوە، پاش نەشتەرگەرییەکە بردمیانەوە ژوورەکەی خۆم، بەبێ ئەوەی دشداشەکەم بگۆڕن، هەمان ئەو دشداشە بوو کە لەکاتی نەشتەرگەرییەکە لەبەرم بوو، هەمووی خوێن بوو، تا سێ ڕۆژ نەیانگۆڕی.

ڕۆژی سێیەم خێزانەکەم گوتی: بونی زۆر ناخۆشی لێ دێت و شتێکی عەیبە تا ئێستا دشداشەکەی نەگۆڕاوە، ئینجا موزەمیدەکە هات و دشداشە و سەرچەفەکەی گۆڕی.

ڕۆژی چوارەم گوتیان دەتوانیت بڕۆیتەوە.

لەو ماوەی لەوێ بووم، بەشەو کەسێك نەدەهات سەرم لـێ بـدات تـا بزانێـت دەرەجـەی حەرارەت یان زەختم چۆنە؟ تەنها بەیانی و ئێوارە دەرزییان لێدەدام.

کە بەیانیان هەرکە دکتور دەهات بو لام، دەیوت چۆنی؟ موزەمیدەکان هەموو بەدوایەوە بوون، بەڵام کە دەڕۆیشت، ئەوانیش ون دەبوون. بەر لەوەی نەشتەرگەریم بـۆ بکـەن، وتیـان تێچوونی نەشـتەرگەریەکە چـوار ملیـون و نیـوە، دوای نەشـتەرگەری کـە چـوومەوە، نـە ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن نە گرنگیدان، هیچ شتێك نەبوو، بەڵکو بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆم گەڕامەوە.

لەماڵەوە هەتا سێ مانگ و دە ڕۆژ میوانم زور دەهات، هەندێك لەوانە پزیشکی پسـپۆڕ بوون، هەبوو تەماشای دەکرد و دەیگوت نەشتەرگەرییەکەت تەواو نیەو غەڵەتە.

دە ڕۆژ دوای گەڕانەوەم، لە نەخۆشخانە تایبەتیەکەوە زەنگیان بۆ لێدام، وتیان وەرەوە بـۆ ئەوەی تەقەڵەکانت بۆ دەربێنین، وتم: کەسـم نیـە بمهێنێـت، ئۆتـۆمبێلێکی فریاکـەتنم بـۆ بنێرن، گوتیان: ئێمە هەقی ئەوەمان نیە، بۆ خۆت وەرەوە.

کە بردمیانەوە نەخۆشخانەکە، بردمیانە ژووری نەشتەرگەری، دوو موزەمیـد هـاتن بـۆ لام، پرسیم: دکتۆر خۆی کوا؟ گوتیان دکتۆر مەشغوڵە و ئیشی هەیە، نەکرا بۆ خۆی بێـت. گوتم: ئەی بۆ یەکێکتان نەهاتن بۆ ماڵەوە، هیچ وەڵامێکیان پێ نەبوو.. کە تـەواوبوو هـیچ پارەیان لێ وەرنەگرتم.

پاش یەك مانگ چوومە عیادەی دکتۆرەکەو ئەشـیعەی تـازەم گـرت. عیادەکـەی هـەتا تەسەورکەی پیس بوو، یەك کاتژمێر لەبەر ئەو سەرمایە دانیشتم، سۆبەیەکی کۆنی ساڵانی سییەکان دانرابوو، گوتم: بمبەنە دەرەوە، باشترە لەبەر سەرما بم نەك لەدیار ئەو سۆبەیە!

کە نۆرەم هات و بردمیانە ژوورەوە، ژورەکـەی دکتـۆریش زۆر پـیس بـوو، تەماشـایەکی ئەشیعەکە و تەماشایەکی برینەکەی کرد و گوتی: زەختت خستۆتە سەر قاچت و یەکێك لە بورغوەکان لەجێی خۆی ترازاوە، وامان لێ مەکە دوبارە نەشتەرگەریت بۆ بکەینەوە.

سێ مانگ و دە ڕۆژ خەوم نەبوو، لە هەولێر بەیانیان دوو جـار بـانگ دەدەن، گـوێم لـە هەردوو بانگ دەبوو.

دواتر دەرکەوت کە ئەو بورغوە بە هەڵە دانراوە و کورت بووە.

که زانیم دکتۆرەکە خەتابارە، چووم بۆ لای دکتۆرێکی تر، ئەویش وتی: واباشە نەشتەرگەرییەکی ترت بۆ بکرێت، چووم بۆ لای دکتۆرێکی تر لە هەمان نەخۆشخانەی تایبەتی پێشوو، دکتۆرەکە وتی: نەشتەرگەرییەکەت بە هەڵە بۆ کراوە، نەشتەرگەرییەکی ترت بۆ دەکەم و هەڵەکە ڕاست دەکەمەوە، وتم: بەمەرجێك بەنجی نیوەم لێ بدەن، لەبەر ئەوەی نەخۆشی دڵم هەیە.

ئەوەبوو نەشتەرگەییەکەم بۆ کراو ئەو پلاتینەی بە هەڵە دانرابوو، دەریهێنا، لەوێش سێ چوار رۆژ مامەوە، ئەمجارەیان گرنگی زۆریان پێدام، دوای دەرچوون سی ملیۆن دیناریان لێ وەرگرتم.

دواتر هەتا ساڵێك و چوار مانگ سەردانی دکتۆرەکەم دەکرد و دەمووت: هیچ فەرقم نەکردووە؟ دەیوت من بەرپرسی ئەوە نیم کە لەسەر پێ بڕۆیت، من تەنها لە خراپیی نەشتەرگەرییەکەی پێشوو رزگارم کردیت!

بەرپرسانی پلەدار دەهاتن بۆ لام و منیش پلاتین و بورغوەکەم دەخستە بەردەمیان و دەمگوت: قەبووڵ دەکەن ئەو جۆرە تاوانانە لێرە بکرێت و ئێوە لێی بێدەنگ بن!؟ هیچ سودی نەبوو. هەتا زۆرجار دەهاتە سەرم فەزحی بکەم، بەڵام دواتر دامە دەست خوا.

جارێکیان نوێنەرێکی پەرلەمان هات بو سەردانم و گوتی: ئەگەر دەتەوێت بچیت بۆ دەرەوەی وڵات کارئاسانیت بۆ دەکەین، وتم با پرس بە دکتۆرەکەم بکەم. چومەوە بۆ لای دکتۆرەکەی پلاتینەکەی بۆ دەرهێنام، کە هەموو جارێك چل و پێنج هەزار دیناری لێ وەردەگرتم، وتم: ئەرێ بچم بۆ ئەڵمانیا یان هیند سودی لێ دەبینم؟ وتی: تۆ بەرگەی نەشتەرگەری دیکە ناگریت، لەبەر سێ هۆ: یەکەمیان دوو جار نەشتەرگەری کراویت، دووەمیان نەخۆشی دڵت هەیە، سێیەمیان تەمەنت زۆرە.

بەڵام من وام بۆ دەرکەوت کە بۆ ناوبانگی دکتۆرەکە خراپە!

پاش ئەوە بەڕێز وەزیری تەندروستی سەردانی کردم، داوام لێکرد لیژنەیەکی پزیشکیم بۆ دابنێت، بۆ ئەوەی بڕیارم بۆ بدەن، کە ئایا دەتوانم بچم بۆ دەرەوە نەشتەرگەری بکەم؟ چونکە خۆشم ئەو بڕوایەم بۆ دروست بووبوو کە لە دەرەوە باشترە. ئەویش وتی: بەیانی کاتژمێر هەشت دەتبەین بۆ نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری.

کە چووم، لیژنەکە لە چوار کەس پێکهاتبوو، پێم وتن: بۆ ئەوە هاتووم بڕیارم بۆ بدەن دەتوانم بچم بۆ دەرەوە نەشتەرگەریم بۆ بکەن؟ وتیان: سوودی نییە.

پاش ماوەیەك، برادەریك زەنگی بۆ لیدام و گوتی: تیمیکی فەرەنسی هاتووە بۆ هەولیر لەو نەخۆشخانەیە، من سەرەم بۆ گرتوی و کاتیکیان بۆ دیاری کردویت. لەکاتی خۆیدا لەویّ ئامادە بووم، دکتۆرە فەرەنسیەکە دوای بینین بریاری دا کە نەشتەرگەریی سودی نییە.

دواتر برایەکم لە بەغدایەو خانەنشینە، زەنگی بۆ لیدام و ناوی پزیشکیکی دامیّ، کە مانگی دوو رۆژ دیت بۆ هەولیر و لە فلانە شوین دادەنیشیت. منیش لەکاتی دیاریکراو چووم سەردانم کرد و نمونەی کتیبەکانی خۆم بۆ برد، ریزی زۆری لیگرتم، بەوردی پشکنینی بۆ کردم و وتی: پیش ئەوەی قاچت بشکیت چەند کیلۆمەتر ریت دەکرد؟ منیش وتم: زۆر بەپیّ دەرۆیشتم، تۆ بلیّ حەوت کیلۆمەتر. وتی: بەدەنت باشەو بەرگەی نەشتەرگەری دەگریت، نەشتەرگەریەکەت بۆ دەکەم و دوای چوار مانگ لە نەشتەرگەری وەکو خۆت لیدیتەوە، بەلام لیرە نایکەم، بەلکو دەبیّ سەفەری ئوردن بکەیت، گوتم: چەندی تیدەچیت، وتی: دوو دەفتەر دۆلار. یەکیان بۆ هاتوچۆ، ئەویتریشیان بۆ نەخۆشخانە.

بەرپرسیکی بالا دەفتەریك دۆلاری بۆ ناردم و خۆیشم دەفتەریکم قەرز کرد. لەو کۆمەلگا پزیشکییەی دکتۆرەکەی لیبوو، پارەکەم دا، کە بەریوەبەرەکەی مافپەروەریکی کورد بوو، بری سەد دۆلاری لیّ وەرگرتم، دواتر وتی دەبیّ دووسەد دۆلاری دیکەش بدەیت بۆ ئەوەی پارەکەت رەوانە بکەین، ئەویشم پیدا، بەبیّ ئەوەی پسولەی وەرگرتنم بداتیّ.

رۆژی دواتر لەکاتی دیاریکراودا چوین بۆ فرۆکەخانە، بەمەبەستی سەفەرکردن بۆ ئەو ئوردن، لەویّ پییان وتین دەبیت یانزە وەرەقە بدەن، وتم: بۆ؟ ئەی بە دوو دەفتەر پیك نەهاتین؟ وتی: جیگای تایبەتمان بۆ گرتووی. بەو شیوەیە (١٤) وەرەقە زیادکرا. کەچی لەناو فرۆکەکە هیچ شوینی تایبەت نەبوو.

کە گەیشتینە ئەو ئوردن، ئۆتۆمبیلی فریاکەتن هاتن و بردمیان بۆ ئەو نەخۆشخانەیەی دکتۆرەکەی لییە، یەکسەر دکتۆرەکە هاتە لام و پاش هەوالّ پرسین وتی: بۆ خۆت بگەریّ و سەردانی شوینە گەشتیارییەکان بکە.

دوای سیّ رۆژ گەرامەوە نەخۆشخانەکە، لە ماوەی دوو کاتژمیردا چەند پشکنین هەیە هەمووم بۆ کرا لەسەر حیسابی دوو دەفتەرەکە، بردمیانە ژووریکی پوختە، پاك و خاوین بوو، رایەخ راخرابوو، قەرەویلەکان نویّ بوون، ئامیری خۆشگوزەرانی تیدابوو.

٢٠١١/٣/٢١، کاتژمیر نۆ چوومە ژووری نەشتەرگەری و دوو کاتژمیری خایاند، دوای دەرچوون، یەکسەر دشداشەکەیان گۆریم، رۆژانە بەیانی و ئیوارە خواردنی تەواو و باشیان بۆ

خـۆم و دوو هاوەڵەکـەم دەهێنـا، دکتۆرەکـە ڕۆژی دوو جـار سـەردانی دەکـردم، لـەکاتی ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵ و شەویش سەری لێ دەدام.

دە ڕۆژ لەوێ مامەوە، پێی وتم: واباشە لە نزیك نەخۆشخانە شـوقەیەك بـەکرێ بگریـت هەتا کاتی ڕۆیشتنەوە، من خۆم دێم بۆ لات، شەش ڕۆژیش لە شوقە مامەوە، پێش عیادە و پاش عیادە دەهات و هیچ پارەی وەرنەدەگرت.

دواجار پێی وتم: پێویستت بە ئێرە نەماوە، هەندێ ڕێنمـایی دامـێ و چارەسـەرکەرێکی سروشتی هێنا بۆ ئەوەی فێری هەندێك ڕاهێنانمان بکات.

ڕۆژێکیان پێم وت: دکتۆر قسەیەکم هەیە، ئەو برادەرەی هەولێر چواردە وەرەقەی زیـادەی لێم سەند، تکات لێدەکەم، لەوانەیە ساختەیی لەگەڵ خەڵکانی تریش بکـات. کـە هەڵسـا بڕوات، زەرفێکی دا خێزانەکەم و وتی: ئەوە لە عەمەلیاتەکە زیادە. بەزور خێزانەکـەم وەری گرت.

دوای گەڕانەوەم، لە هەولێر سێ جـار سـەردانیم کـرد، هەرسـێ جـار سـەد دولارەکـەی دامەوەو هیچی لێ وەرنەگرتم. پێشی وتم کە نەشتەرگەرییەکەم زۆر سەرکەوتووە.

بەپێی قسەی دکتۆرەکە، مەفروز بوو پاش حەوت مانگ لـە نەشـتەرگەریەکەی، بـەپێ بـڕۆم، بـەڵام کـە وا دەرنەچـوو، هـات بـۆ لام و داوای لێبـووردنی کـرد، پێـی وتم: ئـەو نەشتەرگەرییەی لە هەولێر بۆت کرابوو، هی شەستەکانە، بۆیە نەتتوانی بەپێ بڕۆیت.

دواتریش تەلەفۆنی بۆ کردم و پێی ڕاگەیاندم کە شوێنەکەی خۆی گۆڕیوە، لەبەر ئـەوەی بە لێکۆڵینەوە بۆی دەرکەوتبوو کە ئەو کوردەی ساختەی لەگەڵ من کرد، سـاختەی لەگـەڵ خەڵکانی دیکەش کردووە.

هاتنی ژمارەیەك مامۆستای میسری بۆ سەردانم



ڕۆژی ٢٠١٢/٤/٢٧ بەڕێزان شێخ جەمال قوتب سەرۆکی پێشووی لیژنەی فەتوا لەزانکوی ئەزهەر ودکتور عەبدولرەحمان نەقیب مامۆستای زانستەکانی پەروەردەو دکتۆر عەبدولخەبیر عەتا ماموستای زانستە سیاسیەکان و دکتۆرە حەنان عەبدولمەجید مامۆستای زانستی کۆمەلناسیو دکتور جەمال جبریل مامۆستای قانونی دەستوریو دکتۆر صەلاح عەبدولسەمیع ماموستای پرۆگرامەکان لەگەڵ دکتۆر صەباح بەرزنجی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان سەردانیان کردم لەماڵەوە.

دانشتنم لەگەڵ ئەو مامۆستا میسریە بەڕێزانەدا، کەهەریەکەیان پسپۆڕییان لەبوارێکدا هەبوو، زۆر خوش بوو، لەبارەی زۆر بابەتەوە قسەمان کرد، لای خۆمەوە ژمارەیەك لەکتێبەکانم بەدیاری پێدان.

هەر لەم دانیشتنەدا شێخ جەمال قوتب کەلەزانا ناسراوەکانی میسرەو پێشتر سەرۆکی لیژنەی فەتوای ئەزهەر بووە داوای کرد لەسەر چوار بابەت بنووسم کەوەك خوی وتی

موسڵمانان پێویستیان پێیەتی. قەدەری خوای گەورە وابوو کەلەسەر سێ لەو بەرنامەم نووسیبوو، یەکەمیان نەسخ، دووەمیان کوشتنی مورتەدی بێ زیان، سێ هەمیان رەحم، ئەو دوو دانراوەی ئەخیریان ئەو کاتە لەچاپخانە بوون. ئەمەش شێخ جەمال قوتبی زۆر خۆشحاڵ کردو وتی لەجیاتی "فی القران" بنووسە "فی الاسلام".

لەکاتی سەردانیشم بۆ قاهیرە بۆ ریزلێنانەکەی شێخی ئەزهەر دووبارە بەدیداری شێخ جەمال قوتب و دکتور جەمال جبریل و دکتور صەلاح عەبدولسەمیع شاد بوومەوەو بۆ نانی ئێوارە لەکەناری رووباری نیل میوانداریيان کردبن و لەو دیدارەشدا شێخ جەمال قوتب وتی: دەبێت شێخی ئەزهەر فەخرو شانازی بکات بەوەی خەلاتی تۆیان کردووە، نەک تۆ شانازی بەوەوە بکەیت کە شێخی ئەزهەر خەلاتی کردوویت.

منیش وتم: گەورەترین خەلات بۆ من ئەوەیە خوای گەورە ئەو کارانەم لێ وەربگرێت و پاشان سوودێکیان هەبێت بۆ موسڵمانان.

ماستەر نامەیەك لەسەر بیروڕا ئوصولییەكانم

لەئەكادیمیای باڵای دیراساتی زانستیو مرۆیی بەشی شەریعە، قوتابی مەدیحە صالح مەهدی هەستا بەنووسینی ماستەر نامەیەك بەناونیشانی "الدكتور مصطفى ابراهيم الزلمي وآراؤه الاصولية"، بەسەرپەرشتی دكتۆر محی هلال السرحان. بە سوپاسەوە ماندووبوونی زۆری بینیوە بۆ تەواوكردنی ئەم ماستەر نامەیە.

لەم ماستەرنامەیەدا لە بیروڕا ئوصولیەكانی كۆڵیومەتەوە، هەروەها ڕای چەند مامۆستاو زانایەكی لەبارەی بەرهەمەكانمەوە وەرگرتووەو بەكورتی لەسەر هەر دانراوێكم شتێكی نووسیوە.

سەرلەنوێ سەردانی سەرسییان

ماوەیەك بوو ماموستایانی ئەو دەقەرە داوایان دەکرد سەردانییان بکەم، هەر جارێك لەبەر کارێك یان نەخوشی نەدەکرا. حەزیشم دەکرد دوای ئەو هەمو ماوەیە سەردانی ناوچەکەو ماموٚستایانی بەڕێزی بکەمەوە،

سەرلەبەیانی روژی ١٣-٤-٢٠١٣ لەهەولیرەوە بەرەو رانیە بەریکەوتین، چووینە گوندی بوسکین بو مالی ماموستا مەلا سەید مەحمود کەکاتی من لەوی مەلا بووم ئەو سوختە بوو، لای ماموستا مەلا سەید سلیمان کەلای من موستەعید بوو دەیخویند. ژمارەیەکی زور ماموستای ئاینی میوانداری کردبوو، سەرەتا من وتەیەکی کورتم پێ شکەش کردو هەندی رای خوم لەبارەی بابەتە فیقهیەکانەوە خستە روو. دواتر پیم وتن هەر پرسیاربکتان هەیە بیکەن، ئەو ماموستا بەریزانەش لە زور بابەتدا پرسیاریان کرد، کوڕەکەمان تا

کاتی نیوەڕۆی خایاند، زۆر شتمان تێدا باس کرد، بەراستی کۆبوونەوەیەکی خۆش‌و باش بوو، بەگشتی مامۆستاکان هەستت دەکرد کەمامۆستای باشن.

نیوەڕۆ هەموو میوانەکان لەوێ نانمان خوارد، پاش نانخواردن لەگەڵ چەند مامۆستایەك و کاك حەسەن کوڕی سمایل ئاغا، کەئەو پاش نانخوارد گەیشتە لامان، چووین بۆ سەرسییان، ئەو گوندەی ساڵی ١٩٤٧ چووم‌و بووم بەمەلای گوندەکەو سێ ساڵ لەوێ مامەوە.

سەرسییان گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، جێگای ماڵەکەی ئێمە بەهۆی دروستکردنی ئەو بەنداوەوە بوو بوو بەژێر ئاوەوە.

هەمان ڕۆژ پاش نوێژی عەسر لەشاری رانیە کۆڕێکمان بەست بۆ قوتابیانی پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان، ژمارەیەکی زۆر مامۆستاو قوتابی ئامادەی بوون، لەم کۆڕەشدا زیاتر کاتمان دا بەئامادەبووان پرسیار بکەن، بەداخەوە زۆر پرسیارو زۆر بابەتی سادە هەیە زۆرێك لەموسڵمانان کاتی خۆیان پێوەی خەریك دەکەن کەهیچ سوودێکی ئەو تۆی نیە، چاوەڕوانی بابەت‌و پرسیاری بەبایەخ ترم دەکرد لەو قوتابییانە.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ سەردانی ماڵی حەسەن ئاغای کوڕی سمایل ئاغامان کرد، حەسەن ئاغا کاتی خۆی لەسەرسیان دەرسم پێ وتبوو، ژیاننامەی سمایل ئاغای باوکیشی لەبەرگی یەکەمی ئەم یاداشتانەدا خراوەتە ڕوو.

یەکێك لەو مامۆستا بەڕێزانەی ئەو ڕۆژە لەگەڵمان بوو مامۆستا سەید لەشکر بوو، بەداخەوە بەماوەیەکی کەم پاش ئەم سەردانە بەڕووداوی هاتووچۆ گیانی لەدەستدا، ئەو پێشتر لەهەولێر سەردانی کردبووم، زۆر پرسیاری وردی هەبوو بەشوێن وەڵامدا دەگەڕا بۆی، مامۆستایەك بوو بمایە دەیتوانی خزمەتی زیاتر بکات، خوای گەورە لێی خۆش ببێت‌و بە بەهەشتی شاد بکات‌و بۆ پرسەکەیشی پرسەنامەیەکم ئاراستەی بنەماڵەکەی کرد.

سەردانی دکتۆر تەها جابر عەلوان

رۆژی ١٣/٥/٢٠١٣ لەشاری قاهیرە سەردانی مالی دکتور تەها جابر عەلوانم کرد کە یەکێکە لەزانا ئاینییە ناسراوەکانی عیراق‌و جیهانی ئیسلامی، ئەو عیراقی کاتی خوی بەناچاری بەجێ هێشتبوو، ئەویش لەسوپادا بوو پێشتر سەردەمی عەبدولکەریم قاسم.
سالی ١٩٣٥ لەعیراق لەدایکبووە، دکتورای لە ئوصولی فیقهدا سالی ١٩٧٣ لەزانکۆی ئەزهەر بەدەستهیناوە، سالی ١٩٧٥ بوتە ماموستا لە زانکوی ئیمام محمد بن سعودی ئیسلامی لە شاری ریاز، سالی ١٩٨٣ چوتە ئەمریکا، سالی ١٩٨١ بەشدار بوو

لەدامەزراندنی پەیمانکای جیهانی فیکری ئیسلامی لە ئەمریکا، ئیستاش سەرۆکی زانکوی قورتوبەیە لەئەمریکاو خوی لەشاری قاهیرە دادەنیشیت.

تەها جابر عەلوان یەکی بوو لەو ئەفسەرانەی کە خاوەن هەلویست بوو، سالی ١٩٦٢ ئەفسەری ¦احتیاط¦ بوو لە سوپای عیراقیدادا، هەروەها وانەبیژ بوو وانەی ئاین و زمانی عەرەبی لە کولیجی سەربازی دەتوتەوە، بەشداری کرد لە پیشبرکی بو وانەوتنەوە لە کولیجی ئەندازە بەلام سەرەرای سەلماندنی توانای بواریان نەدا بەو کارە هەستیت و لەسوپادا هیشتبوویانەوە، لەکاتی سەردانم بو شاری قاهیرە بەمەبەستی ریزلینانم لەلایەن شیخی ئەزهەرەوە یەکیك لەو کەسانەی زورم حەز دەکرد سەردانی بکەم دکتور تەها جابر عەلوان بوو کەماوەیەك سەروکی مونتەدای فیکری جیهانی ئیسلامی بوو لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دادەنیشت و لەم سالانەی دواییدا هاتەوە لەقاهیرە نیشتەجیّ بوو، لەو دانیشتنەدا زور قسە کراو یادەوەری زور لەبارەی شورشی چواردەی تەمموزو ژیانی ئەو کاتەی سوپاوە گیردرایەوە، لەوانە دکتور تەها باسی لەوە کرد کاتیّ بریاری جەنگ دژی کورد دەردەکریت ئەو وەك موسلمانیك بەو بریارە رازی نابیت کە کورد بەناپاك و نوکەری بیگانە بناسینریت و بریاری جەنگ لەدژیان بەشەرعی نازانیت، لەمبارەیەشەوە پەنای دەباتە بەر ناردنی بروسکەیەك بو (عبد الكريم قاسم)، ئەویشیان نەگەیاند بوو بەو بیانوەی ئەمە مانای وەستان لەدژی بریاری سوپا دەگەیەنیت و هەر کاریکی لەمجورەش دەبیتە هوی سزادانی بەشیوەیەکی توند، ناچار خوی دەروات بو لای عبد الكريم قاسم و بیروڕای خوی لەوبارەیەوە پی رادەگەیەنیت بەونیازەی خوی دەرباز بکات لەوفەرمانەی کەویستبویان بینیرن بو کوردستان بو وتار خویندنەوە بو سەربازەکانی سوپا قوتاری ببیت.

دکتور تەها جابر پیشتریش کاتیّ لەناوچەکانی نزیك کوردستان وتاری بو سەربازەکانی سوپا دابوو ووتبوی: خوزکە ئیچستا ئیوەم لەسەر سنووری فەلەستین ببینیایەو ئەوشەری کەلەکەل کوردا دەیکەن لەکەل جولەکەدا بتانکردایە کەفەلەستینیان داگیر کردوە نەك کورد کە وەك ئیوە موسلمانن و نەوەی سەلاحەدینی ئەیوبی رزگارکاری قودسن، وتی خوم دلم پر بوو سەربازەکانیش دەستیان کرد بەکریان، ئەمە بوە هوی گرژی و نارەزایی ئەو ئەفسەرەی ئاسایش کەلیپرسراوی ئەم کارەبوو داوای لیکردم کەچیتر ووتار نەخوینمەوە. ئەو بە عبدالكريم قاسمیشی وتبوو چون موسلمان موسلمان دەکوژیت . عبدالكريم پیی وتبوو: ئەوان هاوکاری بیکانە دەکەن دژی ئیمە، منیش ووتم: ئاخر کوردەکانیش دەلین ئیوە

چەك و تەقەمەنی لەبێگانە وەردەگرن بۆ کوشتنی کورد . لەدوایدا وتی: دەبێ لێرە بمێنیتەوە لە ژورێکی نزیکم دانیشەو دەست بە {تصحیح}ی نوسینەکانم بکە .

ئەوە بوو یەکەم نوسراویان بۆ هێنام سەرەتاکەی بە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەستی کرد بوو لە جیاتی { من یعمل سوءا یجزی بە } نوسیبووی {من یعمل صالحا یجزی یە} منیش ووتم بەرێز ئەمە هەڵەیە، وتی : نەخێر هەڵە نیە، ناردی دوو قورئانی هێنا هەر بەهەمان شێوە بو، کە من ووتم، قەناعەتی نەکرد وتی: قورئانێکی دەست نووسم هەیە برۆن بیهێنین، ئەویشیان هێنا هەرنووسرابوو {یعمل سوءا} پێی ناخۆش بوو. بۆم دەرکەوت کە ئەم کابرایە بەکەڵکی ئەو نایەت بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆ و کاری وڵات ببات بەرێوە چونکە پیاوێکی ئینکارە و دان بەراستیدا نانێ.

لە هەڵوێستێکی دیکەی دکتۆر تەها جابر عەلوان کەلەیادم ناچێت کاتێ ئاهەنگی یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر بوو (د.خ) ئەو کاتە (عبد سلام عارف) سەرۆکی کۆمار بوو بە ئامادەبوونی سەرۆك ودەست وپێوەندی حکومەت وتارێکی خوێندنەوە تێیدا باسی لەوە کرد کە دەبێ عەرەب شانازی بە ئاینی ئیسلام بکات نەك بەخۆی چونکە لە پێش هاتنی ئیسلام بتیان دەپەرەست و لەوانە هەندێکیان بتیان لە خورما دروست دەکرد کاتێ برسیان دەبوو خورماکەیان دەخواد و دەیانوت ئای خودایە چەند بەلەزەتو خۆشی، بە مانای ئەوەی خوایان نەناسیوە تا ئیسلام نەهات، وەك دابونەرێتی عەرەب (١٠) پیاو دەچوەلای ژنێك ئەگەر بهاتایە منالێکی ببوایە کەسێکی شارەزایان دەهێنا پێیان دەوت (قوافی(واتە شوناسی، ئەو بڕیارەی دەدا کەلە شێوەی کامیان دەچوو دە بوو بە باوکی، لەهەمان کاتدا دەبینی چۆلەکەیەك کە یەك مسقاڵ مێشکی هەیە ئەوە قبوڵ ناکات کە نێرێکی کە نزیك مێ کەی بکەوێت . ئەمە بوو هۆی ناو چاو گرژی ودڵ تەنگی لێپرسراوان، بەلاّم ئێمەی دانیشتوان هەنێکمان زۆر پێ خۆشحاڵ بووین و دەست خۆشیمان لێکرد چونکە راستی ووت.

ڕێزلێنانم لەلایەن

پەیوەندی جیهانی دەرچووانی ئەزهەرەوە

بۆ من كە چل ساڵێك پێشتر لەو وڵاتە چەند قۆناغێكی خوێندنی باڵام لەوێ تەواو كردبوو سەفەر كردن خۆش بوو. بەڵام بەهۆی باری تەندروستیمەوە سەفەر كردن بۆ میسر سەخت بوو. لەسەرەتاوە كەباسی خەلاتكرانم كرا لەلایەن شێخی ئەزهەرەوە رازی نەبووم، چونكە لای من سوود گەیاندن لەڕووی ڕاستییەوە، لەرێی بەرهەمەكانمەوە بەموسڵمانان

باشترین خەڵاتە، ئەگەر ئەو بەرهەمانە بخوێندرێنەوەو سوودی خۆیان بگەیەنن ئەوا پێویستم بەوە نیە خەڵات بکرێم، ئەگەر واش نەبێتو بەرهەمەکان ئەو سوودو کەڵکەیان نەبێت ئەوا دیسان پێویست ناکات خەڵات بکرێم.

هەوڵی زۆردرا رازی بکرێم بەقبولکردنی خەڵاتەکە، لەوانە بەڕێزان مامۆستا مەلا عەبدوڵا سەعید وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان کەئەوان خاوەنی فیکرەو هەماهەنگکاری خەڵاتەکە بوون و، دکتۆر محەمەد شاکر راگری کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانو دکتۆر محەمەد شەریف سەرۆکی کوربەندی هزری ئیسلامی، لەکۆتاییدا من پێم وتن کە وەك خۆم پێویستم بەخەڵات کران نیە، بەڵام ئەگەر ئەم خەڵاتکرانەم سوودێکی بۆ کوردو زانایانی ئایینی کوردستان دەبێت ئەوا ئامادەم، ئەوەبوو هەمووڵا ئەوەیان دووپات کردەوە کەخەڵاتکرانەکە سوودی دەبێت لەو بوارەداو بەو شێوەیە وادەی سەفەری میسر دیاری کرا.

بۆ ئەو مەبەستە نیوەڕۆی رۆژی ٨-٥-٢٠١٣ لەرێگەی فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتیەوە بەرەو قاهیرە بەرێکەوتین.

لەم سەفەردا جگە لە خێزانم و مەسعودی کوڕم هەریەك لەمامۆستا مەلا عەبدوڵا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان و رێدار ئەحمەد لەسەفەرەکەدا بوون.

حکومەتی هەرێم لەکار ئاسانی سەفەرەکەدا هاوکاری کردین، بەڕێز دکتۆر ئەرسەلان بایز بلیتی فڕۆکەی وەفدەکەی گرتە ئەستۆ، باقی خەرجی سەفەر یەکێتی زانایان پێی هەستا، کەجێگەی سوپاسە.

دیارە مامۆستا مەلا عەبدوڵا هەماهەنگی کردبوو پێشترو، ئێوارەی ئەو رۆژە لەشاری قاهیرە لەئوتێل (تریومف) دابەزین، ناوی ئەم ئوتێلە بەزمانی فەرەنسی واتە (باڵندە).

رۆژی ٩ی مانگ بەڕێز دکتور (عبدالفضیل القوصی) وەزیری ئەوقافی پێشتری میسرو جێگری سەرۆکی پەیوەندی جیهانی دەرچووانی ئەزهەرو لیوا ئوسامە یاسین جێگری سەرۆکی پەیوەندی جیهانی دەرچووانی ئەزهەر لەئوتێلەکە سەردانیان کردین بەمەبەستی بەخێرهاتن و دەعوەتی نیوەڕوخوانێکیان کردینو باس لەمەراسیمی رێزلێنانەکە کراو ئێمەش لای خۆمانەوە لەهەموو دانراوەکان ژمارەیەکی زۆر کتێبە بۆ ئەزهەر بردبوو بەدیاریو نمونەی ئەو کتێبانەمان پێدان.

ڕۆژی شەمە ١١/٥/٢٠١٣ لەهوڵی مەشیخەی ئەزهەر لەشاری قاهیرەی پایتەختی میسر، بەئامادەبوونی ئیمامی گەورەی ئەزهەر دکتور ئەحمەد تەیب شێخی ئەزهەرو سەرۆکی پەیوەندی جیهانی دەرچووانی ئەزهەر و لیوا ئوسامە یاسین جێگری سەرۆکی پەیوەندی جیهانی دەرچووانی ئەزهەرو ماموستا مەلا عەبدولا سەعید وەیسی کوردی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینیی ئیسلامی کوردستانو ژمارەیەك لەماموستایانو قوتابیان ئەزهەر کە ژمارەیەکی بەرچاویان قوتابی کورد بوون شێخی ئەزهەر میدالیای ڕێزلینانی پێ بەخشیم و منیش ئەو ژمارە کتێبەی باسم کرد کردمە دیاری بۆ ئەزهەر.

شێخی ئەزهەر وتەی خۆی پێشکەش کردو جگە لەبەخێر هاتن باسی لەکارو چالاکی خۆیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردو هەوڵو بەرهەمەکانی بەرز نرخاندم.

ماموستا مەلا عەبدولا سەعید سەروکی یەکێتی زانایان ئەویش وتەی خۆی پێشکەش کردو ئەم ڕێزلێنانەی بەکارێکی گەورەو پڕ بایەخ دایە قەڵەم.

من لەوتەکەمدا باسم لەوە کرد کە ئەمە ڕێزلێنانی هەموو ئەو زانا کوردانەیە کەخزمەتیان بەزانستی شەرعی کردووە لەکۆنەوە تا ئێستا.

هەروەها باسم لە ڕۆڵی وڵاتی میسرو پەیوەندی کوردو میسر کرد.

لێرەدا پێم خۆشە هەرسێ وتەکە وەك خۆیان بەزمانی کوردی بخەمە روو:

دەقی وتەکەم، کەلەمیانی مەراسیمی ریزلینانیدا پیشکەشم کرد:



بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوپاس بۆ ئەو خودایەی دەفەرمووێت:

{ هَلْ يسْتَوي الّذينَ يعْلمْون والّذين لا يعْلمْون} .

درود و سلاو لەسەر گیانی سەروەرمان موحەمەد دروودی خوای لیبیت کە فەرموویەتی:

(الحكمةُ ضالةُ المؤمن حيثما وجدها فهو أحقُّ بها).

لەسەر ئەو یارو یاوەرانەی کەلەقوتابخانەی پیغەمبەری خوادا پەروەردە بوون و ریگەی راستیان والا کرد بۆ ئەوانەی پاش خۆیان هاتن.

سەماحەتی پایەبەرز و مامۆستای گەورە

دکتور ئەحمەد ئەلتەیب، ئیمامی گەورەی ئەزهەری شەریف... خوا بتان پاریزیت.

مامۆستایانی ئامادەبوو و میوانە بەرێزەکان....

سلاوی خوای گەورەتان لیبیت....

جێگای شادی و شانازیمە کەپاش تێپەڕبوونی زیاتر لە چل ساڵ سەردانتان بکەمەوە، کەئەو کاتە من قوتابی زانکۆی ئەزهەر بووم لەهەردوو قۆناغی ماستەرو دکتۆرا لە فیقهی بەراوردکاریو، قوتابی زانکۆی قاهیرەش بووم لەهەردوو قۆناغی ماستەرو دکتۆرا لەیاسادا.

ئەم ڕێزلێنانە تەنها بۆ من نیە، بەڵکو ڕێزگرتنە لەزانایانی دێرینو نوێی کورد، وەك ئیبن حاجبو ئامەدیو ئیبن خەلەکانو ئیبن ئادەمو ئیبن صەلاحی شارەزووری و...... زانایانی دیکە کە خزمەتی زانستە ئیسلامییەکانیان کردووە.

لەراستیدا پەیوەندی نێوان کوردستانو گەلی میسر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خوالێخۆشبوو (صەلاحەدینی ئەیوبی)و خوالێخۆشبوو (محەمەد عەلی پاشا)و خوالێخۆشبوو (جەمال عەبدولناصر) کەپەیوەندییەکی بەتینی هەبوو لەگەڵ سەرکردەی کورد بەڕێز (مستەفا بارزانی) و، لە ئەنجامی ئەو پەیوەندیانەش یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لەجیهاندا لەساڵی ١٨٩٨ لەقاهیرە دەرچووە، یەکە ئێزگەش بەزمانی کوردی کرابێتەوە لەدەرەوەی عێراق لەمیسر گرایەوە ساڵی ١٩٥٦.

ئاشکرایە لای هەموان کە ئیسلام زۆرینەی نەتەوەکانی بەپەیوەستکاری ئیمان و برایەتی ئاینی بەیەکەوە بەستەوەو، لە بەرهەمی ئەو پەیوەندیەش هیچ گوندێك لەگوندەکانی کوردستان نیە مزگەوت و قوتابخانەیەکی ئاینی تێدا نەبێتو، خوێندنیش تێیدا لەسەر شێوازی خوێندنی ئەزهەری شەریفە لەگرنگیدان بەزانستە ئالیەکان بۆ دەرهێنانی حوکمە شەرعیەکان لەقورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەر.

جیهانی ئیسلامی بەشێوەیەکی گشتی قەرزداری چاکەی ئەزهەرە لەکۆنو نوێوە، ئەم زانکۆیە مەرجەعێکی سەرەکی زانستە ئیسلامییە عەقڵیو نەقلیەکانە، بەجۆرێك کە زمان ناتوانێت گوزارشت لە بایەخی ئەم مەرجەعیەتە بکات.

خوای گەورە سەرکەوتووتان بکات بۆ ئەوکارانەی خێری ئاینو دونیای تێدایە.

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

دکتۆر

مستەفا زەڵمی

٢٠١٣/٥/١١

دەقی وتەی بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵا مەلا سەعید وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینیی ئیسلامی کوردستان:

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

" یرفع الله الذين آمنوا منكم والذين أوتوا العلم درجات"

بەسلاوی عەقیدەو ئیسلام سلاوتان لێدەکەم، سلاوێک پاکو پیرۆزە لەلای خوداوە، سلاوو سۆزو بەرەکەتی خواتان لێبێت:

خۆشحاڵمو جێگای ڕێزە بۆم بەناوی یەکێتی زانایانی ئاینیی ئیسلامی لەکوردستان ئەو پەڕی سوپاسو پێزانینی خۆمان بۆ پەیوەندی جیهانی ئەزهەر کە زۆر بەڕێز ئیمامی گەورە شێخی ئەزهەری شەریف دکتۆر ئەحمەد ئەلتەیب سەرۆکایەتی دەکات و بۆ جێگرانی سەرۆکو دەستەی بەڕێوەبردنو هەموو ئەو برایانەی کاری تێدا دەکەن دەرببڕم کە ئەو پێشنیارەیان قبوڵکردین کە ڕۆژی دووی نیسانی ئەمساڵ پێشکەشمان کردن بۆ ڕێزلێنانی ئەم کەسایەتیە زانستیە. سوپاسیان دەکەین بۆ قبوڵکردنی پێشنیارەکەمان، ئەمڕۆش بەیەکەوە بەشداری ڕێزلێنانی ئەم کەسایەتیە دیارە ئەزهەریە کوردە دەبین کەزانای هەرە دیار دکتۆر مستەفا ئیبراهیم زەڵمییە.

ڕێکەم بدەن پیرۆزبایی زانایانی کوردستان پێشکەش بە زۆر بەڕێز شێخی بەڕێز بکەین بەبونەی بەدەستهێنانی خەلاتی شێخ زاید بۆ کەسێتیی نووسەر و، پێی دەڵێین: پیرۆز بێت لێت، تۆ شایستەی ئەم خەلاتەی، ئێمە وەك شورەی بەتین بۆ جیهانی ئیسلامی سەیرت دەکەین هەروەك شورەی بەتینیت بۆ میسرو زانایانی.

ئامادەبووانی بەڕێز:

شاراوە نیە لاتان کە پەیوەندی مێژوویی نێوان کوردو ئەزهەر پەیوەندیەکی بەهێزە، کەپەیوەندی زانستو بەخشینە، خۆ گەر پەیوەندی نێوان ئەزهەرو جیهانی ئیسلامی یەك لایەنە بێت، ئەوا بە فەزلی خوا پەیوەندییەکانی لەگەل کورددا لەدوو لایەنەوەیە، یەکەمیان بەو پێیەی مەرجەعیەتی سوننەیە لەجیهانی ئیسلامیدا. دووەمیش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرکردەی ئیسلامی صەلاحەدینیی ئەیوبی کەئەزهەری گێرایەوە بۆ سەر ریگا ڕاستەکەی‌و، ئەزهەری شەریفیش لەو کاتەوەو ئێستاش ڕۆلی گەورەی هەبووە لەبلاوکردنەوەی گیانی میانرەوی و ڕاستڕەوی لە کۆمەلگەی کوردستانیدا. لە سالانی سیەکانی سەدەی بیستدا قازی رەشاد مفتی وەك یەکەم کورد لە ئەزهەر خوێندن تەواو دەکات. و دواتر لە کوردستان و کەسێکی بە توانا لە کوردستان هەلدەکەویت. ئەمڕۆش ئەو پەیوەندییە مێژوویە لەگەل ئەزهەری شەریفدا قولتر دەبێت یەکەم بەپشتیوانی خوا، پاشان بەهەولی پەیوەندی جیهانی دەرچووانی ئەزهەر کە لەهەولو کۆششدایە بەدلسۆزییەوە بۆ کۆکردنەوەی ئەزهەرییەکان لەهەموو جیهانی ئیسلامیداو، گەیاندنی پەیامی ئەزهەر بۆ هەموو نەتەوەو گەلە موسلمانەکان، یەکێتی زانایانی ئاینیی ئیسلامی لەکوردستانیش کاری هاوبەشی هەبووە لەگەل ئەم پەیوەندییەدا لەپێناو بلاوکردنەوەی پەیامی ئەزهەر لەولاتەکەماندا. ئەو پەیامەی کە ماموستاو زانایانی دێرینمانی لەسەر پەروەردە بووەو، سوپاس بۆ خوا توانراوە سێ خولی ڕاهێنان لەئەزهەر بۆ نەوەدو پێنج ئیمامو خەتیب ئەنجام بدرێت، ئەمە سەرەڕای هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەقوتابی کورد لەزانکۆی ئەزهەر تا ببنە بانگخوازی میانرەوی‌و ڕاستڕەوی لە سەر ئەو زەوییەی کە خوای گەورە بە "منزل مبارك" باسی کردووە لەکاتێکدا کەشتیەکەی نوح -سەلامی خوای لێبێت- لەوێ لەنگەری گرت.ئەمە سەرەڕای هەبوونی پەیمانگایەکی ئەزهەر لەشاری هەولێر- پایتەختی هەریم- تا نەوەی نوێ هەر لەمندالیەوە بەگیانی ئەزهەر پەیوەست بن‌و هەلگری پەیامەکەی بن لەئایندەدا، بەپشتیوانی خوا کار دەکەین کە پەیوەندی جیهانی

دەرچووانی ئەزهەر لقی چالاکی هەبێت لەهەریم، چونکە هەرێمی کوردستان ئێستا لەرابوونێکی میانڕەوانەدایەو، ویستی بەرەنگاربوونەوەی بیرۆکە توندڕەوەکانمان هەیە لەرێگەی پەیامی میانڕەوی و راستڕەوییەوە کەئەویش پەیامی ئەزهەرە، ئەو ئەزهەرەی کە بەقیبلەی زانست و، تاکە مەرجەعیەتی لە فیقە و فیکری ئیسلامی دادەنێین.

زانایان و مامۆستاو برا بەرێزەکانم:

ئەمڕۆ ئەزهەری شەریف یەکێك رۆڵەکانی لەئامێز دەگرێت کەلەو زاناو لێکۆڵەرە پێشەنگانەیە لەئاسمانی هەردوو سەدەی بیست و بیست و یەکدا درەوشانەوە، ئەویش زانای ناودارو پایەبەرزو ماموستای سەنگین دکتۆر مستەفا ئیبراهیم زەڵمی بەنەتەوە کوردو بەشوێنی لەدایکبوون زەڵمی و بەزانست و رۆشنبیری و پەروەردە ئەزهەری.

زەڵمی کێ یە؟

بەڵێ، لەسەر زەوی کوردستان زانایانێکی پایەدار پێگەیشتوون، کەبەڕاستی وەك مانگی چواردە و گەشاوەو پرشنگداربوون، خەسڵەتەکانی زانا خواویستە دڵسۆزەکانیان تێدا کۆبووبوەوە، خوای گەورە کردبوونیە مایەی سوود بەخشین و، بەرەکەتی خستبووە کارەکانیان، هەموو هەوڵ و زۆربەی کاتەکانیان بەخشیبووە ئیسلام و موسڵمانان، ژیانی خۆیان بەخوێندن و وانە وتنەوەو نووسین و فتواو کاری بەجێ بۆ ئەم شەریعەتە بەرزە نەزر کردبوو، لەسەر دەستی ئەوان سەدان زانا پێگەیشتن کە رۆڵیان هەبوو لە بونیاتنانی بواری زانست و مرۆڤایەتی و پێشکەوتن لەهەرێمی کوردستان، کتێبخانەی ئیسلامییان بەباشترین شێوە دەوڵەمەند کردووەو، لەزۆربەی زانست و هونەرەکاندا کتێبیان نوسیوە، بەتایبەت لە فیقهی ئیسلامیدا... ئەم کەسایەتیە ناودارەی لەبەر ئەو کۆبووینەتەوە خاوەنی دانراوە لە زانستە جۆربەجۆرەکاندا و، کتێبخانەی ئیسلامییان دەوڵەمەند کردووە، سەرەڕای رۆڵی پێشەنگانەیان لەپەروەردەو پێگەیاندنی زانایانێك کەبەچەکی زانست و ئیمان و بیروباوەری راست و دروست و فیکری میانڕەوی بۆ خزمەتی ئەم ئایینە پڕ چەك بوون، لەبەر ئەوە هیچ مەدرەسەیەك لەهەرێمی کوردستاندا بگرە لەعێراقیشدا نابینیت شوێنەواری ئەوی لەسەر نەبێت، ئەویش زانای پایەبەرز دکتۆر مستەفا زەڵمی یە، ساڵی ١٩٢٤ لەگوندە زەڵم لەنێو شاخەکانی کوردستان لەدایکبووەو، لەخزمەت گەورە زانایانی کوردستاندا زانستە شەرعیەکانی خوێندووە، پاشان بکالوریوسی لەیاسادا ساڵی ١٩٦٥ لەزانکۆی بەغدا بەدەست هێناوەو، ماستەر لەزانکۆی بەغدا ١٩٦٨و، ماستەر لەفیقهی موقارەن لەئەزهەر

سالی ١٩٧١و، ماستەر لەیاسا لەزانکۆی قاهیرە ١٩٧٣و، دکتۆرا لەفیقهی موقارن لەئەزهەری پیرۆز ١٩٧٥و، دواتریش دکتۆرا لەیاسا لەزانکۆی بەغدا ٢٠٠٥ز.

زیاتر لەپەنجا دانراوی لەشەریعەتدا (فیقە و ئوصول)و یاساو توێژینەوە قورئانیو فەلسەفیکاندا هەیە. سەرەڕای چل توێژینەوەی زانستی لەهەمان ئەو پسپۆڕیانەدا، ئەمە وێڕای سەرپەرشتیکردنی زیاتر لەسەد نامەی زانکۆیی دکتۆراو ماستەر لە فیقە و فەلسەفەو یاساو شەریعەتدا، ئەمڕۆش لەگەل زۆری تەمەنیدا کە لە نەوەد ساڵ نزیک دەبێتەوە بەردەوامە لەوانە وتنەوەو نووسینو زۆرێك لەفێرخوازانی زانست لێی سوودمەند بوون، کتێبەکانیشی بوونەتە مەنهەجی خوێندنو لەزۆرێك لەزانکۆکانی عێراقو هەرێمی کوردستاندا دەخوێندرێتو، ئەمڕۆش زیاتر لەپێنج سەد کتێب لەدانراوەکانی دەکاتە دیاری لە ڕێی شێخی ئەزهەرەوە پێشکەش بە ئەزهەر و زانکۆیەکەی دەکات.

خەلاتی بەرهەمی زانستی لەعێراق ساڵی ١٩٩٣ بەدەست هێناوە، هەروەها نیشانەی نووسەری عێراقی ساڵی ١٩٩٥ پێدراوە. خەلاتی نیشانەی زانستی ساڵی ٢٠٠٢ پێدراوە، لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتیەوە لەکۆماری عێراق ڕێزی لێنراوە، ئەوەی ئەمڕۆش زۆر بەڕێز ئیمامی گەورە لەڕێزلێنانی دکتۆر مستەفا زەڵمی پێی هەڵدەستێت مەزنترین ڕێزلێنانە بۆی ئەمەش بەهۆی پێگەی ئەزهەر لەدڵیداو خۆشەویستی بۆ ئەو مەزنەی لەئامێزیدا پەروەردە بوو، ئێمەش وەك زانایانی ئاینیی ئیسلامی لەکوردستان ئەم ڕێزلێنانە تەنها بۆ زەڵمی دانانێین، بەلکو بەڕێزلێنانی گەلیو کوردو زانایانی دادەنێینو، شانازی بەم ڕێزلێنانەوە دەکەینو جیگای فەخرمانە.

لەکۆتاییدا، جارێکی تر سوپاسی پەیوەندی جیهانی دەرچووانی ئەزهەر دەکەین، خوای گەورە بەرەکەت بخاتە هەوڵەکانتانەوەو، هەنگاوەکانتان لەسەر چاکە بەگوڕتر بکاتو، خوای گەورە ئەزهەرو ماموستایانیو زانکۆکەی لەچاوی کینە لەدڵو ئیرەی بەران بپارێزێت ...

والسلام علیکم ورحمه الله وبرکاته

دەقی وتەی ئیمامی گەورە شێخی ئەزهەری شەریف دکتۆر ئەحمەد ئەلتەیب:

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

زۆر بەڕێز دکتۆر مستەفا ئیبراهیم زەلمی

ماموستای موتەمەرس لەشەریعەتو یاسا لەزانکوکانی کوردستان

زۆر بەڕیز ماموستا عەبدولا کوردی سەروکی یەکێتی زانایانی ئاینیی ئیسلامی کوردستان

برای بەڕیز لیوا ئوسامە یاسین جیگری سەروکی پەیوەندی جیهانی دەرچووانی ئەزهەر

برایانو هاوریٚو کوڕو میوانە بەرێزەکانم

سلاوی خوای گەورەتان لیٚ بیٚت

هەروەها خوشکانو کچانم سلاوی خوایگەورە لەئیوەش بیت

بەخیر بێن بو مەشیخەی ئەزهەرو ئەزهەر خوی بەمزگەوتو زانکویەوە

ئەمڕۆ بەیەك دەگەین لەم دەرفەتە چاکە خۆشەدا بۆ ڕێزلێنانی ئەزهەر مەشیخەی ئەزهەر لەم زانا پایەبەرزە دکتۆر مستەفا زەڵمی کە بەشێك لەقۆناغەکانی ژیانی زانستی لەئەزهەری شەریفدا بەسەر بردووەو لە ئەرویقەکانیدا دانیشتووەو لەسەر دەستی زاناو ماموستایانیدا فێربووەو بڕوانامەی باڵای لەکۆلێژی شەریعەی ئیسلامی بەدەست هێناوە. بەخێرهاتنی دەکەین و لەخوای گەورە داواکارین تەمەن درێژی بکات بەرکەت بخاتە زانستو کارو چالاکییەوە بەویستی خوا. ئەم دەرفەتە بەهەل دەزانم تا داوا لەبەڕێزیان بکەم هەولەکانی لەپیناو یەکریزی موسڵمانانو یەکێتی گەلانی عەرەبو بەیەکگەیشتنیان بەوەی خێریانی تێدایەو بەرژەوەندییەکانیان لەرووی ئاینیو دونیاو قیامەتەوە بەدی دەهێنێت.

هەروەها ئومێدمان لەماموستای پایەبەرزمان ئەوەیە کەتەمەنی لەنەوەد ساڵی نزیك بووە و بەویستی خوا سەد ساڵ زیاتر تەمەن دەکات بەتەندروستیەکی باش و هێزو گوڕو تینەوە کەپەرە بە رۆشنبیری ئەزهەر بدات لەهەرێمی کوردستان کەدیارە سونین و پەیوەندی بەتینتر و بەردەوام هەبێت لەنێوان قوتابیانی کوردستانو زانکۆی ئەزهەر یان خوێندنی باڵا لەئەزهەری شەریف.

ئەمەش یەکەم چالاکی هاوبەش نیە لەنێوان هەرێمی کوردستانو پەیوەندی جیهانی دەرچووانی ئەزهەر، چونکە چوار ساڵ پێش ئێستا سێ خولی راهێنانی زانایانو ماموستایانی ئاینیی کوردستانمان بینیو یەکێ لەو دەورانەش لەرۆژانی شێخی کوچکردوومان شێخ محەمەد سەید تەنتاوی بوو کە کۆمەڵێك لەرۆڵەکانی کوردستانی خەڵات کرد کەبروانامەی دەرچوونی خولەکەیان بەدەست هێنابوو.

نامەوێت هاریکاری نێوان ئەزهەرو هەرێمی کوردستان لەم ئاستەدا بوەستێت، بەڵکو دەروازەکانی ئەزهەر لەهەموو روویەکەوە والایە بۆ هەموو هاریکارییەکی زانستیو رۆشنبیریو و چالاکی خولی راهێنان لەنێوان ئەزهەر بەزانکۆو مزگەوتیەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان. لەو بروایەدامو وەك لەشێخ عەبدولام بیست ئەزهەر پەیمانگای بۆ هەردوو قۆناغی ناوەندیو ئامادەیی هەیە ئومێدەوارم بە پشتیوانی خوا زیاتر لەپەیمانگایەك هەبێتو ئەزهەریش ئەوپەڕی ئامادەیی هەیە دەرفەتی خوێندن بداتە رۆڵەکانی کوردستان تا لێرە بخوێنن، هەروەها ئامادەیە کەلەسەر خەرجی ئەزهەر ماموستا بنێرێت تالەو پەیمانگایانەدا وانە بڵێنەوە.

هەروەك نیشانمان هەیە، ئێمە ئامادەین دەرفەتی خوێندنی قوتابیانی هەرێمی کوردستان زیاتر بکەین لەزانکۆی ئەزهەر.

سوپاسی بێ پایانم بۆ هەموو لایەك دووپات دەکەمەوە بەتایبەتی بۆ مامۆستای پایەبەرز زۆر بەڕێز دکتۆر مستەفا ئیبراهیم زەلمی و ئەم ڕێزلێنانەش کارێکی بچوکە لەبەرانبەر ئەو بەرهەمە بەپێزو بەنرخانەی پێشکەشی کردووەو لای خوای گەورەش پاداشت کراو دەبن.

جارێکی دیکەش سوپاستان دەکەمەو والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته

بایەخی ڕاگەیاندنی میسری بەم ڕێزلێنانە:

لەڕاستیدا ڕاگەیاندنی میسری بایەخی تایبەتیان بەم ڕێزلێنانەدا، هەر ئەو ڕۆژەی سەفەرمان کرد لەفڕۆکەکەدا لەو ڕۆژنامانەی میسری کە بەسەرماندا دابەش کران هەواڵی ئەو ڕێزلێنانە بەبایەخەوە خرابووە ڕوو کە کەسێتی ئەزهەر ڕێز لەزانایەکی کورد دەکرێت کەدەرچووی ئەزهەرە.

بەداخەوە ڕاگەیاندنی کوردی ئەو بایەخەی پێویست بوو بەم ڕێزلێنانە نەیدا، لەکاتێکدا زۆر شتی کەم بایەختر لەمە گرنگی پێدەدرێت، من وەك خۆم چاوەڕێم نەدەکرد بەو ڕاگەیاندن بایەخم پێ بدات یان نەدات، بەڵام وەك وتم ئەو ڕێزلێنانە من بە هی هەموو زانایەکی کوردی دەزانم.

ئەو خەڵات و ڕێزلێنانانەی پێم بەخشراوە

١- خـەڵاتی مامۆستای (مێـز) لـە زانکۆی بەغدا- ,١٩٨٥

٢- خـەڵاتی دیـوانی سـەرۆکایەتی کۆماری عێراق- ,١٩٩٢

٣- خـەڵاتی بەرهـەمی زانسـتی- ,١٩٩٣

٤- خـەڵاتی سـەرۆکایەتی کۆمـار لەگەڵ (شارە الکتاب)- ,١٩٩٥

٥- خـەڵات و میـدالیای کۆمـاری- ,٢٠٠٢

٦- وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق- ,٢٠٠٥

٧- خـەڵاتی زانکـۆی (النهـرین)- ,٢٠٠٦

٨- خـەڵاتی زانکـۆی سـەلاحەدین- هەولێر- ,٢٠٠٨

٩- خـەڵاتی کۆلێـژی پـۆلیس- هەولێر- ,٢٠٠٨

١٠- خەڵاتی کۆلێژی حەدبا، زانکۆی موسڵ- ,٢٠٠٩

١١- خەڵاتی (عبدالعزیز پارەزانی)- ,٢٠١٠

١٢- خەڵاتی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر- .٢٠١٠
١٣- خەڵاتی کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستی مرۆڤایەتی- هەولێر- .٢٠٠٩
١٤- خەڵاتی زانکۆی بەغدا-.٢٠٠٩
١٥- خەڵاتێك بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی بەساڵاچووان- .٢٠١١
١٦- خەڵاتی گۆڤاری (چەکوشی یاسا)- .٢٠١٢
١٧- خەڵاتی کۆنگرەی (بەرگری لە قورئان) سلێمانی- .٢٠١٢
١٨- خەڵاتی زانکۆی تکریت- .٢٠١٢
١٩- خەڵاتی (پەیوەندی جیهانی دەرچوانی ئەزهەر) قاهیرە- .٢٠١٣
٢٠- خەڵاتی شێخی ئەزهەر- قاهیرە .٢٠١٣
٢١- خەڵاتی (هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی مێیینە)- .٢٠١٣
٢٢- خەڵاتی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی-سلێمانی- قەرەداغ- ٢٠١٣.

ئەمە جگە لە چەند میدالییای سوپا بەبۆنەی بەشداربوون لە شۆڕشی ١٤ی تەمووز و ٦ی کانون و ١٤ی ڕەمەزانی ١٩٦٣.

کۆلێژی حدبا لەموسڵ

هۆڵێکی وانە وتنەوەی کرد بەناوی منەوە

لەو رۆژەوەی دەستم بەخوێندن کردووە تائەو کاتەی خوای گەورە بەفەزڵی خۆی توانای نووسینی پێدام بیرم لە ناوو ناوبانگ نەکردوتەوە، هەمیشە لای من خزمەتکردنم لەبەر چاو بووە نەك ناوو پۆست و ناوبانگ، بەلام کارێکی باشە هەر میللەتێك قەدری زاناو کەسایەتیەکانی خۆی بگرێت.

ئەوەی من چاوەڕێم دەکرد زانکۆکانی کوردستان پێی هەستن و نەیانکرد لەموسل کۆلێژی حەدبائی زانکۆیی کە کۆلێژێکی ئەهلیە. لە مانگی ئایاری ٢٠١٢، هۆڵێکی وانەوە وتنەوەیان ناونا هۆڵی دکتۆر مستەفا زەڵمی.

شایانی باسە کە پێشتر کۆلێژی حەدبا درعی زانکۆیان پێشکەش کردم.

لەکۆلێژی یاسای زانکۆی موسلیش لەهەر چوار قۆناغەکەی خوێندن دانراوەکانی من دەوترێتەوە، بەداخەوە تا ئێستا لەبەشێك لەزانکۆکانی کوردستان دانراوی تر دەڵێنەوە.

سەردانی تورکیا بۆ چارەسەرکردن

نەخۆش کەوتنی ئەمجارەم زۆر سەخت بوو، بەتەواوی هیلاکی کردم، جگە لەوەی خۆم سەردانی عیادەم کرد، رۆژی ٢ ٩ ٢٠١٢ بەرێز دکتۆر ئەرسەلان بایز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەیاوەری دکتۆر ریکەوت حەمە رەشید وەزیری تەندروستیو تیمیکی پزیشکی لەماڵەوە سەردانیان کردم پشکنینی پێویستیان بۆ ئەنجامدام.

سەرۆکی پەرلەمان ئامادەیی پیشاندا بۆ ناردنە دەرەوەم بۆ ئەڵمانیا بۆ چارەسەر، لەوەرگرتنی ڤیزاسدا سانی رادیۆکارانی ماندوون، بەڵام بەداخەوە ڤیزاکەی خۆم زۆر دواکەوت، منیش باری تەندروستیم باش نەبوو، بۆیە پێشنیاری ئەوە کرا بچمە نەخۆشخانەی ئەمریکی لەتورکیا.

لەمدا بەریز کاك نیچرڤان بارزانی سەروکی حکومەت هاوکاری کردن

[illegible] ٢٠١١ [illegible] کاك [illegible]
[illegible] و
[illegible] کەسانەی
[illegible]
حکومەت

[illegible] پەرلەمانی دەربری بو چاپی [illegible] و هەروەها تەرکی چاپکرا هەردوو بەشی [illegible] لەپەرلەمان [illegible] کاك [illegible] و کاك لاوەند ماندوو بوون

پاش سەردانەکەی سەرۆکی حکومەت ئەوانیش بەهەمان شیوە چەند کتێبێکم ئەرکی چاپیان گرتە ئەستۆ.

هەڵبەت من پاش گەڕانەوەم بۆ کوردستان هەموو ئەو کتێبانەی چاپم کردوون لەسەر ئەرکی خۆم بووە، بەدیاری داوەمە بەزانکۆ یان مامۆستایان یان ئەوانەی سەردانیان کردووم، لای من گرنگ ئەوە بخوێندرێنەوە سوودێکیان دبێت بۆ موسڵمانان.

چوونمان بۆ تورکیا:

پاش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەمە ٢٠١٣/١٠/٨ لەفڕۆکەخانەی هەولێرەوە بەرەو تورکیا بەڕێ کەوتینو چووینە ئەستەمبوڵ.

رۆژی ٢٠١٣/١٠/١٥ نەشتەرگەریم بۆ کرا.

رۆژی ٢٠١٢/١١/٥ گەڕاینەوە بۆ هەرێمی کوردستان.

بەشداری ئاهەنگی

بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان

ڕۆژی دووشەممە ٢٥/١١/٢٠١٣ لەسەر بانگهێشتی ئەنجومەنی باڵای خانمان ئامادەی چالاکییەکانی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بووم کەلەشاری هەولێر سازکرا.

لەم ئاهەنگەی دەستپێکردنی چالاکییەکاندا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کەمێك دەمێك زوو لەکاتی هەمواركردنی یاسای باری کەسێتیدا لەڕێگەوە پەیوەندی کرد، کارمەندانی ئاهەنگەکە ڕێز و حورمەتێکی زۆری بەرانبەر نواندم و سەرەتای وتارەکەی بەم قسە جوانانە دەست پێکرد کە لێرەدا وەك خۆی تۆماریان دەکەم:

دەقی قسەکانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی:

"بەیانیتان باش، هەموو لایەکتان بە خێر بێن.

پێش ئەوەی دەست بە قسەکانم بکەم، دەمەوێ بەخێرهاتنێکی تایبەتی پیاوێکی گەورە بکەم کە ئەمڕۆ لەگەڵ ئێمە دانیشتووە و تەشریفی هێناوە بۆ ئەم ڕێورەسمە کە ئەویش د. مستەفا زەڵمی یە.

حەز دەکەم باسی ڕۆڵی ئەو بەڕێزە بکەم، دوای ساڵەکانی ٢٠٠٤ – ٢٠٠٥ کە لە بەغدا بوو، هات بۆ هەولێر، حەز دەکەم هەموو لایەك باش بزانن ئەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان گۆڕانکارییان بە سەردا هات، بە تایبەتی باری کەسێتی، ئەو پیاوە گەورەیە ڕۆڵێکی سەرەکی لە برواپێهێنانی کۆمەڵگا و مامۆستایانی ئایینی بینی، پڕ بەدڵ سوپاسی دەکەین. بە ڕاستی زۆر خۆشحاڵ و شەرەفمەندم کە ئەمڕۆ ئەو بەڕێزە لەگەڵ ئێمە بەشداری دەکات.

حەز دەکەم خانمانی کوردستان بزانن ئەو پیاوە ڕۆڵێکی زۆر گەورەی بینیوە، پێکەوە کاری زۆر جددیمان کرد بە مانگ، بە ساڵ، پێکەوە کارمان کرد هەتا توانیمان، چونکە ئەو کاتە شتێکی ئاسان نەبوو، زۆر سەخت بوو، ئێمەش نەماندەویست تەنیا بڕیارێك واژوو بکەین و بڵێین ئەمە دەبێ ببێتە یاسا. ئێمە حەزمان دەکرد، ئامادەسازی بۆ بکەین، زەمینەی بۆ برەخسێنین، لەگەڵ مامۆستایانی بەڕێزی ئایینی، پەرلەمانتاران، لەو کاتەدا ڕۆڵێکی زۆریان بینی. زۆر بەڕێزەوە دەڕوانینە ڕۆڵی هەموو ئەو کەسانەی کە بوونە هۆی گۆڕینی ئەو یاسایانە، لە سەرووی هەمووشیانەوە بەڕێز د. مستەفا زەڵمی کە ئەمڕۆ تەشریفی هێناوە، بەخێر بێی بەسەر چاو."

--

پاش وتارەکەی بەڕێزیان داوا لەمن کرا وتارێك پێشکەش بکەم، لەوتارەکەمدا وێڕای سوپاس کردنی بەڕێز سەرۆکی حکومەت لەسەر ئەو تەقدیرو ئیحترامەی بابەتێکم لەبارەی گرنگی ڕۆڵی ئافرەتەوە پێشکەش کردو تێیدا باسی ئەوەم کرد بەپێی ئایەتی قورئانی پیرۆز جیاوازی نیە لەنێوان پیاوو ئافرەتدا لەوەرگرتنی پۆستە باڵاکانداو ئافرەتیش دەتوانێت ببێتە سەرۆکی حکومەت، هەروەك خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا بۆمان باس دەکاتو دەفەرموویت: ﴿والْمُؤْمنُون والْمُؤْمنَاتُ بعْضُهُمْ أَوْلِياء بعْضٍ يَأْمُرُون بِالْمَعْرُوف ويَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكر﴾

جا ئەمر بەمەعروف ونەهی لەمونکەر هەمان ئەو ئەرکەیە کـە وەزیـر یـان سـەروکی حکومـەت ئەنجامی دەدات.

نمونەشم بە پشتگیری زانای بـەناوبانگی جیهـانی ئیسـلامی ئـەبو ئـەعلای مـەودودی هێنایەوە لەولاتی پاکستان کەپشتگیری کرد لە فاتیمە جناح بەرانبەر ئـەیوب خـان و داوای لەگەلی پاکستانی کرد بو سەروکایەتی ولات دەنگ بە ئافرەتەکە بدەن نەك پیاوەکە چـونکە ئافرەتەکە لێهاتوو تر بوو، بویە پیودر تواناو لیهاتووییە نەك پیاور ژنی.

ئەوەشم باس کرد کە بەپیی لێکۆلینەوە زانستیەکان دەرکەوتوە ئافرەت لـەپیاو عـاقلترە چونکە خاوەنی دوو (فص)ە لەمێشکیدا، لەکاتێکـدا پیـاو یـەك (فـص)ی هەیـە، لەبـەر ئەمەشە ئافرەت زیاتر عاتفیەو زورتر بەرووداوەکان کاریگەر دەبیت.

لەبەشـێکی تـری وتارەکەمـدا وتم ئـەوەی ئێسـتا لەناسـنامەی بـاری کەسـێتیدا دەنووسرێت(الجنس) واتە رەگەز تا نیرو میی پی دیاری بکریت هەلەیەکی گەورەیە، چونکە پیاوو ژن یەك رەگەزن، دەبێت لەبری الجنس بنوسریت (الصنف).

لەپاش تەواوبوونی مەراسیمەکەش سەروکی حکومەت هاتـە لام و ئامـادەیی خـوی بـو هەموو هاوکارییەك دەربری کەمن لێرەدا دووبارە سوپاسی دەکەم کە هـەردەم هاوکـاریکی باش بووەو پشتیوانی لەکارەکانم کردووە، ئەمەش کوزارشت دەکـات لەسـەر دلسـۆزی ئـەم پیاوە بۆ گەلەکەی و ولاتەکەی.

بەسەرهاتی نووسین و چاکردنی کتێبی (التبیان لرفع غموچ النسخ فی القرأن)

کانیك کە لە قاهیرە دەمخویند، روژیکیان لەو کتیبفروشانەی کتیبیان لەسەر جادە دەفروشت، کتیببکی روژهەلانناسبکم بەرچاوکەوت بەناوی (الناسخ والمنسوخ فی القرین)، زورم بەلاوە سەیربوو کە روژهەلاتناسبد کتیببك لەبارەی قورئانەوە دابنیت. کە خویندمەوە کە لەسەرەتا تا ناحیری کیبەکە دەلیت دەلیل لەسەر ئەوە کە قورئان وەحی نیە و محمد

خۆی داپناوە، ناسخ و مەنسوخی تێدایە، چونکە ئەگەر کەسێك ئیمرۆ حوکمێك دابنێ و سبەینێ لێی پەشیمان بێتەوە، خوایش منەزەهە لە هەموو نەقسێك، واتە بوونی ناسخ و مەنسوخ لە قورئاندا گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە قورئان وەحی نییەو دانراوی محەمەدە. هەر ئەو کاتە لە قاهیرە بڕیارمدا دوای گەڕانەوەم بۆ عێراق، ماوەیەك لە ژیانم تەرخان دەکەم بۆ دیراسەی ئەم مەوزوعە.

لەساڵی ١٩٩٥ تووشی نەخۆشی دڵ بووم، منیش وتم نەخۆشی دڵ ئینزاری مردنە، با بگەڕێمەوە سەر ئەو وەعدەی داومە لەبابەت دیراسەی نەسخ لە قورئاندا.

بۆ یەکەمجار چوومە شارع متنبی، هەرچی دەستم کەوت لە تەفسیرەکانی قورئان، کریم، هەرچیش لەبابەت نەسخ نووسرابوو، یان کڕیم یان استنساخم کرد. لەپاش ئەوە سێ مانگ تەنیا ئەم تەفسیر و کتێبانەم خوێندەوە، هیچ شتێکم نەنووسی لەبابەت نەسخەوە. دوای ئەوە بۆم دەرکەوت کە هەڵەی موسڵمانەکان و ئیجماعیان لەسەر ئەوەی کە قورئان بەشێکی نەسخ کراوەتەوە، لێرەدا بۆم دەرکەوت هەڵەکە سەرچاوەکەی ئەوەیە، لە زەمانی پێغەمبەر(ﷺ) و سەحابەکانی و تابیعین و تابیعی تابیعین، بە تەخصیصی نەسخی عامیان دەوت نەسخ، وە لە تەقیدی نەصی موتلەقیان دەوت نەسخ، وە بە بەیانی موجمەلیان دەوت نەسخ، وە بە تەدەڕوجیان دەوت نەسخ، وە بە ڕوخسەتیان دەوت نەسخ، بەڵام لەپاشاندا زانایانی ئوسولی فیقهی ئیسلامی مەعنای نەسخیان گۆڕی بەم جۆرە کە بریتییە لە ئیلغاکردنەوەی حوکمێکی شەرعی سابق بە دەلیلێکی شەرعی دواتر.

ئینجا لەسەر ئەمە هەموو بڕیاریان دا کە نەسخ لە قورئاندا هەیە و، ئیستدلالیان دەکرد بە قسەی صەحابەکان و تابیعین، نەیاندەزانی کە مانای نەسخ لای صەحابەی تابیعین غەیری ئەم مەعنا تازەیەیە، هەر بەم جۆرە هەموو زاناکانی ئوسولی فیقهی ئیسلامی ئیتفاقیان کرد لەسەر ئەوە کە زیاتر لە (٢٥٠) ئایەت لە قورئاندا نەسخ کراوەتەوە.

لەلایەکی ترەوە هەڵەیەکی تری زانایانی ئوسوڵ ئەوەبوو فەرقیان نەدەخست لەبەینی مەرجەکانی نەسخی قورئان و مەرجەکانی نەسخی سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ).

منیش بە پشتیوانی خوا هەڵسام بە دانانی کتێبێك، تا بە بەڵگەی عەقلی و نەقلی بیسەلمێنم کە یەك ئایەت نییە لە قورئاندا نەسخ کرابێتەوە بە مانای (ئیلغا)، سێ ساڵ هەر خەریکی ئەم ئیشە بووم، کاتی وا هەبوو ڕۆژی سێ سەعات لەسەری ئیشم دەکرد، سەرەڕای نەخۆشیی دڵەکەم، کەچی هەستم بە ماندوبوون نەدەکرد، کەچی ئەگەر لاپەڕەیەك

لە شتیکی ترم بنووسیایە، بو ماوەی بیست دەقیقە، ماندوو دەبووم، دەبوایە بچم ئیسراحەت بکەم.

لەپاش ئەوەی کتیبەکەم تەواو کرد، دوو نوسخەم برد بو وەزارەتی ئیعلام و داوای رەزامەندی لەسەر چاپکردن و بلاوکردنەوەیم کرد لەسەر ئەرکی خوم، لەسەر ئەوەی ئەمە کتیببکی ئایینیە، وەزارەتی ئیعلام ناردی بو ئەوقاف، لە ئەوقاف لیژنەیەکیان گرت لە پینج مەلا، کە کوبونەوە بو بریاردان لەسەر کتیبەکەم، وتیان پیویستە ئەم کتیبە بسوتینرینت بو ئەوەی نەکەویتە بەردەستی خەلك و بلین لە قورئاندا نەسخ نییە.

ئەمە وەحتی خوی (ابو مسلم الاصفهانی) تەفسیریکی داناوە بیست بەرگ بووەو باسی ئەوەی کردوە کە نەسخ لە قورئاندا نیە، زانا مسولمانەکان لەدژی وەستاون و تەفسیرەکەیان سوتاندووە، بونەوەی ناوی نەبوونی نەسخ بلاو نەبیتەوە، هەر بەو جورە لیژنەی ئەوقاف بریاریان دا کتیبەکە بسوتینن، یەکیك لە ئەندامانی لیژنەکە پیشتر قوتابی خوم بوو، سەرپەرشتیاری بروانامەی دکتوراکەی بووم، ئەو معارز دەبیت و دەلیت بینیرنەوە بو خاوەنەکەی.

دوای چوار مانگ کە مراجعەی وەزارەتی ئیعلامم کرد، وتیان کتیبەکەتمان نارد بو ئەوقاف و لیژنەی ئەوقاف رەفزیان کرد کە بلاوبکریتەوە، چونکە مخالیفی ئیجماعی مسولمانانە.

منیش چووم بو لای وەزیری ئەوقاف، (د.عبدالمنعم)، کە لە حەج هاتبووەوە، وتم: یەکەم هاتووم بەخیرهاتنەوەت بکەم، دووەم کتیبیکم داناوەو زور ماندوو بووم پییەوە، لیژنەی ئەوقاف بریاری داوە کە بلاو نەکریتەوە، لەبەر ئەوەی مخالیفی بیروڕای هەموو مسولمانانە، تکایە لیژنەیەکی تر پیك بهینە بو لیکولینەوەی ئەم کتیبە، بەلام با لیژنەکە کەسانی تیگەیشتوو بوو، لە قسەکانم تیبگەن. هەر کاتیك کە کوبوونەوە تا بریاری لەسەر بدەن، خەبەرم بدەنێ تا خوشم ئامادەبم.

وتی: منیش بریار دەدەم لەگەل تو حازر بم.

لیژنەیەکی تری پیکهینا، سەروکی لیژنەکە زانایاکی کورد و پیاویکی تیگەیشتوو بوو، بەلام زور ترسنوك بوو، وەعدیان پیدام کە جاریکی دیکە سەر بدەمەوە لە ئەوقاف و ئەنجامی کتیبەکە وەربگرم. کە رویشتم دەبینم دووبارە بریاریان داوە لەسەر مەنعکردنی بلاوکردنەوەی لەنیو جیهانی ئیسلامیدا، منیش قورئانیکم لەگەل خوم بردبوو، وتم بە

سەروکی لیژنەکە: (هل توجد في القرآن آيتان متناقضتان؟) واتە: ئایا لە قورئاندا دوو ئایەتی دژیەك هەن کە پیکەوە کونەبنەوە؟ وتی: (استغفر الله)، وتم: نەسخیش استغفر الله، نەسخ بۆ لابردنی دژایەتی و (تناقض)ی نیوان دوو ئایەتە، ئەکەر دژایەتی نەبێت نەسخیش نییە.

وتم: من هیچ شتیکم نییە لە دنیادا جگە لە خانوویەك کە خوم و مال و مندالم تیایدا دەژین، رووبەرەکەی (٦٢٠م)، لە ناوەراستی بەغداو دوو تابقە، بەلای کەمەوە ئیستا بیفروشم (٥٠٠) ملیۆن دینارم بۆ دەکا، من وەعد دەدەم لەلای خوا، بو هەموو زانایانی ئیسلامی لە ناوەوەو دەرەوەی عیراق، ئەگەر بیسەلمینیك دوو ئایەتی دژیەك هەن لە قورئاندا، ئایەتی دوایی پیشوەکەی ئیلغا کردوتەوە بو نەهیشتنی دژیەکیەکە، من ئەو خانوەی لەسەر تاپۆ دەکەم لە دائیرەی تەسجیلی عەقاری بەبی موقابل.

ئەوانیش وتیان: ١٥ روژ مولەتمان بدەری. وتم: برون مانکیك مولەتتان دەدەمی.

ئەوانیش لەو ماوەیەدا نوسخەیەك لە کتیبەکەو عەریزەیەکیان نارد بو (صدام حسین) کە ماموستایەك لە زانکوکەی تو کتیبیکی داناوە موخالیفی ئیجماعی هەموو عالەمی ئیسلامییە. سەروکایەتی کوماریش بریاری دەکرد لەسەر قەدەغەکردنی چاپکردنی ئەم کتیبە لە ناوەوەو دەرەوەی عێراق.

دوای ئەوەی خەبەریان دامی، منیش نامەیەکم نووسی بو کاك موخلیص خاوەنی نووسینگەی تەفسیر لە هەولیر، نوسخەیەکی کتیبەکەم بو ناردو داوام لیکرد کە چاپی بکات و، پیم وت: ماموستا هەولیر نە ناوەوەو نە دەرەوەی عیراقە، چونکە ئەوکاتە ئەمریکا بەشیك لە کوردستانی لە عێراق جوی کردبوەوەو مەنعی حکومەتی عێراقی کردبوو کە تەدەخولی ئەو شوینانە بکات، کە یەکێکیان هەولیر بوو.

ئەویش پیاوانە کتیبەکەی چاپ کرد و بلاوی کردەوە.

دانراوەكانم

١. أحكام الزواج والطلاق في الفقه الإسلامي دراسة مقارنة في القانون.
٢. أحكام الميراث والوصية وحق الإنتقال.
٣. أخطاء أصولية لأبن السبكي في كتابه جمع الجوامع.
٤. أسباب إباحة الأعمال الجرمية.
٥. أسباب اختلاف الفقهاء في الأحكام الشرعية.
٦. أسرار ثورة ١٤ تموز لسنة ١٩٥٨.
٧. أصول الفقه في نسيجه الجديد. ج١-٢
٨. أصول الفقه.
٩. الإلتزامات في الشريعة الإسلامية والقوانين المدنية العربية.
١٠. الإلتزامات في ضوء المنطق والفلسفة.
١١. أهمية الطاقات الروحية في الجيش.
١٢. ايضاح الفوائد في شرح القواعد.
١٣. التبيان لرفع غموض النسخ في القرآن.
١٤. تەرازوى ميرات (ميزان تقسيم الميراث)
١٥. تجفيف مستنقع العبيد والجواري في القرآن الكريم.
١٦. التدخين وأضراره وتحريمه في القرآن.
١٧. التعليقات على تعديل قانون الأحوال الشخصية
١٨. تفنيد مزاعم تأثر الفقه الإسلامي بالفقه الغربي.

١٩.حق الحرية في القرآن الكريم.
٢٠.حقوق الإنسان وضماناته في الإسلام.
٢١.حكم أحكام القرآن.
٢٢.حكم التعامل مع الجين البشرى في الشريعة الاسلامية.
٢٣.ختان الإناث وتحريمه في القرآن
٢٤.خطوات الطلاق في القرآن.
٢٥.دلالات النصوص وطرق الإستنباط الأحكام في ضوء الفقه الإسلامي.
٢٦.الدولة والمفاضلة بين النظامين الملكي والجمهوري
٢٧.شرح قانون الأحوال الشخصية (أحكام الميراث والوصية وحق الإنتقال).
٢٨.الصلة بين المنطق والقانون.
٢٩.الطلاق المعلق في الشريعة الإسلامية.
٣٠.الطلاق المقترن بالعدد لا يقع به الا طلقة واحدة.
٣١.الطلاق في الإسلام قبل المذاهب.
٣٢.الطلاق في الشرائع والقوانين والأعراف خلال أربعة آلاف سنة. ج١-٢
٣٣.الطلاق في القرآن.
٣٤.الطلاق مرتان في تفاسير القرآن.
٣٥.فلسفة الشريعة.
٣٦.فلسفة القانون.
٣٧.فلسفة المسؤولية الجنائية في ضوء الفعل والأنفعال الفلسفيين.
٣٨.فلسفة المسؤولية القانونية في ضوء مقولات أرسطية.
٣٩.القانون الأصلح للمتهم في ضوء المتى الفلسفي
٤٠.القرآن وقاعدة الولد يتبع خير الأبوين دينا.
٤١.القرآن وقاعدة تتغير الأحكام بتغير الأزمان.
٤٢.القلق- أسبابه، أنواعه، علاجه.
٤٣.كاروانى ژيانم. ج ١-٢ .
٤٤.لا رجم في القرآن.
٤٥.لا قتل للمرتد غير المفسد في القرآن.

٤٦. المبادي، والحقوق الدستورية في القرآن مقارنة بالدساتير الوضعية وإعلانات حقوق الانسان.
٤٧. مجموعة الأبحاث العلمية، ٣ جلد.
٤٨. المدخل لدراسة الشريعة الإسلامية (تأليف مشترك).
٤٩. المدخل لدراسة الشريعة الإسلامية في نمط جديد.
٥٠. مركز الهمزة في لغة العرب
٥١. المسؤولية الجنائية في الشريعة الإسلامية- دراسة مقارنة.
٥٢. معين القضاة في تحقيق العدل والمساوات.
٥٣. المفاضلة بين النظامين الملكي والجمهوري.
٥٤. المقارنة بين التخصيص والنسخ
٥٥. المنطق القانوني في التصورات.
٥٦. منهاج الإسلام في مكافحة الإجرام.
٥٧. موانع المسؤولية الجنائية في الشريعة الإسلامية والتشريعات الجزائية العربية.
٥٨. مولود نامة.
٥٩. نظرية الإلتزام برد غير المستحق.
٦٠. نظرية الضمان في الفقه الإسلامي والقوانين المدنية.

پاشکۆی وێنەکان

باوکم   محمدی کوڕم   خۆم

دەرگای سەردکی ... لە ... ٢.٠٠



سنجاق ... ٣ ... ٩٥٧

[illegible] ١٩٦٠

[illegible] ١٩٦٠

لیژنەی وەزارەتی سوپا ئازاری ١٩٧١

سەعد. سالی حومان

ملقەرب

کۆلیژی یاسا   زانکۆی بەغدا   ١٩٨٣

گفتوگۆی بڕوانامەی ماستەر   ١٩٨٧

سەرچاوەی زەلم ١٩٩١



زانکۆی ئەهردین ٢٠٠٤

زینەدینی برام - خۆم - د.گەلاویژ - دایکی محمد - امینە خان ٢٠٠٢/٦/٦

خۆم و دایکی محمد ١٩٩٥